هەربابەتەی ئاورێك

# هونەری یادەوەریی تۆمارکردن

# هونەری یادەوەریی تۆمارکردن

## گڤەی دڤ و هووشەی هەڵبەستەکانی سەرلەشکری پاسەوانی کۆماری...

نووسینی

**سەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکر**

هەولێر - ٢٠١٢


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **هونەری یادەوەریی تۆمارکردن** (گڤەی دڤ و هووشەی هەڵبەستەکانی سەرلەشکری پاسەوانی کۆماری)
- نووسین و ئامادەکردنی: سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
- نەخشەسازی ناوەوە: **رێدار جەعفەر**
- بەرگ: جێگر عەبدولجەبار
- هەلەگر و پیتچنین: نوسەر
- سەرپەرشتی چاپ: کۆمپانیای کوێست کوین
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٢٤) ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٦٩)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێڕست


پێشەکی ............ ٧
هونەری یادەوەری تۆمارکردن_ پێشەکی ............ ١١
ئامانجەکانی تۆمارکردنی یادەوەری کەسایەتی ............ ١٢
ئەنجامەکانی یادەوەری تۆمارکردن ............ ١٤
کەلکەکانی تۆمارکردنی یادەوەری ............ ١٤
ڕێسا گرنگەکانی تۆمارکردنی یادەوەرییان ............ ١٥
شێوازەکانی یادەوەری تۆمارکردن ............ ١٨
١- شێوازی کۆ چیرۆك و ڕۆمان: ............ ١٨
٢= شێوازی بیرهات (الخاطرة): ............ ٢٨
٣- شێوازی نامە و نامەکاری: ............ ٣٩
٤- شێوازی ڕۆژانەنووس: ............ ٣٩
٦ - شێوازی ئاوێتە کردنی دوو شێواز یان پتر ............ ٤١
هەنگاوەکانی تۆمارکردنی یادەوەری ............ ٤٤
هەڵسەنگاندنی نموونەی یادەوەری تۆمارکراو ............ ٤٦
یەکەم: یادەوەرییەکانی عەریف سولێمان ............ ٤٧
دووەم: یادەوەرییەکانی فەریق ڕەعد مەجید الحمدانی ............ ٥٣
دەستپێکی هەڵسەنگاندنی دەقەکان ............ ٥٦
بەیەکەوە بەستنی کورد و جوو ............ ٦١
بەراوردێك لە نێوان تەلئەبیب و بەغدادا: ............ ٦٦
کورد و ویستی دەسەڵاتداران ............ ٧٣
شەڕی هەندرێن ............ ٧٣
ڕێککەوتننامەکەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ ............ ٨٣
هەڵگیرساندنی جەنگی ١٩٧٤ ............ ٨٤
ڕێککەوتننامەکەی جەزایير ............ ٩٨
نموونەی تۆمارکردنی بیرەوەری: ............ ١٠٨
جەنگی عێراق- ئێران ............ ١١٥
جەنگ و ئەنجامی جەنگەکە: ............ ١٢٤
تالاَوی قادسیەی سەددام: ............ ١٢٧
ڕیشەکێشکردنی کوردە فەیلییەکان ............ ١٢٩
مەبەستی بەعس لە زەوتکردنی سامان و ڕەگەزنامەی ............ ١٣٢
گەواهیدەری ئەم ڕووداوەم : ............ ١٣٧
بزرکردنی بارزانییان: ............ ١٣٨
بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ: ............ ١٤٢
ئەنفال کردنی کوردان لە سەدەی بیستەمدا: ............ ١٤٧
گڤەی دڤەکان (ڕاستپۆشی) ............ ١٥٨
ڕەگەز پەرستی کوێرانە: ............ ١٦٥
نوێشکی کێشەی نێوان عارەب و جوو ............ ١٦٩
هووشەی هەڵبەستەکان (پاساو هێنانەوە): ............ ١٧٢
نا دادپەروەرییەکی دووفاقەیی: ............ ١٧٧
کردەکانی سوپای بەغدا، بالاَنوینی سەرکردایەتییەکەیەتی ............ ١٧٩
ڕەفتارە ئاشکراکانی فەرماندە، کە یادەوەرنووس: ............ ١٨٦
کورتەی ڕەفتارەکاکی سەرکردە ............ ١٨٧
ئازایەتی پێشمەرگەکانی کوردستان: ............ ٢٠٩
داگیرکردنی کوێت ............ ٢١٦
دەستگیرکردنی سەرکردەی پاڵەوان ............ ٢٢٠
دادگایی کردنی سەرۆك و دەربارەکانی ............ ٢٢٢
ئەو سەربردانەی لە بیر ناکرێن: ............ ٢٢٧
وەبیر خستنەوەیەك بەر لە پایدۆزکردن ............ ٢٣٩
دوا گوتە ............ ٢٤١
پاشکۆ و وێنەکان ............ ٢٤٣
فەرهەنگۆك ............ ٢٦٥
سەرچاوەکان ............ ٢٦٩

## پێشکەشکردن:

نووسەری ((هونەری یادەوەری تۆمارکردن)) دەرچووی  کۆلێژی کشتوکاڵ- زانکۆی بەغدایە. لە ئەنجامی کارکردنی لە بواری ژینگە و رووەکپارێزی و هەنگداریدا، زۆرینەی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان گەڕاوە، بەدەم کارەکانییەوە، زاراوەی پەتی و رەسەنی کوردی، بابەتی پوخت و نایابی فۆلکلۆری کۆکردووتەوە.

سەردانی وڵاتانی ئوردەن و ئێران ز سووریا و سعودیە و لوبنان و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و نەمسا و هۆڵەندایشی کردووە.

بیست ساڵێك لەگەڵ نووسەردا لە وەزارەتی کشتوکاڵ و لە گۆڤاری کشتوکاڵدا بەیەکەوە هاوکار بووین. ئەم برایە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا کارامە و بە بڕشتە، تابڵێی مرۆڤێکی دەست رەنگینە، سادە و هاریکار و زۆرکار کەم گوفتار و یەکبارە. لە ئەنجامی متمانە و خۆشەویستییەوە، من بەرهەمە دەستنووس و چاپکراوەکانی دەبینم. نووسەر بەپێی پێویستی میللەتەکەی، بابەتە زانستی و ئەدەبییەکان هەڵدەبژێرێت. لەگەڵێك بواری جۆراوجۆردا بەرهەمی پوخت و نایابی خستۆتەوە، ئەوەی گوتمان لەم بەرهەمانەی دەردەکەون کە بەشێکیان لە ژێر زنجیرە ناوی (لە هەر بابەتەی ئاورێك)دا، بڵاوکراونەتەوە، پەرتووکەکانی بەدەگمەن لەبازاڕدا دەبیندرێن، مشووری چاپکردنەوە و ناردنە بازاڕیشیان ناخوات. نموونەی پەرتووکەکانی:

- چل و دوو پەرتووك و  نامیلکەی بە تەنیا یا لەگەڵ هاریکارانی  چاپکردووە، لە ساڵانی ١٠-٢٠١١ دا شەش پەرتووکی بۆ پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی – پۆلەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ی کشتوکاڵ، ئامادە کردووە. پەرتووکە نایابەکانی لە بواری زانستییەکانی کشتوکاڵدا: ((دەردە کشتوکاڵییەکان و بنەماکانی چارەسەرکردنیان)). بە کوردی و بە عەرەبی، (٧٩٦) لاپەڕەیە، لەلایەن رێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی جیهانییەوە لە ساڵی (٢٠٠٣)دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- ((دەرد و نەخۆشییەکانی رووەك- الامراض والآفات النباتية))، بە کوردی و بە عەرەبی، دوو بەرگە و (١١٢٢) لاپەڕەیە، لەلایەن رێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی



جیهانییەوە، لە ساڵی (٢٠٠٣)دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، وێڕای ئەوەی بابەتێکی بایەخدارە و پڕیەتی لە بابەتی زانستی سەردەم و زاراوی کوردی رەسەن و دەگمەن و فەرهەنگی، هێندەیش بە کارامەیی دایناون و وەریگێڕاون، نازاندرێت، ئاخۆ کوردییەکەی کردۆتە عەرەبی یا بە پێچەوانەوەیە، بە پێی ئاگاداری من عەرەبییەکەی لە زۆرینەی زانکۆکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا، سەرچاوەی زانستی بایەخدارن و جێگەی خۆیان کردۆتەوە. پسپۆڕانی بواری پاراستنی رووەك، وەك سەرچاوەیەکی زانستی لە دانانی کتێبەکانیاندا و لە تۆژینەوە زانستییەکانیاندا بەکاری دێنن.

- هەنگ بەخێوکردن، لە (٢٠٠١)دا بە کوردی و لە (٢٠٠٣) دا بە عەرەبی چاپکراوە و ٦٨٨ لاپەڕەیە.
- شەخەڵی داربەڕوو (٢٠٠٤) رۆمان ٢٤٠ لاپەڕە. ژانی ژینگە (٢٠٠٦) رۆمان. ترمێسك،کورتە رۆمان.
- ئەستێرە و خاك، هۆنراوە، یەك پارچە ئەدەبی بەرەنگاری حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووە.
- بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، (٢٠٠٥)، کۆکردنەوە و تۆژینەوە و رەخنەگرتن و بەراوردکردنە لە بواری فۆلکلۆردا.٢٦٤ لاپەڕە
- فەرهەنگ و فۆلکلۆر.
- لیکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵان. پلان، کۆچیرۆکی منداڵانە (٢٠٠٩ و ٢٠١٠).
- مرۆڤاو، پەخشانی هونەرییە (٢٠١٠).
- ژوانگەی مێژوو، نۆڤلێت، ئەدەبی بژاردەیە. (١٧٠) لاپەڕە
- هونەری یادەوەری تۆمارکرن. بابەتێکی هونەری بەپێز و خۆشمەزە و مێژوویەکی ئەکادیمییە.
- دەیان گوتار و لێکۆڵینەوە و بەرهەمی دیکەی نووسەر، لە گۆڤارەکانی کشتوکاڵ، رامان، کاروان، ئاسۆی  فۆلکلۆر، نووسەری نوێ، هەرێمی کوردستان... دا بلاوکراونەتەوە.

هەرچەندە لێرەدا دەرفەتی شیکردنەوە و بەڵگە هێنانەوە نییە بەڵام دەکرێت بە کورتی بڵێم:

کە لە سەرەتای نۆهەدەکاندا دەستنووسی رۆمانی شەخەڵی دار بەڕوویم خوێندەوە. بۆم دەرکەوت نووسەر خوێندەوارێکی چاك و گەڕیدەیەکی وشیار و بە ئاگایە، کوردیزانێکی بە سەلیقە و بیرتیژێکی دووربین و چاوگەورەیەکی بە وردەیە، رۆشنبیرێکی زانا و هەستیارێکی دانا و نووسەرێکی رەوان و رەوانبێژ و خەیاڵ فراوان و بەتوانایە.

کورتە ڕۆمانی (ژوانگەی مێژوو) و ڕۆمانی (سەراوبن) یشم خوێندۆتەوە کە هێشتا چاپی نەکردوون، بەرهەمی کوردانەی پەتی و پوختی جێگەی گومان نییە، ئەگەر هەوڵەکانی نووسەر لەبری ئەم هەنگاوە گەورە و بازبازێنەدا، لە تاکە بوارێکدا چڕبکرابوایەوە، ئەوا بۆ ئەو ئاسانتر و کەم شەکەتیتر دەبوو (پازدەساڵێکە تووشی نەخۆشی پارکنسۆن بووە) زۆر زووتریش وەك نووسەرێکی مەزن ئەستێرەکەی ورشەدارتر دەردەکەوت.

چەندین هاوڕێ داوامان لێی کردووە بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە، بەڵام ئەو وەك نەریتی خۆی، زۆردەبیستێت و بەکەمی بۆچوونی خۆی دەگۆڕێت، کاتێك لەناکاودا لەبری تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی، بە زەردخەنەوە، دەستنووسی (هونەری یادەوەری تۆمارکردن)ی خستە ژێردەستمانەوە. بە بۆچوونی ئێمە نووسەر لەم بەرهەمەشیدا مەبەستی پێکاوە. لای لە بابەتێکی بایەخدار و بە هەرمێنی سەردەم و لە کۆی خۆیدا کردۆتەوە، ئەم کارەیشی وەك کارەکانی دیکەی ئەکادیمییانەن و بە تێروتەسەلییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بابەتەکەدا کردووە.

وێڕای دەستخۆشی و پیرۆزبایی، چەند وردە سەرنجێکمان لە بارەی بەرهەمەکەیەوە هەیە:

بابەتەکەی بەزمانێکی زۆر چڕوپڕ تۆمار کردووە، لەوانەیە دەستی خوێنەری سادە و بنووسی سەرەتایی نەدات. ئەم بەرهەمەی بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەی کەمتر هاوسەنگی تێدا بەدیدەکرێت، لە هەندێك شوێندا کورت بڕ و تیل نیگا دەربڕ و ڕەوهانە، لە شوێنی دیکەیشدا درێژدادڕ و بە کاوەخۆیە. وادەزانم ئەوەیشی پتر بە مەبەستی چارەسەری چڕ و پڕییەکەی کردبێت. دووبارە داواکارم بیرەوەرییەکانی ببینین.

**دوکتۆر ئازاد عوبێد سالح**
**زانکۆی سەلاحەددین ،کۆلێژی ئاداب، مێژوو.**
**هەولێر، ٢٠١٠/١٢/٢٥.**

# هونەری یادەوەری تۆمارکردن

## پێشەکی:

تۆمارکردنی بیرەوەی و یادداشتنامە لەجیهاندا، بابەتێکی کۆنینە و بایەخدارە. هزرەوەری گەلێك کەسایەتییان بەر لە زایینەوە تۆمارکراون. لە سەردەمی تەکنۆلۆژیای نوێشدا تۆمارکردنیان ئاسان و باوترە. ئەمڕۆ بیرەوەرییەکان لە کەناڵە هەمەڕەنگەکانی راگەیاندندا: رۆژنامە، گۆڤار، ئەنتەرنێت، دەنگوڕەنگ و کەناڵی ئاسمانی و فیلم و سیدی و پەرتووکی سەربەخۆ... بە ناوی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە. بە زنجیرە لە کەناڵی ئاسمانی (الجزيرة)دا چەندین ساڵە بەرنامەیەك بەناوی ((شاهد على العصر)) بلاو دەکرێتەوە، یادەوەرییەکانی تەمەندار و ناودارەکان، رووبەڕوو بە شێوەی دیمانە و پرسیار تێیدا پەخش دەکرێن.

ئەم جۆرە بەرهەمانە، لە لای سەرکردە و هونەرمەند و ناودارەکانەوە، بگرە تا دەگاتە خەڵکی خاکی و رەشوڕووتیش بە ناونیشانی جۆراوجۆر تۆمارکراون وەك: (سەربردەی ژیانم، گەشتی ژیانم، یادداشتەکانم، بەسەرهاتی ژیانم، رابردووی ژیانم، تۆمارگەی سەربردەم، چیم دیت، بۆ مێژوو، گەواهیدەرێکی رۆژگار، رێبازی ژیانم، ژیاننامەم، گەشتنامە... هتد).

نووسینەوەی یادەوەرییەکان لەلایەن کەسانی توانا و دانایانی وشیارەوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، هەرچەندە کەسەکە، تەنها باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکا، با لە گۆشە نیگایەکی تایبەتی خۆیشیەوەبێت، ئەوا کەسەکە راستەوخۆ مێژووی سەردەمێکی تایبەت بەخۆی، دەردەخات. تۆمارکردنی یادەوەرییەکان، هونەرێکە: بەهرە و توانای هونەری و کەسایەتی مرۆڤان و مێژوو، ئاوێتەی یەکدی دەکات و بە شێوازێکی ئەدەبی دادەڕێژدرێت.

مرۆڤ کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ناو ئاپۆرای خەڵکدا دەژیەت، راست و بەڵگەنەویستە کە هەرکەسە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هیچ کەسێك لە دەوروبەر و کات و شوێنی خۆی دانابڕێت، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەسەرهاتی ژیانی و رووداوەکانی



دەوروبەری، بە جۆرێك ئاوێتەی یەکدی دەبن کە لە میانی گێڕانەوەی یەکێکیان ئەوی دیکەیش دەخوێندرێتەوە، نموونە:

ئەگەر کەسێك بیەوێت دار دار، باسی دارستانێکی چڕ بکات، ئەوا ناچار دەبێت سەرنجی دارەکانی دەوروبەریشیان بدات، وەك: تەمەن و باری رابردووی و شوێن و سنوور و جۆری خـــاك و ئاووهەوا و بەرزونزمی لە رووی دەریاوەو... هتد، هەرچەندە ئەم وەسفکردنەیش تایبەتمەند بێ، هەر دەبێتە باسی تاکێکی کۆمەڵگەیەك. کە باسی جەنگەڵەکەیش بە شێوەیەکی گشتی دەخرێتە بەرچاو، بێگومان تاکە دارەکەیش بەشێك و تاکێکی دارستانەکەیە. لەم روانگەوە، کە یەکێك سەربردەی ژیانی خۆی تۆمار دەکات، ئەوا وێڕای تایبەتمەندییەکانی خۆی، بە ویستی و بە بێ ویستی، زۆربەی رووداوە گشتیی و سەرەکییەکانی سەردەم و رابردووی خۆی و ژینگەکەی تێدا دەردەبڕێت، کە باسی سەختی سەرماوسۆڵەی زستان، تاریکی ئەنگوستەچاوی شەوێکی بەهار، نەهاتی و قاتی و قڕی، جەنگ و ماڵوێرانی و دەردەسەری... هتد دەکات، ئەمانە گشتگرن، هەر لەم دیدگەیەوە، بۆ ئەوەی نووسینەکان پوخت و تەمەن درێژ و باوەڕپێکراوتربن، ببنە سەرچاوە و بەڵگەنامەی تۆکمە، چاکتر ئامانج بپێکن، بایەخداربن، لەکاتی تۆمارکردنی بەسەرهاتە تایبەتی و رووداوە گشتییەکاندا پەیڕەوی هەندێك رێساو وردە تێبینی دەکرێت.

### ئامانجەکانی تۆمارکردنی یادەوەری کەسایەتی:

١-مانەوە و نەمری نووسەر لە دوای نەمانی.

٢-بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامێك، بیروباوەڕێکی تایبەتی، بیروڕای نووسەر.

٣-دەرخستن و روونکردنەوەی راستی چەندین بابەتی مێژوویی بە نادروستی تۆمارکراو.

٤-تۆمارکردنی رووداوەکانی سەردەمێك.

٥-بۆ خۆهەڵکێشان و خەڵك شکاندن.

٦-ناوبانگ دەرکردنی بیرەوەرنووس.

٧- بۆ دەوڵەمەندبوون بە فرۆشتنی بەرهەمەکە: یادداشتنامەکەی بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمریکا (دۆستی مۆنیکا)، دەملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.

٨- گەلێك مرۆڤ لەکاتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا لە خودی منی باڵایەوە بەرەو ئامانجی گشتگرەوە هەنگاو دەنێن. تێیدا ژیاننامە و بیروبۆچوونی نووسەر و دۆزە گشتییەکانی

سەردەمەکە لە یەك دەدەن، نموونە: لەیەکدانی  بیرەوەری و بابەتی ئایینی وەك نووسینەکانی ئیمامی غەزالی... ئاوێتەکردنی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆڤایەتی... وەك نووسینەکانی مەهاتما گاندی.

بە هەڕەمەکییەکی بە پلان، چۆنیەتی پێگەیشتن و رك و کینە و کەسایەتی بێژەر و رەوشی کۆمەڵایەتی و باری سەربازی و هونەری بەڕێوەبردن ... دەکەوێتە بەرچاو نموونە: (خەباتم)ی ئەدۆلف هیتلەر.

((مامۆستا مەحموود ئەحمەد عوسمان، لە پێشەکی یادەوەرییەکانیدا کە بەناوی ((مصابیح وظلمات)) تۆماری کردوون دەڵێت "مەبەست لەم پەرتووکەدا تۆمارکردنی بەروار یا نووسینی بیرەوەرییەکان نییە، بەڵکو ئامانج دەربڕینی هزرەکان و پیشاندانی بایەخ و گرنگیدانی مرۆڤێکە کە نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاوە، بەڵام لە پێناوی گێڕانەوەی ئەم هزر و بایەخدانانەدا لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوە هەر دەبێت پەنا بۆ بەروار بەرین و پشت بە یادەوەرییەکان ببەستین)) [١].




1 - محمود. احمد عثمان. ((مصابيح وظلمات)) ص ١٢٧ اربيل. ٢٠١٠.



## ئەنجامەکانی یادەوەری تۆمارکردن:

١- نووسەر بە دەربڕینی ویستەکانی خۆی و گەیاندنی پەیامەکەی، شاد و دڵخۆش دەبێت.

٢- بە دارِشتنی بیرەوەرییەکانی، بەشێك لە خەمەکانی دەڕژێن، هەست بە ئاسوودەیی دەکات، لە ئەنجامدا کۆئەندامی بەرگری کاراترو، پاڵەپەستۆ و ئازاری ناخی کەمتردەبێتەوە، چەندین گرفتی دەروونی و نەخۆشییەکانی دڵ و تەوژم و فشاری خوێن و... سووك دەکات یا دەیان پەڕێنێت.

٣- بەهۆی خۆ خستنە ناو نووسین و بیرخستنەکانەوە، بیر، بیرازدەبێتەوە و بۆ وەبیرهاتنەوەی شتی کۆن، تۆمارکردنی بابەتی نوێ، تیژ و بە بڕیارتر دەبێتەوە.

٤- لە بۆچوون و هەڵسەنگاندن و بڕیارداندا ورد و چاوتیژ و دووربینتر دەبێت.

٥- پتر هەست بە بوونی متمانەی بە بایەخ و رۆڵی خۆی، لە ژینگەکەیدا دەکات.

٦- بە وریاییەوە پەند لە ئەزموونەکانی ژیانی رابردووی وەردەگرێت، بۆ چارەسەری گرفتەکانی داهاتووی بەکاریان دێنێتەوە. چەندین کۆنە زانیاری کۆکراوە (وانە)ی لەمێژینەی خەوتووی یادگەی، لە کاتی پێویستدا، لە هەڵوەستە کردن بە دیار چەندین هەڵوێستەوە، بەهانای دێنەوە.

## کەلکەکانی تۆمارکردنی بیرەوەری:

((چونکە یادەوەرییە نووسراوەکان سەرچاوەیەکی مێژوو نووسینن، بۆیە لە ٣٠-١٢/٣١/ ١٩٩٨دا، لە بيت الحكمەی بەغدادا کۆبوونەوەیەکی فراوان سازکرا، کە چەندین  توێژەرەوەی عارەب و عێراقی بە توژینەوەکانیان بەشدارییان تێدا کرد)) [٢].

((پەرتووکی یادەوەرییەکان تۆمارگەیەکی گرنگ و پێویستە بۆ لێکۆڵەرەوان، چونکە زانیارییەکان راشکاوانەتر دەستدەکەون. بایەخی پتریشی لەوەوە دێت کە لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە بۆ راستکردنەوە و چەسپاندن بەکاربێت نەك بە تەنیا)) [٣].

2 - مجموعة من الباحثين. المذكرات الشخصية مصدرا لكتابة التأريخ. ص ٤ ، بغداد ٢٠٠١.

3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ١٠٥.

## کەلکەکانی تۆمارکردنی بیرەوەری بە گشتی:

١- وێنەیەکی ژیانی رابردوو دەنوێنێت.

٢- باری ژیانی سەردەمێکی تێدا دەخوێندرێتەوە.

٣- بیروبۆچوونی خەڵکانێك پیشان دەدات.

٤- گشتگری راستییەکانە و هەلی چاککردنەوەی هەڵەکانیش پتر دەرەخسێنێت.

٥- دەبنە بەڵگەنامەی چەسپێنەری بابەتی مێژوویی .

٦- بۆ زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئابووری و رامیاری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و زمانەوانی و سەربازی و سیخوڕی...سوودیان دەبێت.

٧- باری هونەری و رەوشی ئەدەبی و... لە ئاوێنەی شوێنگە و سەردەمەکەدا دەبیندرێت.

## رێسا گرنگەکانی تۆمار کردنی بیرەوەرییان:

لە کاتی تۆمار کردنی بیرەوەرییاندا رەچاوی ئەم رێسا گشتی و گرنگانەی خوارەوە دەکرێت:

- مەبەستمان لە هەڵبژاردنی سەربردەکان چییە؟ تۆمارکردنی سەربردەی تایبەت بۆ دەرخستنی گرفت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، کات بەسەربردن، بۆ پیشاندانی دۆز و کێشە گشتییەکان، وەك: رۆمانێکی هونەری رۆژگار، خستنە رووی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی، وتاری سیاسی، پەند و وانەی کۆمەڵایەتی... یا بە تێکەڵکردنی بابەتەکان... تۆماردەکرێن

- بۆ کێ دەنووسرێت؟ بۆ سیاسەتمەدارانە؟ بۆ پیشەوەر و نووسەر و نووسین دۆستانە؟ بۆ خاکی و دەستزبر و رەشوڕووتانە؟ بۆ لایەنگران و هاوبیرانە؟ بۆ خەڵکی وشیار و سەرنج تیژ و بیر قووڵە؟

- نووسەر، خوێنەر بە کەمزان نەزانێت. کاتی بەبێ سوود لێ نەسووتێنێت، کە چاوی بە نووسینەکەدا خشاند، چاوی دابخات و لە خۆی بپرسێتەوە: لەم گەشتەدا چی نەبیستراوی دیت و چی نەبیندراوی هەڵێنجا؟

- لە کارەکەماندا لەگەڵ خۆمان و دەوروبەر و رووداوەکان و نەوەکانماندا دڵڕاست و نیازپاك بین. راستی و راستبێژی و رەوا پەروەری لە کارەکەماندا بدرەوشێنەوە.

- ئەوەی لە راستی و بنج و بناوانەکەی دڵنیا نەبین، لەسەر خۆمانی نەکەینە ماڵ.

- زمان زبری و قەڵەم تیژی و هەست بریندارکردن و ملشکاندن و ماستاوچییەتی و مادەلاییی، دووڕوویی و بێ هەڵوێستی و مشەخۆری و خۆ خستنە پەنای خەڵکانی دیکە، کەسایەتی مرۆڤ، نابووت و چرووك دەکەن.



- لە نووسیندا هێمن و پشوودرێژ بین، لووتەیی و خۆ هەڵکێشان کەسایەتی مرۆڤ، دادەبەزێنن.

- لە ژێر کاریگەریی بۆچوون و هەڵچوونی کاتیدا، لە تووڕەیی و بە هەڵەشەیی، شتی نەگونجاو تۆمار بکەیت، بەیانی پەنجەی پەشیمانی دەگەزیتەوە. دەبێت وابکەیت هەمیشە جێگەی شانازی دۆست و نەوەی دۆستان و، جێگەی تێمان و دەردەدڵ و شێرپەنجەی کەللەی نەیار و ستەمکاران بیت.

- خۆ تەریککگرتن لە گێڕانەوەی رووداوی ساردوسڕی گشتیی و رۆژانە. ئەوانەی زۆرینەی خەڵك دەیزانێت، حەزت لە دەستەواژەی باو و کورتە بیرهاتی پچڕپچڕ نەبێت، بە کاوانەوەی دەراوێژی دەمی خەڵك و دووبارە کردنەوەی، بەرهەمت کەم هێز و بێ پێز دەکات، سەری خوێنەر دەیەشێنی و خۆیشت خوێن تاڵ دەکەیت.

- ژیان پڕییەتی لە تاڵی و شیرینی. لە چنینەوەی رووداوەکانی رۆژگاردا، رەچاوی هەمەڕەنگی و چێشتی مجێور بکرێت. تابلۆی گریان و پێکەنینی چەند تەمەنێکی تێدا ببیسترێت.

- بابەتی سەرنجکێش و بایەخدار هەڵبژێرە. نەك زۆری و بۆری.

- ئەوشتانە بخەینە بەرچاو کە پەند و مانای گەورە و شتی بایەخداریان تێدا دەخوێندرێتەوە، مەبەستمان گەیاندنی پەیامێکی پیرۆز بێت.

- لە دەربڕیندا زمان پاراو و رووخسار شیرین و کورتبڕ و رەوانڕۆ و روونگۆ بین.

- لە خستنەڕووی رووداوەکاندا، بێ لایەنی پەیڕە و بکرێت. تابکرێت وەك کامیرایەك وێنەی بەسەرهاتەکان بخرێنە بەرچاو، نەك وەك لایەنگرێکی کورتبین، هەر لە گۆشە نیگایەکی خودی تەنگەوە بڕوانینە دەوروبەر.

- لە گێڕانەوەدا خۆویست و دەمارگرژ نەبین. ژیاننامە، بەخۆداهەڵگوتن و تانە و تەنز وەشاند نییە. بە کورتی و بە کوردی چاویلکەی تاریك و تەماوییەکانی حیزب و ئایین و رەگەزپەرەوەری و توندڕەوی و دەروێشایەتی... ، لە چاو دابکەندرێت. بە چاوێکی مرۆڤانە و بە دڵێکی فراوان و بە نیازێکی پاکەوە، بۆ مەبەستێکی پیرۆز، وێنەی شتەکان بگیرێت. پێویست ناکات لە هەموو پەڕەگراف و پەڕە و سەرەباسێکدا، لە هەموو کوچە و دووڕیان و سەرە پردێك و هاوینە هەوار و پاوانە زستانێکدا، بیروباوەڕی تایبەتیمان رابگەیەنین.

- نووسەریش وەك بەرهەمهێنەر، مۆر و مۆرکی تایبەتی خۆی دەخاتە سەربەرهەمەکەی، تا خەڵك بیناسێتەوە. نەك کۆنەی کەسانی دیکە بماڵێتەوە و قاڵی بکاتەوەو لە کۆنە قاڵبێکدا

دایبڕێژێتەوە. بەڵکو هەر کەسە و بکارێت کە شوێن پەنجەی دەربکەوێت، شوێنپێی تایبەتی خۆی لە گوتراوەکانیدا هەڵبگیرێت.

- دەبێت لەم هونەرکێشانەدا زۆر وریابین، بۆ ئەوەی: بابەتی دژ یەك، بە نائاگایی بەسەرماندا تێنەپەڕێت، بە زمانی خۆمان تێنەمێنین. کە زانیاری بەیەکەوە نەگونجاومان تۆمارکرد، ئەوا پێویستە روونی بکەینەوە، ئەگینا باوەڕ بە راستەکانیشمان ناکەن.

- بیرەوەرنووس لە جەلەکردنی رووداوەکاندا، هەمیشە ئاگادارە کە چی گوتووە و چی ماوە، لە رۆیشتندا ئاگای لە بەر و پشتی خۆیەتی، هەر بابەتەیش بەپێی بایەخ، دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێت. لە ریزبەندی بابەتەکاندا رەچاوی گونجانی کات و کژو جێگە و دەرفەت بکرێت. تێکەڵپێکەڵی، نووسەر پەشێو و بەرهەم نارێك و خوێنەر بێزاردەکات.

- کات و شوێن و کەسەکان و چۆنیەتی دەوروبەر، بە روونی لە نووسینەوەی رووداوەکاندا دەخرێنە بەرچاو.

- ئاوکوفیی و تەبایی لە نێوان دەفر و ناودەفردا (رووخسار و ناوەرۆکدا) ببیندرێت.

- باشترین کار بۆ ئەوانەی بەنیازی یادەوەری نووسینن ئەوەیە: رۆژ بە رۆژ شتەکان تۆمار بکەن، دواتر بژاردە و برنجییەکانیان هەڵبژێرن.

- هەرگیزاوهەرگیز لە یادت دەرنەچێت، کە تۆ دەبێت بکۆشیت، بۆ ئەوەی پەلی سەرنجی خوێنەر بگریت و لەگەڵ خۆتدا بیگێڕیت، نەیەلیت هێندە دوورکەوێتەوە لێت دابڕێت. ئەویش لە میانی: ((بزانە چی و بۆ چی و چۆن و بۆ کێ و بە چ شێوازێك دەنووسیت؟))

بە وردی و چاوی کرپینەوە بۆ نموونەی لێ فێربوون، بروانە چەند یادەوەرییەکی تۆمار کراوی وەك: ژیاننامەی فەیلەسووفی فەرەنسی (( دانپێدانانەکانی)) جان جاك رۆسۆ.

چیرۆکی ژیانی کەڕ و کوێر هێلین چیلەر.

یادداشتەکانی رۆماننووسی ئینگلیزی چارلز دیکنز.

سەربردەکانی ژیانی تشەرشل. یادداشتەکانی گاندی.

یادەوەرییەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دۆناڵد رامسفیلد.

بیرەوەرییەکانی جۆرج بۆش.

نموونەی کوردییەکانیش لەم بواردا: بەرهەمی بەهەشتییان و رێزداران: ((گەشتی ژیانم))ی مەسعوود محەممەد، ((چێشتی مجێور))ی هەژار موکریانی، سەربردەی ژیانی مام هێمنی شاعیر کە لە پێشەکی ((تاریك وروون)دا بە ناوی ((لە کوێوەو بۆ کوێ)) بڵاوکراوەتەوە، بەسەرهاتی




خۆی و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری و رەوشی سیاسی ئەو ناوچانەی تا ئەوکاتە تێیدا ژیاوە، پێیاندا تێپەڕیوە، لە نێو باڵانەی هەستی ناسکیدا دەبیندرێت. گەشتنامەکەی گۆرانی شاعیر ((بەهەشت و یادگار- گەشتی هەورامان)) پڕیەتی لە دیمەنی دڵگرو وێنەی ئەدەبی و جوانی سروشت. بیرەوەرییەکانی سامی عەبدولڕەحمان، یادداشتەکانی رەفیق حلمی. یادەوەرییەکانی دوکتۆر مەحموود عوسمان، نووسینەکانی بەهائەدین نووری، عەزیز محەممەد شەریف، نەوشیروان مستەفا.

((ئەزموون و یاد))ی پشکۆ نەجمەدین، کە لەم دواییەدا چاپکراوە بەهەرمێنترین کتێبی ساڵی ٢٠١٠ی پەرتووکخانەکانی سلێمانی بوو.. لە نووسینی بابەتەکەشدا ناوی گەلێك یادەوەرنووس و چەندین برگەی بەرهەمەکانیان هاتووە.

## شێوازەکانی یادەوەری تۆمارکردن:

١- **شێوازی کۆچیرۆك و رۆمان:** دەبێت نووسەری ئەم شێوازە لە بواری هونەری چیرۆك و رۆماندا شارەزابێت. بیرۆکەکەی لە مێشکدا گەشە دەکات و پێدەگات، ئینجا تۆماری دەکات. نووسەر دەکۆشێت خوێنەر بخاتە ناو رووداوە راستەقینەکان و جیهانی خەیاڵییەوە. لەم شێوازەدا ئەم سەربردانە دەنووسرێن کە پێشتر بەسەریان هاتووە، نەك ئێستا روویدات. سوود لە بەبیر هاتنەوە و رووداوی نووسرایەوەیش دەبیندرێت، ئەو شوێن و چرکە ساتانە هەڵدەبژێردرێن، کە دڵگر و سەرنجکێش و ورووژێنەرن، کاریان لە هەڵوێستەکانی ژیانی نووسەر و کاریگەرییان لە ژینگەکەیدا هەبووە، وەك جەنگ و نەهامەتی و راپەڕین و دەربازبوون و کەوتن و هەڵستانەوە، دۆڕان و بردنەوەو... نموونە: رۆمانەکانی تۆلستۆی و شۆلۆخۆف رۆماننووسانی ناوداری رووسیایی و جیهانی. مامۆستای رۆمان (ئێرنست هەمینگوەی)...

## نموونەی شێوازی ڕۆمان: ((سنووری ستەم و ئازار))[٤]





خۆر دوو سێ باڵی مابوو بکەوێتە پەنا لووتکەکـــانی ( بەردەبووك) و (زۆزگ) و (مامە رووت)[٥]، هەندێك پەڵە هەور لە سەرەوەی خۆرەکە خەنەیی هەڵگەڕابوون، پەڕاوێزەکانیان ئاوە زێڕ و ئاوە زیو کرابوون، پێدەشتەکان ڕەشان بوون، چرۆی دار و دەوەنە سروشتییەکانی کە جێگەیان بەرۆژ و پەنا (با) بوو و هی دارە دەستچێنەکانی دۆڵەکانیش پشکوتووبوون و وردە گەڵای بچکۆلە و سەوزی زەردباویان دەرکردبوو. بەفری بەرزارییەکەی پشت ماڵان مەیلە و

4 - بەشی چوارەم لە ڕۆمانی ((شەخەڵی داربەڕوو))ە، لە نووسینی نووسەری ئەم بابەتەیە، بۆیە ئەم دەقە درێژە، وەك نموونە خراوەتە بەر چاو، چونکە پێشەکییەکی درێژ و وەڵامێکی دیرۆکییە بۆ یادەوەرییەکانی ((ئەلحەمدانی)) کە دواتر دەکەونە بەرچاو. لایەنی دووەمی: زووڕینەی هەرەزۆری ڕووداوەکان و وێنە فۆتۆییە سروشتییەکانی دەبیندرێن ڕاستەقینەن، خۆم دیومن، ئەوەیش بڕواناکا، با بچێتە چۆمان، لە مەمیخەڵان، لە خۆشکان و بندایزان، لە دەربەندی ڕایاتێ... حەمەدەمین (مینە)ی حاجی محەمەد مەمیخەڵی و ئەکتەرەکانی دیکە ببێنێت، بەڵام لە بەر هەندێك هۆی هونەری، ناوی هونەری چەند ئەکتەرێکمان لەجیاتی ناوە ڕاستەقینەکەیان بەکارهێناوە، ڕۆڵی چەند کەسایەتیکیشمان داوەتە ئەکتەرێك، خاڵی سێیەمیش ئەوەیە: خوێنەر نەختێك شارەزای هونەر و شێوازی ڕۆمان نووسین ببێت.

5 - چەند لووتکە چیای بەرزن، دەکەونە نێوان چۆمان و ڕواندز.



زەرد هەڵگەڕابوو، لووتکە بڵند و سەرکەشەکانی ڕۆژهەڵات، شاخی (وەراس) و (گردمەندیل)[٦]دا بە جووتە دەبریسکانەوە.

لە دووڕیانەکە کزەبایەکی ساردی جەرگبڕ، دەموچاوی گەست، بە شەقاوی گەورە گەورە، بە شەقامە ڕێیەکەدا بەرەو دێیەکە هەڵکشا، جێ جێی ڕێگاکە قوڕ و قوڕاوبوو،نسار و بەرزاییەکان سەهۆڵ خەریکبوو پەیتی دەکردنەوە و دەیبەستانەوە، شووڕی دار بەڕووە نیمچە ڕووتەکان لە بەر گوڕی بایە ساردەکە لەرزیان لێ هاتبوو.

زۆر نەڕۆیشتبوو کە کچـــۆلەیەکی بچکۆلە، لە گەوەیەکی ڕێگـــاکەدا بە دیارکەوت و کەوتەوە نادیاری، کە گەیشتە پێچەکە، پیرەژنێك و کچۆڵەکەی سەد هەنگاوێك لە پێشە خۆی، لەسەر چەقی ڕێگاکەوە کەوتنەوە بەرچاو، پێی سووك کردن، لە دامێنی گۆڕستانەکەی بەرماڵان پێیان گەیشت، ماندوونەبوونی لە پیرەژنەکە کرد.(پیرەژنێکی بچکۆلەی توندوتۆڵ و قیت و ڕەقەڵە و گەنم ڕەنگ و دەموچاو لۆچاوی، لووت و چەناگەی زۆر لە یەکتری نزیك بووبوونەوە).

مندالّەکە، پۆتینێکی شینی لاستیکی نوێی لە پێدابوو، پاڵتۆیەکی جوڕەیی[٧] سەر بە کڵاوە، لە تەپڵی سەرییەوە تا سەر پۆتینەکانی داپۆشتبوو، لووت و دەم و چاوی، قامکەکانی وەك دندووکی کەو سوور هەڵگەڕابوون، لانکۆڵەیەکی بەڕەنگی ئەرخەوانیو شینی ئاسمانی و سەوزی بۆیە کراو لە ناو دەستی چەپیدا دەلەرزی، ڕۆیشتنی بە ئاستەم بۆ دەکرا. بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی:ـ

داپیرە لە ڕۆژێکی وەها دژواردا چۆن ئەم منداڵە ساوایە لەگەڵ خۆت دەگێڕی؟ بەو سەرماوسۆڵە سەرما بردی دەکەی و دەیفەوتێنی.

پیرەژن دەستی بچووکەکەی گرت و هەنگاوێك لە چەقی ڕێگاکە بۆ لاڕێ دوورکەوتەوە و گوتی: کەسی داپیرەی! ئەگەر ناچاری نەبێ، بەم زریان و تۆفانە، گەورەش سەر لە کونی ژووری دەرنایێنێت، دڕندەی کێوان ئەمڕۆ لە لانێ خۆیان وەدەرناکەون، بەڵام دەمزانی لەکن کەس گیر نابێت، بۆیە لەگەڵ خۆمم هێنا، ئەو سێ ڕۆژەش زریانە شێتە لەگەڵ ئەم شاخو هەڵەتانە شەڕیەتی، بەم پاش نیوەڕۆیە بڕێکی شکاندووە، بۆ دوو سعاتان چووبووم، چێڵو گۆلکم لە پشتێرێدا بەستاینەوە، بەکەسیشم نەسپاردوون، کەسیش ئاگادارنییە،ڕیسییە[٨] پووشێکیان بۆ لە ئاخوڕێ بکات، بیانباتە سەر ئاوێ، بیاندۆشی و گۆلکیان تێ بەربدات.

6 - دوو لووتکەی بەرزو جوانن، دەکەونە ڕۆژهەڵاتی چۆمان و مەمیخەلان.

7 - زەرد بۆر، ناوی جۆرە چۆلەکەیەکە.

8 - ئامێزە گیایەکی بەستراوی وشك کراوەیە، زستانان لەم ناوچەیەدا بۆ ئالیکدانی ڕەشە وڵاخ بەکاری دێنن.

لە پیرەژنەکە تێنەپەڕی بەجێی بێلێت، لەگەڵیاندا بە هوردە هەنگاوان بە هەورازەکە هەڵگەڕان.

داپیرە خۆ ئاوایی ئاوەدانی تێدایە، کوڕێك، کچێك، بووکێك، خزمێك، خێرەومەندێ، ناوەڵڵا ئەوەی لەتەمەنی تۆ دابێ، هەموو ئیشو کارێك بەدەستی خۆی نەکات، دڵی ئاوێ ناخواتەوە.

پیرەژن ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:ـ

کوڕ، کچ، خزموکەس... ئەوەندەیە وا لەگەڵم دایە. ئەگەر کەسێکم هەبوایە، هەتیوێکی ئەوهام هەموو دەمێ نەدەکردە چانچانۆکەی[9] دوای خۆم، بە ناشکوری ناڵێم، ئەوەی نەگبەتی رووی تێکرد. کچۆڵەکە گوتی: دایە ...! دایە! (دەستی لەناو دەستی پیرەژن دەرهێنا و خۆی لە کەلێنی دوو گابەردان کوتا، بزربوو، لەو دیوی بەردەکان بانگی کردەوە):ـ

((دایە...! دایە...!)) لە ژێر دار بەڕوویێکی گەورە، کە پەل و پۆیەکەی، نیوەی گۆڕستانەکەی، تا دەگەیشتە سەر رێگاکە، داگرتبوو. لەلای کۆمەڵە گۆڕێکی گەورە و بچووك وەستا، لانکۆڵەکەی لەسەر گۆڕێك دانا و هەڵی گرتەوە و لە نـاو کـۆنـە لانکێکی[10] دانا کە لەسەر گۆڕێکی گەورە داندرابوو، پیرەژن بانگی کردەوە: زۆر درەنگە ! کوڕم سبەینێ هەینییە دێینەوە.



---

9 - کووچکووچە، ماڵە.

10 - ئەو ژنانەی بەسەر منداڵەوە دەچن، یا دەمرن و منداڵی شیرەخۆرەیان لە پاش جێدەمێنێت، بۆ دەربڕینی سووێ و جوانە مەرگی، لانك دەخەنە سەر گۆڕەکانیانەوە.



- دایە هەر لانکەکەم بە دایکم پیشان دەدەم، لە کن لانکی وی دای دەنێم، هەڵی دەگرمەوە و دەیهێنمەوە، ئەمشەو لە ماڵێ بووکەکەم لەناویدا دەنوێت، ئەدی نابێت دایکم بزانێت ئەمنیش لانکم هەیە.

(پیرەژن چاوی پڕ گریان بوو، لچی تەتڵەی دەکرد):

- ئەتۆ چۆن بزانی هەموو دەمێ تیخم لە برینێدا بگێڕی، رۆژێ هەزار جار زیاتر برینی دڵم بکولێنیتەوە.

کیژەکە کە پێشتر هەڵدەلەرزی و لە رۆیشتن کەوتبوو، بەڕاکردن بۆ رێگاکە شۆڕ بۆوە، رێگاکە، گۆڕستانەکەی کەرت کردبوو، تۆپە بەفرێکی لە ناو لەپی دەستیدا بوو، خستیە ناو لانکۆڵەکەیەوە

- دایە ئەم بەفرەم لە ناو لانکی دایکم دەرهێنا، پڕی بەفر بـــوو، لانکەکەی خۆم بەدایکم و براکانم پیشان دا، ئەرێ ئەوانیش نایبینن دایە؟

- بەدی کیژی خۆم.

- دایە! وەکی چووینە کن باوکم لانکەکەش دەبەین؟

پیرەژن دەستی بۆ کۆمەڵە گۆڕێکی ناو گۆڕستانەکە درێژکرد[11] و گوتی:ـ

ئەو هەشت گۆڕەی دەیبینی لە ریزەکی درێژ بووینە؟ ئەوە گۆڕی (حەلیمی) بووکم و پێنج کوڕەزا و (هەمینێ) کیژم و سۆفی (هەمینێ) زڕدایکی مامۆستای گوندییە، لە ناو زەوییە تووتنەکەی خۆمان، پێشنوێژی هەینی بوو، لەسەر کانیێ کۆڵیان وەسەر نابوو، ئاگرەکەش دووکەڵی کردبوو، دوو فڕۆکە لە ئاسمانێ پەیدابوون، دوو سێ شریخە و گرمەی وەکی بروسك و

---

11 - زۆرینەی هەرەزۆری رووداوەکان، بە دەنگوباس و راپۆرتی رادیۆکەیشەوە، ناوی کەسایەتییەکان، وەسفەکەی دەربارەیان نووسراوە، مەگەر بۆ پێویستی شاردنەوە و تێدا بزرکردن گۆڕدرابن، دەنا هەموویان راستە قینەن، هەندێکیشیان تاکو ئێستا لە ژیاندا ماون، نموونە: مینە، حەسەن، پەرچەم، حاجی قەسیم، کەچۆ، سەلیم ئاغا، حاجی محەمەد، هەمینەکان، حەلیمە، زولێخا... ناوی گوند و شوین و لووتکە چیایەکان: مەمیخەڵان و چۆمان دەربەند... گردمەندیل، بەردە بووك و کوێستانەکان، گۆڕستانەکان و گۆڕەکان ... واتە تۆمارکردنی بیرەوەری، گێرانەوەی رابردووی زیندووی هەن و هەبوون، خۆم دیومن، لەگەڵیاندا ژیاوم، یانە بەسەرهاتن و لە نزیکەوە و راستەوخۆ بیستوومن، بەیەکەوەم بەستاون. مێژوویێکە بە شێوەی چیرۆك خراوەتە بەر دیدی خوێنەر.

گەواڵەی بەهاران هاتن، دووکەڵ و تۆز ئەم دۆڵەی پڕ کرد، لە گوندی بوو بە هەڵڵا، وەکی چووم! چ ببینم! رۆڵە! کافری هەرسێ دینان نەیبینێت، هەموو خەڵکی گوندەکە لە کەندەلانەکە، لە خۆڵ و پارچە شاخەکە ئالاّبوون. ئەم کاتەی رۆژێ بوو وەکی تەرمەکانیان بە نیوە رووتی دەرهێنان، سۆفی هەمین ئەوێ رۆژێ سەر لەبەیانی هاتە ماڵێ مە و گوتییە: (حەلیمێ) بووک: ((دۆت مەلا! خەونەکی زۆر ناخۆشم دیووە، زۆر دڵم توندبووە، هاتووم هەندێك قسەینێ خۆشم بۆ بکەی)). ئەوانیش دەگەڵە خۆیان بردیانە کۆڵێ.

(هێماکردنێکی بەپەنجە و بەدەم): ئەم کیژەش لە ناو ئەو لانکێهێ بوو.

(ئاماژە کردنی دەستی بۆ دەستە راست گواستەوە) لەژێر ئەو دار گوێزەی ئەو بەری بوو، بۆ خەم و خەفەتان، بۆ برین کولاندنەوەی من خودا رۆژی نەهێنابوو، باوکی ئەم کیژەش لە حەژمەتان، حەفت مانگی پڕ، زمانی بەسترا، چەند باوکی من لە گۆڕستانێ هاتەوە و چووە ناو ئاوەدانی و قسەیەکی کرد ئەویش هەر هێندە، ورتەیەك چییە لە زاری نەهاتە دەرێ، چەند دوعا و نووشتەمان بۆ کرد، کن سەد چاك و پیران... لە دختۆری دونیایمان گێڕا، داو و دەرمانی دختۆر و حەکیمان نەما بەدەمییەوە نەکەین. خودا و قورئانی پیرۆز و (شێخی باڵەك)[12] کردیان، هوردە هوردە هاتەوە سەرەخۆ.

که گەیشتنە بەر ئاوایی، ئاوڕێکی بەرەو دواوە دایەوە، دیتی چارەگی لای سەرەوەی خۆرەکە،وەك گرێکی سوور دادەخزیە پەنا شاخەکەوە.

- داپیرە! من ماڵی کۆنە ناسیاوێکم لێرەیە، دەبێت لە کـــامە لای گوندەکە بێت؟
- ناسیاوەکەی تۆ کێیە؟
- ناوی شێرکۆیە.
- ئێ ئێ خێزانەکەی ناوی (ئاوات)ە وا لە چاوە خانووەکەی ماڵی سلێمانئاغایە، لەلای سەرەوەنە، لەو دیون، هێشتا ماڵەکەیان بەدیار نەکەوتووە، بەڵام ژنەکەی ئەوە دوو سێ رۆژێکە نەخۆشە و کەڵکی مێواندارییان نییە،. کوڕی خۆم! دەبێت ئەمشەو لەلای پیرە دایکی خۆت بمێنیتەوە! میوان خۆشەویستی خودایە، خێر و بەرەکەت لەگەڵ خۆیدا دەینێت، دەزانی بەتەنێ چەند دڵم دەگوشرێت؟ ماڵی بێ سەردار، وەك ئاشی ئاو لێبڕایە[13]، هەتا میوانیش

12 – مەزار و گۆڕی پیاو چاکێکی بەناوبانگە، لە سەرووی کانیاوی (حاجی ئۆمەران)ە خەڵکی ناوچەکە زۆر باوەڕیان پێیەتی، ئاوەکەشی وەك دەرمان بۆ بەردی گورچیلە بەکاردێت.

13 – هێمایە بۆ چۆلی.



رووی تێناکەن، بەشێخی باڵەکان ئەم شەو لای دایکی خۆ بی، وەکی (مینە)[14] ی کوڕم هاتبێتەوە ئەوهایە، کوڕم خودا نانی زۆر کردووە، بۆ هەر بۆ ماڵە... دەخشن؟ رووێکی خۆشی خانەخوێ هەزار پلاّو برنج دێنێت، هەرچەندە ناوەختیشە، وا پێکەوە دەچینەوە ماڵێ، بەڵام ئەمنیش پلاّو برنجی بۆ کوڕی خۆم لێ دەنێم.

یەکەم ماڵی سەر رێگاکە ماڵی ئەوان بوو. لە ئافرەتێك هەڵەنگوتن لە دەرگای ماڵەکەیان دەهاتە دەرەوە، بەڕووێکی گەشەوە:ـ یاخوا بەخێربێنەوە. رووی لە میوانەکە کرد: کاکە گیان بەخێر بێی.

رووی بۆ پیرێژن وەرگێڕایەوە: مامۆژن چێڵەکانم دۆشیون و ئالیکیشم داون، گوتم تازە نایێتەوە، سێ رۆژە چاومان سپی بوو ئەوەندەی چاوەڕوانیت بکەین.خوا بکات مژدەیەکی خۆشت هێنابێتەوە!

مامۆژن:ـ ئەرێ وەڵڵا قسەکەی گوتیان (حاجی قەسیم) گوتی راستە! گوتیشی وەرە سەری مانگێ پێکەوە دەچینە دیدەنی، سەری مانگێش زۆری نەماوە، هەتا بە چاوی خۆم نەیبینم باوەڕناکەم.

- مامۆژن! مزگێنییەکی خۆش! بەقوربانم بووەکە، باش بە تەڵەی وەبووە، بەتەڵەیەکی دووکەوانەیی بەرازگر وەبووە، بەرەڵلاّبوونیشی نییە.

مامۆژن:ـ دەزانم (عەلکە چوێڕ)ە خوێڕییەکە گیراوە، ئەگەر بیکوژن ئەوا جحێڵ دەبمەوە، بەڵام هەتا ئەو بەرنەبی، (تیراوە)ی[15] دڵم بنی نایە.

ئافرەتەکە:ـ من وا دەڕۆم، هەندێك گەنم لە جۆنییەکەدا کوتابوو، هەندێکیشم بۆ تۆ لەسەر هەمبانەکان داناوە، لە ناو بادیە[16] گەورەکەدایە.

سەرکەوتنە سەر باڵەخانەکە، چوونە ژوورەوە، پیرەژن بەپەلە سەرەنازێکی[17] لە سەر نیمدەرەکەی تەنیشت زۆپا گەورەکەی ناوەندی ژوورەکە راخست، فەرمووی لە میوانەکە کرد، سەرینێکی بۆ هێنا، چووە ژوورەکەی ئەو دیوی، کە گەڕایەوە، سەبەتەیێکی بچکۆلەی پڕ گوێزی لەبەر دەمی داناو گوتییە کیژەکە: بەرخەکەم شەکر شکێنەکە بۆ مامە بێنە.

14 بچووککراوەی ناوی حەمەدەمینە.

15 – ناسۆر، برینێك چاکبوونەوەی نەبێت.

16 – جام، دەفر.

17 – مافووری درێژ و باریك کە بۆ دانشتن رادەخرێت، ئەگەر لباد بێت ئەوا لاکێشی پێ دەڵێن.

پیرەژن چرا نەوتییەکەی داگرت و دایگیرساند و خستییە جێگاکەی خۆی و گوتییە میوانەکەی:

یاخوا بەخێر بێی سەر هەردوو چاوینێ دایکێ خۆت، دوو سێ کاکڵە گوێزان بخۆ، هەتا لە سەراوێ دێمەوە.

کچە شەکرشکێنەکەی بۆ هێنا، لانکۆڵەکەشی هەر بەدەستەوە بوو، گەڕایەوە ژوورەکەی ئەودیو، کە هاتەوە بووکەڵەیەکی لە دار و پەڕۆ دروست کراوی خستبووە ناو لانکۆڵەکەی. میوانەکە گوێزێکی شکاند پووچەڵ دەرچوو. یەکێکی دیکەی شکاند و کاکڵەکەی دایە دەست کیژەکە و گوتی: ئەم گوێزە خۆشە بۆ ئەم کیژە جوانە! بۆ کچی خۆم. کیژە وەریگرت و بەشەرمێکی منداڵانەوە گوتی:ـ

مامە! ئەتۆ کیژێکی جوانت هەیە؟ مامە کیژی تۆش لانك و بووکۆکەی هەیە؟ مامە بابی منیش دێتەوە؟ مامە!.

مامە (نیشتمان)ی کچی و بووکە شووشەکەی ناو جامخانە شکاوەکەی هاتەوە پێش چاو، پتر لێی چووە پێشەوە:ـ مامە! مامە! کیژەکەی تۆش جوانە؟! پۆتینی هەیە؟! دەچتە کن باوکی؟ مامەی خستبووە ژێر نشتەری پرسیاران، کاتێك سەری لە مامە خوار کردەوە و گوتی: مامە ئەوە بۆ دەگرییێ؟ کێ لێی داوی؟! بەدایکم بڵێی لێی دەداتەوە،چاوەکانی سڕینەوە، ماچێکی کچەکەی کرد، بۆنی (نیشتمان)ی لێ دەهات، لە دڵی خۆیدا: ئەم کچە دەڵێی فێرکراوە، هەر پرسیارێکی گوللە تۆپێکە لە ناو هەستتدا دەتەقێتەوە، بۆیە داپیرەی ئەوەندە بەدەستییەوە دادەدادی بوو، ئەوی دڵ و دەروونی بریندار بێت، چ گەنج بێت چ پیر، چڕنووکی مێروولەیەکی پێ شکاوی لێ دەبێتە خەنجەر و گوللە، برینەکەی هەڵدەوەشێتەوە، سفتوسۆیەکەی نوێ دەکاتەوە، کچەکەی خۆم! ئەوەی لە دایك و براکانی تۆیدا، ئەوەی لە تۆ و لە نەنکتی داوە، هەر ئەویشە لە من و لە منداڵەکانی منی داوە.

پیرەژن هاتەوە ژوورێ، دوو دەستمەنجەڵە[18] ئاوەکەی دانا،بە چاو ترووکاندنێك باوەشێك داری کەلاشکەری هێنا و لە زۆبەکەی پەستان و گوتییە میوانەکەی:

لە سەرمانا رەقم کردییەوە، شەرمەزاربووم، هەر بە بیستۆکەکی[19] ژوورەکە سوور دەبێتەوە. ئەوە بۆ کاکڵە گوێزت نەخواردووە؟ خۆ وەکە من بێ دڵان[20] نی؟ دەبا گوێزەکـــان بۆ

18 - دەفرێکە لە شێوەی مەنجەڵ و دەسك (قولپی) هەیە.



دوایێ بن، شەوێکی دوورودرێـژ ماوە. ئەمساڵ مێوژن نەکردینە. زۆپاکە گەرم داهات، کیژەکە پێش نان خواردن خەوی لێ کەوت.

- چاك بوو زوو نووست، زێلکم لە پرسیارە تیژەکانی رژاوە، پرسیارکوتی کردم، خۆ بەهەموو هەست و توانامەوە بە دەست ئەم (گێرکە)[21]یەوە پەنگم خواردبوو. زەردەخەنەیەکی ساردی هاتێ، ئەگەر زوو نەخەوتبایە، ئەوا بەدایکی دەگوت لەسەرم بکاتەوە و لێیان بداتەوە.

پیرەژن پیاڵەکانی هەڵگرتن، زۆپاکە وەك سکڵ سوور هەڵگەڕابوو، لە ئاگرەکە دوور کەوتەوە، سەرینەکەی بەدیوارەکەوە نووساند، ئانیشکی راستی خستە سەری، چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا لە پڕ گیرانی (عەلکە چوێڕ) لە ناو مێشکیدا هەڵتووتایەوە، بۆ ئەم ئافرەتە گرتنی ئەو پیاوەی ئەوەندە لەلا گرنگ بوو! بۆ پیرەژن بە کوشتنی (عەلکە چوێڕ) جحێڵ دەبێتەوە؟

دوێنێ ناوی عەلکە چوێڕ و گرتنەکەی، لە هەڤاڵەکانی خۆی بیستبوو، بەڵام دەیانگوت بەپێی خۆی هاتووە و سوودیشی دەبێت، بەردانی لە گرتنی بەکەڵکترە، ویستی پیرەژن بدوێنێت بۆیێ گوتی:

داپیرە: ئەوەی ئێوارە باستان کرد، گوتتان گیراوە،چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

پیرەژن ئاخێکی ساردی هەڵکێشا: ئەو کیژەی وەکە ئێوارە هاتینەوە چێڵەکانی ئالیك دابوون، ئەوە (عەیشێ)ی کیژی (مستەوایە)[22] مارەبڕی (مینە)ی کوڕێ منە، بۆ وی چووبووینە جلکان. لە هەولێرێ جلکی کردن و چەك وخشڵی بەڕادان دان، بۆ رۆژی دوایی، کە دەگەڕاینەوە، دایکی ئەم پێ بەوەختەشمان[23] دەگەڵ دابوو، لە پێش گەراجەکەدا کۆمەڵێك چەکدار دەوریان گرتین، حەمەدەمینیان لوول دا بەم دوو چاوانەی خۆم (عەلکە چوێڕ)[24]م دیت شەشاگرەکی[25] لەبەر پشتێنە ئەنگۆرە[26] شینەکەی حەمەدەمینی راکرد و دەری هێنایەوە و

19 - کاتێکی کەم، ئەم ماوەیەی کە پێویستە لەیەکەوە تا بیست بژمێردرێت.

20 - ددان، دگان.

21 - جۆرەمێروولە، مێروستانێکی بچکۆڵەیە.

22 - مستەفا.

23 - کچێك تافی شووکردنی بێت.

24 - عەلییە قاچخوار.

25 - دەمانچە، دەبانچە.

بەرزی کردەوە و بەخەڵکەکەی پیشاندا و بە دەنگە ژنانییەکەی هاواری کرد: ((ناڵێم بۆ پیاو کوشتن ناردوویانە، فەرموون ئەوەش شەشاگرەکەی!))

(بەگریانەوە) بە قۆنداخە تفەنگان لاسەرێکیان هێنایە خوارەوە، بە لوولە تفەنگان کەلەکەیان کون کرد، رەبیی خودا هەناسەیان ببڕێنێتەوە، چاوی دایکت کوێر بێ. لەبەر چاوی ئەو حەشاماتەی دەستیان کەلەپچەکرد پێیان سندم کرد، کە سواری تورمبێلەکی کەسکیان کرد هەموو جلکی بەری لە خوێندا سوور بووبوون.

بردیان، هەر ئەو بردنەیە هەتا ئێستاش لە هیچ جێگایەك سەری هەڵنەداوەتەوە. نازانم کوژرایە! لە زیندانێیە، مایە، ئەو گەورە ماڵەی هەمان بوو، هەمووم بەدەستی خۆم تاواندەوە و لە گەرووی برا گەورانم پەستا بەڵکو کوڕەکەم بدەنەوە.

دلێر کە تا ئێستا گوێگر بوو، قسەی بە پیرەژن بڕی و گوتی:

داپیرە ئەو گەورانەی تۆ دەتەوێت کوڕەکەت بۆ رزگار بکەن، هەر ئەوانن کوڕی تۆ و هەزارانی وەك ئەو دەگرن، تا پلە و پایەیان لەلای دوژمن بەرزبێتەوە و دەستکەوتی باشیان دەست کەوێت و بەرکیان گەرم بێت، شەوانەیش لە کۆڕی بەزم و مەیخانە و قومارکردندا لە ئوتێلە ناودارەکانی پایتەختا گیرفانیان هەڵدەتەکێنن، ئەنجا بە درۆ:((بەیانی من لە جیاتی تۆ دەیبینم))، ((گەورەکەیان لێرە نییە ئەگینا زۆر زۆر برادەرمە، هەر بێتەوە بەپارە، بەدیاری.))، بە دەسخەرۆدان و خافڵاندنی بێ دەسەڵات و چارە براوەکانی وەك تۆ دادەدۆشن و باخەڵی خۆیان دەئاخننەوە.

– کوڕم هەموو کەس دەزانێ، بەڵام پێویستی وات لێدەکات، نەك هەر سەر بەماڵی دوژمن دابگری، دەبێت بە مەمنوونیشەوە لێیان بپاڕێیتەوە، ئەرێ وەڵڵا گوتیان کوڕی تۆ بە (عەلکە) نەبێت بەرنابێت، ئەمنیش کوێخا حایزی[٢٧] مامیم ناردۆتە کنی، گوتم: شتێکم بۆ بکات چی ئەو بڵێت من ئامادەم. ئەوە خودا ئەویشی بەدەردی کوڕێ من بردەوە، ئەدی واناکەی چ دەکەی؟ جوانەگایەکی بازی گەورەشم سەر بڕی، گۆشتەکەیم بەخشییەوە، بەڵکەم خودا لەبەری بگێڕێت و لەم بەڵایە دەربازی بکا، ئینجا مایتەوە سەر بەختی خۆی و ناوچەوانە رەشەکەی من، وا دەڵێن لە (ئەبوغەریبی)[٢٨] بەدیار کەوتۆتەوە، کابرایەکی (شەقڵاوەیی)

26 جۆرە کوتاڵێکی ئێرانییە، بە قاچاغ دەهات.

27 – عەزیز.

28 – بەندینخانەی ئەبوغرێب.



کوڕەکەی لە ئەبوغەریبی گیراوە، کە دەچێتە سەردانی، (مینە)ش لە ناو بەندییەکاندا دەیبینێت و کابرای (شەقڵاوە)یی رادەسپێرێت، کابراکەش لە چایخانەکەی (دیلان دیشلەمە)ی، (حاجی قەسیمی چۆمان)ێ دەبینێت و پێی دەڵێت، حاجی قەسیم بەدوای منیدا ناردبوو، ئەمنیش چووم، تازیەکیشی بەسەر داهات، تازییە چ تازییە کوڕم...! لە کاتی خۆی زاوای (عەلکە) لەسەر پردێ (ناوەندێ)[٢٩] کەوتە ناو بۆسەی جاش و سەربازان، کوژرا، کە گوندی (...)[٣٠] یان هێنا خوارێ (مرێ)[٣١] ی خوشکی (عەلە کۆسی) بۆ بەڕێوەبردنی منداڵە هەتیوەکان، لە تەنیشت ماڵی باوکی کاولۆکەکی کردبوو، دوو سێ چێڵۆکەی هێشتبوونەوە، بەخێوی دەکردن، چێڵی ماخۆ مردوو، ئەتۆ بچی، لە نزیك سەنگەری سەربازەکانی سەر بڵندایییەکەی پشتی ماڵان بزێی و شەوێ نێیتەوە، بۆ رۆژی دوایێ، ژنۆکە پیرە باوکی رەگەڵە خۆ دەدا و دەچی گۆلك و چێڵی بێنیتەوە، کە دەکەونە نەدیوی، سێیانیان لای گەڕانەوەیان لێ دەگرن، تاویان دەدەنێ، لەبەر چاوی پیرەمێردێ، ژنەی دەگرن و پڕکێشی ناموسی دەکەن، ئەویش دەگریێ و هاوار دەکا و دەپاڕێتەوە، گوێی نادەنێ، پیرەمێرد بەخۆی ناوەستێت لەگەڵیان دەکاتە کێشمەکێش، پیرەمێردی دەخنکێنن،ژنە خۆیان ناداتە دەست، هەردوو دەستی وردوخاش دەکەن، ئینجا بە گاڕانێك سەرباز...

ئەتۆش وەك و حەمەدەمینی کوڕمی ناگوترێت...دوایش کوشتبوویان، چابوو کوڕۆکەی (پیرۆت پەرچەمی) لەبەر کارۆکان دووربەدووری چاوی لێ بووبوو. دێتەوە خزم و کەسان ئاگادار دەکاتەوە، دەنا سەگەل لاشەکانیان دەخوارد، چوون تەرمەکانیان هێنانەوە، بردیانە نەخۆشخانەکەی، گوتیان لە راپۆرتی دختۆری نووسیبویان: ((ئەمانە چوینەتە جێگای قەدەغەکراو، دەنگوباس و خواردنیان بۆ چەتە و رێگران بردووە و وەسەر ئەڵغامان کەوتوون)).

رۆڵە ئەو منداڵانە، بێ باوك بێ دایك، هەتا داپیرو باپیریشیان نەماون، لە نێو شیوەنێ کارەکی دەکەن، بەرد و ئاسنیش دەگریەنن. دەیانەوێت خزم و کەسانیشیان بەند بکەن، نابێت لە مزگەوت یا بە ئاشکرا پرسەیان بۆدابندرێ، ئەوجا لە شەرمەتڕیان (عەلکەی خوێڕی) دوو سەربازی کوشتوون چەکەکانیشیانی بردووە و بەچیای کەوتووە، ئەوانیش گرتوویانە.

29 – گوندێکی نزیك شارۆچکەی چۆمانە.

30 – گوندێکی ناوچەکەیە.

31 – گچکەکراوەی ناوی مریەم (مێرەم) یا مرارییە.

ئەم خوێڕییە چوێڕە هێشتا وەها ناوی دەرنەکردبوو، ئا ئا... دەڵێن ناوی لە خۆی ناوە (کاکە شێخ) ترحێو، بەخوا بابە شێخ و شێخزادەیە، دەك شێخ لە دونیادا نەمینێن وەك بەتۆ بڵێن شێخ، چما کەر بەکورتان گۆڕینیێ دەبێتە هێستر؟ کەس وەك و من شێخۆ خوێڕی ناناسیێ.

شێخۆ: کەچەڵێکی ریویلەی رەنگ تەلخ و نیمچە کۆسە و چاو گورگـــانی و لووت و لمووز توورگانی و ددان گڕ و دەنگ باریك بوو. لە کاتی رۆیشتنا لاقە چوێڕەکانی تێك دەئالآن. پلکە خوچێی دایکی بە سەر کاك عەلییەوە دەچێت[32]، پەروەردەی ژێر چەپۆکی بێ بەزەیی باوەژنێکی زۆردار بوو، منداڵێکی چڵکنو شڕو شەپڕێو، کەس رەنگی راستەقینەی جلکە دڕاوەکانی نەدەزانی.

لە تەمەنی چوار ساڵاندا تووشی کەچەڵی بوو، سەرە بۆگەنەکەیوەك تەماتەی رزیو تولآبۆوە. ئەگەر (رەیحان)یێ خوشکی دایکی بە داوودەرمانی کوردەواری چارەی نەکردبایە هەر بەم کەچەڵییەوە ناوی لە بیردەکرا. لە نووکە بسکو بان گوێو پشتە ملی بترازێت، ئەوی دیکەیوەك کاڵەکی پاك کراو، لووس و بریقەداربوو، بۆیی بە سەر کۆتکردن بێ ئەندازە قەڵس دەبوو. کلاو و جەمەدانییەکەی زۆر بەزانایی و گەلێك بە توندی لە سەری دەپێچا، هەتا لە نووستنیشدا لەسەری نەدەبۆوە. کە چووە خوێندنگە زۆر بێ نمود و گۆشەگیر و دەبەنگ بوو، ببووە گەپجاڕی منداڵان. پۆلی یەکەمی بۆ تەواو نەکرا، دەستی لە خوێندن هەڵگرت، ساڵی دواتر باوکی ناردییە لای مەلای دێ بۆ خوێندن، مەلاش لێی وەڕسبوو و وازی لێ هێنا. (عەلکە) بەمنداڵی خۆڵی دەخوارد و قامکی گەورەی خۆی دەمشت، وردە وردە خووی خۆڵ خواردنەکەی بە جگەرەکێشان گۆڕییەوە، عەلۆ لە نێو منداڵە هاوتەمەنەکانیا بە (عەلکە چوێڕ) و (عەلە کەچەڵ) و (ڕیویە گڕوو و...) بانگ دەکرا، بەگەورەییش نازناوی (عەلە خوێڕی) و (کۆسە) و (ژنانی)یان بۆ زیاد کرد. بەخۆشی نازناوی (کاکە شێخ )ی بۆ خۆی دانا، بەڵام لە بەدبەختی خۆی ئەویش بووە (شێخۆخوێڕی) و (شێخۆکەچەڵ) و (شێخۆژنانی)، لە ناسنامەکەشیدا بە (شێر عەلی) تۆمار کرابوو.

کاك عەلی لە سمۆرە دارەوانتر و لە کەڵە کێوی شاخەوانتر و لە رێوی فێڵبازتر و لە کەروێشك بێ دەسەڵاتتر و لە فسوس ترسنۆکتر و لە گورگ دڕندەتر بوو.

لەگەڵ جنێوپێدان و سەرکۆنە کردن لووس بووبوو، لە لێدانیش راهاتبوو.

شێر عەلی، بە نهێنی توێکڵی قەدی دار گوێز و دار سێوەکانی باخی ماڵی باوکی باوەژنەکەی تراشیبوون، دارەکان وشك بوون، کلکی ماکەرێك و جاشکێکی ئاوایی بڕیبوو،

32 – لەو کاتەی عەلی دەبێت ئەو دەمرێت.



بەڵام تاکو ئێستا لە خۆی و خودای بەم لاوە کەسێکی دیکە نەیدەزانی کێ ئەم کەتنەی کردووە و لەسەر چی خاوەنەکەیان ئەتك کراون. چەرمەسەری بە مریشکی گوندی دەکرد، بەدزییەوە پێستی پشتی ملی مامرەکانی بە مووس دەبڕی، چەرم و پەڕەکانی رادەکێشایە سەر سەر و چاو و دەندووکیان، ئینجا بەرەڵڵای دەکردن، لە دڵی خۆیدا زۆر بەخۆشییەوە دەیگوت:

((مریشکی ملڕووت و ئەملۆدەتان لێ دەوەشێتەوە))، مریشکی پوورە رەیحانی خۆشی وا لێ کردبوو، لە ناخی دڵەوە دەیگوت:ـ

(( هەی دایك و باوکتان...هەی گەورە و بچووکتان... هەی نێر و مێتان...)) کینەبەری و ئێرەیی لە دەروونیدا جێگەی خۆشەویستی و بەزەیی نەهێشتبۆوە .

پیرەژن درێژەی بە قسەکانی خۆی دەدا: ((جارێك بردیان، زمانێکی هەیە دەمی بگاتەوە برینی[33] خۆی، هیچ لێی مەترسیێ، تۆبەی کردبوو و گوتبووی: ((بەهێندە سوێند و هەندە قورئانە،جارێکی دیکە نابمەوە گورگی کۆزی خۆم)) بڕە پارەیەکیان دا. ئەدی هەر بەپارە بەریاندا.

تا ماوەیەك ئەم ریوییە کڕ و بێ دەنگ بوو. ئەو مارەبڕاوەی کوڕی من، لە پێشدا دەسگیرانی وی بوو، باجوای[34] پلکی بوو، بە بنپشك لەم خوێڕوە مارە کرابوو، کچەکەش پێی رازی نەبوو، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە هەژانەوە، کچە نەیکرد و نەیکرد. عەلکە چوو ژنەکی دیکەی هێنا، ژنەش لە کنی دانەنیشت، رەدووکەوت. حەمەدەمینیش دەسگیرانەکەی بەماڵ لێی کڕییەوە، ژنە رۆیشتووەکەشی بەپارە بەرەڵڵا کرد ، ژنەکی بەمارە و تەلاقی هەڵگرت، تێی تەقاند و رۆیشت.

ماوەیەك بوو لە هەولێرێ بوو، ئێستا گەورە بووە و بووەتە فەرماندە و هاتۆتەوە، فەرمانداری کوڕەکانی (... ئاغا) و (شێخ...)ە، بە شەو و بە رۆژ پیشەیان بۆسە نانەوە و خەڵك راوکردن و گەندە کار و گەمبۆری و گەلۆری کردن بوو، هەتا خودا کردی لێی بەربوو[35]، گوایە دەیەوێت تۆڵەی حاجی (شوانەی باوەکری) باوکی و ناموسی (مراری)یێ خوشکی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەوان دەزانن کە ئەو چ کۆرەوەیبابێکە و خوێنی چەند کەسانی دەزگی دایە؟

33 – دەڵێن سەگ دەمی بگاتەوە برینەکەی خۆی بەزمانی دەی لێسێتەوە خاوێنی دەکاتەوە ناهێلێت هەوبکات و لێی پیس ببێت، بۆیە زوو چاك دەبێتەوە، چارەسەری خۆی دەکات.

34 – ژنێك یا بنپشکێك لە بری ژنێکی دیکە بدرێت، وەك ژن بە ژنی، گەورە بە بچووك.

35 – بای لێ بەربوو، تڕی، تڕیکەند.

ئەگەرچی پیرەژن سێ ڕۆژ بوو لە پرسەکەدا کەف و کوڵی دڵی خۆی دارشتبوو و تێر گریان بووبوو، سەرما و ماندوو بوونی ڕێگەش شێلابوویان، بەڵام وەك بڵێی بە دەربڕینی مەینەتییەکانی تۆڵەی شەوگاری تەنیایی و بێ هاودەنگی خۆی دەکاتەوە. کە هەستی دەکرد کەسەکەی بەرامبەری گوێی بۆ شل دەکات و خەمگین دەبێت، وای دەزانی خراره خەمێکی لە کۆڵ دەبێتەوە و یەکێکی دیکە بۆی هەڵدەگرێت.

سەیرێکی کرد بزانی چۆنی لە خەمان بارکردووە، ئەوی لە پەیکەری لەشێکی جیای دەکردەوە، تەنها تروکاندنی جارجارەی پێڵووی چاوەکانی بوو. پیرێژن سکی پێ سووتا و بە گوفتارێکی دایکانەوە گوتی:

((کوڕی خۆم دوو سێ کاکڵە گوێزان بخۆ! ئێوارێش نەتخواردوون، چ نانیشت نەخوارد، پیاوی شەرمن دەبێت لەماڵان سکی خۆی بکوشێت، خۆ ماڵێ خۆتە...))

گوێزەکانی لە پێش داناوە و گوتی:

"برەکیش کوێرە گوێز و پووك و پووچەڵن، ئەم ساڵ کەسم نەبوو، بۆم بە ناو بێنێت. گوێزێك دوانی نەشکاندبوو کە پیرەژن دایەزراندەوە قسانـ سالی ناونووسەکان دەگەڕان، ڕەشماڵمان لە کوێستانێ (وێزێ)[36] لەپشتی (ئێنێ)، لەسەر (سێ کانیان)[37] هەڵدابوو،ئەو ڕۆژەی پەنیرم هێنابووە خوارێ، لە گەڕانەوەمدا لامدا گوندی هەتا هەندەك ئاردی لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە هەواری، ناونووسەکان لە ماڵی مام کێخوای بوون، ئەمنیش چووم ماڵی خۆمانم نووسی، کوڕم هۆبە ڕەشماڵێك بووین، بەتەنها ماڵی ئێمە نووسرا، هۆبە ڕەشماڵەکانی (سەر سوول) و (گردوگۆ) و (کیفارستان) و (بناری هەڵگورد) و کێلەشین و مێرگەمیر و هۆڕنێ باڵەکیان و مێرگە چەکۆی شێخمەمودیان و سپییە ڕێزی خەیلانیان[38]... بە خڕی هەر کەسیان نەنووسرابوون.

هۆپەکمان لە خۆ زانی، کاتێك لە (ڕایاتێ)[39] را، باشچاوەشێك و دوو پۆلیس هاتن، گوتیانە ئەوانەی ناونووس نەکرابوونـ ((ئەوانە ناویان نییە، خەڵکی ئێرەنین، ئێرانین، دەبێت ئاوا ببنەوە ئەو دیو)).

36 - کوێستانێکە.

37 - ناوی گوندێك و کوێستانێکی دەڤەرەکەیە.

٣٨ - ناوی چەند کوێستانی سنوورین و هاوینان مەرداری زۆریان دەچیتێ.

39 - گوندێکی نزیك حاجی ئۆمەرانە، بنکەیەکی پۆلیسی لێ بوو.



مەحموود ردێن سپی هۆبە ڕەشماڵی و براگەورەی حاجیش دەگەڵ نەنووسراوەکاندا بوو، زۆر هاتوچۆیان کرد، جوانە ماینەك و دوو کاوڕ بەرانیان بۆ ماڵی شێخی... بردن بەڵکو چارەیەکیان بۆ بکەن، گفتی کیژێکیشیان دابوو، سەردانی (... ئاغا)شیان کرد، چ چارەیەکیان بۆ نەکرا. مەحموود و مەلا سەعدەدین و زانەوێر) هاتنە ماڵێ مە لە جێگاکەی تۆ دانیشتن، مەحموود گوتی: ((محەممەد! برا! وا دەرمان دەکەن، نەڕۆین بە سیخوڕمان دادەنێن و لە سەرمان دەدەن! بە ناچاری ئاوای ئەودیوی دەبین، هاتووچۆ و یەکدی دیتنمان کەمدەبێتەوە. هەتا خزمایەتییەکەمان نەبڕێتەوە، منداڵەکانیش لە یەکدی دوور نەکەونەوە، هاتووم (بێری)ێ کیژم لە (حەسەنی) کوڕت مارە بکەم، ئامۆزا و ئاوزەی یەکن[40])) هەینێ (مینە)م نەبووبوو (حەسەن)یش پێوەڕۆکەبوو،ماڵی مەحموودی کەوتنە (لاجانێ)[41]، ماڵی زانەوێر و هەندێکیدیشیان،لەو دیویش دەرکران، لەوێ گوتبوویان ئەنگۆ خەڵکی ئەمدیوە نین، دەبێت ئێرە بەجێ بێلن، ئەوانیش کەوتنە ئەودیوی (کێلە شینێ)[42] ، لەوێش نازانم چیان بەسەر هات؟ دەڵێن کوڕ و کوڕەزای (زانەوێری) لە نزیك (وانێ)[43] نە.

هێشتا ئەم پشتەوەیە، ئا ئا ئێستا پێی دەڵێن سنە... نانا... سنوور، هێشتا هەندە توند نەکرابوو، ئەم دیوە و ئەودیوی خزم و کەسی یەك بووین و ژن و ژن خوازیمان هەبوو و سەردانی یەکدیمان دەکرد، لە کوێستانێ بووین، ڕۆژەکێ مێوانەکمان هات گوتی: ((حاجی مەحموود منی ناردووە، بزانم ئەحواڵتان چۆنە، گوتیشی حەز دەکەم هەتا بەخۆم ماوم بێن بووکێ خۆ ببەن، بەڵام حەز دەکەم حاجی محەممەد و حەسەن بەخۆیان بێن بیان بینم)) تا خۆمان خڕکردەوە، پاییزەکی دەرەنگ داهات، حاجیش گوتی: ((هەتا بەفر ڕێی نەگرتووە با بچین بیهێنین))

حاجی و حەسەن ئاودیوبوون، حەوتووەك بوو لەودیوی لە ناو خزمان، خەریکی بارگە و خشڵ و مشلان بوون، کاتێك خەبەر هات، گوتیان ((لە پشتی (زینوێ شێخی)، هەندێك قاچاغچی و سیخوڕی ئێرانی کوژراون، ژنێکیشیان لەگەڵ دایە))! ڕۆڵە ئیـــرانییەکان ئەوان بوون، تەرمەکـــانیشیان بـــردنە ئەم خوارەوەیە و نەیان داینەوە، لەو دیوی بەخزمەکانی ئێمە

40 - هاوتەمەنن.

41 - ناوی کوێستانێك و گوندێکی کوردستانی ئێرانە لە نزیك سنووری کوردستانی عێراق.

42 - مەبەست کوردستانی تورکیایە.

43 - شار و دەریاچەی وانێ.

دەڵێن عێراقی، لەم دیویش بە ئێمە دەڵێن ئێرانی. لە هەرتك دیوان دەرمان دەکەن و دەمان کوژن ولاتیشیان بەش بەش کردووە و لە ماڵێ خۆشدا بەندکراوین و نایەلن بچینە کوێستانانیش بۆ خۆ مەرداریێ بکەین.

ئەدی کورم! چەندم گوتە (حەمەدەمین)ی کورِ: نابی ئەتۆ لەگەڵماندا بێی بۆ جلکان، جلك کردنی بووکمان بە دەستی زاوای لێ ناکەوێ. مامێکیشم هەر ئەوها کوژراوە، دڵم خەبەری دابوو، خەونێکی ئەوەندە ترسناکم دیبوو، نەوێرام بۆ کەسی بگێڕمەوە، دەمزانی شتێکی زۆر ناخۆش چاوەڕوانمانە، ئەویش قوماری پێ دەهاتن. وەکی چووینە جلکان لە ڕێیێ لە (هەریرێ) لاماندا، دوو نەفەر دابەزین، لە (سیساوە)[44]ی تێپەڕین لەسەر ئاوێ (سەرتا)[45]ی (کەچۆ)مان دیت (کەچۆ: ئەحمەدە شێتێ خۆشناوەتی، کەچۆی گەرەوەیی، هەموو کەس دەیناسی وەلییە) ڕاوەستابوو کۆنە فانۆسێکی بەدەستەوە بوو. شوفێرەکە دەیناسی، رایگرت و سواری کرد و دواندی، لە ڕێیێ گوتی ((ئەم فانۆسەم لە ماڵێ (کاکی هیرانێ)[46] هێناوە، پێیان گوتم ((شووشەی تێنەخەی نەوتیشی تێنەکەی، ئەزیش ئاوی (ئەشکەفتاوێم)[47] لە (سەرتای) تێ کردیە دەچمە (شەقلاوێ) ماڵی ((میرانی عوسمان بەگ)) چارەی شوشەیەکم بۆ نەکات، لێی تێك و پێك دەدەم)). گوتییە حەمەدەمینی کورِ ((ئەوە دەچیە هەولێرێ؟ کورە ئاگات لەخۆبێت، لە دەشتی هەولێرێ نەکەویە بیرێ! بیریان گەلێك قوولن، بەکەس دەرنایێ ها! کاروانچییەتیت کردیە؟)) پێکەنی و گوتی ((ترێ و هەنارت لە (بەڕانەتی) و (سەنی)ە و (مرکی)یەی و شەمامکێ[48] لە (کەندێناوە) و (قەراج)ێ یەك و چەند بەگەنم دەدا؟! دەوارنە ترێیان... دەوارنە هەناران...)) قاقا پێکەنی:ـ ((دەشتەکی ناوپستێر شۆڕ لێت خڕدەبنەوە و

44- شارە دێیەکی دەشتی هەریرە. باخ و بەراوی زۆری هەیە.

45 – ناوی کانیاوێکی بەناو بانگە، لە کلکەی چیای شەکرۆکی و لە نزیك سیساوەیە.

46 – شێخی هیرانێ، شێخ سافی شاعیر.

47 – ئەشکەوتێك و ئاوێکە لە چیای زەردکان بەرامبەر گوندی گەرەوان، دوو پەیکەری لەبەرد تاشراوی تێدایە، یەکێکی پیاوە هەردوو ئەژنۆی بڕاوەتەوە ئاوی لێ دەتکێ ئەویتریشیان ئافرەتە لە قورتکەی ملی ئاو هەڵدەقولێت خەڵکی ناوچەکە بەپیرۆزی دەزانن دەڵێن بەناڕەوا کوژراون، ئاوەکەشی خوێنە بووەتە ئاو، کە ئاوێکی زۆر ساردو زولاڵە.

48 – ناوی چەند ناوچەیەکی دەشتی هەولێرن.



دەڵێن: مام خۆشناو برمانت[49] پێیە؟ وای هیزە جەفتت[50] پێ بوایە، ئەرێن وای سرکەت پێ بوایە)) گوتیە (مینە)ی ((کورِە ئاگات لە خۆت بێ سەگبابانە کانی و رووباریان نینە، هەر بیرە، بیرەکەش گەلێك قووڵ و بێ بنە، بکەویە بیرێ بەکەس دەرنایێ ها)).

ئەوە کەوتە بیرێ بێ بن، بەکەسیش دەرنایێ. لەم تازییەی (کەچۆ)م دیتەوە، شێوابۆوە، هەردوو چاوی بووبوونە گۆمی خوێنی، وەکی زوڵم و زۆرداریییەکی گەورە ببینی تێك دەچێتەوە، زۆری لەبەر پاڕامەوە گوتم چۆن چارەیەکم دەکەی؟ قسەی نەکرد، بەلام چاوم لێ بوو، چووە ناو گۆڕستانێ، لە پەنا کێلەکی گەورە، دەستی لەکن دەمی راگرتبوو، هەلاوهەلاوی دەکرد، تەلەفۆن بوو، بەعارەبی جونیشی پێدان گوتی:

((بیهێننەوە دەنا ئاسمانتان بەسەردا دەڕووخێنم ،کەلب ئیبنول کەلب)) گوتییە من ((دێتەوە))، بەلام مردم و سووتام بەمنی نەگوت، بەمردووەتی دەیهێننەوە وەکی (مەجیدی دەربەندی)[51] ، یان بەزیندوویی دێتەوە.

پێشتر نیوەی شەوی لەگەڵ رادیۆ و دەنگوباسەکان دەبردەسەر، ئەمشەو پەژارە و مەینەتی پیرەژن وایان کەوڵەڕن کردبوو، لە هۆش خۆی چووبوو، کە بەئاگا هاتەوە رادیۆکەی کردەوە، دوا دەنگ و باسی ئیستگەی بی. بی. سی. مابوو:

- لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە:لیژنەی پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ، یەکییەتیی شوورەوی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، تاوانبار کردووە، چونکە رژێمەکە نایەلێ هاونیشتیمانییەکانیان بە ئارەزووی خۆیان شوێنی نیشتەجێ بوونیان بگۆڕن، هەر هەمان رژێم زانا و پرۆفیسۆرێکی نەیاری بە بیانووی مێشك تێك چوون لە شێتخانە بەند کردووە..
- دەوڵەتە زلهێزەکان کۆنگرەیەکی دیکە دەبەستن بۆ داماڵینی چەکی ناوکی.
- لە بریتۆریادا دوو پۆلیسی سپی پێست بەسەختی بریندار کراون، شەست و هەشت رەش پێستیش کوژراون..

49 – دەنکە هەناری وشککراوە.

50 – کلاوی بەڕوو، بەری دار بەڕووە بۆ خۆشکردنی (دەبغکردنی) پێستە بە کار دەهات تا بێتە کووندە و دێمکە و مەشکە و دۆدان.

51 – سەربازێك بوو لە سەرەتای حەفتاکان لە بەغدا لە سێدارە درا، پاش ماوەیەك کە تەرمەکەی ئاوسابوو بۆ تۆقاندنی خەڵکی ناوچەکە هێنایانەوە، لە گۆڕستانی دەربەندی رایات نێژرا.

• نرخی نەوت بۆشکەی سێ دۆلار دابەزیوە.

• جوولەکە لە خاکی عەرەبی داگیرکراو ناکشێتەوە و لە (بەیروت) و لە (تەل زەعتەر) کوشتنی نێوان رێکخراوە فەلەستینییەکان درێژەی هەیە.

• ئەمریکا فڕۆکەیەکی کوشندە و تیژڕەوی سەربازیی نوێ دروست دەکات. هەر لەوێشەوە کۆنگرێسی وڵاتەکەیان بڕیاری تەرخان کردنی چەندین بلیار دۆلاری بۆ هەڵدانی مانگی دەستکرد، بۆ دامەزراندنی بنکەی رۆکێت و چەکی ناوکی لە بۆشایی ئاسماندا پەسند کرد .

• لە هیندستان هیندۆس و موسڵمانەکان تێکبەربووینە هەر لەوێ بڵاوبوونەوەی گرانی و برسییەتییەکی ترسناك و نەخۆشیی رشانەوە لە پەرەسەندن دایە[٥٢].

• سەرۆکی عێراق سەد و شەست ملیۆن دیناری عێراقی کە دەکاتە (٤٨٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە سۆماڵ و سودان و مۆریتانیـا بەخشیوە بۆ دروست کـــردنی چەندین مزگەوت و پەرستگا و قوتابخانەی ئایینی. پێنج ملیۆن دانە قورئانی پیرۆزیش بۆ موسڵمانانی وڵاتە هەژارەکان بە دیاری دەنێرێت.

دوا راپۆرتی ئەم شەویشمان دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە لە باکووری عێراقدا:
(لە دوای پارچە مۆسیقایەکی دەنس و هەڵپەڕین):ـ

• سێ ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، عێراق تاوانبار دەکەن کە چەکی کۆکوژی قەدەغەکراوی بۆ لە نێو بردنی کوردەکان بەکارهێناوە و بەڵگەی چەسپێنەریشیان بەدەستەوەیە کە گازی خەردەل بەکارهاتووە و ژن و منداڵی زۆریشی کوشتووە و ژینگەی دەڤەرەکەشی پیسکردووە، داواش دەکەن لیژنەیەکی پزیشکی نێو دەوڵەتی بچێت و لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە.

• (خ. پ. دیکۆلار.) رازگری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکەوە رایگەیاند کە نایانەوێت گیروگرفتی کوردەکان ببێتە گیروگرفتێکی نێودەوڵەتی و بکەوێتە نێو باس و لێکۆڵینەوە، چونکە چارەسەری جەنگی نێوان عێراق و ئێران ئاڵۆزتردەکا و پەشێوی زۆرتریش لە ناوچەکەدا دەنێتەوە...

• لە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی موسڵماندا رایانگەیاند، نایانەوێت باسی بەکارهێنانی چەکە بە کۆمەڵکوژەکانی عێراق بکرێت ...!

52 - ((ئەم رووداوە جیهانییانەی سەرەوە، نووسەر ٢٢ساڵ لەمەوبەر، وەك بیستەر و پێشبینی کارێکی هەستیار و ئاگادار هەڵیبژاردوون، بەڵام وەك نووچەی ئێوارەی ئەمڕۆی کەناڵە ئاسمانییەکان و پێگەکانی دەنگوباس هەر بە گەرمی ماوەتەوە. ئەمەیش شارەزایی و دووربینییەکی لەرادەبەدەر دەنوێنن.)) د. ئازاد عوبێد



• لە کۆنگرەی وڵاتە سۆشیالیست ویستەکاندا دروشمی نەهێشتنی ستەمکاری و چەوساندنەوە و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و یەکچین و چەسپاندنی ئاشتی لە سەرتاسەری جیهاندا بەرزکراوەتەوە و بزووتنەوەی کوردەکان لە باکووری عێراقدا بە بزاڤێکی رەگەزپەرستی و بەرژوازی و سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی داندرا.

• (...) سەرۆك کۆماری عێراق: خۆمان دەزانین بۆ وڵاتە ئیمپریالیزمەکان پڕوپاگەندەی گلاو، بڵاودەکەنەوە، هەر خۆشمان دەزانین چۆنیان وەڵام دەدەینەوە.

• عەدنان خیراللە تولفاح وەزیری بەرگری عێراق دەڵێت: ((کوردەکان هاووڵاتی خۆمانن و دڵسۆزی نیشتمانن، بەڵام چەند بەدکارێك کە کرێگرتەی زایۆنیزم و هاوپەیمانەکانیانن بە ناوی کوردانەوە دەیانەوێت گێرەشێوێنی بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، بەم زوانە ئەم گومڕا و ئەلقە لەگوێیانە لە ناو دەبەین و سوپاکەشمان زۆر لەوە بە هێزترە کە پێویستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بێت.))

• (عصام عبدالرحمن الشلبی) وەزیری نەوتی عێراق گوتی:ـ

((وڵاتە پێشکەوتووەکان کە چەکی پڕوپاگەندە لە دژی عێراق بەکاردێنن، پێویستە بزانن کە ئێمەش چەکی نەوتمان هەیە، نەوتیش هەم چەکە و هەم وزەی پیشەسازی و ژیانە، هەم نان و دەرمانە ...

• (...) سەرۆکی کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکان: ((... رێککەوتننامەی جنێڤ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و گازی کیمیایی لەنێو دەوڵەتەکاندا قەدەغە دەکات، بە پێی یاسا ئەم قەدەغەکردنە جەنگی ناوخۆ ناگرێتەوە، رازیش نین وڵاتانی بیانی بەم بیانووە دەست لە کاروباری وڵاتێکی عەرەبی وەك عێراقەوە وەربدەن ...)).

• (ت.) سەرۆك وەزیرانی تورکیا: ((دوای ئەوەی پزیشکەکانمان چەندین بریندراری عێراقییان فەحس کرد، نموونەی خۆڵی ناوچەکەش پشکێندرا، بۆمان دەرکەوت کە گازی خەردەل یا هەر جۆرە گازێکی کیمیایی کۆکوژ لە ناوچەکەدا بەکارنەهاتووە، بەڵکو داواکان درۆ و هەڵبەستەن! پێویستیش ناکات و رێگەش نادەین پزیشکانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەبەستە بە ناو خاکی ئێمەدا بۆ باکووری عێراق بڕۆن )).

• لە نەخۆشخانەیەکی (ڤیەنا) رایانگەیاند کە: چوار گەنجی کوردی عێراقی بە گازی کیمیایی بریندار کراو ئەمڕۆ گیانیان سپارد .

• شایانی گوتنە دوێنێ ئەندامێکی نەیار لە پەرلەمانی تورکیاوە بۆ رۆژنامەی میللیەت قسەی کردووە: ((لە ئەنجامی بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە باکووری عێراقدا لە نزیك سنوورەکانی تورکـــــیاوە، گـــازەکە لەگەڵ (با) پەڕیوەتەوە نێو خاکی تورکیا و مەترسی زۆریشی لێدەکرێت !)).

• دەنگورەنگی ئێران لە دەنگوباسی ئێوارەی ئیمڕۆیدا بە دەنگ و وێنە بڵاوی کردەوە کە سەربازانی عێراقی لە بەرەکانی جەنگدا چەکی کیمیایی دژ بە هێزی ئێران بەکاردێنن و بە گازی خەردەلیش هەزاران ژن و منداڵی کوردیان لە شارۆچکەی هەلەبجە لە باکووری عێراق کوشتووە، دیدەنیشی لەگەڵ چەندین ژن و منداڵی بریندار کرد.

• دیڤید برادشۆ: دەیان ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا قەڵاچۆدەکرێن، چونکە خەون بە ئۆتۆنۆمییەوە دەبینن، بەڵام پاشەڕۆژیان هەروەها بە رەشی نامێنێتەوە.

• بەڕێز تەها یاسین رەمەزان، جێگری سەرۆکی عێراق لە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی بێ لایەندا لە بوخارست رایگەیاند: تاوانی سپیپێستە رەگەزپەرستەکان لە دژی رەشپێستەکانی نامیبیا عێراقی نیگەران کردووە.

خەریك بوو مێشکی بتەقێت، رادیۆکەی کوژاندەوە، ساردە بزەیەکی لاوازی هاتێ، لە دڵیی خۆیدا، (پاراستنی مافی مرۆڤـ... داماڵینی چەك... بەکارهێنانی چەکی کیمیایی...، دەبێت لە کۆنگرەی گەلە گورگاندا چۆن باسی پاراستنی مافی رانەمەڕ بکرێت؟ دەبێت میللەتە چەوساوە و هەژارەکان، ژێردەست و بەش بەشکراوەکان، کەی چەکی پارچە پارچە کردن و پلیشانەوە داماڵن؟

زەردەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوە وشکەکانی هەڵنیشت.

ئەقڵی ئەو کەسانەی کە بەبێ پشتێن توندکردن و پشت بەخۆ بەستن، بەبێ خەبات و خۆبەخت کردن، چاویان لە دەستی خەڵکێکە لە هەندەرانەوە بێن، مەرامەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن. لێکدانەوەی ئەم پیرەژنەی کە بۆ گەڕانەوەی کوڕە بێ تاوانەکەی بە هەلاو هەلاوی شێتێك دڵی خۆش دەبێت، بیروهۆشی ئەم کچە بچکۆلەیەی کە بۆ وشك کردنەوەی فرمێسکەکانی من هانای دەبردە بەر داپیری تا تۆڵەم بۆ بکاتەوە، بەڵێ ئەقڵی هەرسێکیانی وەك و یەك هاتنە بەرچاوی، راکشا و بەڕە نەخشینەکەی راکێشایە سەر چاوی، چاوەکانی چووقاندن.

تێڕی[53] خەمی پیرەژنێ هێشتا بە نیوە نەبوو بوو، بە ناچاری ئەویش هەستا و بەجێی هێشت. بەیانی کە پیرەژن لە خەو هەڵستا و زۆپا دارەکەی داگیرساندەوە و ئاوی دەست نوێژی گەرم کرد، ئەو هێشتا خەو نەچووبووە چاویەوە.

پێش چێشت خواردن، ئافرەتەکەی ئێوارە دیتبووی بە مەنجەڵەماستێکەوە ژوور کەوتەوە: مامۆژن چێڵەکانم دۆشیبوون، شیرەکەم لە ماڵی خۆمان هەوێن کردبوو، بۆ بەرچایی هێناومەتەوە.

---

53 - تێڕکە.



لەگەڵ میوانەکە تێکڕامان. باڵا بەرزێکی چاوکاڵی برژانگ سیس و بەگروازبوو، کراسێك و کەوایەکی خورمایی سادەی لەبەربوو چارۆگ و دەسماڵێکی مۆری تاریکیشی پۆشیبوو، بسکە لووس و لوولەکانی تا سەر پشتێندە مۆرە گوڵ وردەکەی هاتبوونە خوارەوە، تەمی خەفەت و مەینەت لە رووخساریدا نیشتبوو و باهوڕەی رۆژگار و خەم و ئازار پەڕەی گوڵی کوڵمە سپی و ئاڵەکەی ژاکاندبوو، خاڵێکی سەوز، هەندەی نیوە دنکە کەسکوانێك لەسەر چاڵایی گەردەنی سەرنجی پیاوەکەی هەڵدەمژی[54]. ماستەکەی دانا و سەرپۆشێکی خستە سەری و چووە دەرەوە.))[55]

٢- **شێوازی بیرهات (الخاطرة):** بیرهات بابەتێکە لە کاتێکی دیاریکراودا بە هۆی بینین یا بیرکردنەوە لە ئەنجامی وروژاندندا، لەگەڵ موچڕکە شیرین و تاڵەکانەدا، لە کاتی نائاگایی و شۆڕبوونەوە بە ناو ناخدا دێتە کایەوە. هەندێك بیرهاتنووس گەلێك بایەخ بە داڕشتن و رووخسار، لەسەر پشکی ناوەرۆك دەدەن، وا چاکە رووخسار و ناوەرۆك هاوپشکی یەکسان و راگر و تەواوکەری یەکدی بن، وەك پەیوەندی نێوان گۆشت و ئێسکی مرۆڤێکی زیندوو لە یەکدی جیا نەکرێتەوە. نموونەی شێوازی بیرهات: (بەهەشت و یادگار، گەشتی هەورامان)ەکەی گۆرانی نەمر، کە لە هەمان کاتدا گەشتنامەیەکی خنجیلانەیشە.

**نموونەی دەق:**

((سەرکۆتی سووکی بوو: کە منداڵ بووم، باوباوی فەرمانی باوك سالاری بوو، سەرکۆتی و لوولاق رووتی بۆ پیاوی پیاو، سووکی و شەرمە و ناشیاوی بوو.

ئێستا دەبینم سەر و شان و سنگ و پووز و نەرمەی ران رووتکردن، دامەن هەڵماڵین و وانەك خواسکرنی نێرینە و مێیینان، هێمای پێشکەوتن و داوای مافپەروەرانی سەردەمی دایك سالاری و نەوە لاسارییە. ئەوەیش لەگەڵ ژینگەی نوێ و سەردەمی خێراڕۆیی رایەنەیەت، ئەوا شێتی و کۆنەپەرستی و مێشك وشکی بۆ دەمێنێتەوە. بەپەلە خۆی بگەیەنێتە شێخی گۆڕستان باشترە، لەوەی کە لەگەڵ نەوەی نۆێ بە ناسازی و نەبانی و ناتەبایی بە کوڵەمەرگی بژیەت! ئەگینا سەرکۆتان سەد کڵاوگۆریە و تەپڵەکی لبادی دەنێنە سەر.))[56].

---

54 - کچە لادێییەکان، ئەم خاڵە کوتراوانە، وەك دانەی داو نانەوە، بۆ گرتنی کوڕە تیلاك خوارەکان بەکاردەهێنا.

55 - ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین. رۆمانی شەخەڵی داربەڕوو- بەشی چوارەم، هەولێر. (٢٠٠٤).

56 - ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین. مرۆڤاو، دەزگای رۆشنبیری . هەولێر. (٢٠١٠).

**٣- شێوازی نامە و نامەكاری:** شێوازێكی خۆشی بەخشە، بە تایبەتی ئەگەر بیرەوەرنووس بە قووڵی بەناخی خۆیدا رۆبچێت، هەڵچوون و بارە دەروونییەكانی دامان و رامان، شین و شایی، هەڵزنان و شۆڕبوونەوە... بۆ سەركێشكردنی هەستی خوێنەر لە نامەكانیدا بخاتەگەڕ. لەم شێوازەدا بابەتی تایبەتی و نهێنی كەسایەتیشی تێدا تۆماردەكرێت. نامەكانی جەواهێر لال نەهرۆی بۆ ئەندێرای كچی، دووچامە ناودەرەكانی نالی و سالم، نامەكانی نێوان مەسعوود محەمەد و حەكیم كاكە وەیس پتر دەكەونە ژێر ئەم شێوازەوە. نموونە: نووسەر باسی رووداوێك لە نامەیەكیدا بۆ برادەرێكی دەنووسێت و دەڵێت:

((كاتژمێر نۆی ئێوارەی رۆژی هەینی رێكەوتی ٢١|٣|٢٠١٠ پاشباران بوو، لەگەڵ كاك (هـ. ب) بەیەكەوە، بە سواری ئەسپ، لە بەستە قووڵ و قوڕاوییەكەی دامێن گوندی پوونگینەی سەر بە ناوچەی كەسنەزان، بەرەو گوندی باخچە دەپەڕینەوە، پیرە ژنێكی رەقەڵەم بینی: بەتەنیا شینی دەكرد و قژی خۆی دەرنییەوە، خۆم بۆ نەگیرا.دابەزیم، ویستم هێوری بكەمەوە...))

٤- **شێوازی رۆژانەنووس:** رووداو و بیندراوەكانی رۆژانە، رۆژ بە رۆژ لە تۆمارگەیەك تۆمار دەكرێت، وێڕای تۆماركردنی زانیارییە تایبەتی و گشتییەكان، ئاستی رۆشنبیری و پلەی بەرپرسایەتی و باری كۆمەڵایەتی و جۆری كەسایەتی نووسەری تێدا دەخوێندرێتەوە.

(( وردترین و راستترین بیرەوەری كەسایەتی ئەوەیە، كە خاوەنەكەی لە كاتی رووداودا تۆماری بكات، نەك لە دوای كات بەسەرچوون، بەڵام وادەبێت لە نووسینەوەی راستەوخۆدا چەندین بۆچوونی بەرتەسك و لێكدانەوەی كورتبینانە دێنەكایەوە، ئەوانیش بە تێپەڕبوونی كات روونتر و ئاشكراتر دەبن، گەلێك دید و هۆكار راستر و گشتگیرتر دەكەونە بەرچاو، بۆیە لە دوای ماوەیەكدا لەكاتی پێداهاتنەوە پوختتر دەبێت))[٥٧].

رۆژانەنووس هەمیشە لە تۆمارگەی رۆژانەیدا كات و شوێن و كەسایەتییەكان بە وردی دەردەخات، ئەگەر نەگوتنی بە مەبەستی پاراستنی نهێنی پێویست بوو، ئەوا بە هێمای یەك دوو پیت ئاماژەی بۆ دەكرێت.

وادەبێت كەسێكی نزیك، بە ئاگاداری بۆ هاریكاری، لەم شێوازەدا لەبری كەسێكی دیكە كارەكە ئەنجام بدات. نموونە: ئیبنول شەداد رۆژانەكانی ژیانی سەلاحەدینی ئەیوبیی نووسیوەتەوە.

57 - مجموعة من الباحثين، المذكرات الشخصية مصدرا لكتابة التأريخ، ص ١٩٣ بغداد/٢٠٠١.



نموونەی نووسینی بیرەوەری بە شێوەی رۆژانەیی مێژوویی:

**((سێشەممە- ١٨ی ئاداری ٢٠٠٣))**

لە بەرەبەیانی ئەمڕۆژەدا، بۆش[٥٨]، بە گەفەوە داوای لە سەددام كرد كە دەبێت لە ماوەی ٤٨ كاتژمێردا عێراق جێبێڵێت. بارودۆخەكە ترسناكە، بەڵام هێشتایش ئومێد نەبڕاوە.

**چوارشەممە- ١٩ی ئادار:**

بەغدا نیمچە چۆڵە. وادەردەكەوێت كە ئەم رۆژە دوایین رۆژی بەر لە جەنگە...

**پێنجشەممە- ٢٠ی ئادار: رۆژی یەكەم:**

هەمووومان لە كاتژمێر پێنج و نیوی سپێدە، بە دەنگی زەنگی ئاگاداركردنەوە لە خەو رابووین، كە تەقینەوەی راگەیاندنی هێرشی ئاسمانی بەدوا داهات، دواتر دەنگی تۆپە دژە فڕۆكەكان بیسترا، دوای چەند كاتژمێرێك، (بۆش)مان لەسەر تەلەفزیۆن بینی، دەستپێكی كردە سەربازییەكانی راگەیاند. سەددامیش گوتەیەكی دا كە چەندین دێرە هۆنراوەی تێدا بوو.

**دووشەممە- ٣١ی ئادار، رۆژی دووازدەمین:**

(بۆش)مان لە تەلەفزیۆندا بینی، لە فلادلفیاوە قسەی بۆ پاسەوانانی سنوور دەكرد. كامل شەبیبی ئەو عەسرەی لەگەڵماندا بەسەربرد. گوتی: تاریق عەزیز مانای بریكاری سەرۆك وەزیران ناگەیەنێت، بەڵكو ئەندازیارێكی خانەنشینكراوی نەوتە، هەر بە هەمان ناو لە خانوێكی تەك ماڵەكەی خۆیاندا دادەنیشێت. رۆكێتێكی عێراقی دژەئاسمان، كەوتۆتە سەر بانەكەی، كونێكی گەورەی تێكردووە، لەم رۆژە سەختەدا نازانێت چۆن چۆنی چارەی بكات...

58 - سەرۆكی ئەو كاتەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

**چوارشەممە ٢ی نیسان، رۆژی چواردەمین:**

بۆردوومانکردن درێژەی هەبوو، دیمەنی جەرگبڕی کوژراوان، لە حیلە دیترا. کوشتن و لەیەکدان لە دیوانییە و کەربەلا و کوت دابوو. هێزی ئەمریکییەکان ١٩ کم لە باشووری بەغداوە دوورن، رووە و بەغدا دێن...))[٥٩]

**٥- هەن بەسەرهاتی ژیانیان بە هۆنراوە دەهۆننەوە، نموونە:**

ژیاننامەی پێغەمبەر (د.) (مەولوود نامە.)

ژیاننامەکەی گۆرانیبێژی میلی کورد حەسەن زیرەك. زەمبیل فرۆش...

**٦ - شێوازی ئاوێتە کردنی دوو شیواز یان پتر لە نووسینێکدا:** ئەمەیان بۆ زۆرینە لەبار و باوترە.

نووسەری خوێنەر! مەمکە لۆمە! ریشم سپییە و پشتم کۆمە، بەکارهێنانی رەنگی هەر پێنج وەرزەی سالّ: ((سپیی بەفرینی کوێستان، سەوزی خەملّیوی بەهار، زەردی زێڕینی خەڵە و خەرمانی هاوین، شینی ئاسمانیی کورتترین رۆژی پاییز، سووری خوێنینی وەرزی پێنجەمی نەبڕاوەی کورد، یەکە یەکە بە جیا و بە تێکەڵاویش لە نووسینی تابلۆکانم، کاری تایبەت بەخۆمە. نموونەی تێکەڵاوکردنی پتر لە شێوازێك:

((**راز نووسین**[٦٠]: کە بڵاوکراوەیەکی نوێ دەبینم، هەستم دەبێتە منداڵێکی بنارگر[٦١] چاوی بە بووکەڵەیەك دەکەوێت و رك دەگرێت، هەڵدەپەڕێت و خۆی دەپچڕێتەوە و، تا وەدەستی نەهێنێ ناوەستێت.

هەر گوڵێکی تازە پشکوتوو ببینێت، دەیەوێت شۆخی و دلّکێشی و بۆنخۆشی هەڵبسەنگێنێت، دەیەوێت بزانێت ئاخۆ گوڵە مێخەکێکی پڕ گوڵاوی هەنارییە!؟ گوڵهەنارێکی دوورکوژی نزیك خەسارە!؟

بەدەست خۆم نییە، ئەمە خووە و گرتوومە. جارجارە دەمەوێت دەست لە نووسین وەربدەم، هەستی دەروونم تۆماربکەم، بەمەرجێك لەگەڵ رەوە و نەوەی بڵاوکراوەی ئێستا بگونجێت. زۆر

59 - محمود، احمد عثمان . مصابیح و ظلمات ص ١١٨ و ١١٩ و ١٢٤ و ١٢٥. اربیل ٢٠١٠.

60 - بۆ قوباد بەهرەوەر نووسراوە، کە لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شەهید جەمیل رەنجبەر بەیەکەوە لە دەربەندی رایات و لە چۆمان بووین، ئەوکاتە بەهرەوەر شیعری ناسك و جوانی دەنووسی، بەڵام کە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٩ نامیلکەیەکی چاپکراویم کەوتە بەرچاو، بینیم بۆ ئەوەی شیعرەکانی بڵاوبکرێنەوە، هێندە کلك و گوێی کردبوون، کەلکی چوونە ناو گەلەیان نەمابوو.

61 - رکۆنی، رقگر، غەزرۆك، وڕکگر، غەزرۆك.



لەخۆ دەکەم، خۆم دەسخەرۆ دەدەم، گەر گەرەکم بێ زەڕنەقووتەکەی ببێتە کۆترێکی سپی ماڵی، یا گاپەلێکی کێوی، ئەوا چاو هەڵناهێنێت، لە ناودەستمدا مرداردەبێتەوە.

کە بمەوێت نەمرێت و باڵبگرێت و ببێتە فڕندەیەکی ئێسك سووك، ئەوا دەبێتە هەڵۆیەکی تیژفڕی، قیژە تیژی دەنووك و چڕنووك پۆڵایین، هەر حەفت ئاسمانان تەی دەکات و دەقریوێنێت، شاباڵی بەسەر سەری دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی دادێنێت. لە بەرزایی ئاسمانەوە، بە چاوە تیژەکانی، گشت کونج و بن پنجی ئەم گەردوونە بەوردی دەپشکنێت، لەگەڵ رەوی واشە لاشەخۆرەکان دەیکاتە جەنگی مان ونەمان، تاریان دەکات، ئەگەر دەیگرمەوە، ئەوا قەفەزەی دڵ و دەروونم دەشکێنێت، بەرەڵادەبێت و دەمفەوتێنێت.!

نازانم بیر و هەستی من نامۆیە و لەگەڵ خـــــودی خۆم و دەوروبەردا ناسازێ! یا ئەمە راستی و دروستی بارودۆخی نووسین و رەنگدانەوەی ئەمڕۆی ژیانی ئێمەیە؟

کە هزر و هەست، زمان و دەربڕین، کردار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لە یەکدی هاوێربکرێن و لە یەکتر دابڕێن، لە ئەنجامدا پێکەوە نەبان و ناتەبا دەبن.

من وای بۆ دەچم کە جیابوونەوەی گوفتار و کردار، لەگەڵ بیر و بۆچووندا، لە سەرچاوەی هەستەوە هەڵدەستێت، چونکە هەست، هەست بە تاڵ و شیرینی ژینگەی ئادەمیزاد دەکات، نزیك و دوور، هەوراز و لێژ، کات و شوێن دەبینێت.

خۆنەویستە زۆرانبازییەك لە نێوان ویژدان (دیوی ناوەوەی هەست) و ویستە خۆشە ژیانپەرستەکان روودەدات، بێلەنگەرییەك پەیدا دەبێت، یا زمان و کردار دەبنە داردەستی دەستی ویژدان، یا جڵەوی لە دەست بەردەبێت و ئەسپە شێتەی حەزی نەخۆش هەڵیدەگرێت و لە هەڵدێری قافی ژیانی داوێت، دەسەڵاتی باڵاش پابەندە بە پتەویی خودی مرۆڤـ، و کاریگەریی دەوروبەرەکەی.

کە دەمەوێت تابلۆیەك بنووسم. باشووکەی خەیاڵم هەڵدەفڕێنم، بۆئەوەی بیرۆکەیەکی دڵگرم بۆ بگرێت، بەڵکو بیکەمە هەوێنی کورتە چیرۆکێك، کۆپلە شیعرێك. لووت و بزووت سەدان رووداوی رووت بە قینەوە روودەبنە پەلی خەیاڵم، باڵبەستی دەکەن و بۆ سەر زەویی راستەقینە دایدەگرنەوە، هەزاران بووکی رازاوەی شەرمنی دڵ پڕ راز و ئارەزوو، بووکە پەری باڵ سپی لێو بەبزەی چاو بە فرمێسك، بێ شەرم، بێ باك دەستی زاوای هەستم دەگرن, بە نزگرەی خنکاوەوە لێم دەپرسن:

((لە ئێمە شۆخ و خۆشتر، رووپاك و دەروون خاوێنتر، دلسۆز و دڵ بەسۆتر، دڵگیر و دڵ گەرمتر بە کام خەیاڵ و کام راوکەر راودەکرێت؟

لووت بەرزەی نابینا! بۆ نامان بینی؟ ئێمە ئەفسانەی نەبڕاوەینە، بۆ نامان خوێنیتەوە؟)).

کە کەزی چەند بەسەرهاتێکی سەر ئەم خاکە ناخ پڕ بوومەلەرزە و گڕکانە ئاگرین و داخینە بەیەکەوە دەهۆنمەوە، دەبێتە زنجیرێکی ئێجگار گەورە، زنجیرێك کە هەموو زیندەوەرانی سەر ئەم هەسارە، هەوسار و سندم بکات.! بەڵام تەنیا، هەر بە تەنیا لە خۆم دەئاڵێتەوە. دەبێتە ئەژدیهایەکی ترسناك، لە سەر کلکیا رادەوەستێت، دەم دەکاتەوە، دەکیفێنی، دەڵێم ئێستا گاز لە گۆی زەمین و ویژدانی مرۆڤایەتی دەگرێت، کەچی تەنیا، بەڵێ تەنیا و تەنیا، بێ ئەوەی کەس هەستم پێبکات، هەست و هۆشی من دەگەزێتەوە. ناچار، بە ناچاری و کوڵەمەرگی هەڵیان دەوەشێنمەوە. دووبارە، سێ بارە، دە بارە.

چیبکەم، خەیاڵ لە فڕین ناکەوێت، ئەندێشەم پڕ ئێشە و دەگەڕێت، چاو دەگێڕێت. گەرەکییەتی گوێ بۆ شتێك رابگرێت، کە تێنووەتیم بشکێنێت، شەکەتیم بحەسێنێتەوە.

کۆنەپەرستییانە، پەنا دەبەمەوە بەر رابردوو، گوێ بۆ گۆران، هەردی، کامەران، هێمن شل دەکەمەوە، مەقامەکانی خاڵە تایەر، مامڵێ، خالقی، لاوکەکانی کاوێس ئاغا، شڤان دەخوێنمەوە، بۆ دڵسۆزییان بە سۆز دەگریم، کە بەئاگادێمەوە و ئەسرینەکانم دەسڕمەوە، چاوی سەرنجم دەگێڕم، گوێی هەستم بۆ هونەرێکی رەسەنی سەردەم رادەگرم (کەدەڵێم هونەر مەبەستم مانا فراوانەکەیەتی)، لە داخان دووبارە کوڵتر دەکوڵێمەوە.

لەوەتەی لە یەکدی دابڕاوین (لە ئاداری ١٩٧٥- ١٩٩٠)ەوە، لە تۆ دەپرسم! هونەری داهێنانمان، داهێنانی هونەریمان چی بووە؟ دەزانی پازدەساڵ لە تەمەنی میللەتێکی دواکەوتوو، لە چەرخی خێرایی و پێشکەوتندا نرخی چەندە؟ مەگەر ژاپۆن لە ساڵی (١٩٤٤)ی.ز. لە جەنگدا نەدۆڕا؟ نەپلیشایەوە؟ ناکازاکی و هیرۆشیما مۆری دڕندەیی تەوێڵی مێژووی مرۆڤایەتی نین؟ بە پازدە ساڵ لە وڵاتێکی شکستخواردووی گەورەترین جەنگ، لە دوورگەیەکی دووری بێ نەوت و بێ زێڕ و ئەڵماس هەڵنەستایەوە، نەبووەوە ئەم ژاپۆنەی ئێمرۆ کە دەوڵەتە دەوڵەمەند و مەزنەکانی رۆژهەڵات و خۆرئاوا دەستی دەرۆزەی بۆ پاندەکەنەوە؟

بەڵێ بە پازدە ساڵ! بەڵام چۆن و بۆچی؟

چونکە ئەوان لە ناو خودی خۆیانا هەرەسیان نەهێنا، هەستیان نەمرد، حەزی خۆپەرستی رەشکێنی چاوی نەڕشتن، کاتیان کردە کۆڵیان و کۆڵیان نەدا، سووتان لەلایان بووە رووناکی و وزە و جووڵە و سەرمایە و تێگەیشتن و پێگەیشتن.



پرسیارێکی شێتە و وەڵامێکی ژیری دەوێت! لەم حەمکە ساڵەدا تەکان و رابوون و پێشکەوتن و گەشەکردنمان، لە گشت بوارەکانی ژیاندا چەند بووە؟ هونەر و داهێنانی هونەریمان چی بوو؟

کە هاوێنەی هونەر دەبێتە ئاوێنەیەکی تەڵخ، شێوەی کات و شوێن و کاردانەوەی دەروون دەشێوێنێت، هۆنەر و هونەرەکەی پووچەڵ و بابردەڵە و مردۆخ و بێ نرخ و بێ گیان دەبن.

من حەز لە گۆرانی دەکەم، گۆرانی دەنووسم، لەگەڵیاندا دەژیم، حەزم لە دەنگ و ئاوازێکە هەست و هۆش جۆشبدات، گریان و خەندە بەخش بێ، بوێر و چاوتیژ و تۆکمە و رەسەن و بێ خەوش بێ، وەك ئەو هەڵۆ بەرزەفڕەی ئاسمانی وارە بێ نازەکەمان.

من هۆگری لاوك و بالۆرە و حەیرانم، شەیدای چریکەی شالوور و بلوێری شوان و قیژەی هەڵۆ و قاسپەی کەوانم، لەشاخەکانەوە بێنەوە نێو گیانم))[٦٢].

١٩٩٠/٤/١٦ بەغدا

ئەم دەقەی بانەوە پتر بە لای رووخساردا شکاوەتەوە.

من کە چیرۆکیش بۆ منداڵان دەنووسم، بۆ منداڵی زیتەڵ و پیتۆڵ و پیرۆنەی دادەڕێژم، ئەتۆش خاوەنی دیدی خۆتی، دڵت کامە رەنگ دەخوازێت و کامەیان بۆ خوێنەرانت هەڵدەگریت، هەر خۆت سەرپشك و بڕیاردەری.

## هەنگاوەکانی تۆمارکردنی بیرەوەری:

- تۆمارکردنی بەسەرهاتە گرنگەکانی رۆژانە.
- تۆمارکردنی تێبینی و سەرەبابەت و زانیارییە پێویستەکان.
- خوێندنەوەی یادەوەری چەندین کەس.
- هەڵبژاردنی بیرۆکە و مەبەست و شێواز.
- مەشق و خۆ راهێنان.
- تۆمارکردن و لێخەفتن و بەسەرداچوونەوە و راستکردنەوە و پاکنووس کردنەوەی نووسراوەکە.
- لە سەرەتادا بە کەسانێکیان پیشان بدە کە جێگەی متمانە بن و سوود لە تیبینییەکانیان وەربگرە.

62 – ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین. مرۆڤاو. دەزگای رۆشنبیری، هەولێر.(٢٠١٠).

- بەراورد کردنی بەرهەمەکە لەگەڵ تۆمارکراوی کەسانی دیکە.
- کەسانی شارەزا، بابەتە نووسراوەکەت ببینن و رەخنەت لێبگرن و بە گفتوگۆی روون و رووبەڕوو هۆشیارتر دەبیتەوە.
- بۆ خوێندنەوەی خۆت و دەقەکەت بە چاوی خەڵك، چەندین رووپەڕ لە رۆژنامە و گۆڤار و دەزگا راگەیاندنەکانی سەردەم بڵاوبکەوە.






## هەڵسەنگاندنی نموونەی یادەوەری تۆمارکراو:

دوو نموونە یادەوەری نووسراو دەخەینە تای تەرازووی بنەماکانەوە، بەو هیوایەی پتر لە نووسینەکان بخەفتین، رەچاوی ئەمەیش بکەین: کە ئێمە بەم کارەمان مێژووێك تۆماردەکەین، خەڵکێکی دیکەی چاوگەورەی هاوسەردەم هەن ئاگادارن، میکرۆسکۆبی ئەلەکترۆنی و تەلەسکۆب تیشکی لیزەرییان لە چاودایە، بە وردی سەرنجی تەنافرۆیی و راستیی و راستپۆشییەکانمان دەدەن، کەسانێکی تامەزرۆیش هەن بەدوای چنینەوەی رووداوەکاندا وشیکارن[٦٣].

بە خەیاڵی هەستت ریزە خەڵکێك (نووسەرێك، کەسایەتییەك، شێوازێك...) بێنە بەرچاوت! ئەمەی ئەم سەرەیان مرۆڤێکی هەستیاری سادە و ساکاردەربڕە، دەر و ژووری یەکە. سەری پەڵدەیت پەلارێك بە نارەوا ناوێت، ئەوەی ئەو سەریشیان رووخساری لە مرۆڤـ، دەچێ، بەڵام دەعبایەکە: شاخی کەڵە گامێش و گوێی گوێدرێژ و کلکی رێوی و کەڵبەی گورگ و پێستەی یەکشاخە و زمانی بۆق و ژەهری کۆبرا و هێزی فیل و ئازایەتی شێر و دەستوبرد و بوێری بەور و سپڵەیی کتك و گلاوی سەگ و لوای بەرخ و وانەکی کەمتیاری هەیە، ئەگەر ریزەکە بڵاوەیان کرد، داوات لێکرا بە ریزبەندییەکی گونجاو زنجیرەیان بکەیتەوە، چۆنیان رێکدەخەیتەوە و کامەیان دەکەیتە پێشە و کامەشیان قرە؟

ئەگەر وادابنێیت سەرگوزشتەی چەندین کەسی وەك: دەبلیۆ بۆشی سەرۆکی ئەمریکا، پۆتینی سەری رووسیا، راسپۆتین، ((خەڵکی هەموو برای یەکن))ی مەهاتما گاندی،خۆهەڵکێشانەکانی سەددام حوسێن، بێگنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و یاسر عەرەفاتی سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستین و راگرێکی زانکۆی ئەزهەر و پاپایەکی ڤاتیکان و بتهۆڤن و پیکاسۆ و هەمنگوای و مارادۆنا و خافێر پێریس دیکۆیلار رازگری نەتەوە یەکگرتووەکان و نیتچە و جان پۆل سارتەر و ئیمام خومەینی و شێخ ئوسامە و ئەتاتورك و چەنگیزخان و ماندێلا و تێریزا و هندییەکی سوور و هەژارێکی رووتەی چرمساوی دەندە دیارێکی ئەفریقیی و شاجوانێکی تورکیی و گاوانێکی تەکساس و شوانێکی ئوستراڵی و کارەوانێکی کورد و جووتیارێکی چینی و ماسیگرێکی یابانیت لەبەر دەستدابێت، ئەگەر بەپێی دەنگۆی دەوروبەر یا هەر لە خۆتەوە ریزبەندی بۆ خوێندنەوەیان دابنێی... دوای خوێندنەوەیش سەر لە نوێ زنجیرەیان بکەیتەوە، کامەیانت بە دڵە و دەیکەیتە سەرچۆپیکێش! دەکۆشی وەك ئەو بنووسیت؟ بە شێوەیەکی گشتی رەچاوی شێوازی زۆرینەی ئەوان دەکەیت، لە دەربڕینیشدا کەسایەتییەکەی خۆت فەرامۆش ناکەیت؟

63 - وشی چنین، گوڵە گەنمی پەرێز کۆدەکەنەوە.

لە هاوینی (٢٠٠٩)دا بە هەڵکەوت چاوم بە دوو یادەوەرینامە کەوت، چەندین تێبینی لە هزرمدا چەکەرەیان کرد، وردە وردە باڵایان کرد و پەلوپۆیان هاوێشت و رەگیان لە دەروونمدا هاژوا، تا ئەم بابەت و بەرهەمەی لێ کەوتەوە.

## یەکەم: یادەوەرییەکانی عەریف سولێمان[٦٤]:

هەڵبەتە لەخۆبووردەیی و ماندووبوونی ناوبراو بۆ دەرخستنی رووداوەکان شایانی رێزلێنانە، بە کۆکردنەوە و دارشتنەوەی بەرهەمەکەی کەم شەکەت نەبووە، لە توانای خۆی پتر کۆشاوە، شتی چاکیشی کردووە، ئەگەر ئەو شتێکی نەخستایەتە بەر دیدی مەمانان، ئەوا دەرفەتی رەخنە گرتنیش بۆ ئێمە نەدەرەخسا، بەڵام چونکە ئێمە لەم بوارە و لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری نووسین و چەسپاندنی بەڵگەنامە و تۆمارکردنی مێژوودا هەژار و نەدارین، بۆیە هەر هێندەی بۆکراوە، لە هەمان روانگەوە تێبینییەکانی ئێمەیش لێرەدا پتر دەربارەی دەرخستنی کەموکورتییەکانیەتی.



64- لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٧ – گوندی( مەلائۆمەر- عەنکاوە) و، دانیشتووی هەولێرە. عەریفی پۆلیس بووە، لەسەرەتای لاویەتییەوە چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ بڵێسەی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد، لە ١٩٦١دا، وەك جەنگاوەرێکی دلێر و شۆڕشگێر رووی کردۆتە شاخ.



## چەند سەرنجێکی سەرپێی:

((عەبدولکەریم   قاسم دۆستی شەخسی سدیق میران بوو... سدیق میران لە ساڵی (١٩٦١)دا بەهۆی دژایەتی کردنی پارتییەوە... لەکاتی گەڕانەوەی میران، لە بەغداوە بۆ شەقڵاوە، کاوانییەکان، بۆسەیەکیان لە نێوان حوجران و کاوانیان بۆ نایەوە و کوشتیان))[٦٥]

((بکوژانی سدیق میران لە لایەن خودی عەبدولکەریمەوە تاوانبار کرابوون))[٦٦].

((رۆژی ١٩٦١/٩/١١ پیلانی کوشتن و بڕینی کوردیان راگەیاند))[٦٧].

حکومەتی عێراق لە رۆژی ١٩٦١/٩/٢١دا، لە چەند قۆڵێکەوە گەورەترین و فراوانترین هێرشکردنی لەسەرمان جێ بەجێ کرد، کە بە نیازی خۆیان بۆ گەمارۆی ئێمە هاتبوون... لەم شوێنانەدا هێرشیان هێنا:

**١- گوندی (لاسێ) لەبن گەرۆتە...[٦٨].**

میرانی سەدیق بەگ، میری شەقڵاوە و نوێنەری ناوچەی خۆشناوەتی بوو لە پەرلەمانی ئەوسای عێراقدا لە بەغدا، وەك چەند کەسێکی دیکەی ئەوکاتە لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی کورد دژ بە بەغدا، یاری شۆڕش نەبوون، حکوومەتی بەغدایش هانی دەدان و کووکەی دەنایەوە تا دژی کورد بوەستن، بەڵکو ئاگری کورد بە کورد کوشتن هەڵبگیرسێنن. ئەوەبوو لە رێکەوتی ١٩٦١/٢/٦ لەوکاتەی کە میران لە بەغدا دەگەڕایەوە شەقڵاوە، ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان: (مەحموود و حەمید و مام وسوو کاوانیانی و خالد ئاژگەیی و وەسمان حوجرانی و حەسەن ناسر شەقڵاوەیی و سەعید مەسیفی و عەزیز مستەفا ئەسپیندارەیی...) لە تەنگەبەرەکەی  بەرانبەر ئەشکەوتەکەی سەر کۆنە رێگەی حوجران- کاوانیان، بۆسەیان بۆ نایەوە، میر کەوتە نێو بۆسەکە و کوژرا... ئەوانەیش کە بەشداری بۆسە نانەوەکەیان کردبوو. روویان کردە شاخ و لە گوندەکانی دەوروبەری شەقڵاوە و هیران (گەرۆتە، ئاقوبان، ئەسپیندارە، بەرەکە، گەرەوان... هتد) وەك رێکخراوی پارتی و خەڵکی دیکە بە هەمووجۆرێك داڵدەیان دان و هاریکارییان کردن.

65 - عەریف سولێمان، ل ٩١-٩٢.

66 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.

67 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

68 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

له کۆتایی هاوینی ساڵی (١٩٦١)دا، که ماڵمان له گوندی گەرەوانی ژێری-هەریر - شەقلاوە بوو. کاتەکەی بەرەبەری دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن بوو. من له قوتابخانەی سەرەتایی گوندی مورتکەی گەورە- قوشتەپە (چونکە گوندەکەی خۆمان خوێندنگەی نەبوو) له پۆلی سێیەمەوە بۆ چوارەم دەرچووبووم، بە زۆریش ئەوکاتە، ساڵانە دەرگای سەری ساڵی خوێندن لە دەوروبەری نیوەی ئەیلوولدا دەکرایەوە. چەند رۆژێك بەر لە کردنەوەی قوتابخانە، باوکم بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەی کۆماری- هەولێرەوە گەڕایەوە گەرەوان، پێریش بۆ ئەوە هاتبۆوە تا بەروبوومی باخەکەمان بڕنین و لەگەڵ مندا بیهێنێتە گوندی میرزاغا- قوشتەپە، لەوێ وەك بازرگانی ئەوکاتە: ترێ و هەنار بە گەنم، بیفرۆشێت (گۆڕینەوە سەربەسەر، یەك بە دوو) هەر لە ئێوارەی هەمان رۆژدا کە باوکم هاتبۆوە، چەکدار گەلێکی گوندەکانی دەوروبەری گەرەوان بە کاوانییەکانیشەوە، هاتن لەسەر بانی ماڵی کوێخا تەها سمایل غەفوور ژەمی ئێوارەیان خوارد. بۆ بەیانی ئێمە لە ناوباخ بووین کە لە (کۆپی سۆر) و (تیشی گەرەوان)دا بووە تەقە و لێکدان. تومەز هێزی سەربازی عێراق و چەکدارانی خۆشناو (لایەنگرانی عوسمانی بەگ- برای سەدیق میران) بە سەرکردایەتی رەشاغا، چەکدارانی سوورچیش هاتبوون بەسەر گەرەوان دابدەن، جەنگاوەرانی کورد ( ئەودەمە: شەعب، پارتی، کۆمەڵەیان پێ دەگوترا. دواتر ناوەکەیان بووە پێشمەرگە) ئاگادار بوون و لە (قوپی سوور و تیشی گەرەوان) خۆیان دامەزراندبوو. دوای ماوەیەك لێکدان، لە نێوان دووهێزی نابەرامبەردا ( کە زۆرینەی پیاوانی گەرەوەیی بە کوێخا تەهایشەوە لەگەڵیاندابوون، زۆرێکیشیان تاکو ئێستا ماون، لە ناویاندا بەسێ فەقێ مستەفا. ژنبرای کوێخا، ئێستا لە ئۆردووگای هەریر دەژی، بینیم بە پشتی خۆی کووندە ئاوی بۆ پێشمەرگەکان بردە پێشەوەی شەڕگە لە تیشەکە) پێشمەرگە پاشەکشەیان کردو بە تیشەکە رووەو گوندی بەرەکە چوون.

جاش و جەیش گەیشتنە گەرەوان، سەرلەبەری گوندەکەیان سووتاند و تاڵانێکی چاکیانکرد. ئەو میوەیەشیان برد کە ئێمە رنیبوومان. گوندی گەرەوانی ژێری، یەکەم گوندی ناوچەکەبوو، کە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە سووتێندرا. قەدەغەش بوو خەڵکی بێ نان و بێ پێخەف ماو، لە ناو سووتمانی گوندەکە دەربچن. مامم (مەلاخالید ئەبوبەکر) و خاڵم (فەقێ عەلی ئەحمەد) و (سمایلی عەدۆ عەلی)ی زاوامان لە دەشتی هەولێرەوە رووداوەکەیان بیستبوو بە هەڵەداوان بە هاوارمانەوە هاتن، لە شەقڵاوە بە رێنمایی قادری عەمەر بەگی، چووبوونە لای عوسمان بەگ، ئەویش پسوولەیەکی دەرفەتی دەرچوونمان بە بیانووی ئەوەی ئێمە



دەشتەکین و خۆشناونین بۆ هێنایین[69] و خەڵکەکەیش لە پەنای ئێمەوە بەرەو مامەجەلکە رەویان کرد.

کەواتە هێرشە بەربڵاوەکە چەند رۆژێك بەر لە ناوەراستی ئەیلوول بووە نەك لە ١٩٦١/٩/٢١. بۆ سەر گەرەوانیش بووە نەك بۆ سەر گەرۆتە... وەك ئەو نووسیویەتی:

خاڵی دووەم ئەوەیە: خۆی گوتەنی لە ساڵی (١٩٥٩)دا لە بنکەی پۆلیسی سیساوە عەریفی پۆلیس بووە[70]، گەرەوان و سیساوەیش دراوسێن، ناکرێت ئەو هێندە وشیار و چاپووك بێ و گەرەوان و گەرۆتە لە یەکدی جیانەکاتەوە! چونکە گوندی لاسە و گەرەوان تیشێکیان نێوانە. گەرەوان و لاسە و میراوە سێکوچکەیی هەڵکەوتوون، کەچی لاسە و گەرۆتە لەیەك دوورن!

خاڵی سێیەم: خەڵکانێك بەر لە بەرێزیان لە میری یاخیبوون و روویان کردە شاخ، نەك وەك دەفەرمووێت: ((لەگەڵ سێ هەڤاڵی دکەی دەبنە ریزی یەکەم دەستەی شۆڕشگێڕی حیزب لە شاخ...))[71] گومانیش هەیە هەر لەم سۆنگەیەوە رۆژی کوشتنی سەدیق میران و دەرچوونی کاوانییەکانی نەنووسیبێت، ئەگینا؟.. ((بەڵام ئەوانەی کە بەم کردارە هەستابوون[72] گوێیان لە بڕیار و هەڕەشەکانی حکوومەت نەگرت و خۆیان تەسلیم بە سوڵتەی مەرکەزی نەکرد و پەنایان بردە بەر شاخەکان و گوندەکانی دەوروپشت و بەڵێنی بەرگریکردنیان راگەیاند، دژ بە حکوومەتی مەرکەزی راوەستان و کردارەکەیان بە سەرکەوتن و پیرۆزی رێگای کوردایەتی دەناساند... ئەوانەی کردارەکەیان ئەنجامدابوو ئەندامی حیزب بوون[73]، حیزبیش پاڵپشتی دەکردن.))[74].

خەبات و رۆڵی عەریف سولەیمان لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ناوچەکەدا دیارە و نکۆڵی لێ ناکرێت، بەڵام بە خۆی و هەڤاڵانی لە ئەنجامی دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەیان بۆ

69 - خۆم پسوولەکەم بینی نیوە پەڕەیەکی هێلداربوو، بە قەڵەمێکی سەوز تێیدا نووسرابوو: عەزیزم! رەشاغە رێگەی دەرچوونی ماڵی نورەدین ئەبوبەکر بدە! ئەوان دەشتەکین و دەگەڕێنەوە دەشتی هەولێر. واژۆ: عوسمان میران. لە و کاتەوەیش خۆشناو بە دەشتەکیمان دەزانن و دەشتەکیش بە خۆشناو! لە راستیشدا هیچیان نین!.

70 - عەریف سولێمان (٢٠٠٩)، ل ٧٠.

71 - عەریف سولێمان (٢٠٠٩) ، لابەرگی دواوەی.

72 - مەبەستی کوشتنی سەدیق بەگە.

73 - مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

74 - عەریف سولێمان ،ل ٩٢ و ٩٣.

خوارووی عێراق، که دەبوو له ڕێکەوتی ١٩٦١/٨/٦دا عەریف سولێمان و سێ هاوڕێی: عەبدولڕەحمان مەلا قادر و ئەنوەر جۆخین و تاهیر حاجی، بڕۆنه سەرکارەکانیان له باشووری عێراقدا. له هەمان ڕۆژدا هەر چواریان له لایەن ڕێکخستنەکانی پارتی ئاگادارکراونەتەوه که هەولێر جێبێڵن و رووبکەنه شاخ (گوندی گەرۆتە_ هیران). پارتیش ئەوانی گەیاندۆته شوێنی مەبەست. دواتر له شەوی ١٨- ١٩ی هەمان مانگدا، عەریف عوسمان، کەریم حەسەن بەگ شوفێر، محەممەد سالح عەبدولا و هادی شێره و هەمزه جبراییل و قادر حەمەد که پۆلیس بوون، به هاوکاری ڕێکخستنەکانی پارتی له هەولێر، چەکەکانی جبەخانەی سەرای پۆلیسی هەولێر، که (٥٥) پارچەچەك و چەند سندوقه فیشەکێك... برد و گەیشتنه لای پۆلیسی هاوکار و هەڤاڵانیان)[٧٥].

((بۆ دەوروبەری عەسرێکی درەنگ[٧٦]، چەکدارەکانی پێشتر که لەسەر کوشتنی سدیق میران هاتبوونه شاخ[٧٧]، ئەوانیش گەیشتنەلامان. ئەوان له خۆشی ئەوەی هەواڵیان بۆ پەیدا بووبوون شادی و خۆشحاڵی زۆریان دەربڕی، ئێمەش لەبەر ئەوەی دەمانەوێت کۆبوونەوەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان گەشه پێ بدەین... ژمارەی ئەم برادەرانه دەچوونه سی کەسێك...[٧٨]))[٧٩].

(( بەخوا ئێمەش له سەفین له (٢٤٠٠) کەس تەنها (٢٠٠) ماینەتەوه))[٨٠] کەچی له لاپەڕە (١٧٩)دا ئەم دووسەده بووته شەش سەد کەس!؟

که دوو زانیاری یا هەواڵ دژیەك بن، دەبێت به خوێنەر بڵێین: هەڵەنییه و ئاگادارین، ئەگینا به ناڕاستی دادەنێت.

ئەمانه و وێڕای هەڵەی چاپی و کەموکورتی زمانەوانیی زۆر، خێرا ڕۆیی و پەلەکردن له داڕشتنیدا و کەم ئاگایی له بوارەکانی هوونەری ئەدەبی یادەوەرییەکان، چەندین وشەی، به

75 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧ - ١٢١.

76 - مەبەستی ١٩/ ٨/ ١٩٦١.

77 - تۆ چوویته شاخ ئینجا ئەوان هاتنه شاخ؟ یا به پێچەوانەیه؟

78 - مەبەستی مەحموود کاوانی و هەڤاڵەکانییەتی.

79 - عەریف سولێمان، ل ١٢٢.

80 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.



مانای هەڵه (نەك وەك هەڵەی چاپ)، له نووسینەکەیدا دەبینرێت، نموونه: ((اوقاف)ی لەبری ((ئاوقات))ی تورکی به واتای پارێزەر، بەکاربردووه. ناوی گوندی ((ئەسپیندارە))ی کردۆته ((سپیدار))...

بۆیه بابەتەکه گەلێك بەپێز ناکەوێته بەرچاو، تێبینی دیکەمان دەربارەی گێڕانەوەی کات و شوێن و قەوارەی ڕووداوەکانی نێو یادەوەرییەکان زۆره. بەڵام دەرخستنیان، به راو بۆچوونی خۆم و به گۆتیان و دەڵێن نابێت، دەبێت ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوه و وەبیرهێنانەوەی بیرەوەرییه له یاد نەماوەکان به بەڵگەی تۆکمه و چەسپێنەر، بڕوا به نووسەر و بەخوێنەر بێنن، ئەمەیش کات کوشتنی هەمه لایەنەی تێدەچێت. خاڵی دووەمیش ئەوەیه: کاتەکەمان له بابەتێکی مێژوویی بارەوبارکراوی بایەخداری هاوتەمەنی خۆمان بەسەربەرین، کەگەلێك ڕاستپۆشی تێدا دەکەوێته بەرچاوان، وادەزانین به شیکردنەوەیان، مۆمێك له سووچێکی تاریکدا دادەگیرسێنین.

## دووەم: یادەوەرییەکانی سالاری یەکەمی سیلە رەعد مەجید الحمدانی[81] سەرتیپگەلی دووەمی پاسەوانیی کۆماری عێراق:

## پێشەکی:

لە نرخاندنەکەدا دەخوازین: بە وازییەك، دوو قەلەڕەش و چوار قەلەبازییان بگرین، بۆیە وردتر بابەتەکە دەخوێنینەوە، بەو هیوایەی وێڕای شیکردنەوەی چۆنیەتی یادداشت نووسین، لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە تیشك بخەینە سەر بابەتەکە و چەندین هەڵە و پەڵە، راست پۆشی مێژوویی بە مەبەستی چاوبەستن... سەراوبن و سەراوبکەین، بیخەینە بەر دیدی ژیاننامەنووس و خوێنەر و پسپۆڕانی کەڕ و کڕی ئەمڕۆی کوردستان.

دەبوو وەڵامدانەوەکەی ئێمەیش بە زمانی عارەبان بوایە (بۆ ئێمەیش ئاسانتر بوو، چونکە زۆربەی دەقەکانی هێناومانەتەوە، لە سەرچاوەی عارەبییەوە وەرگیراون وەرگێڕدراون) بەڵام گفتوگۆ و پێداچوون، لەگەڵ کەسانی دڵ و دەروونی رەقەبڕێر بووی، ئاو لە ئاونددا کوتانە. مەگەر وەڵامەکە بۆ وشیارکردنەوەوی خەڵکی نائاگا و بۆ رۆژگاری داهاتوویێت. لە لایەکی دیکەیشەوە مەبەستمان هونەری یادەوەری نووسین بێ.

نووسەری ((قبل أن يغادرنا التأريخ - بەر لەوەی مێژوو جێمان بێلێ))[82] دەفەرمووێت:

((نووسینەوەی یادەوەرییەکان: تاڕادەیەك رەوشت بەرزی و بێ لایەنی راستگۆیی دەوێت... هەرچەندەیش ناتوانین پاکانە بۆ خۆ ویستی و لایەنگری خۆمان بکەین، بەڵام من ویستوومە میانڕەو و بە ویژدان بم))[83].

81 - الفريق اول الركن رعد مجيد الحمداني- قائد فيلق الحرس الجمهوري العراقي الثاني (الفتح المبين)، قبل أن يغادرنا التأريخ. الدار العربية للعلوم- بيروت (٢٠٠٧).

82 - لە سەردەمی مێردمنداڵیمەوە لەگەڵ وانەی مێژوودا دڕدۆنگ بووم، خۆم لێی لاتەریك دەکرد، ماڵی فەریق رەعد ئاوابێت، بە پیری رایکێشامە ناو کێشمەکێشمی هەویری مێژووەوە، وابزانم ئەوەی لەم بوارەدا لێی کەلکمەند بووم، ئەوەیە کە: هەرشتێکم خوێندبێتەوە، بینیبم، بیستبم، لە یادگەمدا تۆمار کرابێت، ئەوا بە ئاسانی ناکوژێتەوە، هەرچەندە لە بیر نەکردنیش گرفتەکانی لە لەبیرچوونەوە کەمتر نییە. دەشزانین ئەگەر مرۆڤ بە گەورەیی فێری پلاوخواردن بێت، دەستی بۆ لووتی دەبات.



سەردار سیلەی خانەنشین د. عەبدولوەهاب القصاب لە پێشکەشکردنی ((قبل أن يغادرنا التأريخ))دا نووسەر بە[84]: داهێنەر و بڕوا پێتەو بە خودا، پابەندبوونی بە رەوشتی ئیسلام، لەگەڵ خۆیدا راست بڵێ و روون دەربڕ دادەنێت، ئەمانەیش لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە ناوبراو لە ژینگەی بەغدا و لە دەزگای سەربازی عێراقی پێگەیشتووە، کە ئەمانیش رەوشتی عێراقییەکان وخەسڵەتی عارەبانە... ناوبراو ئەشهەدو بۆ: راست و رەوا بێژی نووسەر دەکات و بەرهەمەکەی بە دەستکەوتێکی شکۆدار و ئەنجامێکی نایاب بۆ هەر تاکێکی عەرەب دەزانێت[85]))[86]. بە خۆشی خۆشییەوە باگۆی بۆ دەداتەوە[87].

رەعد لە رووپەڕی ٣دا، لە پێشەکی بەشی ((جەنگ لە باکووری عێراقدا)) وەك کورد دۆستێکی دلسۆز و کەسێکی مرۆڤپەروەر و رەوا ویست، باسی خۆزگەکانی کورد و ستەمی داگیرکەر و دابەشکەرانی نیشتیمانەکەی دەکات. هەروەك لە سەرچاوە و دەقەکەی بەڕێز شۆڕشی حاجی رەسووڵ و مێژوونووسانی دیکەی بە ویژدان و راستخوازەوە رایگوێزابێت، بە شێوەیەکی گشتی کرۆکی سەرچاوەکان کۆکن کە دەڵێن:

((لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە ١٠|٨|١٩٢٠ لە سیڤەر بەڵێنیان بە گەلانی ناوچەکەدا کە دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ دروست بکەن، گەلی کوردیش یەکێك لەو گەلانە بوو کە بەڵێنیان پێدابوو... دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوەو... لە ٢٤|٧|١٩٢٣ لە

-٨٣ الحمداني، ص ١٨.

84 - ئەوەی بیەوێت رەخنە لە دەقێکی راگوێزراوی ناو ئەم نووسینە بگرێت، دەبێت سەرتاپای سەرچاوەکەی وەرد دابێتەوە، ئینجا بڕیاری لەسەر بدات، چونکە لە زۆر شوێندا چەندین رستە و مەبەستی دەربڕاومان لێرە و لەوێ هێناوە و ئاماژەیشمان بە یەك لاپەڕان داوە، ئەگەر وانەکەین، ئەوا خوێنەری ئاسایی بێزار دەکەین و بابەتەکەیش دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە کێشەی کورد و لە کرۆکی بابەتەکە لاکەلی دەبین.

85 - ئێستا هیچ تێبینییەك ناڵێم، دواتر کە بۆخۆتان کەوتنە ناو بابەتەکان، ئەم پێشکەشکردنەتان لە بیر نەچێت!.

86 - الحمداني، ص ٩-١١.

87 - چاوەو رۆخەی بۆ دەخاتەوە بەر دەمی جەنجەڕ، کەموکورتییەکانی بۆ مارنج و بێ خەوش دەکات.

شاری لۆزان کۆبوونەوە، کوردستانیانی بەردەستی عوسمانیان، بەسەر عێراق و تورکیا و سووریادا بەشییەوە))[٨٨].

پێشتریش لە ئاکامی جەنگی چاڵدێرانی نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی[٨٩]عوسمانی و فارسدا، کوردستانی گەورە کرایە دوو لەت و هەریەکە و بەشێکی بۆخۆی دابڕی، دژی ئەم ستەمانە و لە پێناو ئازادی و دەرچوونیان لە چنگی داگیرکەرانی وڵاتەکەیان، کورد دەستەوەستان نەوەستاون و شۆڕش لە دوای شۆڕش بەرەنگاری داگیرکەران بوونەتەوە... سالار سیلە لە سەرەتادا زۆر و کەم ئەمانە وەبیر خوێنەر دێنێتەوە. بەڵام کە دەکەوێتە قووڵایی باسەکە، وەك ئەوەی بڵێ خوێنەری بە پیشاندانی چەند تیکە راستییەك چەواشەکردبێت، یا لە پەنای پارووی خۆشی راستییەکاندا بیەوێت بە کەمۆیی بابۆڵەی ویست و ئامانجە تایبەتییەکانی بگلێنێت، گفتولفتی بە تەواوی پێچەوانە هەڵدەگێڕێتەوە!. چۆن کورد لەلاڕا هاتبن و خاکی خەڵکیان زەوتکردبێت، ئاوها لەناخەوە بە شکست و دەرپەڕاندنیان لە شادییاندا گەشکە دەگرێت. خەونی گولیان پێوە دەبینێت، ملوانکەی دێوانیان دەکاتە مل، پاساو بۆ کیمیاباران و فەیلی قڕکردن و بارزانی بزرکردن و ئەنفال و رەشەکوژی کوردان و خاپوور کردنی کوردستان دێنێتەوە، بۆیە پێ بە پێ، بەپێی کات، هۆنراوە رەشبەڵەکەکەی هەڵدەوەشێنینەوە و بڕبڕەیش رەش و سپی لە یەکدی جودا دەکەینەوە.

88 - الحمدانی، ص ٣٧.

89 -



## دەستپێکی هەڵسەنگاندنی چەندین دەق و پەڕەگرافان:

(( لە ١٩٧٤/٣/١١دا، یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی باکوور دەرچوو، بە پەسندکردنی ئەو بابەتانەی بەر لە چوار ساڵدا دەرچووبوو، بەڵام یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی ئێرانی و ئیسراییلی، بۆ کورژکردنەوەی رۆڵی عێراقی گەشەسەندوو، هاوکات گونجانی لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عێراقی بینی کۆسپێکە لە رێگەی پڕۆژەکەی هنری کیسینگەر، کە خوازیاربوو زنجیرە رێککەوتننامەیەکی ئاشتی بۆ وڵاتانی عارەبی دراوسێی فەلەستین ئەنجام بدات. ئەوان بینییان دەست خستنە نێو کاروباری ناوەخۆی عێراق بە تایبەتی بە هەرەسهێنانی پڕۆژەی خۆ بەڕێوەبەری کوردان، کۆت و پەلبەستێکە رۆڵی عێراق سست دەکات.

کارەکان ئاڵۆزکران، مەلا مستەفای سەرکردەی کورد، پڕۆژەکەی رەتکردەوە، لە و کاتەدا سەرکردایەتی عێراق لە پێناوی پاراستنی یەکیەتی خاکی عێراقدا لە ١٩٧٤/٤/١دا، ئاگاداری هێزی چەکدارمان و کوردە خۆبەخشەکانی سەر بە میری لە خێڵەکانی... و....و... کردەوە: کۆتایی بەم یاخیبوونە گەورەیە بێنن، کە مەلا مستەفا لە باکووری عێراقدا سەرکردایەتی دەکات...))[٩٠].

بۆ شیکردنەوەی ئەم دەقەی بانەوە، پێویستە چاوێك بە رەفتاری بەعس و بۆچوونی سەرانی بەغدا بەرامبەر بە دۆزی کورد و چاوێك بە مێژووی نزیکیان دابخشێنینەوە، ئینجا دواتر وەڵامەکە بە رەپوڕاستی بنێینە دەستیانەوە.

((راگر سیلە[٩١] عارف عەبدولڕەزاق، کە لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا، فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو، دواتر لە شوێنی تاهیر یەحیا بوو بە سەرۆك وەزیران، هەوڵی کودەتایەکیشی دا، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك کۆمار، بەڵام سەرنەکەوت، بۆیە بە ناچاری بۆی دەرچوو. ناوبراو هەرگیز بڕوای بە دۆزی رەوای کورد نەبووە، بەڵکو بە بزووتنەوەیەکی

90 - الحمدانی، ص ٣٩.

91- زمانی کوردی لە بواری زاراوەی سەربازیدا دەوڵەمەند نییە، ئەوەی هەیشە رێککەوتنێك لە سەر بەکارهێنانیاندا نییە، بەڵام شتێك بنووسرێت لە هیچ باشترە، تکایە بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە فەرهەنگۆکەکە.

رەگەزپەرست و داردەستی ئینگلیزی دادەنا، لە چاوپێکەوتنێکی ناوبراودا لە بەرنامەی ((شاهد على العصر- کەناڵی ئاسمانی الجزیرة- لەگەڵ ئەحمەد مەنصور))دا کە بۆ ساڵی دووەم و جاری دووەم لە ٢٠٠٢/١/١٤دا پەخشکرایەوە گوتی: ((راوێژکاری سەربازی بەریتانیایی گوتییە سەرکردەکانی سوپای عێراق: ئێوە ناتوانن ئەم شۆڕشە[٩٢] لە ناو ببەن. فڕۆکەکانیان[٩٣] بەشدارییان لە بۆردوومان و پشتگیری لەشکری عێراق کرد))... کە هەمان شت دژ بە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و بارزان ئەنجامدراوە))[٩٤].

(( مێجەر والاس لاین لە یادداشتەکانی خۆیدا لە پەرتووکی (کورد و عەرەب و بەریتانییەکان) کە لە ساڵی (٢٠٠٢) دا چاپکراوە، لە ل (١٨٩) و لاپەڕەکانی دواتردا دەڵێت: "دوای ئەوەی لەشکری عێراق لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٣١)دا، لە بەرامبەر بارزانییان شکا، بڕیاردرا بارزان داگیربکرێت. هێزێك بۆ ئەم مەبەستە بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵێکی عێراقی بە یاوەری دوو ئەفسەری سیلەکان، لە نێردراوی لەشکری بەریتانیایی: مێجەر فری و کاپتان مانسێرف و ئەفسەری فڕۆکەوان پیلی (کە دواتر بووە مەزنترین فڕۆکەوان)، باس دەکات کە چۆن هێزە سەربازییەکەیان کەوتۆتە بەر ئاگربارانی شۆڕشگێڕانی کورد بە فەرماندەیی مستەفا بارزانی. باسی شکان و تۆقین و هەڵاتنی هێزەکەیان دەکات. دوای ئەوەی نووچەی شکستەکەیان گەیشتە بەغدا، سەرکردەی نێردراوی سەربازی ئینگیز جەنەڕاڵ روان رۆبنسۆن، یەکسەر چووە رواندز و گەیشتە هێزە سەربازییەکەیان، دوای ئەو سەرهەنگ (هیدلمان) ناردرا، (ژەنەڕاڵ لاین)یش بە فڕۆکەیەکی تایبەتی وەك ئەفسەری رامیاری گەیشت.

ژەنەڕاڵ لاین لە یادداشتەکانیدا: چۆنیەتی کۆکردنەوە و رێکخستنەوە و هێرشکردنەوەی هێزەکەیان لە حوزەیرانی (١٩٣٢ )دا دەگێڕێتەوە و باسی بۆردوومان و تۆپباران و دابەزاندنی هێزی ئاسمانی بە پەڕەشوت دەکات...

---

92 - مەبەستی شۆڕشی بارزانە.

93 - فڕۆکەکانی ئینگلیز.

94 - محسن دزيي (٢٠٠١) أحداث عاصرتها، مج٢. دار ئاراس للطباعة والنشر- اربيل، ص ١٣٥.

موحسن حەمەدەمین دزەیی پارێزەرێکی کوردە دەرچووی کۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدایە، لە چەندین دانوستانی نێوان بەغدا و کورددا ئەندامی شاندی کوردی بووە، لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکانی شۆڕشی کوردە، بەتایبەتیش شۆڕشی ئەیلوول.



لە وەڵامی پرسیارێکی ئەحمەد مەنصوردا: ئایا عارف عەبدولرەزاق، وەك فڕۆکەوانێکی عێراقی بە هاریکاری هێزەکانی ئینگلیز لە ساڵی١٩٤٠دا گوندی بارزانیانیی بۆردوومانکردووە؟

عارف گوتی: چونکە چەکدارەکان خۆیان لە نێو جەنگەڵدا حەشاردابوو، ناچاربووین گوندەکانیان بۆردوومان بکەین.!))[٩٥].

((کە کوودەتایەکەی شوباتی (١٩٦٣) روویدا، وای بۆچووین کرانەوەیەك دێتەکایەوە، کۆتاییش بەم تەنگژە و بارە ناسروشتییە دێنێت، دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی پڕئاسایش و سەقامگیری. چارەسەرییەکی ئاشتی و دادپەروەرانە بۆ  دۆزی کورد دەدۆزێتەوە، بەڵام دەرکەوت بەڵێنەکانی رژێمی نوێ دەیدات بۆ چارەکردنی کێشەکە و جێبەجیکردنی داوا رەواکانی کورد، درۆ و خافڵاندنن، کەچی خۆی بۆ جەنگێکی نوێی ترسناکتر ئامادە دەکرد بۆیە هەر زوو هیوا بڕاوبووین))[٩٦].

" عەبدولسەلام عارف سەرۆك کرماری عێراق، دانی ناوە: ئەفسەرانی ئەمریکی لە پەیمانی ناتۆدا، سەرپەرشتی ئەوەیان کردووە کە موسل بکەنە بنکەی دابەشکردکی یارمەتییەکانی ئەمریکی  بۆ جەنگان لە دژی کوردان." [٩٧].

((لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ٩|٦|١٩٦٣ دا لە رادیۆی بەغدادا بەیانێکی شوومی ئەوەی پێی دەگوترا (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) بڵاوکرایەوە، کە سووکایەتی بە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی دەکرد، پڕبوو لە لووتبەرزی و ملەوەزی و درۆ و هەڵبەستە. تێیدا گەف و گوڕەشەی لە گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی دەکرد: چەك فڕێدەن و خۆیان بدەن بە دەستەوە، ئەگینا سوپا هەروەك بچێتە گەشت و سەیران، ئاوا دەچێتە سەریان و کۆتایی بە یاخی بوونەکەیان دێنێت. ئەمە کوتانی تەپڵی جەنگ بوو. ماوەی دانوستانیش تەنیا مەبەست کات بردنەسەر و خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جەنگێك، کە بەر لە هاتنە دەسەڵاتیان پلانیان بۆ

---

95 - دزەیی  ل ١٣٥. رووداوەکانی لەگەڵیاندا ژیام، رووداوەکانی هاوچەرخیان بووم، رێزدار مامۆستا ئیسماعیل بەرزنجی کتێبەکەی بە ناونیشانی ((وێستگەکانی ژیانم)) کردۆتە کوردی و لە ٢٠٠٩دا لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپکراوە. بەڵام ئێمە راستەوخۆ پشتمان بە عەرەبییەکەی بەست کە لە لایەن دزەییەوە نووسراوە.

96 - دزەیی، ل ٢٢.

97 - بکر احمد یعقوب (٢٠٠٨) ظهور امریکا کقوة عظمی، اربیل مطبعة شهاب. ص ٢١٩.

دارِشتبوو. سەرۆكایەتی شۆڕشی كوردی ئەمەی دەزانی و بڕوای بە بەڵێنەكانیان نەبوو، بەڵام لەگەڵ هەندێشدا لەگەڵیان ڕۆیشت و پێشوازی ئارەزووی چارەكردنی ئاشتییانەی بۆ كێشەی كورد بەچاك زانی.))[98].

((لە دامێنی چیای هەیبەسوڵتان، لە سێڕیانەكەی بیستانەدا، كە ڕێگەكانی بــەرەو: كۆیە و دوكان و ڕانیە لەیەك دەبنەوە. خانوێكی قوڕین كرابووە چایخانە. دوای ئەوەی لەشكری عێراق لە ١|٧| ١٩٦٣ هێرشی كرد و چیای هەیبەسوڵتان و دەوروبەرەكەی داگیركرد، هێزێكی سەربازی بە سەركردایەتی پێشكار سیلە (تەها شەكرچی) لە رووكاری دوكانەوە هات و لە بیستانە وری[99]، شەكرچی، پلەدارانی بە رەگەز كورد كە لە هێزەكەی ئەودابوون، كۆیكردنەوە، وادەزانم دوازدە پلەداربوون، لە ناو چایخانەكەدا بە بەرچاوی هێزە سەربازییەكەیەوە گوللە بارانی كردن و چایەخانەكەیشی بەسەردا رووخاندن. دوای چەند مانگێك كە عەبدولسەلام عارف لە هاوڕێ بەعسییەكانی لە ( ١٨/١١ /١٩٦٣)دا هەڵگەڕایەوە بە كودەتایەك دەسەڵاتی لەدەست دەرهێنان، لە شوباتی (١٩٦٤)دا لەگەڵ سەركردایەتی كورد ئاگربەستیان ڕاگەیاند، كە خاوەن چایخانەكە چوو خانووەكەی نۆژەن بكاتەوە، تەرمی پلەدارە كوژراوەكانی دۆزییەوە. گومانم نییە كە ئەم جۆرە رەفتارانە لە دیدی یاسای نێودەوڵەتییەوە بە تاوانی جەنگ دادەندرێن...[100]))[101].

((لە شەوی ٩|٦| ١٩٦٣دا راگر[102]- سەدیق مستەفا، فەرماندەی كەرتێكی سەربازی بوو لە سلێمانی، بڕیاری رەشبگیری دا، پتر لە حەفتا كەسی كوشت، كە زۆربەیان ڕۆشنبیر و مامۆستابوون، خەڵكێكی زۆری زیندە بەچاڵكرد))[103].

---

98- دزەیی، ل ٣٦.

99 - وەریو، وڵی، بە ژمارەیەكی زۆر كۆمەڵەكردن، یا هەڵنشتن. كوللە وەك كەرەسیسە لێی وڵیوە.

100 - دەقی زۆرینەی وەڵامەكانیشمان بە ئەنقەست لە یادەوەرنامەكانەوە هێناونەوە، نەك لە سەرچاوەی مێژوویی تایبەتمەند، بۆ ئەوەی یادەوەرنووس پتر لە سەر شێوازی نووسینیان رابێت.

101 - دزەیی، ل ٤١-٤٢.

102 - راگر: پلەیەكی ئەفسەرییە، عەمید.

102 - دزەیی، ل ٣٦.

103 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.



((نزیكەی ساڵێك بەسەر ئاگربەستەكەی ١٠/٢/ ١٩٦٤دا تێپەڕی بەبێ ئەوەی حكوومەتی بەغدا هیچ شتێك لە و بەڵێنانەی دابوویە سەركردایەتی كورد جێبەجێ بكات))[104].



---

## بەیەکەوە بەستنەوەی کورد و جوو:

((لە ساڵی (١٩٦٧)دا مەلا مستەفای بارزانی سەردانی ئیسراییلی کرد، دوابەدوای سەردانەکە، ئاسانکاری بۆ کۆچکردنی نزیکەی ٥٠٠٠ کوردی جوولەکەی بۆ ئیسراییل بەدوا دا هات))[١٠٥].

کامە کالیت بەم کاڵە برایەی راگەیاندووە، چ گەمژەیەك لە ساڵی شەست و حەوتدا بەم مێشك سپییەی گوتووە، کە لە دوای ساڵی (١٩٥٢)وە جوو لە کوردستانی عێراقدا ماون؟ پێشینان گوتوویانە: ((کوچك لە ئاگری گەرمترە.)) من تا ئەم نووسینەم نەدیبوو، لە پەندەکە نەدەگەیشتم یان بڕوام پێی نەبوو.

((یەکەم سەردانی بارزانی بۆ ئیسراییل لە ساڵی ١٩٦٨ بوو. دووەم سەردانیشی لە هاوینی ساڵی (١٩٧٣)دا بوو. هەمیشە دە جوولەکەیەك وەك شارەزای چەك مەشقیان بە چەکدارانی بارزانی دەکرد، هەمیشەیش جوولەکەیەك یاوەری بارزانی بووە[١٠٦]))[١٠٧].

کەچی ئەلحەمدانی دەفەرمووێت یەکەم سەردانی بارزانی لە ساڵی (١٩٦٧)دا بوو!

ئێمە نازانین کامە وەستایان سازکار و راستگۆ و بە هەڵوێستترە؟

نازانین بە چ جۆرە دووربینێك لە بەغداوە جووەکانی یاوەری بارزانییان لە دیلمان و ناوپردان و حاجی ئۆمەرانەوە دەبینی؟ کەچی ئەوانەی لە تەك بارزانی دانیشتبوون، نەیان دەدیتن.؟ دەبێت چرا و دووربینەکەی سندبادیان بەکارهێنابێت؟

105 - الحمداني، فريق الركن رعد مجيد، ص ٣٨.

106 - کە لە ساڵی ١٩٨٩دا کتێبەکەی دوکتۆر فازل بەڕاك (بارزانی لە نێوان ئوستۆرە و حەقیقەتدا= داستان و راستەقینەدا) دەرچوو، ئەو کاتە وێنەی بارزانی لە لای هەرکەسێ یا لە هەرماڵێك دۆزرابوایەوە، ئەوا بەبێ مەرج سزای مسۆگەری خاوەنەکەی مەرگ بوو، بۆیە خەڵکێکی زۆر کتێبەکەیان بۆ خاتری وێنەکانی بارزانی و بۆ خۆشەویستی ئەو دەکڕی، نەك وەك ئەوەی نووسەر مەبەستی بوو... دواجار بەعس لەم کارەیش نیگەران بوو و گوترا: ئەم کتێبە بارزانی وەبیر خەڵك دەخاتەوە!. ئەوەیە "وای لەکنگ و وای لە دۆشاو".

107 - البراك ، د. فازل ، مصطفى البارزاني الأسطورة والحقيقة ، ص ٢١٤. بغداد، (١٩٨٩).



بۆ ناشیرینکردنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بۆ زەمینە خۆشکردن و پاساو هێنانەوە بۆ پاشگەزبوونەوە لە بەڵێن و پەیماننامەکانیان، بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە دژی کوردان، ئەوان ئەم جۆرە بەندوباڵۆرانە دەکرن و دەیچرن.

((لە دوای شۆڕشە پیرۆزەکەی ١٧-٣٠/تەمووزی/١٩٦٨دا چەندین تۆڕە سیخوڕ جوولەکەی عێراقی سەر بە مۆساد ئاشکراکران. دوای هەرەسهێنانی بزووتنەوەکەی بارزانی لە (١٩٧٥)دا، ئابڕوو چوونەکە ئاشکراتربوو، کە دەرکەوت جوو بارزانیان هانداوە، ئاسانکاری بۆ جوولەکەکانی لە عێراق ماون بکات تا خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی ژێر دەستی بارزانی و لە رێی ئێرانەوە بگەیەندرێنەوە ئیسراییل.))[١٠٨]

دەبینین البەڕاك، جووەکان بەدانیشتوانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دادەنێ! باس لەوەیش دەکات کە هاتوونەتە کوردستان و لەوێوە رەوانی ئێران -ئیسراییل کراونەتەوە، کەچی الحەمدانی دەیانکاتە کوردی جوولەکەی شیمال، واش دەردەخات کە بارزانی لە کوردستانەوە رەوانەی ئێران-ئیسراییلی کردوونەتەوە. لەوانەیە گوماندار نەبین ئەگەر بڵێین: لە دوای بیست ساڵێکی دیکەیش رازی دڵیان بە راشکاوی دەر بڕن! ئەویش ئەوەیە: بارزانی و کورد لە بنەچەڕا جوولەکەن، کوشتن و بنەبڕکردنیان سڕینەوەی ناوی کوردستان، هەنگاوی یەکەمی رزگارکردنی فەڵەستینە!

پرسیار: کە جوو هێندە دۆستی بزووتنەوەی کورد و کەسایەتی بارزانی بوون، بۆچی کیسینگەری جوولەکە و سیاسەتمەداری ئەمریکا، لەرێککەوتننامەکەی جەزایێر لە ئاداری (١٩٧٥)دا، ئاوا دوژمنانە دەستی لە بارزانی و لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد وەشاند.؟

ئاخۆ وەك خۆت گوتەنی تازە بیریان کەوتبۆوە کە سەلاحەددینی ئەیووبی کورد، فەلەستینی لە فەلان ستاند و لە دەست ئەوانیشی دەرهێنا.

((لە٢٤/٣/١٩٧٥دا، کەهێزە چەکدارەدلێرەکانمان راوەدووی بارزانیانییان دەنا، ئیسراییلییەکیان گرت کە راوێژکاری بارزانی بوو، چەندین راپۆرتی سەربازی و سیاسی لەلابوو کە لەگەڵ کەسانی سەر بە پاراستن کۆیان کردبۆوە و بۆ ئیسراییلی ناردبوو.))[١٠٩].

ئاخۆ بەڕاك و حەمدانی لە یادیان چۆتەوە کە بە پلانێکی نێودەوڵەتی، لە ٦/٣/١٩٧٥دا، هینری کیسینگەر و سەددام و شای ئێران، بزووتنەوەی کوردیان خەفەکرد و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش

108 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢-٢٣٣.

109 - البراك، ص ٢٢١.

له و كاتەدا تواناى بەرگرى كردنى رووبەڕووى لەشكرەكانى عێراق و ئێرانى نەبوو، شەڕى خۆتڕێنيشى نەكرد. ناڕاستى هەڵبەستنيش كەمێك بنەماو هونەرى لێزانى و نەخشكەرى و تەونزانى خۆى هەيە. بە تايبەتى لە لاى مەزنان، ئەگينا دەبێتە گاڵتە و گەپى منداڵان.

نە من و نە ئەلحەمدانى لەوكاتەدا هى ئەوە نەبووين بزانين مستەفا بارزانى بە نهێنى چۆتە ئيسراييل، يا نا!؟ ئەوەى دەيلێين هى دەزگاكانى راگەياندنى لاگرە، يا دژە بەرەيە، راستە؟ يا هەڵبەستراوە؟ ئەمەيان لێرەدا ساغ ناكرێتەوە! بۆيە قسە لەسەر بابەتەكە ناكەين، بەڵام پڕ بەدەنگ هاوار دەكەين[110] و دەڵێين: بەڵگە نەويستە، كە لە ساڵانى ١٩٤٨- ١٩٥٢ حكوومەتى عێراقى عارەبى و وڵاتانى ديكەى عارەبان، بەخۆيان جووەكانيان بە سەڵت و سەڵتى و بە دەستى بەتاڵ، وڵاتبەدەركرد و ناردنيانە ئيسراييل، ماڵ و سامانيشيان زەوت كردن، لە دواى ئەو كاتەوە ماڵ ماڵە جوو، لە پەناگەكانى بەغدا مابوونەوە. دواتر كە بەعس بە تاوانى سيخووڕيكردن بۆ ئيسراييل. تەنگى پێ هەڵچنين، كەوتە گرتن و لە سێدارەدان و دەست بەسەر موڵك و سامان داگرتنيان. ئاخۆ بەرێزيان دادگايى كردن و دەرچوونى سزاى لە سێدارەدانيانى لە تەلەفزيۆنى بەغدا نەبينوە؟ ئەو كاتە نووسەر مێرمنداڵێكى بەغدايى بووە، چۆن هەڵواسينى (١٢) جوولەكەى لە ناوەڕاستى بەغدادا ( لە گۆڕەپانى تەحرير) كە چەندين رۆژ تەرمەكانيان بە پەتەوە هەژايەوە، گەورە و بچووكى بەغدايى بينييان، ئايا ئەو ئەوكاتە لە بەغدا نەبوو، يا لە يادى خۆى دەباتەوە؟

ئايا ناوى عەزرا ناجى زەلخەى لە بيرچۆتەوە؟

جووى وڵاتانى جيهان بە ئيران و توركياى دراوسێشمانەوە، جگە لە وڵاتانى عارەب، بە زۆرى زۆر، لە سەر زێد و شوێنەوارى باپيرانى خۆيان دەرنەكراون. تا ئێستايش ئەوان وەك هاونيشتمانى ئاسايى لەوڵاتانى خۆياندا دەژين.

110 - (ئەگەر لەو كاتەدا ئێمەيش نەبووبين، يانەيش ساوابووبين) وێڕاى تۆماكراوى و مێژووى رۆژهەڵاتى ناوەڕاست و وڵاتانى عارەب لە لايەن رۆژئاوايى و رۆژهەڵاتناسەكانەوە، دەيان و سەدان جار، لە دايك و باوكان، مام و خاڵانى خۆمان راستەوخۆ بيستوومانە.كە ئەوان جووەكانيان دەناسين، زۆرينەيان بازرگان و زێرينگەر و پيشەوەر بوون، ناوى يەكە يەكەشيان دەهێنا، ئێستايش لە هەولێر و سلێمانى و... بە شوينەكانيان دەڵێن "گەڕەكى جوولەكان". جوو بە كوردانيان گوتبوو: ئێمە بەسەڵتى دەردەكرێين، بەڵام بزانن چى لە ئێوە دەكەن؟ خەڵكى شارى هەولێر و دەوروبەرى، ئەم گوتەيە دەڵێنەوە. زۆريان تاكو ئێستايش ماون، تۆماركردن و بە دواداچوونى پترى بابەتەكە لێرەدا بەكارى خۆمان نازانين.



لەم ساڵانەى دواييدا، گەلێك جوو لە ئەفەريقياوە چوونە ئيسراييل. ئێستايش ناوە ناوە لە نووچەى كەناڵە ئاسمانييەكانى عارەبان (العربية، الجزيرة.) دەبيستين كە جوو بە قاچاغ، بە خاكى ميسر (سينا)دا دەگەنە ئيسراييل.

بەڵگە نەويستە كە كوردستان، كوێستان و هاوينە هەوار و جێگەى گەشت و گوزارە. هاوينان حەشاماتێكى زۆر لە بەغدا و لە ناوەڕاست و باشوورى عێراق و لە هەندەرانيشەوە دێنە كوێستانە دڵگر و فێنكەكانى هەرێمەكە. ئەگەر چەند جوولەكەيەك لە سنوورەكانى عێراق بە هەرێمى كوردستانيشەوە لە ترسى كوشتن و قڕكردن، بە زەبرى دراوى زۆر، قاچاغچيانى عێراق و وڵاتانى دراوسێ دەربازيان كردبن. دەبێت ئەمە بكرێتە پەڵەيەكى رەش و بە تەوێڵى كوردى موسڵمانى بلكێنن؟ زووڕنا پيك گڕەكەى[111] بۆ لێدەن و پێى هەڵپەڕن! ئەگەر دەسەڵاتى بەغدا خۆى دەستى تێدا نەبووبێت و مەبەستى تۆقاندن و دەرپەڕاندنى جوو و ناوزڕاندنى كورد نەبووبێت، بۆچى كە بەعس لە سەرى چەند جووێكى بەغدايى دا، ئەوانى ديكەيشى نەخستنە ژێر چاوەدێرييەكى وردەوە؟

ئاخۆ دەبێت هەموويان بە كاروانێك و بە يەك رێگەى ئەفسووناوى لە چركەيەكدا بە كوردستاندا تێپەڕيبن؟ بۆچى لە رێگەى دەرچوونيان لە بەغداوە تا دەگەنە ناوچە سنوورييەكان دەستگيريان نەكردن؟ كەچى دواى چل ساڵ بە ئاگايى، دەستى چەوريان، بەدڵى سپى نائاگايان دەسترِنەوە.

ئەگەر لە ئەكاديمى و ئەزموونددارانى پيشەيى بپرسين: لە ساڵانى جەنگى عێراق- ئێراندا كە بە سەدان هەزار سەرباز و جەنگاوەرى عێراقى لەسەر سنوورى ئێراندا، بە رۆژ و بە شەو پاسەوان بوون، چۆن دەيان هەزار شيعەى ناوەڕاست و باشوورى عێراق لە وڵات دەرچوون و گەيشتنە ئێران؟ ئاخۆ زۆرينەى سوپاى مەهدى و سوپاى بەدر، سەربازى هەڵاتووى عێراقى نەبوون؟ كە بارەگا و سەركردايەتى و راهێنان و چەكداركردنيان لە ناو ئێراندابوو؟

چۆن لە نيسانى (٢٠٠٣)دا، لە دواى كەوتن و دەركەوتنى شاسوار و سەركردەى عارەب لە بەغدا، دەيان بگرە سەدان هەزار تاوانكار و بێ تاوان، لە رووزەردييان و لە ترسان و لە برسان، لە عێراق دەربازبوون و گەيشتنە سووريا و ئوردەن و ميسر و لوبنان و هەندەران؟

چۆن ساڵانە خەڵك بە لێشاو، بە نهێنى، لە ئاسيا و ئەفريقياوە دردەكەن و سنوورى چەندين وڵات و دەريا و زەريايان دەبڕن و دەگەنە ئەمريكا و بەرازيل و ئوستراليا و دوورگەكانى يۆنان و ئيتاليا و ئينگليزستان و فنلەندا و كەنەدا و...؟

111 - كەرخ، دەنگى ناخۆش. دەنگى زڕ.

ئەگەر جوو هێندە دۆستی کوردن، بۆچی: ((لەسەر داوای بلّند ئەجەوید- سەرۆکی تورکیا، بنیامین نەتەنیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل، بە تیمێکی مۆسادەوە بە ناوی تیمی (وریا) بە هاریکاری ملەوەزترین دەزگای سیخوڕی جیهانی، بۆ دەستگیرکردن، کەوتنە دوای عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردی تورکیا. لە ٩/١٠/ ١٩٩٨. لە سووریا دەریانپەڕاند، لە ئەورووپاوە بەدواوەی بوون، لە ڕێکەوتی١٩٩٩/٢/١٥ بە ئاگاداری و ڕەزامەندی (مۆی) سەرۆکی کینیا لە ماڵی باڵوێزی یۆنان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا، دەریانکرد و گرتیان))[١١٢] بە چاو بەستراوییەوە ڕادەستی میتی تورکییان کردەوە؟ کەچی فەریق الحمدانی و د.عەبدولوەهاب ئەلقەساب، بەجووت ئاوازە کۆنەکەیان دەژەنن، لەم ئاوازە ناوازەیەش بەملاوە شتێکی دیکە نابیستن.

ئەگەر ئەم دوو سەرکردە فرەزان و بەرچاوە، لە ڕاهێناندا ناویان داوە، لە یەکدییان گێڕاوەتەوە و برا و برالەیان ناوە، ڕاستپۆشییان لێ خۆشهاتووە، ئەم زاکوماك قڕکردنە، ئەم هەموو سەربڕین و بنەبڕکردنە، ئەم بە سەر و بەر و بە ماڵ و بە ماڵیاتەوە بردنە، ئەم خەرمانە سەلك گێرەکردنە بخەنە ژێر بەرماڵی نوێژ و بیخەنە پەناوە، ئەمە گاڵتە بەخۆ و بە خەڵك و بە خوداکردنە!

کە ئەوان ئەم پەلە و پەلدان و کردە بتپەرستانەییان بە نیشانەی ڕەوشت بەرزی عێراقییان و عارەب و موسڵمانانان دابنێن، ئەوا ناچارمان دەکەن وەك موسڵمانێکی عێراقی، بە تێڕادیتیانە، بڵێین:

کردەکانتان پتر خۆ ڕیسواکردنە، بە چ زارێك و بە چ ڕازێك و لە کام سۆنگەوە دەتوانن ڕەخنە لە نەمرود و هیتلەر و لە جووی ئامۆزا و برازازاتان بگرن، ئەوان هێندەیش بە زەقی لە کاتی دۆڕاندا بە نەتەوە و ئایینی خۆیان هەڵنەگوتووە و هێندەیش تاوان پۆشیان بە ئاشکرا نەکردووە.

ئەگەر بپرسین بۆچی ناپرسن: بۆ هیتلەر و جوو بوونە قاندڕ و جەرگبڕی یەکدی؟
بۆچی ئێوە و پسمامتان(جوو) بوونەتە غەنیم و تاسبی سەری یەکدی؟
خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو دوژمنایەتی و کێشە و هاوکێشەیەدا چییە؟
پەیوەندی جوو بە کوردەوە چییە؟

112- Dally Nation ی کینیایی، ڕۆژنامەی ڕووداو- ژ. ١٠٥ ساڵی ١٥|٣\|٢١٠.



خۆزگە نووسەری پیشەکار و مێژوونووس، ساڵانە جارێك بە بیری دادەهات، کە خڕۆکەی زەوی و تێکڕای گەردوون خەڵاتی خوای بەخشندەیە، گەلان، بگرە گشت زیندەوەر و بوونەوەرە نازیندووەکانی تێیدا هاوبەشن. خۆزی دەیانزانی هەرگیز چاوچنۆکی و پووش لە پشت بەستان و دڕك نێژی و خوێنڕێژی، هیچ کاتێك، تاکێك یا کۆمەڵگەیەکی تێرنەکردووە. بەڵام دۆستایەتی و خۆشەویستی زەوی و ئاسمان تێردەکەن.

## بەراوردێك لە نێوان تەلئەبیب بەغدادا:

لێرەدا مەبەستمان نییە، لە زۆرلێکردن و چەوساندنەوە و ناڕەوایی کردەی سەران و دادگاکانی جوو، بە بەراوردکردن لەگەڵ کوشتن و لەناوبردنی بێ دادی وبێ دادگایی کوردان لەلایەن بەغداوە، بخەینە پێتەرازووی بەرچاوان، چونکە ستەم هەر ستەمە، ئینجا گاور، جوو، موسڵمان... هەر کامەیان بیکات. زۆرلێکراویش هەر ئایین و ڕەگەز و ڕەنگێکی هەبێت، هەر هەمان قوربانی و ستەمدیدەیە. بەڵام ئەویش چەندین پلە و شێوازی ناوازەی هەیە، بە پێی کات و شوێن و بارودۆخ دەگۆڕێت.

بۆ خاتری چاوی گەشی چاوڕەشان، گەرەکمانە بەراوردێکی سەرپێیی لە نێوان گەلی فەلەستین وکوردانی کوردستاندا، لە نێوان کاربەدەستانی تەلئەبیب و کردەکانی عروبیانی بەغدا بکەین، نەك وەك الحمدانی بەیەکەوەیان ببەستینەوە، پتریش بۆ ئەوەیە تا بزانین: چەوساندنەوەی کامەمان پترترە، تای تەرازووی زۆری تاوانی کامە لایەنیان گران و لەنگترە.

بە ئەرکێکی مرۆڤایەتی دەزانین گەر بێژین: گوێ لە قاسپەی کەوماران[١١٣] مەگرن، بەڵکو بڕواننە ڕەفتاری گورگ و سەگە هاران!. دیدی ویژداندارانە، کە دەڵێین: گەلی فەلەسین و کوردانی کوردستان، هاونیرن[١١٤]، بە نەداری و زۆرداری و ناچارییەوە خراونەتە ژێر بار. قاچاغچییەکی زۆردار و جووتیارێکی ستەمکار، جووتە هاولیسێك[١١٥]، دوو ڕەشە ئەژدهای

113 – کەومار: باڵندەیەکی ئەفسانەییە، گوایە جەستە و سەر و ملی کەوە، کەوانی دەفڕێت و دەقاسپێنێت، بەڵام دەم و لمووزی مارێکی کوشندەیە، ئەوەی پێیەوە بدات یەکسەر دەیکوژێت.

114 – لە هێز و قەبارەدا بۆ کێشکردنی هەوجاڕ و جەنجەڕ و گالیسکە و پەیتوندا هاوشانن، بۆ چەوساندنەوە و کارپێکردن ئاوکوفن.

115 جووتێکی هاوهێلانە، دوانی هاولان. لەگەڵ یەکدا تەبا و گونجاو. خوو و کرداریان لە یەك دەچێت.

شاخداری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە رۆژ پێیاندا هەڵدەڵێن، بە شەویش دەیانڕەتێنن، بە زیندوویی کەوڵەڕن و بە ساغیش لووشیان دەکەن.

لە راگەیاندنی عارەبان و زۆرینەی وڵاتانی موسڵمان و چەندین وڵاتی دیکەی رۆژهەڵات و خۆرئاوادا دەبیستین کە:

جوولەکە خۆپەرست و دین دوژمنن. مزگەوتی گەورەی ئەقسای پیرۆز و ئایینی پاکی ئیسلام بنکۆڵ دەکەن. گەلی عارەب و موسڵمانی فەلەستین بە نارەوا دەکوژن، لە شوێنی باپیرانیاندا دەریاندەکەن، لەناویان دەبەن. نیشتمانەکەیان زەوت دەکەن.

ئەمانەی گوتران تاوانی زەبەلاحی دڕندانن، دژە هەڵوێست و کرداری ژیرانە و بەتین و کۆمکاری دەوێت، کەچی رۆژانە تەنها بە گوتاری بێ کردەوە، لێرە و لەوێ دیبیستین و دەیبیستینەوە.

ئەگەر بۆ نموونە: تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکانی جوو بەرامبەر فەلەستینییەکان کە دەیبستین، کردارەکانی ئەعرابیانی بەغدایش لە دژی کوردان، کە بە چاوی سەری خۆمان بینیومانە و دەیانبینین، بەراورد بکەین، نەك بەیەکەوەیان ببەستین، ئەوا دەڵێین:

**١- بەڵگە نەویستە، کە عارەب و جوو لە نەژاددا سامین، باوك برا و ئامۆزان، خوێنگر و خوێنەستینی یەکدین.** جوو، وەك شوێنکەوتوانی نەوەکانی یاقوب و داود و سلێمان، پەیڕەوکارانی موسا پێغەمبەر، لە میسر و یەمەن و فەلەستین و ئوردەن و سووریا و سعودیەی ئێستادا، بەر لە عارەب یا لەگەڵ ئەودا و بەر لە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبوون. لە دوای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئیسلامیشدا، ئەوان لە ناوچەکەدا هەر ماونەتەوە، نموونەیش لە مێژووی ئەو سەردەمدا، باسی جەنگی نێوان ئیسلام و جوولەکەی مەدینە و گرتنی قەڵای خەیبەری جوولەکان و... بە درێژی و بە بەڵگەوە تۆمارکراوە... ئیسلام و جوو، (عارەب و عیبری) هەزار و چەند سەد ساڵێك بە خۆشی و بە ناخۆشییەوە، لە ناوچەی گوتراودا بەیەکەوە ژیاون.

زۆرن ئەوانەی دەڵێن: چەوساندنەوەی لە رادە بەدەری جوولەکان لە لایەن سەرانی عارەبانەوە، بیری جووداخوازی و دروستکردنی وڵاتی سەربەخۆی لەلا دروستکردن! یانە جوو خۆیان بە خاوەنی ناوچەکە دەزانن و لەگەڵ عارەب و ئیسلامدا دین دوژمن و دوژمنی سەرسەختن...

نەگبەتی عروبیانیش پتر لەوەدابوو، کە لە ساڵی ١٩٤٨دا ماڵ و سامانی گشت جوولەکەی وڵاتانی عارەبی ئەوسایان زەوت کرد، جووەکانیان بە رووت و رەجاڵییەوە ناردنە



فەلەستین، زۆرینەی ئەوانیش چوونە شوێنی عارەبی فەلەستینی و جێگەیان بەوان لەقکرد. سوودی ئەوەیش بەتەواوی رژایە ناو بەرژەوەندی بزووتنەوی سەهیۆنیزم و پشتیوانکارانی (وەك خۆیان گوتەنی).

تێکەوتنێکی دیکەی عارەبان ئەوەیە کە: زوو زوو، سەرانیان بۆ خۆ هەڵکێشان لە پێناو پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتیان و کێشکردنی سۆزی عارەبی نەتەوە حەز و گەلانی موسڵمان، بەڕاشکاوی و بەبەر چاوی جیهانەوە، بە گەفوگوڕی ئاگرینی بێ کردار، فس فس پاڵەوانانی، دەفەرموون: ئێمەی عارەب، پاکترین و مەزنترین نەژادی سەرزەمینین، بەم زوانە هێرش دەکەینە سەر جوولەکە، کۆرپە خۆشەویستەکەی ئیمپریالیزمی جیهانیی، بە هێزی سوپا، فەلەستین رزگار دەکەین، جووەکان دەخەینە دەریا و بە رووباری نیلیان دادەدەین.

بە رۆکێتێکی کیمیایی دوو سەرەرە، بە چەکی ناوکی، دەوڵەتۆکەی قەوارەی ئیسراییل تەفروتوونا دەکەین. بەم ترساندنە درۆزنانەیان، جوو یەکترگرو، لایەنگریان لە خۆرئاوا و لە نێوان وڵاتانی زلهێزدا زۆرتر دەبوو. هەمیشەیش جوو بەکردار نەك بە گوتار بە نوێترین چەکی کوشندەی سەردەم، بە پیلانی کورت و بەپلانی درێژخایەن، بە ئامادەکاری چەکی ئەتۆمی توانای مرۆڤییەوە ... خۆی بۆ جەنگ و شکاندنی عارەبان ئامادەکردووە، بە نهێنی و بە ئاشکرایش، لە بەراواندا راوەستاوە...

کەچی حەوت سەد ساڵ بەر لە (ز)دا، گەلی کورد خاوەنی ئیمپراتۆرییەت و هەرێمگیری خۆی (میدییەکانی باپیرانی کورد کە پایتەختەکەیان هەمەدان) بووە، بە هاریکاری بابلییەکان، نەینەوا (پایتەختی ئەوسای وڵاتی ئاشوور)ی گرتووە، لە پێش ئەو سەردەمەوە تاکو ئێستایش، کورد لەسەر ئەم کوردستانەی ئێستایدا رواوە و ژیاوەو هەڵنەقەناوە، بەڵام عارەب لەگەڵ شەپۆڵەکانی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا بە حوشتر گەیشتوونەتە باشوور و ناوەراستی عێراقی ئێستا (گەیشتوونەتە کەنار هەواری کوردە فەیلییەکان)[١١٦]. لە دوای هاتنی ئایینی نوێ (ئیسلام) کوردیش بووەتە برای ئایین و هاونیشتمان و هاریکار و هاوخەباتی عارەب.

**٢- ئەگەر پێشمەرگەیەك ( فیداییەك، بەرگریکارێك)ی فەڵەستینی، لە ناو خانووێکدا، تەقە لە هێزەکانی جوو بکات،** ئەوا جووی ویژدان کوێر، بۆ تۆقاندن و لەناوبردنی عارەبی فەلەستینی،

116 - لە بابەتی: ریشەکێشکردنی فەیلییەکاندا باسکراوە.

خانووەکە بۆردوومان دەکات، لە ئەنجامی کردەکەدا گەر چەکدارەکە بە ئاسانی نەکوژرێت یا نەگیرێت، لەوانەیە ئەوانەی لەگەڵ ئەودا لە ناو خانووەکەدابن، (بە ژن و منداڵ و کەنەفت و بێ دەسەڵاتانیشەوە) بکوژرێن. جوو زۆردارە، دین دوژمنە، لە کوشتنی فەلەستینیانی عارەب و موسڵماندا رەچاوی هیچ دەستوور و یاسایەکی ئاسمان و زەمینی ناکات.

کە چەکدارەکە شەهید دەبێت، یا دیل دەکرێت، هەنگینێ[117] ئەو پیاو و ژن و منداڵانەی لە خانووەکەدا زیندوو مابوون، ئەوا بەر هەڵدەدرێن، بەڵام بە هەڵەداوان خانووەکەیان دەرووخێندرێت، ئەوکاتە دایك و زارۆکی بێ توانا و بێ تاوان پەڕاگەندە دەبن... ئەم تاوان و کردە دزێوانە، لە دەزگاکانی راگەیاندنی ناوەخۆیی و هەرێمی و جیهانییەوە بە بەسەروەنانیشەوە بڵاودەکرێنەوە.

کەچی بەپێی یاساکانی سەرانی بەغدا، ئەگەر لە هەر گەڕەکێك و لەسەر هەر شەقامێك و لەنزیك هەر گوندێك و ناوچەیەکدا، تەقە لە پیاوانی رژێم بکرێت، ئەوا وێڕای چەندین خانوو، دەیان ماڵ، بگرە چەندین گوند و گەڕەکی دەوروبەری رووداوەکەی بۆردوومانەکرێن و بە (تی ئێن تی) لە بناخەوە هەڵدەتەکێندرێن و بە شۆفەلێش رادەماڵدرێن، هەر کوردێکیشیان لەو کاتانەدا لەو ناوەدا دەست بکەوتایە، یەکسەر، بەبێ لام و جیم گوللە بارانیان دەکرد.نموونە: کە لە شەوی ١٦-٨٧/١٠/١٧ لە زەندۆڵی (پردی کریکۆری)- هاوینە هەواری شارۆچکەی شەقڵاوەدا، پێشمەرگە تەقەی لە ئیڤە[118] یەکی پڕ سەربازی رژێم کرد لە بەیانی دوای رووداوەکە، هێزێکی ملەوەزی رژێم، بە تانك و زرێ و تی ئێن تی و چەکی سەردەم، دەیان کۆشك و خانوو و باڵاخانەی دەورەبەری شوێنی کردەکەی بە ماڵ و ناوماڵ و میوانخانە گەشتوگوزارییەکانی: سەلیم کاکۆ و نەورۆز و بەغدا و دۆڵی سەوز و مەلا حەمید و حەسەنی قادربەگەوە، لە بناخەوە بە (تی ئێن تی) تەقاندەوە و لە ژێرەوە هەڵی تەکاندن، بەوەی چاك بوو خەڵکەکە رەفتاری ئەعرابیانیان دەزانی، بۆیە هەر لەو شەوەدا هەڵاتبوون، بەڵام دواتر رژێمی گۆرین وەك کۆنە خووی خۆی، (٣٠) سی گەنجێکی شەقڵاوەیی گرت و لە بەندیخانەی هەولێردا (٢٣)ی کوشتن و لە گۆڕستانی (کارگەی قیڕ)ی سەر رێگەی مەخموور، بە کۆمەڵ ژێرگڵی کردن.

مەبەست لەم رەفتارانەیدا تۆقاندن و بنەبڕکردنی کوردان و بێ خاوەنکردنی کوردستان و عارەب نشینکردنی زێدەکەیان بوو... بەڵام لەبری راگەیاندنی نووچە و تاوان و شەنکردن و

117 - ئەوکاتی.

118 - جۆرە بارهەڵگرێکی فەرەنسایی سەربازی بوو.



بڵاوکردنەوەی کردارە رەشەکانی بەغدا، لەلایەن دەزگای پایتەختانی دەوروبەر و وڵاتانی عارەب و ئیسلامان و جیهان و زلهێزەکانەوە، پوختەوجوان سەرپۆش دەکرا. جگە لەوەی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، رادیۆی ئیسراییل بۆ پیشاندانی هەبوونی تاوانی ((سەدخۆزگە بە کاری کفن (خەڵات) دزی))، دەکردە گوێی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوینەوە، بەغدا و تارانیش لە هەشتاکاندا (لەماوەی جەنگی نێوانیاندا، لە دژی یەکدیدا) ، تاوانەکانی یەکتریان دژ بە کوردان دەوەشاند، هەروەها کە عێراق کوێتی گرت، لە ژێر فشاری بەرژەوەندییەکانی رۆژگاردا، پەردەی نهێنی پۆشی دڕا، لەدوای رووخانی رژێمی بەغدا و دادگایی کردنی سەرانیدا، ئاوەکە (ئاوی روویان) بەتەواوی رژا، کەچی هێشتایش سەرکردە و بنبرەدی سەربازی و رامیاری و ئابووری ئەوتۆ هەن، هزریان لە خەو رانەبووە، زیندەخەونان بە مردوانەوە دەبینن، بەڵکو زیندوو ببنەوە و ئاوە رژاوەکە کۆبکەنەوە و بیخەنەوە ناو شووشەی وردوخاشکراوی پێشوویانەوە.

**٣- ئەگەر چەکدارێك، سەرکردەیەکی جەنگاوەرانی فەلەستینی لە جەنگدا بگیرێت،** ئەوا دادگایەکی سەر بە زایۆنیزمە دڕندەکان، بڕیاری: سزای بەندکرنی: (٥، ١٠، ٢٠، ٣٠) ساڵ، هەتا هەتایی، بە گوێرەی کاریگەری و چالاکی چەکدارەکە، بۆی دەبڕێتەوە، یانە بڕیاری دەرکردنی لە خاکی فەلەستین (ئیسراییل)دا بۆ دەر دەکات و بەدەری دەنێن. ئەویش پەنا دەباتە بەر رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بەڵکو لەسەری بێنە دەنگ و نەیەلن دەربکرێت. وابووە بەهۆی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتییەوە، هەزار دیلی فەلەستینییان بە هێسکوپروسکی دوو سەربازی کوژراوی ئیسراییلی و دیلێك سەربەسەر گۆڕیوەتەوە!

کەچی کە کوردێکی بێ چەك، لە ناوماڵ و خاوخێزانیدا، لە گوندەکەی خۆیدا (کە بە پێی یاسا و رێکارەکانی ئەوکاتی بەغدا کاری پێ دەکرا، دانیشتنی کوردانی تێدا قەدەغەکراوبوو) بدیترایە، ئەوا ناوچەکە بە گشتی بۆردوومان دەکرا، هەر کەسێکیش لە دەوروبەرەکەیدا بەردەست دەکەوت، بە بێ هەڵوەستەکردن دەیانکوشت.

کە کوردێکی هەڵاتووی ژێر چەنگی رژێم دەگیرا، ئەوا بەبێ دادگاییکردن، (٥، ١٠، ٢٠)، ژمارەیەکی نادیاری کوردی دیکەیان لەگەڵدا، ( ٥، ١٠، ٢٠) جار، گوللە باران دەکرد.

ئەگەر پیاوێکی کورد لەدەست رژێمدا رایبکردایە و لە وڵاتی خۆی دەرچوایە و گەیشتبوایەتە هەندەران، ئەوا رژێم داوای لە کەسوکارەکەی دەکرد: دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراوی کەمدا بیدۆزنەوە و بیهێننەوە ژێردەستی ( بۆ ئەوەی لەناوی ببات) ئەگەر

هەڵاتووەکەیش نەگەڕابوایەتەوە، ئەوا بێی سێ و دوو، دایك و خوشك و باوك و برا و خاوخێزان و منداڵەکانی لە بری ئەودا دەگرت و گومی دەکردن، دواتریش کوشتن و ئەنفالکردنیان لە چارە دەنووسرا.

بەهۆی ناکاتییەوە بە دوو رستە دەڵێین: عارەب و عیبری، هاوڕیشە و هاوپیشە و هاودێرۆکی دێرین و هاونیشتمان و هاوڕەسەن و توخمات و کەسی یەکدین، بەڵام دین دوژمنن.

ماوەتەوە بڵێین: حاشا هەڵنەگرە کە کورد لە رووی نەتەوایەتییەوە لە لایەن رژێمەکانی بەغدا چەوسێندراوەتەوە، بۆیە پەچەکردارەکەی (سۆزی کوردایەتیی و کوردستانچییەتی) لە دەروونی تاك و کۆمەڵگەدا بە زەقی رەنگی داوەتەوە.

چەوساندنەوەی شیعەی عارەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق پتر لەڕووی ئایین و ئایینزاوە بوو، بۆیە ئەوان شیعەگەرییەکەیان زاڵترە بە سەر لایەنی نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەرییدا، کەچی ململانێ و چەوساندنەوی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلی هەرسێ لای سێگۆشەی (نەتەوە و ئایین و نیشتمانە.)، بۆیە دەستەبەری چارەسەری کێشەکەیان سەختترە و زۆرتریش دەکێشێت.

بەڵگە نەویستە کە کورد ئارییایین، لەگەڵ جوودا، ناخزم و بەخوێن بیانین، هاوسنووریش نین، بەرژەوەندی و ئایین و بڕوا و دیرۆکیان تێکناکاتەوە.

ئەمڕۆ رۆژی دیموکراسی و سەربەستی و بنبەستی و نەترسییە (چونکە سەری گەورە نەماوە) بۆیە میانڕەویانە دەپرسین: کە دووەکەی یەکەم (عەرەب و عیبری) لە رەگ و قەد و شالکدا، نەك هەر بە یەکەوە لکاون، بەڵکو هەردووکیان بە تەواوی یەکن، تەنها لە کەدی نوێ و چڵ و گەڵا و گوڵی ئەمڕۆ و دوێنێدا، لە یەکدی دابڕاون. نازانین چۆن چۆنی، یانە بەپێی کام لۆژیك و کامە یاسای فیزیایی و کیمیایی و ژیوەری و بۆماوەیی و مرۆڤایەتییەوە (نالێم بەهۆی کیهە بۆچوون و چ هێزێکی سەربازی نەژاد پەرستییەوە)، الحەمدانی ئەم بەیەکەوە نووسانە لەیەکدی دەکاتەوە، کەچی کورد و عیبری، کە لە هیچ شتێکدا ناگەنەوە یەکدی ئەو بە یەکیان دەبەستێتەوە!؟

هەرچەندە تاکو ئێرە زۆر کەمان گوتووە و گەلێك زۆرمان ماوە، بەڵام بۆ ئەوەی پتر درێژدادڕی نەکەین، بە کورتبڕی دەڵێین: سەرچاوە زۆرن بۆئەوانەی دەیانەوێت پتر بەدوای داوی گلۆرەکە دابچنەوە... بۆ رێنوێنیش بڕواننە سەرچاوەکانی لە نووسینی بابەتەکەدا بەکارهێندراون.

## کورد و ویستی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە:

ئێمە سیاسەتکار و بیرمەندنین، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە کە وادەزانین دیدی زۆرینەی کوردانی هاوتەمەن و هاوئەزموونی ئێمەش هەر وایە:

زلهێزەکان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژییەت، کورد بە مانگایەکی شیردەر دەزانن، بە هۆی دووری هەڵکەوتەی جوگرافیانەوە بەرژەوەندی زلهێز و ئاژاوەچێنانی دەڤەرەکە لەوەدایە: کورد نەمرێت و لەدەستیش دەرنەچێت، بەڵکو هەمیشە بیدۆشن و بیدۆشنەوە، دابەستەی بەردەست بێت، هەرکاتەی ویستییان بیکەنە قۆچی قوربانی و بەڵاگێڕەوەی خۆیان. هەرچی رژێمی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژیەت، بریان بە دۆیەکەی ناشکێت، گەرەکیانە گا و مانگا و سەنگۆ و گۆلکە ساوا، سەرببڕن و تۆیان ببڕنەوە، گۆشتەکەی حەنۆش بکەن. لە هەردوو باردا، باری کورد کەوتووە و لە هەوار جێدەمێنێت، ئینجا رووبار راپێچی، گورگ بیبات، یا سوار بیخوات گەلێك جیاوازی نییە.

کە ئێوەی عروبی لەگەڵ دۆست و پسمام و خوێنگری خۆتان (جوو) ناتەبان، بۆچی خەڵکی لایەدی تێوە دەگلێنن؟

چۆن دەبێت چنەرێکی ئەکادیمیی دەسترەنگین، ئەوەندە ساکار و شاش بچنێت، کە خەڵکی خاکی وەك ئێمەومانان، بە سووك و ئاسانی بتوانن هێچکەکەی بشکێنن، پەتە پسپسۆکەکەی شیبکەنەوە، تیسکە رەش و سپییەکانیشی لە یەکدی جیابکەنەوە؟

## شەڕی هەندرێن:

((لە ساڵی (١٩٦٣)دا، یەکەم شانەی سیخوڕی ئیسرائیلی[119] لە ناوچەی باکووری عێراقدا، بۆ پشتگیری یاخیبوانی کورد ئاشکرا کرا... لە ساڵی (١٩٦٦)دا مۆسادی ئیسرائیلی بە چەك و مەشقدان، یارمەتی کوردانی داوە، ئەمەیان رۆڵی کاریگەری هەبوو لە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی کوردەکان بەسەر لەشکری عێراقدا، کە هێزی چواری لەشکری عێراقی، شەڕی چیای هەندرێنی دۆڕاند.

119 – بەرێزیان لە ساڵی ١٩٧٠ دا کۆلێژی عەسکەری- بەغدای تەواو کردووە، ئاخۆ دەبێت لە ١٩٦٣دا لە دەزگای سیخوڕی کاری کردبێت؟ یا گوتەی مامۆستایەکانیەتی بە ناوی خۆی تووتیانی دەیانفرۆشێتەوە!؟



دواتر دروستکردنی دەزگای سیخوڕی کوردانی یاخی لە باکووری عێراقدا لە لایەن مۆسادی ئیسرائیلەوە بە ناوی (الباسان)ی[120] لێکەوتەوە...))[121].

بەرێزیان لە (٦٣-٦٦)دا لە بەغدا خوێندکاری ناوەندی و دواناوەندی بووە، هێشتا جەنگی ساڵی (١٩٦٧) لە نێوان عارەب و جوو رووی نەدابوو، بەعسیش نەهاتبۆوە سەر کورسی دەسەڵات، بۆیە ئەم هەڵبەستۆکانە لەوکاتەدا هێندە باویان نەبوو! ئەم بەهرەمەندە ساوایە چۆن ئەو سرووشە پێشکات کەوتنەی بۆ هاتووە؟ کەچی هەر بەخۆی دەفەرمووێت دەرچوونی لە کۆلێژی سەربازی کە لە (١٩٧٠)دا بوو، لە دوای تەواوکردنی ماستەر لە زانستە سەربازییەکان لە (١٩٨٠)دا، رێکەوت ئەوی بردۆتە هێزی چوار. دەبێت کات بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و ئێمەیش نەزانین؟

جیهان بە راشکاوی دەزانێت پلان و ئەنجامدەرانی شەڕی هەندرێن، کوردی رەشوڕووت بوون. پێشمەرگەکانی پارتی و شوعی عێراقی و خەڵکی ناوچەکە بوون، چەندین ئەفسەری شوعی هەڵاتووی سوپای عێراقی و بە رەگەز عارەب بوون، تاکو ئێستایش زۆریان لە ژیاندا ماون. هەر ئەم شکستەی هێزی چوار و دەستکەوتەکانی پێشمەرگە لەم جەنگ و جەنگڵستانەدا، بەغدای ناچارکرد بە هەڵەداوان بکەوێتە پەلەقاژە و پەنا بباتەوە بەر دانوستان، کە ئێستا کاتەکە تێپەڕیوە، دەیانەوێت رابردووی سپیی خەڵك بە کۆنە پنە و پەڕۆی رزیوی رەش لەکەدار بکەن.

((سەردار سیلە، زەکی حوسێن حلمی فەرماندەی تیپی یەکەمی سوپای عێراق پلانی هێرشی بۆ چیای هەندرێن بەناوی (توکلت علی الله) دانابوو. سەرکردایەتی سیلەکانی سوپای عێراق و. عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری سەردەمی عەبدولسەلام پەسندیان کردبوو (دایان نابوو). بڕیاربوو هێرشەکە لە ١٥/٤/٩٦٣دا ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی عەبدولسەلام و مردنی لە ٤/١٣ و دانانەوەی عەبدولڕەحمانی برای لە شوێنەکەیدا، هێرشەکە بۆ ٥/٢ دواخرا. لە دوای هاتنی عەبدولڕەحمان عارف لە ٤/١٨ دا لە

120 – ئەم زاراوەیەی لە چەندین جێگەدا دووبارە کردۆتەوە، بۆیە بە هەڵەی چاپ دانانرێت، نووسەر ماوەیەك لە دەزگای سیخوڕی باڵای عێراقدا کارمەندبووە، هێندەش درشت نییە (پاراستن)ی لە لا ببێتە (الباسان) بۆیە پتر بۆنی ئەنقەست و فیکەی حەرامزادەیی دەدات.

121 – الحمداني، ص ٣٨.

کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، داوای لە سەرکردایەتی کورد کرد، بۆ چارەسەری ئاشتییانەی گرفتەکانیش لە ٢٨/٤دا (زەیدی ئەحمەدەفەندی) وەك شاند ناردرایە لای بارزانی.

((سەرانی سەربازی خۆیان بۆ هێرشێکی گەورە تەیاردەکرد، چونکە ئەوان تەنیا بڕوایان بە توندوتیژی و چارەسەری هێز هەبوو، بۆیە هەوڵەکان لە سەرەتادا شکستیان هێنا.))

هێزەکانی: (١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ١٤ و ١٥)، وێڕای (١٥٠٠) چڵکاوخۆری خێڵەکی و پۆڵە فڕۆکە جەنگییەکانی لە باڵەفڕخانەکانی کەرکوك و موسڵەوە هەڵدەستان و پێنج کەرتی مەترەلۆزان (تۆبخانە)[122]... لە شەوی (٢-٣/٥) دا لە هێرشێکی کتوپڕی چاوەڕوان نەکراودا، هێرشیان کردە سەر چیای هەندرێن ))[123].

((کە لە شەوی ٢-٣/٥/ ١٩٦٦دا هێرشکرا، چەندین شوێنی گرنگی چیای هەندرێنیان داگیرکرد، سەرکردایەتی کورد داوای لە هێزەکانی پ.م.ك. [124] لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و سەفین کرد، گوشار بخەنە سەر هێلەکانی دواوەی دوژمن، بۆ ئەوەی گوشار لە هەندرێن کەمبێتەوە. لە چەندین شوێندا، هێرشکرایە سەر سوپا و جاشە کوردەکان و سەرکەوتنی چاکی بە دواداهات. دوژمن زیانی زۆری لێکەوت. پاتەخۆرێکی زۆر هێلی پێشەوەی شەرگەیان جێهێشت و گەڕانەوە شوێنە کۆنەکانیان. هێلی گەیاندنی خۆراك و کەرستەی سەربازییان کەوتبووە مەترسییەوە. دوای ماوەیەك بروسکەی دژە هێرش و سەرکەوتنی هێزەکانمان لە هەندرێنەوە پێگەیشت.

خوالێخۆشبوو بارزانی بایەخێکی زۆری بە شەڕی هەندرێندا، خۆیشی پلانی دژە هێرشەکەی دارِشت، ئیدریس بارزانی بە سەرپەرشتیاری هێرشەکە دانا، باشترین جەنگاوەرانی باڵەك و پاسەوانانی تایبەتی خۆی و چەکدار و ئەفسەرەکانی شوعی بەشدارییان تێدا کرد.))[125].

((لە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆی ١٢/٥/ ١٩٦٦دا دژەهێرش جما، گوللە هاوەنەکانی سەرەتای هێرش ڕاستەوخۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمنیان پێکا)) ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوەی دیکەیش بە

---

122 - لە لایەك بە ناوی گفتوگۆوە دەستخەرۆیان دەدەن و لە ناکاویسدا پەلامار دەکەنە سەریان، لە لای دووەمەوە بە هێزێکی هێندە زەبەلاح، وەك ئەوەی لە جەنگەکانی جیهانیدا ڕوویداوە هێرش دەکەنە سەر چەند پێشمەرگەیەك، لە دیوەکەی دیکەیشەوە گرتنەوەی هەندرێن بە کاری ئیسرائیل دادەنێن!.

123 - بارزانی .مەسعوود. بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. بەشی ٣، بەرگی ١، ل ٢١٣- ٢١٦.

124 - پێشمەرگەی کوردستان.

125 - دزەیی، ل ١٧- ١١٩.



هەڵەداوان هەڵات و تەرمی کوژراو و چەك و کەرستەیەکی زۆری سەربازی تا دەگاتە تۆپی چیایی لە دوای خۆیان لە بەرەی شەڕدا جێهێشت. سوپا شکانێك شکا، تا نەگەیشتەوە سەربازگەکەی ڕواندز (کاولۆکان) خۆی نەگرتەوە. لەم هێرشەدا مەزنترین سەرکەوتن دەستکەوتی کورد، سەختترین شکانیش بەشی لەشکری عێراق بوو. لەترسان و لە شروان حەجمانیان نەما، بۆ داپۆشینی زیان و تۆڵە کردنەوەیان کەوتنە گوللە بارانکردنی ڕێبوار و رەوەند و ئەوانەی دەچوونە هاوینە هەواران.

سەرکردایەتی شۆڕش تەرمی سەربازە کوژراو و جێماوەکانی دایە دەست پیاوانی ئایینی و خەڵکی بێ چەك، بۆ ئەوەی تەرمەکانیان بە پێی داب ونەریتی ئایینی ئیسلام بنێژن.[126] ))[127]

((دوابەدوای هاتنی شاند لە بەغداوە بۆ لای سەرکردایەتی شۆڕش، شاندی کوردیش بۆ تەواوکردنی دانوستانەکە سەردانی بەغدای کرد، سەرۆك وەزیران و گەورە پیاوانی بینی. دوای دانوستان، بەیاننامەکە ((بەیاننامەی بەزاز)) لە ٢٩/ ٦/ ١٩٦٦ لە رادیۆ خوێندرایەوە))[128].

لە دیمانەیەکماندا[129] لەگەڵ حاجی مەلا سەعید[130]: لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) دا گوتی ((حکوومەتی بەغدا بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڕشی ئازادیخوازی کورد، دەیەویست ڕێگای

---

126 - ئەوەی جێگەی گومان نییە داگیرکردنی هەندرێن و ئازاد کردنەوەکەی، وەك لێرە و لە بەڵگەنامەکانی بەغدایش روونە نزیکەی ٨-٩ ڕۆژی خایاندووە، چۆن لەم ماوە کەمەیەدا، بەپێی بارودۆخ و دووری نێوان ئیسرائیل و کوردستان و تواناکانی گواستنەوە و نهێنی پاراستنی ئەوکاتەو... ، چۆن بە دەڕۆژ چەکیان گەیاند، پلانی هێرشیان دانا، مەشقیان بە پێشمەرگە کرد، مەگەر هەمووشتەکان، وەك ناڕاستەکانی ئەوان: هەر بە گوتن و نووسین، ئامادەکاری بۆ کرابێت. نەمان زانیوە گەراجێکی باش نەك فڕۆکەخانەیەکی نێو دەوڵەتی ئەو کاتە لە بناری هەندرێن و هەڵگورددا هەبووبێت، مەگەر لە ژێر زەوییەوە پردێکی ئاسمانی ئەفسانەیی لەنێوان کورد و ئیسرائیلەوە هەبووبێت و جیهانیش ئاگادار نەبێت؟

127 - دزەیی، ل ١١٨-١١٩.

128 - دزەیی، ل ١٣١.

129 -نووسەر.

130- لە ساڵی ١٩٣٧ لە ڕواندز لە دایك بووە، دەرچووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدایە، پەیمانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە مۆسکۆ بڕیوە، لە ساڵی ١٩٦٩ بووەتە ئەندامی لێژنەی هەرێمی کوردستان- حیزبی شوعی) وەك پێشمەرگەیەك بەشداری لە داستانی هەندرێن کردووە،تاکو ئێستایش زۆر هێمن و وریا و لەسەرخۆیە، ئێستا لە هەولێر دەژیەت.

هاملتۆن (هەولێر — حاجی ئۆمەران) بگرێت، کە لە ئەنجامەکەیدا کوردستانی دوولەت دەکرد و ڕێگای نێوان ئێران- عێراق (خانە — حاجی ئۆمەران)یش بگرێت. لە کاتی هێرشەکەدا ئێمە بیست پێشمەرگەیەك وەك و چاودێر لە هەندرێن (لووتکەی مام برایم بەرامبەر گەلی عاسێ و...) بووین، بەڵام لە بناری هەندرێندا چەندین پەل و لق و بەتالیۆنی پێشمەرگە لە (چنێراوە، میراجیان، وارەکۆن، بەرسرین، پردی حافیزی) هەبوون.

ڕێزداران فاخیر مێرگەسۆری، عیزەت سلێمان بەگ[131] سەرکردەی هێزەکەبوون.

بە دەنگۆی، دانوستانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەگەڵ بەغدا (هەوڵەکانی عەبدولڕەحمان بەزاز بە ناردنی زەیدی ئەحمەدە فەندی بۆ وەستاندنی جەنگ لەلایەك، بەبۆنەی ئاهەنگەکانی جەژنی ئایار و ژن گواستنەوە[132] لە دەربەندی رایات و سەیرانکردنی ناوچەی باڵەکایەتی لەم وەرزە دلگرەدا، زۆرینەی هێزی پێشمەرگە بە بەرپرسەکانیشەوە پەرتەیان کردبوو. حکوومەت هەڵەکەی قۆستەوە، لە شەوی ٢-٣/ ئایاردا هێزێکی ملەوەز لە هێرشێکی کتوپڕی سوپا و جاشە پاتەخۆرەکاندا، چەندین شوێنی گرنگیان لە هەندرێن داگیرکرد[133].

بارەگاکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد (بارەگای بارزانی) ئاگادارکرانەوە. بارزانی زۆر دلگران بوو، بە پەرۆشەوە ئامادەیی بۆ ناردنی هیزی پتر وخۆ ئامادەکردن بۆ دژە هێرش دەربڕی.

ڕێزداران عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵە و فاخیر مێگەسۆری، پێشڕۆی سەربازیی کەمال نەعمان سابت خەلکی بەهرۆز- دیالەیە. مونیر یەعقوب عەسکەر عەنکاوەیی، من (حاجی مەلا سەعید) و چەندین شارەزای ناوچەکە و لێزانانی سەربازی خۆمانە لە نزیکەوە بارودۆخەکە هەڵسەنگێندرا. وێنەیەکی روون کەوتە ژێر دەستی سەرکردایەتی، پلان داندرا، هێزی پیادە و هاوەنی سێ گرێی ئامادەکرا، تۆپخانەی شۆڕشیش بە تۆپی (١٢٠) ملم لە بناری هەندرێنەوە، کە لەژێر سەرپەرشتی جێدار: خدر (نەعمان سلێمان ئەلتەمیمی) بوو، رۆڵی دیارکرابوو. لە و کاتەی بەغدا بۆ پترچوونە پێش و گرتنی رێی هاملتۆن پەلامار لە دوای پەلامار، بە فرۆکە و تۆپ و

131 - فەرماندەی هێزی دەرگەڵەبوو، باوکیشی دۆستێکی نزیك و یاوەری بارزانی نەمر بوو، لە دوای کوژانەوەی شۆڕشی مەهاباد.لەگەڵیدا چووبووە سۆڤیەت.

132 - گواستنەوەی کچی مستەفا سلێمانی لەدەربەندی رایات، بۆ جێدار ریاز (ئەفسەرێکی عارەبی بوو).

133 - پێشتر جۆر و قەوارەی هێزەکە باسکراوە.



مووشەك و هێزی پیادە و سوارەی سەربازی لە شەڕێکی دەستەویەخەی زۆر خوێناویدا، دەیەویست چیای زۆزك (بەرامبەر هەندرێن) داگیربکات، ئیدریس بارزانیش فەرماندە و سەرپەرشتیاری شەرگەکە و بارەگایەکی لە (کۆسپێ سپی) بوو، حاجی بێرۆخی و مستەفا نێروەیی و مام وسوو و چەندین سەرکردەی دیکە لە بەری زۆزگەوە لە شەڕدابوون. زۆربەی پاتەخۆرەکان لە هەندرێن کشاندرابوونەوە، زۆرینەی هێزی سەربازی لەناو سەنگەرەکاندا مابۆوە.

لە دیاریکردنی چرکەساتی دەستپێکی دژەهێرشەکەدا رەچاوی ئەوەکرابوو: زۆرترین سەرباز لە مۆڵەتدابن. کاتەکەی وەهابێت کە فرۆکە (لە فرۆکەخانەی کەرکوکەوە دەهات) تێیدا زۆر کاریگەر نەبێ. لەناکاوڕا هاوەن بارانی سەنگەری سەربازەکانی هەندرێن. بۆ تۆقاندن و برینی رێگەی بە هاناوەچوونی سەربازی دیکەیش بۆ هەندرێن، بناری چیایەکە و دەشتە دیانە و ملتۆك و سەربازگەی کاولۆکان، لەلایەن تۆپخانەی شۆڕشەوە— تۆپباران بکرێن، لە ئەنجامدا جێداری تۆپەوان خدر بریندارببوو. بەر لە هێرشەکە بڕیاردرا چل خۆبەخش وەك سەرە نێزە، دەستەی پێشەوەی هێرش بن، بیست جەنگاوەرێکیش هێلی دووەم: پاشە و پشتگری پێشەکە دیاربکرێت، بەڵام هەموو پیشمەرگەکان (بەتایبەتیش هێزی باڵەك و دەرگەڵەییەکان) بە مکوڕییەوە دەیانویست ئەوان سەرە نێزەبن، بگرە چەند پێشمەرگەیەکی بێ چەکیش بۆ نموونە: (عومەر مستەفا ئەحمەد رواندزی کە خوێندکارێکی کۆلێژی ئاداب و عەولا ناوێك (لە خەزوورانی فاخیر مێرگەسۆری بوو) بەشداربوون.

گوندنشینانی ناوچەکە وەك خەلکی وەرتێ و... بە چەك و خۆراکی خۆیانەوە خۆبەخشانە لە شوێنی جیاجیای هەندرێندا بەشداری شەڕەکەیان کرد.

لە ١٢|٥|١٩٦٦دا، سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمن و دەوروبەریان هاوەن باران کرا، لە سەرەتای هیرشەکەوە سەنگەرەکان راستەوخۆ پێکران. هێزی پەلاماردان ملی نا. ورە بەرزی و سۆزی سەرکەوتن بووە هۆی ئەوەی هێزەکەمان پابەندی پلانەکە نەبێت و گەلێك لە و شوێنەوە تێپەڕێت کە نەخشەی بۆ داندرابوو. زیانمان. سێ شەهید (عەریف سلێمان عەزیز، خدر عەولابەگ، سالح مام ئەلیاس) و چەند برینداریكی سووك بوو.

کەپکە (موو) ئازادکرایەوە، دوو بەتالیۆنی[134] هیزەکەیش[135] کە لەسەر چیابوون، ئەوەی کوژرا ئەوەی دیکەیش پشتیدا و بەڕاکردن وەك حوشتری رەوییەوە شۆڕبۆوە، بەتالیۆنی

134 - فەوجی

135 - لیوایەکەیش

سێیەمی هێزەکەیش کە لە خوارەوەی چیابوو، ئەویش لە ترسانا حەجمانی بڕا، هەترەشی ڕژا، خۆی بۆ نەگیرا، ((بوو بە هەڵێ هات)) سەربازگەکەیان چۆلکرد. دواتر سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لە (کانی گوێزەوە) سەرکەوت و وێنەی سەرکەوتنەکانیان گرت. شایانی گوتنە، جوو نە لە نزیك و نە لە دوورەوە هیچ پەیوەندییەکی بە داستانی هەندرێنەوە نەبووە. شیکەرەوەکانی سەربازی عێراقی پاساو بۆ شکانی خۆیان دادەتاشن. عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری ئەوکاتەی عێراق دەڵێت ((معركة هندرين لغز لم يحل)) شەڕی هەندرێن مەتەڵێکی وەڵام نەدراوەیە))[١٣٦] .

پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، چەکداران و سەرانی ئەو کاتەی حیزبی شوعی عێراق، بزاڤی ئازادیخوازی کوردی بەگشتی شانازی بە سەرکەوتنەکانی شەڕی هەندرێنەوە دەکەن [١٣٧]، کەچی سالار سیلەی ئەمڕۆ کە لەوکاتەدا مێرد منداڵێکی بەغدایی بووە،

---

136 – حاجی مەلا سەعید بەشدار بووی بەرگری کردن و دژە هێرشەکەی هەندرێن.

137 – هەرگیز ویستمان نەبووە بەشداری لە ململانێی نێوان لایەنە کوردستانییەکاندا بکەین، چونکە هەمیشە لە بارودۆخی نەمەیودا بە خۆ کوێرکردنی دەزانین. بەڵکو بەرهەڵستکاری میانڕەوی، ڕووی دوژمنانی گەلەکەمان و دژی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەین. هەر بۆیەشە وەك هەواداران، لەبەر ململانێی ناوەخۆ ئاگام لە هێرشی گورگە گەلی دەوروبەر نەبڕاوە!

هەر کوردێك نالێم هەر دوژمنە کوردێك، چونکە کە گوتت دوژمن ئیدی دەبڕێتەوە، گۆڤارێك، چاپکراوێك بخوێنێتەوە کە لە حەوت وتاراندا هەشتی جنێودان و ڕەشکردن و ڕەشکردنەوەی ڕابردووی گەل و سەرکردە ناودارەکانی خۆی بێت، ئەوا خۆی دەبرژێنێت، چاوی هیوای کز دەبێت، خۆڵ لە چاوی هاوتوخمان و هاوڕەگەزانی خۆی دەکات، دەرفەتی ئەوەیان نادات ڕووی تاڵی دوژمن ببێنن.! لەم جۆرە کەشوهەوایانەدا ئەگەر هەوری هەولەکە بلاچەیەکیش بدات، ئەوا تیشکی ڕەش دەبێنین، چونکە ئارداوێژ و هەڵاوەی دەمیان، هەڵمی چڵماوی لووتیان، چڕدەبێتەوە و دەبێتە هەورێکی ڕەشی چڵکن، سك لە زەوی دەنێت و شۆڕابە دەبەستێت، ڕێژنەی خۆێن و خویزاو، تەرزەی کێم و کلۆی بریوانی چڕ و پڕ بەدەم زریانەوە دادەبارێنێت، بەڵام ئەگەر لە بڵاوکراوەیەکدا: لە پازدە بابەتدا: پێنجی چاوکردنەوەی میللەت و جیهانبینیی، چواری ڕێنوێنی ناسینی دوژمن، سێی ڕەخنە لە پێناوی پێشکەوتن، دووی هاندان بۆ یەکگرتن و یەکێکیشی سپی بێت، ئەوە بەگەلەوە، لەبری شەڕەکەڵ، ڕووبەڕووی گەلە گورگان دەبینەوە. لەبری یەکدی خستنە چاڵ، ڕووە و ئاسۆ هەنگاو دەنێین و وەك سپیەچناری شاتانی دۆڵی قووڵ هەموومان، بە کۆز، بەرز هەڵدەچین. هەرچەندە



دەیەوێت بە پەلارێکی کوێر و هەڵبەستەیەکی ڕووتوڕەجاڵ، ئەو سەرکەوتنە مەزنە لەبار ببات، بە گوتە ئامادەکراوەکانی عروبی شۆفینی و دوژمنی کوردان د.فازل بەڕاك و هاوبیرانی پاساو بۆ دۆڕاندنی تاڵ و تێکەوتنەکانیان دەدۆزنەوە. وەك هەمیشە دۆڕاندنەکانیان دەخەنە ئەستۆی جوو و ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، بە ئاسانیش مەتەڵە گرانەکان هەڵدێنن!

پێشتر گوتمان عارەب و جوو لە ڕەسەنی سامیین. لە دێرزەمانەوە پسمام و دۆست و دراوسێی و حەز و ناحەزی یەکدین. زۆرینەی عارەب بەتایبەتی سەرەکانیان، بە ڕووخساری موسڵمانانەیان، خۆیان بە دوژمنی جوو دەنوێنن، بەڵام هەر هەمان زۆرینەیان لە ژێرەوە لەگەڵ تەلئەبیبدا ڕێك و لێك و پڕپێکن. لەم ساڵانەی دواییدا، بە ڕاشکاوی پەیوەندییان هەیە و ئاڵاکانیان بە یەکەوە دەشەکێتەوە، سەر بە ماڵی یەکدی دادەگرن و لە پێویستیدا داوای دەستگرتنی یەکدیش دەکەن. ڕاستە پەیوەندییەکانی نێوانیان هەڵکشان و داکشان و گرژی و خاوی و ئاڵۆزی تێدایە، بەڵام لە کۆنەوە تاکو ئێستایش، ناوە ناوە دانوستان و خوانێك کۆیان دەکاتەوە، کەچی بۆ کورد هەر ئاوازە نشازە کۆنەکە دەژەنن، کورد بە دۆستی جوولەکە و کارەکەری ئەمریکا و کرێگرتەی خۆرئاوا دەنوێنن.

سەرۆك کۆمار و فەرماندەکانی نەتەوەیەکی ڕەسەنی خاوەن ژیار، لە هەزارەی ڕابردوودا تاکو ئێستایش خۆشی لە خۆ نەدیو، هەر هێند گەلناسن تا دەگەنە کورسی دەسەڵات، ئیدی

---

دوژمنانمان لە ناخی دڵەوە دژیەکن، بەڵام بۆ خواردن و بنەبڕکردنی ئێمە برای تەبا و باوکبرای گەلێك کۆکن، ئێمەیش کە لەناوخۆماندا چەندین ماڵ و چەندین باڵی دڕدۆنگین، بۆچی لە بەرامبەریاندا یەك دندووك و یەك چڕنووك نەبین؟. لە ساڵی (٢٠٠٨)دا لەگەڵ شاندێك سەردانی گلکۆی مۆسۆلینیمان کرد، ئێمە لە شوێن خۆمانەوە، هێندە ڕکی کوێرانەمان لە و پیاوە ناوەزڕاوەیە،ئەکەر گۆڕەکەیشی هەڵتەکێنین هێشتایش ئۆخەییمان نایەت. گلکۆیەکەی وەك مەزارێکی ڕێزدار، زۆر بەرێکی ڕاگیرابوو، چەندین چەپکە گوڵە گەنمیشی لەسەر داندرابوو. پرسیم " ئەم وشییە گەنمانە چی دەگەیەنن؟ کابرای ئیتاڵی: ئەم سەرکردەیە گەلی هەژاری ئیتالیای تێر نان کرد. گوتم "ئەدی ڕەگەڵ هیتلەر نەکەوت؟ جیهان و گەلی ئیتالی بە کوشت نەدا؟ بە سەر ساردییەوە گوتی: لەمەیاندا هەڵەی کرد!!. ئەمەیە ڕۆشنبیری و مرۆڤ پەروەری و نەتەوە ویستی و نیشتمانپەروەری. ئێمەیش لە جنێو و تەشەرە و ڕشانەوەی: ناپاك بوو...گەل و نیشتمان فرۆشبوو... نۆکەر و سەرکاری ناحەزانبوو... خۆپەرست و ... هەرگیز چاومان چاکەیەك و گەورەییەکی گەورەکانی خۆمان نابینێت... دوای نەمانیشیان هەر بەدوای سووکایەتی و لەناوبردن و ناو لەکەدارکردن و زەلیل و زەلیل کردنیاندا دەگەڕێین. ئایا بەمە مێژووەکەمان پرشنگدار یا خۆمان ناودار دەکەین؟

بۆخۆیان بە درێژایی تەمەن و بۆ کوڕ و نەوەکانیان وەك ((شار شارۆکەی)) منداڵان گڕی دەدەن و بە ئامانیٚ خودایش بەری نادەن. لەکام دیموکراتی و سیستەمی دەبل دیکتاتۆری جیهانی ڕۆژهەڵات و خۆرئاوادا هەیە، کەتەیەك کۆشکی کۆماری تاپۆ بکات، پەنجا ساڵ ببێتە سەرۆك کۆمار، تا نەکوژرێت، یا نەمرێت، یا بە کوتك لانەدرێت لە کورسییەکەی نەیەتەخوارەوە؟ نموونە: حەبیب بورڕقێبە- سەرۆك کۆماری تونس، حافز ئەسەد و بەشاری کوڕی لە سووریادا، یاسر عەرەفاتی فەلەستینی، سەددامی- عێراق ، قەزافی و سەیفی کوڕی لە لیبیا، حوسنی مووبارەك و جەماڵی کوڕی لە میسر، عەلی عەبدوڵڵا سالحی یەمەن...

لەم ساڵانەی دواییدا، میرێکی عەرەب لە وڵاتێکی کەنداودا، بەسەردان چووبووە دەرەوەی وڵات، کوڕە جێگرەکەی لە شوێنی ئەودابوو، بەر لە گەڕانەوەی باوکی، کورسییەکەی زەوت کرد و رایگەیاند نایەوێت باوکی جارێکی دیکە پیٚ بنێتەوە خاکی وڵاتەکەی[١٣٨] ...

سەرۆکەکان گێرەی کونجرکان بە میللەتی هەژار و برسی دەکەن. دارودەستەیش بۆ هەرمیشکی[١٣٩] خۆیان بە سەریاندا هەڵدەڵێن، وا لە خۆیان و خەڵکەکە دەگەیەنن ئەم سەرکردانە نێردراوی ئاسمانن، دەست لە دەسەڵات هەڵگرن کەشتی وڵاتەکەیان نغرۆ دەبێت، هەمیشە ئیسراییل و ئەمریکا و سەرتاپای خۆرئاوا، دژی نیشتمان و نەتەوەیانن، ڕێگری پێشکەوتن و دوژمنی پیلانگێڕی کۆنینەی ژیار و ئایینیانن، ڕۆژئاوا لە ترسی رابوونەوەی ئەوان زراوی رژاوە و ئارامی بڕاوە و حەجمانی نەماوە. هەر چەوساوەیەکی وڵاتانی خۆیانیش، نووزەیەکی لێوە هات، یەکسەر کۆنە سیناریۆکەیان لێدەدەنەوە، دەنەڕێنن: تیکدەرە، خوانەناسە، پیاوی جووە و دەستی خاوەرزەمینە. سەیرەکە لەوەدایە خۆیان و گەلەکەیان ئەم راستییانە دەبینن و دەشیانەوێت چاوی خەڵك ببەستن!

ئەگەر گەلانی عەرەبیش وەك نەتەوەکانی دیکەی سەر رووی زەوی سەرهەڵنەهێنن و رانەچڵەکن و رانەبن، بە راپەڕینێکی یەك دەستی سەرتاسەری و بەهێزی زەمینلەوزەو

138 - تاکو ئێستایش باوکە لە هەندەران دەربەدەرە و کوڕەیش میرە، پەیوەندیشی لەگەڵ جوودا لە سەرووی نایابەوەیە، بە راشکاویش دەستی یەکدی دەگرن، کەچی ئەویش ناوە ناوە دەڵێت "کورد بەردەستی جوون". ئینجا وەرە وانەکی بگرە و دەستنوێژت نەشکیٚ!

139 - تێکوشەی ئەستوورکی گەرمی کوردی لەناو کەرە (نوێشك)دا. نان و ڕۆنی کوردی.



بەتەوژمی تسۆنامییەوە، تاج و تەختی سەرکردەو بنکردەکانیان سەرانگێو نەکەن، گەرەکە هەر سەردوولکەی بەسۆز بۆ رابردووی شکۆداری لەدەستچوویان بلێن و بلێینەوە.

جیهان گەواهیدەرە، کە لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٧)دا لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان عارەب و جوودا، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد وەك موسڵمانی بڕوادار، یەك لایەنە ئاگربەستی راگەیاند (هەرچەندە چاودێرانی سیاسی ئەم کردارەی کوردیان بە دۆڕاندنی دەرفەتێکی زێڕین دانا). بە هەموو سوپا و فەرماندە سوپەرمان و پاڵەوانەکانی عارەبانیش، نەیانتوانی تاکە یەك حەفتە بەرگەی جەنگی جـــوو بگرن. بەڵام بە دەیان ساڵ پاساو دەدۆزنەوە و هەزار و یەك شەویش چیرۆك هەڵدەبەستن.

نووسەری فەلەستینی، جۆرج کتن دەنووسێت ((عەرەبەکان، بە تایبەتی سەردەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکەیان، بە شەبەنگە جیاجیاکانی نەتەوەیی و چەپ و ئیسلامی، هێشتا لە و سەردەمە دوورن و زۆربەیان جیهانگەری رەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەمە هۆکارێکە ئەمریکا دەیەویٚ لە ڕێگەیەوە دەست بەسەر ناوچەی عەرەب دابگرێت و سەرلەنویٚ داگیر و تاڵان و پارچە پارچەی بکاتەوە، یا بیداتە دەست ئیسراییل... نەتەوە پەرستیش بووەتە: ئامرازێکی رەگەز پەرستی، ئەرکەکەی لەناوبردنی خەڵکانی دیکەیە، یان بەزۆر کۆچپێکردنیانە... دەردی عەرەب دوو سەرەیە: لە لایەك بە دەستی رژێمە سەرکوتکەر و بۆگەنەکانەوە، لە لایەکی دیکەش بە دەستی سەردەستەکانیانەوە کە هێشتا لە بۆتەکەی ئەو بیروبۆچوون و چەمکە کۆنانە دەرنەچوونە کە سەردەمیان بەسەرچووە...)) [١٤٠].

((لە ٨ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣)دا کە پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بە کودەتا دەسەڵاتی لە بەغدا گرتە دەست، لە رۆژئاوای کەرکوك و مەخموور و کەندێناوەدا کەوتە دەرکردنی کوردان و خێڵە عەرەبەکانی لە دەرەوەی ناوچەکەدا، دەهێنا و لە شوێنی کوردانیدا نیشتەجێدەکردن.

سیاسەتی بە عەرەبکردن تاکو ئێستاش نەوەستاوە، نازانم! بۆچی ئەوان لۆمەی ئیسراییل دەکەن، کە عەرەب لە گوندەکانیان دەردەکات؟ لە کاتێکدا ئەوان کاری لەمان دزێوتر دەکەن!؟))[١٤١]

140 - کتن، جۆرج - و. بەهرام محەمەد. کورد عەرەب شۆفینیزم ، ل ١٣-١٥.

141 - دزەیی، ل ١٦٠.

## ڕێککەوتننامەکەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠:

((سەرۆکی پێشوو سەددام حوسێن، ئەو کاتە جێگری سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، ڕۆڵی گرنگی لە ڕێککەوتنەکەدا دیت. ئەم یاسایە مافێکی ڕۆشنبیری و خۆبەڕێوەبردن و دەستووری فراوانی دایە کوردە عێراقییەکان، لە کاتێکدا کوردانی وڵاتانی دیکە قەدەغەبوو بە کوردی قسە بکەن...))[١٤٢]

مەبەستی ژێرەوەی ئەم داڕشتنە ڕاستبێژە! : هەڵنانی سەددامی چاکیار و پاکنیاز و دەرخستنی سپڵەیی بێ ئەمەکی کوردی عێراقە. خەڵکی ناکوردیش وا تێدەگەیەنێ کە سەددام ئەم مافە فراوانەی نەك لە ئەنجامی جەنگ و دانوستان، بەڵکو لە مرۆڤایەتی خۆیەوە، بەخێر بە کوردی بەخشیوە!

((ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، هەموو شتێکی لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا یەکلا نەکردەوە. زۆر لە کێشە بنەڕەتییەکانی: بابەتی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی دەزگاکانی حوکمی زاتی و وەزعی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە جێ هێڵدرابوون بۆ دانوستان. بڕیاردرا کە لە ماوەی چوار ساڵ گفتوگۆ لەسەر کێشە و وردەکارییەکانی نێوان کورد و حکوومەتی عێراقدا بکرێت و پڕۆژەی حوکمی زاتی گەڵاڵە بکرێت. تاکو کورد لە سنووری کوردستاندا ئیدارەی حوکمی خۆی بکات.[١٤٣]))[١٤٤] .

لە ١٧|٧| ١٩٦٨ بەعس بە کودەتایەکی دیکە، عەبدولڕەحمان عارفی وەلانا و جڵەوی دەسەڵاتی عێراقیی گرتەوەدەست. وای نواند کە: بەخۆی دادەچێتەوە، پەندی لە هەڵەکانی ڕابردوو (١٩٦٣) وەرگرتووە. دووبارە داوای گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کردەوە، کوردیش نیازی ئەوانی دەزانی، لەگەڵ هەندێشدا وەك ئاشتیخواز و گەلحەز و

142 - الحمدانی، ص ٣٨.

143 - تاکو ئێستایش سەرانی بەغدا هەمیشەو بێ پەروا، کە بگاتە بەندەکانی باسی سنووری کوردستان، کوردییەتی کەرکوك، یەکلایی کردنەوەی ناوچە تێکەڵاوەکان، دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم، بەشە بوودجەی هەرێم و نەوت ،هێزی پێشمەرگە و ئاسایش، بەهۆی نیاز ڕەشیانەوە، بەر چاویان تاریك دادێت، هەزار و یەك بەڵێنان دابێت و دووهەزار ڕێککەوتننامەیان دەربارە مۆرکردبێت، ئەوا بەبیانوو و بێ بیانوو، هەمیشە لێی پاشگەز دەبنەوە، چونکە نایانەوێت کێشەکە بە چارەسەرییەکی مرۆڤانە یەکلایی ببێتەوە.

144 - ڕەسووڵ، ل ٢٩.



نیشتمانپەروەر، بۆ هەنجەتبڕینی ناحەزان و پشووێکی ڕەشوڕووتانی کوردستان، بە (چاکە) وەڵامی دانەوە، بەڵام هەر هێندە گوڕاحیان خۆشبۆە و دەستیان هاتەوە بەرخۆ، بە جەربەزەییەوە کەوتنەوە جەڕپاندنی زەبروزەنگ و هێزی سەربازی...

کورد کوشتن، کوردستان وێرانکردن، سووتاندنی تەڕ و وشك، مەرگباراندن، تۆقاندن، بەعارەبکردن، بەوپەڕی دڕندایەتییەوە ئەنجامدران، بەڵام کە شلوکوت وەستان، هیوابڕاو بوونەوە. ((لە دوا دوایی ساڵی (١٩٦٩)دا کەوتنەوە دانوستان، لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی کورد دیسان بڕوای بە ئەنجامی دانوستان لەگەڵ بەعسدا نەبوو، شای ئێرانیش بەڵێنی چەوری دابووە سەرکردایەتی کورد، ئەگەر لەگەڵ بەغدادا ڕێك نەکەوێت.! بەڵام بارزانی سەربەخۆیی شۆڕشی کورد و نیشتمانپەروەری ڕەچاوکرد و بڕیاری دانوستانی دا کە لە ئەنجامدا ڕێککەوتننامەکەی ١١/ئاداری/١٩٧٠ی لێکەوتەوە))[١٤٥] .

((لە ماوەی دانوستاندا لە شوباتی١٩٧٠دا سەددام حوسێن بەخۆی سەردانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کرد لە کۆشکی ئاشتی - چۆمان، چاوی بە بارزانی کەوت، دوای گەڕانەوەی، لە کۆشکی سپی لە بەغدا، بە پێکەنینەوە لە ڕووبەڕووی شاندی کوردیدا (کە منیش ئەندامێکی شاندەکە بووم) گوتی: سەردانی بارزانیم کرد، سوبحانەللا ئەوپیاوە بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەبوو کە بە ئێمەیان پیشاندەدا، ئەو پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و سادەیە.))[١٤٦] .

((ڕێککەوتننامەکە لە شەوی ١٠-١١/ ٣/ ١٩٧٠ واژۆکرا))[١٤٧].

## هەڵگیرساندنی جەنگی ساڵی ١٩٧٤:

دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵام ئێمە بۆ پاڵپشتی گوتەکانمان، بۆ مەبەستێکی جودا و دەربڕین بە شێوازێکی دیکە، لێرەدا ئەم دەقە مێژووییەی خوارەوە دووبارە دەکەینەوە، خوازیارین لێمان نەگرن.

145 - دزەیی، ل ١٨٠ و ١٩١.

146 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

147 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٩.

(( له ١١\٣\١٩٧٤دا، یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی باکوور[١٤٨] دەرچوو، بە پەسندکردنی ئەو بابەتانەی بەر لە چوار ساڵدا دەرچوو بوو[١٤٩]... بەڵام یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی ئێرانی و ئیسراییلی بۆ کورژکردنەوەی ڕۆڵی عێراقی گەشەسەندوو، هاوکات گونجانی لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[١٥٠]، عێراقی بینی کۆسپێکە لە ڕێگەی پڕۆژەی هنری کیسینگەر، کە خوازیار بوو زنجیرە ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی بۆ وڵاتانی عارەبی دراوسێی فەلەستین ئەنجام بدات، ئەوان بینیان کە دەست خستنە نێو کاروباری ناوەخۆی عێراق بە تایبەتی بە هەرەسهێنانی پڕۆژەی خۆ بەڕێوەبەری کورد، کۆتێکە ڕۆڵی عێراق سست دەکات. کارەکان ئاڵۆزکران، مەلا مستەفای سەرکردەی کورد پڕۆژەکەی

١٤٨ - تاکو ئێستاش ڕەگەزپەرستی و توندڕەوی نایەڵێت (براکانمان!)، بە چاوی سەری خۆیانەوە، باری ئێستای کوردان ببێنن، وشەی کوردستان بەسەرزمان و لە ژێر نووکی قەڵەمیانەوە دەربچێت.!

149 - کامە بابەت!؟ لە قسەی سەر کاغەز و بەرپێنەگرتن و دەست وەشاندنی لە دواوە، بەملاوە چ دەستکەوتێك دەستی کورد کەوت؟ کورد دەیەوێت دەستکەوتی سەر زەوی بە بینین و بە کردار بخوێنیتەوە، نەك نووسراوی سەرکاغەزی فریودان!

150 - نازانم چۆن و تاکەی، هەندێك کەس، بەتایبەتیش سەرگەورەکان، بڕوا بەخۆیان دێنن کە ئەگەر لە هەر شوێنێك ساتمەیەکیان کرد، ئەوە پلانی جوولەکە و ئەمریکا و ئینگلیزە!. (دووماسی لە قووڵایی زەریاوە ناتەبابن ئەوا دەستی ئینگلیزی تێدایە!)... ئەگەر لە هەنگاوێکیشدا بەخت یاریان بوو، ئەوا زیخی و زۆرزانی خۆیان و پیرۆزی ڕێبازیان و ڕەسەنایەتی ڕەگەز و مەزنایەتی دێرینیانە؟ کە سەرانی ڕژێم بە (سەددام، عەلی کیمیایی، بارزان تکریتی، مەزبان خدر هادی، تەها یاسین جەزیری، سابیر دووری و...) یەوە، لە دانیشتنەکانی دادگایی کردنیاندا، لە بەرامبەر دادگای باڵای تاوانەکان، لە بەغداکەی خۆیان، کە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە پەخشدەکرا، بۆ وروژاندنی سۆزی نەتەوایەتی و هەستی موسڵمانانییەتی و دەروونی پاکان و باوەڕدارانی ساکار و نائاگا، جلی عارەبانیان دەپۆشی، قورئان بە دەستەوە، ئایەتیان دەخوێندەوە. خۆیان ستەملێکراو و بێ تاوان و نائاگا دەنواند. کیمیاباران و قڕ و بنەبڕکردنی کوردانیشیان دووبارە دەخستەوە ئەستۆی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکاوە!. وەك بڵێی ئەوان سەر ڕاستی دڵپاکن، بگرانیشیان حەزیای حەوت سەر!. لە ڕاستیشدا، لە هەر کون و کەلێن و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە پەژارەدارەدا، مارێك گازێکی گرتبێت، ئەوا کەڵبە و ژەهرەکەی هی ئەوانە. خۆشیان ئەمە لە ناخی ناخیانەوە زۆر چاك دەزانن!.



ڕەتکردەوە[١٥١]، لە و کاتەدا سەرکردایەتی عێراق لە پێناوی پاراستنی یەکیەتی خاکی عێراقدا لە ١/٤/١٩٧٤دا، ئاگاداری هێزی چەکدارمان و کوردە خۆبەخشەکانی سەر بە میری لە خێڵەکانی... کردەوە: کۆتایی بەم یاخیبوونە گەورەیە بێنن کە مەلا مستەفا لە باکووری عێراقدا سەرکردایەتی دەکات[١٥٢]...))[١٥٣]

((مێژوو و ڕووداوەکان ئەوەیان سەڵماندووە کە هێچ حاکم و حکوومەتێکی داگیرکەری کوردستان بە ویست و ئارەزووی خۆی دانی بە مافی گەلی کوردستان نەناوە... هەرکاتێکیش گفتوگۆیان لەگەڵ کورددا کردبێت، لە بڕوابوونیان بە مافی کوردەوە نەبووە، بەڵکو شەقی زەمانە ناچاری کردوون، یاخود بەرژەوەندییان لەوە دابووە کە گفتوگۆ لەگەڵ کورددا بکەن، گفتوگۆی ساڵەکانی:

( ١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٦٨، ١٩٧٠، ١٩٧٩، ١٩٨٤، ١٩٩١) هەموو ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەسەڵمێنن))[١٥٤].

151 - بەجۆرێك ڕاستی لەبەر ڕووداوەکان دادەڕنێت، وەك بڵێیت تاریکە شەوە و هیچ کەسێك لە ڕووناکیدا بەسەر، بەسەرهاتەکاندا نەهاتووە. وادەزانن هەرگیزاوهەرگیز جارێکی دیکە خۆر دەرناکەوێتەوە، لە ڕۆشناییدا نابیندرێنەوە، ئەگینا چۆن هێندە بە زەقی، ناڕاستی لە بارێکی نالەباردا دەکرێتە ناو تێڕکە و توورەگەی تۆمارگەی دیرۆکەوە!؟ وا دامان نا شەرم لە هیچ کەسێك و لە هیچ گوتەیەك ناکرێتەوە، بە ڕوو و ڕووخساریش بەزەیی بە کوردی دڕندە دانایەتەوە، ترسی خودا و لێپرسینەوەیش لە دڵدا نییە، خەڵکیش بە گێلەسەر و بێ گوێ لە سەر، دەزاندرێن! بەڵام هەر بۆ خاتری ڕەشنەکردنی مێژووەکەیان، ئەگەر کەمۆکەك سپیاتییەکی یا گورگەییەکی تێدا بەدیبکرێت، یا نەختۆکەك خۆڵکردنە چاوی خوێنەران، تاکو شتەکان هێندە بە ئاشکرایی نەبیندرێن، واچاکە پیچۆکەیەکی تێدا بیهێڵنەوە!.

بێچووەکانیان، بەتایبەتی نەوەی سەرگەورەکان، چاوی دڵیان کوێر و هزر و ویژدان سووتاوە، ئایینیش بۆ نواندن و چەواشەکاری نەبێت، نەیان ماوە. ئەم پەتا پیسە، دەروونی ڕۆژگار و ناخی دەغەرانی دەوروبەری ئێمەی تاریك کردووە، بەهیچ بەڵگە و بیرکردنەوەیەکیش لە لایاندا کاڵ نابێتەوە.

152 - الحمدانی، ص ٣٩.

153 - ڕەسووڵ، ل ١٨.

154 - ڕەسووڵ.

لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداردا، بەغدا بە زمان و بە نووسین بڕیاریدا، بەڵام ئەوەی بووە ڕێککەوتننامە، بە کردەوە ئەنجام نەدرا. هۆکارە ڕاستەقینەکانی هەڵگیرساندنەوەی جەنگی نێوان حکوومەتی بەغدا و شۆڕشگێڕانی کورد لە ئاداری **١٩٧٤** دا، کە یادداشتنووس، لە هەموو کەس چاکتری دەزانێت و دەیخاتە پەناوە:

١- **ئەوکاتە سەددام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش** و بریکاری ئەمینی ڕازگری حیزبی بەعسی عارەبی سۆشیالستی هەرێمی عێراق بوو، لە ناچاریدا، بە و نیاز و ئامانجە لە ٧٠/٣/١١دا لەگەڵ کوردان ڕێککەوت، بەڵکو ئەوەی لە جەنگدا بە خوێن بۆی نەلوا، لە سێبەری ئاڵای سپی ئاشتییەوە بیگەیەنێتە ئەنجام. سەرکردایەتی کوردیش وەك هەمیشە لەم نیازانەیان بێ ئاگا نەبوو، هەرچەندە بەغدا داوای مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کرد (بۆ دانوستان بچێتە پایتەخت و ژێر دەسەڵاتی ئەوان)، متمانەیان پێنەکردن.

نموونە: نامەیەکی سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکرکە تیایدا داوای سەردانی بارزانی بۆ بەغدا دەکات:

((نامەی بەکر بۆ بارزانی: بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. کۆماری عێراق. سەرۆکایەتیی کۆمار.

سەرۆك: برای ئازیز بارزانی هێژا، سڵاوێکی برایانە، هیوام وایە کە باشبیت. دوای چەند ڕۆژێکی کەم یادی (هەردوو تەمموز[155]) دێت و ئەو یادەش کە شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێکەوە کۆدەکاتەوە، شوێنێکی تایبەتی لای گەلی عێراق بە عارەب و کوردەوە دەکاتەوە، لێرەدا ئێمە وای دەبینین کە بایەخدان بەو یادەوە لە لای ئێمە کارێکی تایبڵێی گرنگە و دڵخۆشییەکەمان زۆرترە ئەگەر بتانفەرمووبوایە بەشداری ئاهەنگەکانی ئەو یادەتان لەگەڵ بکردینایە، ئەو یادەی کە هەلێکی لەباری تێدا دەبینین بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دیدوبۆچوون، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خەباتی گەلەکەمان لە پێناوی ئامانجە مەزنەکانی و چەسپاندنی بناخەی هاوکاری تێکۆشان لە نێوان هەردوو نەتەوەی عارەب و کورددا و هەربژین.

**براتان ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق. ١٢\٧\١٩٧٠. ))**[156].

155 - مەبەستی یادەوەرییەکانی ١٧ و ٣٠ی تەممووزە، ئەوان بایەخیان بە شۆڕشی ١٤ی تەمووز نەدەدا.

156 - بارزانی، مەسعوود، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ٤٤٤.



بکەچی بارزانی بۆ دەربڕینی نیازپاکی و پابەندبوون بە بەڵێنەکان، ئیدریس و مەسعوودی کوڕی و ئەندامانی نووسینگەی ڕامیاری پارتی ناردنە بەغدا. دواتر نیازی سەددام بە ڕاشکاوی دەرکەوت. لە ماوەی چوار ساڵەکەدا دووجار هەوڵی تیرۆری بارزانی دا بەڵام کەرك[157] بوو.

٢- **ڕژێمی بەغدا ڕەچاوی کردبوو ئەم چوار ساڵەی بۆی بە سوود وەرچەرخێت،** ئەویش ئەوەبوو: کورد لە ناوخۆیاندا (پێشمەرگە و لایەنگرانی بەغدا) بکەونە شەڕی براکوژییەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەیەیش کەوتە نانەوەی دووبەرەکی و دەست لەپشتدانی چەندین کەسایەتی و گرۆ و خێڵان، بەڵام لەوەشدا نەك هەر تێیدا سەر نەکەوت، بەڵکو چۆکاوچۆکیش کەوت.

دەکرێت بڵێین ئەوکاتە کورد لە ڕۆخی، یا لە ناخی بارودۆخی دۆزەخینی خوێنداری بوو. سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بە دووربینی و لێبووردەییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دۆخە مەترسیدارەکە کرد، کە لێبووردنی گشتی دەرکرد. ((پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە دوای ڕێککەوتننامەکە کۆنگرەی هەشتەمی لە ناوپردان — چۆمان، لە ١٩٧٠/٧/١دا لەژێر دروشمی (ئاشتەوایی و یەکیەتی نیشتمانی) لە ناوپردان بەست[158] .

ڕیزەکانی حیزب و پێشمەرگەی ڕێکخست و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیشی پتر یەکخست، گەلی کوردستان گەلێك تەبا و پڕ تەڤاتر و یەکگرتووتر دەرکەوت! بەڵگەی بەردینی بەرچاویش: وەستانی یەکڕیزی گەلەکە بوو، لە پشت سەرکردایەتییەکەی و ڕووبەڕووبوونەوەی بەغدا بوو. ڕژێم لە داخانا چاوی پەڕییە پشتە سەری، وەك سەددام خۆی گوتەنی "خەریك بوو دارخورما لە تۆقی سەریدا دەربچێت". ئەم لێبووردن و ئاشتەواییە، نموونە و ئەزموونێکی بێ هاوتای جیهانی بوو، کەچی نیلسۆن ماندێلا، بیست سی ساڵ دواتر ئەمەی لە ئەفریقیای باشووردا دووبارە کردەوە و کرایە نموونەیەکی لێبووردەیی جیهانی سەردەم.

لە نامەیەکی دوور و درێژی سەددام بۆ بارزانی: سەددام بۆ دەسخەرۆدان، دان بە هەندێك ڕاستیدا دەنێت، ئینجا تێیدا دەکەوێتە گلەمەندی لە سەرکردایەتی کورد، کە لە میانییەوە نیازە شاراوەکانی و ویست و پەرۆشییەکانی سەرهەڵدەدەن:

"بەیاننامەی١١ی ئاداری مێژوویی، بەری گەلێك قوربانیی تاڵ و ئەرك و ماندووبوونی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان بە عارەب و بە کوردەوە بوو، ئێوەیش ڕۆڵێکی بنچینەییتان هەبوو لە قورسکردنی

157 - بێ بەر بوو.

158 - دزەیی ل ٢٠٥.

بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی ئەوەی کە رووناکی بە چاوی خۆی ببینێ... چونکە تەنیا حکوومەت لە بەیاننامەی ١١ ئادار سوودمەند نابێت، بگرە سەرجەمی گەلی عێراق سوودمەند دەبێت...

رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا، کە سوارەکان[159] و جەماعەتی جەلال تالەبانی و پێشمەرگە زیادەکان لە و ژمارەیەی رێککەوتنی لەسەرکرابوو (شەش هەزار) ببنە پاسەوانی سنوور، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەمووومان بڵاوە پێکردن و لە ماوەیەکدا کە لە مانگێك تێنەپەڕی هەموو چەکەکانمان لێ وەرگرتنەوە (کۆکردەوە)... ئەی برا هەموو کارێك بە نیازە هەرکەسە و نیازی خۆی، بەڵام شوێنپێ نیشانەی پێدا رۆیشتنە...

کاتێك ئێمە پەیوەندی خۆمانیان لەگەڵ دەپچڕێنین، تۆ بانگیان دەکەیتە گەڵاڵە و پارە و چەکیان پێ دەدەیت و لە خۆتیان نزیك دەکەیتەوە...

لەبارەی سەرفکردنی هەندێ پارە بۆ محەممەد رەشیدلۆلان و جەلال تالەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و جەماعەتەکەیان، بە سیخوڕی و بەد رەوشتی تومەتباریان دەکەیت، کەچی لەم ماوەیەی دواییدا گوێبیستی ئەوپێوەندییانە دەبین کە لە نێوان ئێوە و جەلال لە عێراق و لەندەندا هەیە، بۆ قەناعەت پێکردنی تابگەڕێتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. برا هەموو ئەمانە چۆن لێك بدەینەوە...

برام، باوکی ئیدریس! هیوادارم قسەکانی من وا تێنەگەن کە ئێمە دژی دڵ ساف بوونەوە و دژی بیرۆکەی یەکگرتنی کورد و کۆتایی پێ هێنانی رك و کینەین لە نێوانیاندا... بەڵام نارەزاییەکەی ئێمە لەسەر ئەو جیاوازییەیە لە نرخاندن و هەڵوێستدا... سیخوڕ و بەکرێگیراو و رەوشت نزمك، کاتێك لەگەڵ دەسەڵاتدان، کە ئێوەیش بەشێکن لە دەسەڵاتەکە... دوای ماوەیەکیش کاتێك ئێوە لێی رازی دەبن کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزە...))[160] .

یەکگری کوردان لە بەرگریکردنەکەی ئاداری ٧٤-١٩٧٥دا، لە نسکۆی ئاداری (١٩٧٥)یشدا بەڵگەنەویستبوو: دەیان هەزار کەس بگرە هەزاران و دەیان هەزار خێزان و تاکی چەکدار و بێ چەك، رەگەڵ شۆڕش کەوتن، دوای نسکۆش لە سنوورەکاندا لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەغدا بە ناچاری گەڕانەوە، یا بەرەو ئێران و تورکیا و ئاوارەیی هەندەران دەرکەوتن. نووسەر نکوولّی ئەمەی بۆ ناکرێت، بەڵام خۆی لە لیفەی تەڕی بێدەنگییەوە لوولداوە.

159 – فرسان صلاح الدین، جاشە کوردەکان، کوردانی لەگەڵ هێزی بەغدا دژی بزووتنەوەی کورد دەجەنگان. پاتەخۆرەکان.

160 – بارزانی، مەسعوود. بەرگی سێیەم بەشی دووەم ل ٤٤٨-٤٤٩.



دەڵێن ((هەن بە گوتنی هەق تەڵاقی باوکیان دەکەوێت!)) ئەم قسە نەستەقە لە دوورەوە، لە راست دەچێت، بەڵام کە بە کردار دەکەوێتە بەرچاوان، هزر دەگۆڕێت،

ستەمکاران، سەرلەبەر بە توانەوەیان لە نێو زۆرکاری و بێدایدا بیرو بڕوایان دەسووتێت، کە کەسانێك لە ناو تاواندا بە دووکەڵی سووتانی بڕوایان، دەر و ژووری دڵ و تەوێڵیان رەش ببێت، پەڵەیەکی سپی بۆ دەرمانیش تێیاندا نەمابێت، چۆنچۆنی رووناکی رابردوویان تێدا دەمێنێت؟

گوتراوە: گەڕخوازان، زمانیان بۆ گەڕنانەوەی کووکە و هەڵگێرساندن و گەڕی و گولی و گەنکاری نەبێت ناگەڕێت. ئەوان گشت شادی و شایی دونیایـــــــان تەنیا بۆ خۆیان دەوێت و هەموو شیوەن و ماتەمینیش بۆ خەڵك.

**٣-خاڵەکانی بڕیاربوو لە ماوەی چوارساڵدا بە گفتوگۆ یەکلایی بکرێنەوە:**

گێڕانەوەی کوردە دەرکراوەکانی ناوچەکانی مەندەلی، خانەقین، کەرکوك، شێخان، شەنگار. سەرژمێری گشتی تێدا ئەنجام بدرێت، لە ئەنجامی رێژەی زۆرینەی دانیشتوانی کە کوردبوون، بخرێنەوە سەر ناوچەی کارگێڕی خۆیەتی کوردەوە. حکوومەت نەك هەر ئەمەی نەکرد، بەڵکو هەر لەسەرتاوە کەوتەوە دەرکردن و راگوێزان و تۆقاندنی کورد و عارەباندنی ناوچەکان.

چەندین پەڵپ و بیانگەی زەقیان دروستکرد و کردنیانە بیانوو، بۆ پاشگەزبوونەوەیان لە پەیمان و بەڵێنەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە:

دەسەڵاتی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی..سنووری کوردستان، بودجەی ناوچەکە. چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشی دەڤەرەکەوە هەبوو.

((لە خاڵە ناکۆکەکانمان لەگەڵ سەددامدا: داننانبوو بە کوردییەتی کەرکوك و شوێنە راگوێزراوەکان و ناوچە تێکەڵاوەکان، بڕیاردرا لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێری بکرێت و بە پێی رێژەی دانیشتوان بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمە هەڵەیەکی گەورەبو و سەرکردایەتی کوردی کردی، نەدەبوو دوابخرێت...))[161] .

١٦١- دزەیی، ل ١٩٩.

**٤ – بەعس لە ساڵی (١٩٧٢)دا پەیماننامەی هاریکاری و هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکیەتی شورەوی بۆ ماوەی پازدە ساڵ مۆرکرد.**

لەگەڵ حیزبی شوعی عێراقی حیزبە کوردییە کارتۆنی و دەستکردەکانی[162] خۆی ((بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەتووخواز))ی دامەزراند و دژی داخوازییەکانی کورد وەستانەوە، داوایان لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش دەکرد، بە پێی مەرجەکانی بەغدا بچێتە ناو بەرەکەوە.

**٥- لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا** تابلێی رژێم چەکی زۆر و کاریگەر (فڕۆکە و کۆپتەر و تانك و زرێپۆش و تۆپ... هتد)ی کڕی و لەشکرەکەی خۆی پڕچەك و بەهێز کرد.

"کە سەفیری عێراق بووم لە چیکۆسلۆڤاکیا، فەرمانی گواستنەوەم دەرچووبوو، دەبوو لە **١٩٧٣/١٢/١** پراگ جێبێلم. لە هاوڕێ چیکۆسلۆڤاکییەکانمەوەم بیست: شاندێکی پایە بەرزی سەربازی بە سەرۆکایەتی سالار سیلە حەماددی شەهاب وەزیری بەرگری عێراق، لە بەغداوە بۆ چەك کڕین دێتە پراگ، منیش رۆیشتنەکەم دواخست. دواتر بۆم دەرکەوت کە عێراق ویستوویەتی من لە پراگ نەمێنم، تاکو ئەوان چەکێکی زۆر (فڕۆکەی سەربازی تایبەت بە ناوچەی چیایی، تۆپی دوورهاوێژ و زەبەلاح، نوێترین تانکی سەردەم، چەك و تەقەمەنییەکی یەکجار زۆر) دەکڕن و لە هەڵگیرساندنەوەی جەنگی داهاتوودا لە دژی کوردان بەکاری دێنن"[163].

**٦- ((دووەم خاڵی سەددام ئەوەبوو:** ئەو لەگەڵ پیاوی بەهێز، هەڵێنەدەکرد و دەرینەدەبرد، بارزانیش پیاوێکی تۆکمە و تابشتدار و پڕتوانا بوو، لە دوای مۆرکردنی رێککەوتننامەکە، سەددام هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی دا[164]... بەڵێ سەددام پلانەکەی داناو نازم گزاریش ئەنجامدانەکەی گرتە ئەستۆ))[165].

162 - ئەو کاتە پێیان دەگوترا حیزبە کارتۆنییەکان. چونکە سەرکردایەتییەکی بەرچاوی بێ بنکردایەتی بوون.

163 - دزەیی، ل ٢٣٩- ٢٤٠.

164 - هەرچەندە خەڵکێکی زۆر زراوی لە سەددام چووبوو، ئەویش لە ترسی مەلابارزانی تۆقیبوو. بۆیە بە مردووەتیش هەر لێی دەترسا و دەیەویست بە پەندی ببات. هەوڵی دزینەوەی تەرمەکەیشی لە کوردستانی ئێرانەوە دا. بەڵام لە تەرم دەرهێنان و تەرم دزینەوەشیدا هەر بەخۆی تێکەوتەوە. کەچی ئێستا سەرانی عروبی لە ناچاریاندا کڕنۆش بۆ گۆڕستانەکەی بارزان دەبەن. ئەوەیە شاپی راستویستی و گورزی رۆژگار.

165 - شربل، ل ١٥٩.



**((بەعس بەر لە مۆرکردنی رێککەوتننامەکەی یازدەی ئادار، زۆر شەکەت و کەم هێزبوو،** هەرئەوەتە خۆی لە رووی دوژمنەکانی راگرتبوو، لایەنی ئابووری داتەپیو، هێزی سەربازی ورە تەپیوی کەم چەك بوو. لە ناوەخۆیدا ناتەبا و لەگەڵ حیزبە عێراقییەکانی دیکەیشدا نارێك و نەیاربوو، ئەگەر جەنگی کوردستانی نەوەستاندایە، ئەوا خۆی بەسەر پێیەوە رانەدەگرت، هیچ کەسێکیش وەك سەددام حوسێن ئەم راستییانەی هەڵنەسەنگاندبوو. هەر لە دوای راگەیاندنی رێککەوتننامەکە لەلایەن سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکرەوە، بەعس بە فێڵ و تەڵەکەبازییەوە کەوتە بۆسە و تەڵە نانەوە، بەرچاوترینیان: (( لە **٢٨/ ٩/ ١٩٧١دا** کە بە پلانێکی تۆکمە: بە ناردنی تەقەمەنی لە هەگبەی پیاوانی ئایینیدا بە یاوەری دەزگا ئەمنییەکانی، بۆ تیرۆرکردنی سەرۆك بارزانی بوو، بەڵام سەرۆك بەرنەکەوت.))[166].

((سەددام بێ ئاگایی خۆی نواند و کارەکە خرایە ئەستۆی (نازم گزار) بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ئاسایش.

سەرۆك کۆمار لە بەغداوە، بۆ خۆشیدەربڕین لە دەربازبوون و دڵدانەوەی بارزانی، د. ئەحمەد عەبدولسەتار ئەلجەواری وەزیری پەروەردەی نارده لای بارزانی، کەناوبراو رێزێکی تایبەتی لەلایەن بارزانییەوە هەبوو))[167].

((بارزانی متمانەی بە بەڵێنەکانی بەعس نەبوو، بۆیە هەر لە دوای رێککەوتننامەکەی ١١|٣|١٩٧٠ەوە گوتی:

"دوژمن تاکو ئێستا بە تۆپ و فڕۆکە و سوپاوە، رووبەڕوو لەگەڵمان دەجەنگا، دەبێ هۆشیارتر بین، چونکە لێرە بەدواوە شێوازی رووبەڕووبوونەکە ناڕاستەوخۆیە، لە پەناوەیە، بە شێوەی جیاجیا لەگەڵماندا دەجەنگێت، هەڵبەتە بەرەنگاربوونەوەی شێوازی دووەم ئاستەنگترە" [168].

((بەعس لە دوای راگەیاندنی رێککەوتننامەکە، کەوتە بۆسە و تەڵەنانەوە و کوکە هەڵگیرسان و گەرگێڕان. هێشتا مانگێك بەسەر رێککەوتننامەکەدا تێنەپەڕیبوو، کەوتە دەرکردنی کوردان و بەعارەبکردنی ناوچەی کەرکوك و شوێنەکانی دیکە. سەرژمێرە

166 - دزەیی، ل ٢٦١-٢٦٤.

- ١٦٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.

168 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٢- ٢٩٣.

گشتییەکەی بەپێی بەیاننامەکە دەبوو لە ناوچە دیاریکراوەکاندا ئەنجامبدرێت، دوای خست. کەوتە کڕینی دڵکرمن و زۆڵەکوردان. هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی دا))[١٦٩].

ڕاستەوخۆ کەوتنە بانگەشەی ئەوەی کە پارتی و بارزانی نۆکەری ئیمپریالیزم (ئەمریکا) و بەکرێگیراوی شای ئێران و بەندەی زایۆنینن.

ئەم خاڵانەی بانەوە و چەندینی دیکەیش هەموویان لە دەمەتەقێی نێوان لایەنی یەکەم: رژێمی بەغدا (حکوومەتی بەغدا + بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز) بە زنجیرە وتارێك بە ناوی ((بۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزرێت و یەکیەتی نیشتمانی بەهێزبێت)) لە رۆژنامەی ئەلسەورە و ئێستگەکانی رادیۆ و دەنگوڕەنگی بەغدا و بە ناوی دیکەیش لە رۆژنامەی **طريق الشعب** و هەفتەنامەی الراصدەوە بڵاودەکرایەوە.

رۆژنامە و هەفتەنامەکانی: **الثورة**[١٧٠]. **الراصد**[١٧١]. **طريق الشعب**[١٧٢].

ژمارە **١٤٧**ی تەریقولشەعبدا کە لە سێشەمەی رێکەوتی**٧٤/٣/١٢**دا دەرچووە دەقی بڕیارەکەی **٣٣**ی ساڵی ی **١٩٧٤** بڵاوکردۆتەوە، کە بریتییە لە بەیاننامەکەی **٧٤/٣/١١** تایبەت بە یاسای حوکمیزاتی ناوچەی کوردستان، رۆژی پێشتر دەقەکە لە لایەن ئەحمەد حەسەن بەکرەوە خوێندراوەتەوە، حیزبی شوعیش بە دەستکەوتێکی چاکی بۆ کورد داناوە.

رۆژنامە ناوبراوەکان لە بەغدا دەردەچوون و دەگەیشتنە هەموو کون و کەلەبەرێکی عێراق. بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە بەعس، یا لایەنگری بوون.

لە لایەنی دووەمیشەوە: سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش بە زنجیرە وتاری ((لە پێناوی ئاشتی و یەکیەتی نیشتمانی، لە پێناوی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی یازدەی ئادار))دا لە رۆژنامەی التأخی[١٧٣] وەڵامی دەدانەوە.

169 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٠.

170 - الثورة، الجريدة اليومية لحيزب البعث العربي الإشتراكي، بغداد، الأعداد الصادرة في الربع الأخير من سنة ٧٣ والربع الأول من سنة ١٩٧٤ كنموذج.

171 - الراصد، جريدة اسبوعية موالية لحيزب البعث،بغداد ،الأعداد الصادرة فر الربع الأخير من سنة ٧٣ والربع الأول من سنة ١٩٧٤.

172 - طريق الشعب، الجريدة اليومية لحيزب الشيوعي العراقي، بغداد، كمثال الأعداد: ١٣٧ - ١٥٨ من ١-٢ /٣/١٩٧٤.



٧- **سەددام لەوپەڕی هێز و بەخۆنازینەوە** ئەوەی بەخۆی بە رەوای دەزانی بۆ کوردی دانا. تاك لایەنە بەیاننامەی حوکمە زاتییەکەی راگەیاند، ئەمەیشی پتر دەمامکێکی کاتی بوو بۆ پاراستنی ئابڕووی هاوکارانی لە (بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازدا)[١٧٤]. لە سەری دووەمیشیەوە بۆ شلۆق و نالەبارکردنی ئاسۆ و ئایندەی شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی و هەڵپەساردن و ریسواکردنیان لە نێوەندە گەلی و رێکخراوە نێونەتەوەیی و وڵاتانی جیهاندا بوو، کە بە رازیبوون، یا ناڕازی بوونی (جەنگ هەڵگیرساندنەوە) لە هەردوو باردا، هەر دەبوو بەری شۆڕشەکەی کورد لەبار بچێت، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا کوتانی تەپڵی جەنگ و راگەیاندنی سەرکەوتن بوو، لە لایەن دەوڵەتێکی نەوتفرۆشی دەوڵەمەند، ملەوەزی دەسەڵاتدار، دژی گەلێکی هەژاری بێکەس و پەنا.

پاش کۆتایی هاتنی ئاگربەستەکە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بوو:

((لە ١٩٧٤/٣/١١ دا رژێمی بەغدا بەبێ پرسکردن بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە، یەك لایەنە، وەك بۆخۆی دەیەویست، یاسای خۆبەڕێوەبردنی بۆ ناوچەی حوکمزاتی دەرکرد، کە کەمترین مافی نەتەوایەتی کوردانی تێدا دابین نەکرابوو.))[١٧٥].

((کورد دەیەویست بەیاننامەی یازدەی ئاداری (١٩٧٠) بە کردار جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەغدا گەرەکی بوو بیکاتە رووخسارێکی بێ ناوەڕۆك، هەروەك لە دوای ساڵی (١٩٧٥) دەرکەوت ))[١٧٦].

بەعس ((پتر مەبەستی هەڵگیرساندنەوەی جەنگ بوو، وایدەزانی لە ماوەی چەند هەفتەیەك، یا مانگێکدا، شۆڕشی کورد لەناو دەبات))[١٧٧].

173 - التأخي، الجريدة اليومية لحيزب الديمقراطي الكردستاني، بغداد، الأعداد ١٥٣٠- ١٥٨٣ في ١/٧-١٩٧٤/٣/١٢ كمثال. ان العدد (١٥٨٣) في ٧٤/٣/١٢ كان آخر عدد للجريدة صدر بامتياز حبيب محمد كريم و رئيس تحريره دارا توفيق في بغداد. معظم المقالات الخاصة بالموضوع كان تنشر في الإفتتاحية ((طريق التأخي)).

174- دزەیی.

175- دزەیی.

176 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٦٤.

177 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

((خوا شایەتە من رکم لە شەڕدەبێتەوە. شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەری هەر کێشەیەکە، بەڵام بەعس ڕێگەیەکی دیی بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان، لەوە بەولاوە کە وازیان بۆ لە کەرکوك و ناوچەکانیتر بهێنین، هیچ واتایەکیتری نییە، ئەمەشیان مەحاڵە. ئەگەر لە نێوچەوانمان نووسرابێ هەمموو لەناو بچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین. من ئەوەم لاناخۆشە کورد بێن، تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن: بۆچی کەرکوکت فرۆشت؟- بارزانی-١٩٧٤))[178].

بەم گوتانەمان، ئاسن ساردەکوت دەکەین... زۆران بۆ کەمان نەڵێین چاکترە، چونکە روون و راشکاو و بەڵگەنەویستە، کە ئەوان لە بنەڕەتدا بەکردار مەبەستیان تۆقاندن و پاکتاوکردنی گەلێکە، بە گوتنیش برای دڵسۆز و خەمخۆر و سەریانن...

گەلێك بە وردوباریکی لەم بابەتەدا بەبەر یەکدا بچین، کاتەکە پتر خۆرا دەچووێنین، نووسەرەکەیش زۆر لەمێژە ئەم نەزیرۆکانەی لە گوێدا ئاخنراون و هیچی دیکەیش نابیستێت.

هەرچەندە سەردەمی شاردنەوەی راستییەکان بەسەر چووە، بەڵام بۆ وەبیر هینانەوە، هەندێك بابەتی بایەخدار، بە نەرمیی و نەرمەغار و بە دێرینێکی نزیك و راستی چەسپاو بۆ دیرۆکێکی دوور دەڵێین:

دەڵێین ناخ دوژمنی رووخسار دۆست، بە دەست و هەگبەی دیاری دیارەوە، دێتە ماڵت، گوایە بە نیازپاکی بەسەرت دەکاتەوە، بە رووبینی، بە کاوەخۆ، بە هێمنی بە پێکەنین بەبەر چاوتەوە دێتە ژوورەوە و بە رووگەشی و بەبەر چاوتەوە لە ماڵەکەت دەردەچێت. کەچی بە نیازی کەچی، لە ناکاوڕا بە نهێنی لەو پەنجەرەیەی نیشانی کردووە، دەستبەخەنجەر هەڵدەکوتێتە سەرت، چەندی بەناوی ماف و دیاری دابووی، دەهێندە و بیست هێندەی تێچوونی چوون و دەرچوونەکەی تێهەڵدێنێتەوە.

هەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن راستبێژن و ویستی خۆیان بە سەر بیستەردا تێبپەڕێنن، ویستیانە لە دەربڕیندا گوێگران شپرزە بکەن، دەرفەتیان نەدەن گومان لە گوتەکانیان بکەن، لە گۆتندا: نارِوون دەربڕ و خێرا بێژی و دووبارە گوتنەوە و بڕوا بەخۆیی دەنوێنن، وەلێ نازانن خوێنەری هێندە زیرەك هەن، نەك هەر لە رووخساریاندا پەی بە ناڕاستییەکان دەبەن، بەڵکو لە ترپەی لێدانی دڵ و بۆنی دەم و هاتوچۆی هەناسەیاندا، کەسانی راستنەگۆ دەناسن، بە هێمنی،

178- بارزانی، مەسعوود، بەرگی ٣ بەشی ١، ل ٥.




هێدی هێدی پەردە لە سەر هەڵبەستراوەکانیان لادەدەن و دامێنی نیازەکانیان هەڵدەماڵن. بەڵێ ئەوانەی ئامێری درۆناسینیان داناوە، گەلێك لە ئامێرەکە هەستیار و نادیار بینترن...

کاتێك مرۆڤێکی دەمار سووتاو، دەیەوێت خۆی ئاسایی و ئاسودە و هێمن و مێشك فێنك پیشان بدات، گومانیشی لەوە نییە کە بارە راستەقینەکەی ناخی دەدۆزرێتەوە، ئەوە لە زۆرزانیان کاس بووە! یان هێندە گێژ و گەمژەیە، بڕوا بەخۆی دێنێت، لە بری ناڕاستی، خوار و خێچ دەبێژی، دەشییەوێت تەرمی رەوای بێکەس لە پەنایەکدا بنێژێ. نازانێ لەوەتەی ژیان لە سەرپشتی زەوی خاراودا هەیە، پشتاوپشت، راستی ژێرخاککراو نەمردووە و ناشمرێت، بەڵکو هەمیشە لە دوای پەڵە و لە سەرەتای بەهاردا سەوزدەبێتەوە، خەزانی نەبڕاوەیش دارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی درۆ رووت و نابووت دەکاتەوە. بەڵێ ئەوان لە رۆژی رووناکدا وشترمل ئاسا چاویان دەنوقێنن، خەڵکانێکیش هەن لە تاریکی و لە شیرین خەودا چاویان ناکەوێت، دیوی رەشی ژوورەوەی چاو داخراوان لە خشتی کاڵدا دەخوێننەوە. روونگۆترین: زارۆکی گێلی پێنج ساڵان هەن، گەرەکیانە دانایانی تەمەن حەفتا و پێنج ساڵی بخافڵێنن، بە ئەقڵی جووجەڵەی قوندەیان بیانخەڵەتێنن. بەڵێ برای بیرەوەرنووس! گەر خۆت بە هۆشیار و خەڵك بە خەوتوو بزانیت، ئەوا خۆیشت نازانی چۆن چۆنی خۆت نابینا کردووە.

((هێندەی نەبرد کە حکوومەتی عێراق دەستی کرد بە هێرشێکی بەربڵاو، پەلاماری ئەو گوند و شار و شوێنانەی دا کە لە ژێر دەستی پێشمەرگە دابوون. بەغدا هەمموو جۆرە چەکێکی کە لە جبەخانە و سەربازگەکانیدا دایکردبوو لەسەر کورد و لە کوردستاندا تاقی کردەوە. هێزی ئاسمانی، تۆپخانە، تانك و زرێپۆش و سوپای ملەوەزی بژاردە (هێزی تایبەتی، هێزی تێکشکێنەر،پاسەوانی کۆماری، گورگخنکێن، جاشی پاتەخۆر) لە و هێرشانەدا بەشدارییان کرد. بۆمبی هێشوویی و ناپاڵم بە رادەیەکی زۆر بەسەر گوند و ئاوایی وچیا و دەشتەکانی کوردستان بەردرانەوە. بۆمبارانکردنی شارەکانی قەڵادزێ لە ٢٤ /٤ / ١٩٧٤دا، هەڵەبجە و گەلاڵە))[179]. ((هیران و چۆمان و دەربەندی رایات و ...))

179 - من و نەریمان تۆفیق چەلەبی — کۆیی و بەهائەدین شەمسەدین سیان _ گابەڵەکەیی، لەوکاتەدا لە هیران بووین، کە فڕۆکە بە ناپاڵم و رۆکێتی چەندین تەنی بوردمانی هیران- نزیك مزگەوتی شێخی کرد، دار گوێزی گەورەی لە رەگ و ریشەوە هەڵکەند و هەڵیدا!. هەروەها لە چۆمانیش بووین کە فڕۆکە بۆمبارانی فرۆشگاکەی نزیك مزگەوتی بازاڕی کرد و شەهید و بریینداری کەل و کرۆمم بینی. بۆردوومانکردنی پردی

((کۆمەڵکوژی و سووتاندن و تاڵانکردنی ماڵی گوندنشینەکان رووداوی رۆژانە بوون. شاڵاوی بە عەرەبکردن، شارەکانی کەرکوك، خانەقین، شەنگار، دبس، پردێ، مەندەلی، شێخان و گوند و ناوچەکانی دەوروبەریان دەستی پێکرد، ناوچەکان لە کورد چۆل دەکران و ماڵە عەرەبیان دەهێنایە جێگەیان. لەگەڵ هەموو ئەم دڕندەیی و زەبروزەنگەی حکوومەتی عێراقدا، هێشتا هێزی پێشمەرگە توانی بەرگرییەکی ئازایانە لە ناوچە ئازادکراوەکان بکات. حکوومەتی عێراق زەرەری سەربازی زۆری لێ کەوت.)) [180]. لە ئەنجامی جەنگی ٧٤-١٩٧٥دا بە کورد و بە عەرەبەوە سەدهەزار کەس لەناوچوو)) [181] .



گەلاڵە و شارە دێی قەسرێشم بینیوە، لە ئاداری ١٩٧٥دا میری نیشتمانی بە چەکی فسفۆڕی لە دەربەندی رایاتی دا، خۆمان بینیمان رووبارەکە دەسووتا.- نووسەر.

180 - رەسووڵ، ل ٣٢.

181 - عبدە، ص ٢١.



## رێککەوتننامەکەی جەزایر:

((لە ئەنجامی ناوبژیوانییەکی چاکی هەواری بۆمیدیەندا، لە رێکەوتی ١٩٧٥/٣/٦دا رێککەوتننامەی ئاشتی جەزایر لە نێوان عێراق و ئێراندا لە کۆنگرەی سەرانی ئۆپێك لە جەزایر راگەیەندرا، کە کۆتایی بە کێشەی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ هێنا، بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، دەبوو: ئیتر ئێران دەست نەخاتە ناو کاروباری عێراقەوە، چیدیکە پشتگیری لە بزاڤی یاخی بوونی کوردان لە باکووری عێراقدا نەکا[182]. بەرانبەر بەمەیش عێراق رووبەرێکی چاکی یەکاوی عارەبانی[183] دایە ئێران))[184].

حەمدانی لەم ناسکە هەڵوێستەیدا، بە وریایی و زیرەکییەوە، دەیەوێت هەڵسوکەوت لەگەڵ مێژوو و هونەری یادەوەری نووسیندا بکات. دەڕوانێتەوە پاشە و پێشە و ئەملا و ئەولای خۆیەوە، بە ئەنقەست بۆ مەبەستی دڵی، رۆڵ و ناوی هنری کیسینگەر و شا فەیسەڵ دەشارێتەوە.! چۆن دەبێت جارێك بیانکاتە دەستشکێن و دوژمن و باوکە کوشتەی فەرماندەکەی. دواتریش پاشگەزبیێتەوە و بیانکاتەوە براگەورە و ریشسپی و چاوساغ و دەست و دەستکێشی هەمان سەرکردە؟ بۆیە بەسەر ئەم راستییانەدا بازدەدات: کە سەرکردە پەنای بردە بەر رۆژئاوا و کیسینگەری بە ئایین جوولەکە و بەرەگەز ئەمریکیی، بەپیشە سیاسەتمەداری جیهانی و وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا.

182 - لە بەندە نهێنییەکانی رێککەوننامەکەدا هاتبوو: لەشکری عێراق بۆ راوەدوونانی کوردە یاخییەکان لە کاتی پێویستدا دەتوانێ بچێتە ناو خاکی ئێرانەوە. (لە نیوەی دووەمی ئادار و سەرەتای نیسانەوە، بە چاوی سەری خۆمان ئیڤای بارهەڵگر و سەربازی عێراقیمان لە سەر رێگەکانی پیرانشەهر و قەسری شیرین و سەرپوولی زەهاودا دیت). ئەو چوونە ناو خاکی یەکدی و گەلەکۆیی کردنە بۆ خنکاندنی بزاڤی ئازادیخوازی کورد لە نێوان داگیرکەرانی کوردستان باوبووە، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا هەمان شت، رێککەوتننامەیەکی رێکتر لەنێوان تورکیا و عێراقدا بۆ راوەدوونانی کوردان هەبوو. عێراق پشتێنەیەکی سنووری بە مەبەستی دابین کردنی ئاسایش و بەرقەرارکردنی سەقامگیری چۆلدەکرد. رژێمی بەعسی سوریایش زۆر لە مێژە پشتێنەیەکی عەرەبی لەسەر سنووری کوردستانی سووریا و بەشەکانی دیکەی کوردستانی گەورە لە باڵای کوردانی رۆژئاوایی ئاڵاندووە.

183 - شەتولعارەبی.

184 - الحمدانی، ص ٥١.

به پلانێکی نێودەوڵەتی، بۆ هەڵگێڕانەوەی عێراق لە بەرەی خۆرهەڵاتی ئەوسەردەمدا، لە ڕێککەوتننامەی جەزایر، نیوەی رووبەری یەکاوی عارەبانیان کردە مزەی کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد.

دووبارە کاك تاکە سەرکردە، لەبری پەند وەرگرتن، کێشەیەکی بە کێشەیەکی گەورەتر و درێژخایەنتر چارە کردەوە، بەو نیازەی دوای نەمانی ترسی شۆڕشی کورد، ئەوانەی لە کاتی ناچاریدا داویەتی، لە ئێرانی بستێنێتەوە. کەچی دواتر سەرکردەی دووربینی نەتەوە و بە نازناو رزگارکەری فەلەستین، لە هەنگاوەکانی پنەکردندا، سێڵی و دواتریش سەری لەسەر دادەنێت. کەچی قەریف روکن، کورد تاوانبار دەکات، گوایە: کـورد بە فیکی دوژمنانی عێراق و ناحەزانی عروبە (ئیمپریالیزمی ئەمریکا، زایۆنیزمی ئیسرائیل، فورسی مەجووسی ئێران و ئەبوناجی[185]) جەنگی لە نیسانی ١٩٧٤دا هەڵگیرساندەوە!

ئەگەر ئەم دڤە[186] زەبەلاحانەی گڤەگڤیانە، راست و رەوا بن، دەبێت لار و خوار و چەوت و ناڕەوا و ناڕاست کامانەبن؟

زیرەك لە کەوتن و هەڵستانەوەی خەڵك سڵ دەکات و پەند وەردەگرێت، نازیرەکەکانیش، لە کەوتن و هەڵنەستانەوەکانی خۆیان و کارەسات و نەهامەتییەکانی تووشی خۆیان و دەوروبەرەکەیانیان دێت، کەم شتێك کۆناکەنەوە!

هەر ئەو لاوەی حوشترەوانیی بۆ نەدەکرا، رووبەڕوو، لە لاڕا، لە پەناوە بە پێدا هەڵگوتنەوە، بە پەککەوتەیی و لێکەوتەییەوە، خەریکن بیکەنە دێوەوانی قاف و شێرەوانی خاوەرزەمین... خودا لەکەس نەگۆڕێت.

تاك و ئێستایش نووسەر بە دیدی هەمان سەردەم، بە هەمان زار، هەمان زاراوەی دەکاوێتەوە، کە رەگەزویستان لە سێبەری سەرکردەی ئومەدا، لە کاتی لەخۆ دەرچوون و کوشتوبڕ و قڕکردنی کورداندا بە کاریان دەهێنا.

لە بری رێککەوتننامەی نێوان دوولایەن، بەیاننامەی تاك لایەنە بەکاردێنن، وشەی (کوردستان) دەمیان دەچڕمسێنێت و هەر (شیمالینالحەبیب و شەعبنالعەزیز فیلشیمال) دەجوونەوە!

185 - سوورەی چاوشین، تەنز و ناتۆرەی عارەبانن، لەبری ناوهێنانی ئینگلیز و ئینگلیزستان بەکاری دێنن.

186 - دڤ: ناراست، درۆ. هەڵبەستە، دوور لە راستی...



تووتیانیش: دوژمنانی عێراق و ئومەی عارەبی و پاسەوانانی دەروازەی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عارەبی! ناحەزان: ئەمریکای ئەهریمەن و جووی زایۆنی و فارسی ئاگرپەرست و ئەورووپای خوا خاچ و کوردانی نەوەی خێوانی شەڕانگێزن.

لێرەدا نموونەیەکی پەروەردەکردنی کادیرانی عروبیانتان دەخەینە بەرچاو، کە لە ساڵی (١٩٧٩)دا لە ئاسایشی هەولێر روویداوە): ((ئاسایشکارێك[187] بە ناوی (ع.ح.ح.) خەریك بوو پلەیەکی بەرزتر، لە ئاسایش وەربگرێت. داوایان لێکرد رۆژی هەینی داهاتوودا لە کاتی بانگی نیوەڕۆ ســـەردانی ئاسایشی هەولێر بکاتەوە، تاکو ئەزموونداری و دڵسۆزی و کارامەیی و پیشەوەری خۆی بنوێنێت، بۆ ئەوەی بزانن شایەنی ئەم پایە هەستیارەیە یا نا.

لە کاتی دیاریکراودااناوبراو گەیشت و بە و پەڕی ملکەچییەوە، دڵسۆزی و ئامادەیی خۆی پیشاندا. ئەفسەرێکی ئاسایش هەستایە سەرپێیان، دەمانچەکەی سوارکرد و خستییەوە ناو کیفکەکەی و گوتی: وەرە دوام. رووە و باڵاخانە گەورەکە (ئەپارتمانی پەرلەمانی ئێستا) رۆیشتن. چوونە ژوورەوە، بەرەو نهۆمی یەکەمی ژێرزەمینەکە دابەزین. گوتی: شەشاگرەکەت بخە سەرپێ و بە رووتی بیخە بەر پشتبەندەکەت!

لە سەر پلیکانەکانی بەرەو نهۆمی ژێرزەمین دادەبەزین، گلۆپێکی داگیرساند، لە بەر دەرگایەك وەستا، گلۆپی ژوورەکەی لە دەرەوە داگیرساند، دەرگە کلیلدراوەکەی کردەوە. هەڵاوەی بۆن مییز و پیسایی هەناسەی گرتن، لەناو ژوورێکدا وەستان کە رووبەرەکەی دووەمەتر چوارگۆشە دەبوو، ژنێك و مـنداڵێکی دوو ساڵان خۆیان خزاندبووە گۆشەیەکی دواوە. ژنە و مـنداڵەکە لە پیسیاندا هێندە رەش و چڵکن بووبوون، تەنها بە جوولەی لێو و برووکانی پێڵوی چاویان، بە درەوشانەوەی سپیاتی ددان و سپیلکی چاوی رەشیان، دەزاندرا مرۆڤن و پەیکەر نین. هەریەکە و کراسێك (دیشداشەیەك)ی رەشداگەڕاوی بەخوێنی بێنوێژی و ئارەقە و پیسی و پیساییەوە، رەقبووی و تلیش تلیش و دادڕاوی لەبەردا بوو.

ژنە بە ترسەوە دەکۆشا بۆ ئەوەی مـنداڵەکە لە کۆشیدا دەرنەچێت و خۆیشی داپۆشێت. دوو بە دوو، رووبەڕوویان لەسەر چنچکان دانیشتن. ئەفسەرەکە بە عارەبی بانگی مـنداڵەکەی

187 - (سەردار سامی نورەدین ئاغا، بەرێوەبەری گشتی و راوێژکار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و چەند کەسێکی دیکەی بەرێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، لە من چاکتر ئاگاداری رووداوەکەن، (ع.ح.ح.) بۆخۆی کردارەکەی بۆ دڵسۆزێکی گێڕابووەوە.

کرد، دایکی دەلەرزی و کوڕەکەیش خۆی بە دایکییەوە نووساندبوو. پرتەقاڵێکی دایە دەست (ع.ح.ح.) و گوتی: تۆ بە زمانی خۆتان بانگی بکە و ئەم پرتەقاڵەی بدەیە. ئەویش بە قسەی خۆش و بە پێکەنینەوە پرتەقاڵەکەی بۆ بردە پێش، کە منداڵەکە دەستی درێژکرد، ئەو بە نەرمییەوە بۆخۆی کێشکرد و پرتەقاڵەکەی خستە ناو دەستی و بۆ ئارامکردنەوەی دەستێکی بە ئەسپایی بە سەریدا هێنا و بە بێ دەنگی رووی کردەوە ئەفسەرەکە.

ئەفسەر بە هێمنییەوە: فیشەکێك بکە ناو دەمییەوە.! ئەویش یەکسەر دەمانچەکەی دەرکرد و لوولەکەی خستە سەردەمی و رەچاوی ئەوەیشی کرد کە گوللەکە دەربچێت بەر ژنەکەیش نەکەوێت. پەنجەی بە پەلاپیتکە داهێنا. لەگەڵ هاڕژنی تەقەکە، منداڵ و ژنە وەك سووێسکەی سەربڕاو هەڵپەڕین و پەلیان کوتا. لە پێشدا وایان زانی ژنەیش بەرکەوتووە، بەڵام کە پشکنیان ئەو لە نائاگیدا هەڵدەلەرزی و زامداریش نەبوو، ئەفسەرەکە رووە و دەرگا هەنگاوی نا و گوتییە دڵسۆزەکەی: تەنەکەی مییز و پیسییەکە برژێنە ژێر ژنەکە، با بەئاگابێتەوە. ئەوە ژنی یاخییێکی خۆفرۆشە.

هەردووکیان هاتنە دەرەوە و دەرگایان لەسەر دایك و تەرمی کوڕە کلیل دایەوە،

بەڵێ ئەمەیە پەروەردەی کادیرانی حیزبی مرۆڤایەتی و بڕواداری و نیشتمانپەروەری، نەتەوە ویست و خاوەن پەیامی نەمری! ئینجا وەرە باسی ویژدان و ماف و رەوا و تێکگەیشتنیان لەگەڵدا بکە!

((هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکا، تەنانەت باڵندە و گیانلەبەرانیش ئەو مافەیان هەیە...))[188].

هەڵبەتە ئازادی و سەربەستییەکی شکۆداریش مافی تاك و کۆمەڵ و گەلانە.

((ئەرکەکانی تاك بەرامبەر بەخۆی و بنەماڵەی و نیشتمان و بە جیهان، لێکدی جودانین. ناکرێت بە زیان گەیاندن بە خۆت یان بنەماڵەکەت، خزمەتی نیشتمان بکەیت، هەر بەم شێوەیە ناکرێت بە زیان گەیاندن بە جیهان خزمەت بە خۆت بکەی))[189].

ئەگەر رەوایاری یا تاوانکاری لە ناخی مرۆڤدا شاڕەگی داکوتا و ریشاژۆ بوو، هەموو خانە و شانەکانی دیار و نادیاری گرتەوە، بووە پیشەی هەمیشەیی، ئەوا گۆڕان و گەڕانەوە

188 - گاندی، ل ٢٤٦.

189 - گاندی، ل ٢١٦.



ئاسان نییە. بۆیی چەتەکاران هەرچەندە بزانن راستەڕێ کامەیە، هەر حــەز لە بەربەیار و خێچ و پێچ و گەوەی تیژی سەرە و لێژدەکەن.

ئەگەر خوداناسی راست بێن، دەبێت بڕوامان بە فەرمان و دەستکارەکانی ئەویش هەبێ، دەبێت بزانین هیچ کەسێك بەهۆی رەنگ و رەگەز و نەتەوە و خێزان و رابردووی باپیرانی لە کەسێکی دیکە مەزنتر، یان نزمتر نییە. هەر ئەو فەرمانمان پێ دەکات، بە خۆشی و خۆشەویستی لەگەڵ یەکدی هەڵبکەین، نەك یەکدی لەناوببەین! گاندی گوتەنی "خۆشەویستی بەهێزترین هێزێکە کە جیهان لەبەر دەستیدایە، لە هەمان کاتدا ساکارترین هێزیشە کە بیری لێبکەیتەوە" [190].

((پێکهاتنەوە و رێککەوتننامە لە نێوان ئێران و عێراقدا بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە میانی کۆنگرەی سەرانی ولاتانی سەر بە رێکخراوی ئۆپێك (ولاتانی نەوت فرۆش) ، لە ١٩٧٥/٣/٦دا لە جەزایر راگەیەندرا. کە تێیدا هاتبوو "ئێران دەست لە خستنە ناو کاروباری عێراق هەڵبگرێت...".

نوێنەری عێراق سەددام حوسێن جێگری سەرۆك کۆمارو، لایەنی ئێرانیش شاهانشا **محەمەد** رەزا پەهلەوی بوو. ئەم رێککەوتننامەیە لە ئەنجامی ناوبژیکردنی هەواری بۆمیدیەن سەرۆك کۆمارەی جەزایر هاتە ئاراوە[191]، کۆتایی بە کێشەیەکی درێژخایەنی نێوان هەردوو لا هێنا. بە پێی رێککەوتننامەکە: عێراق سازشی لەسەر رۆژهەلاتی سنووری یەکاوی عارەبان کرد. (هەر ئەم سازشکردنە دواتر بووە هۆی هەستکردنی سەددام بە تاوان، تاکو رێککەوتننامەکەی لە سەرەتای جەنگی ئێران- عێراقدا رەتکردەوە).

سەرکردایەتی کورد بە زانینی ئەم رێککەوتننامەیە شۆکی کرد[192]. شا، بە مێشکێکی ساردەوە گوتییە بارزانی:

190 - گاندی ، ل ١٧١

191 - دووبارە دەڵێین: نووسەر بە وریاییەوە رۆلی هنری کیسینگەری بە ئایین جوو، بە کردار سیاسەتمەدار و بە پلە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەخاتە پەناوە.

192 - دەقەکە راستەوخۆ دان بە بزووتنەوەی کورد و سەرکردایەتییەکەی دا دەنێت. سەرکردایەتییەکە لە ئەنجامی تاوانێکی نێودەوڵەتی کە زلهێزەکانی رۆژهەلات و خۆرئاوا و ولاتانی عارەبی و دەوروبەریدا، دژی بزاڤی رزگاریخوازی گەلێکی پلیشایەوە و ولاتێکی بڕبڕکراو کردیان، وەك گورگ بە خوێنی بەرخ تێنوو، بۆ بەرژەوەندییە

"ڕێککەوتننامەکە گەیشتە بواری جێبەجێکردنەوە...

ورەی یاخی بووەکان بە شێوەیەکی سەیر هەرەسی هێنا[193]...

یاخییەکان ژمارەیەك دیلی ئێمەیان لە چـۆمان کوشت، کە تیایاندا فڕۆکەوان بوون[194] " [195].

((لەم ماوەیەدا لەشکری عێراق شەکەت و کەم چەك و بێ تەقەمەنی بوو، ئێرانیش لایەنگری کوردەکان بوو، ناوچەکەیشیان ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، کوردان لە جەنگی پارتیزانیدا کارامە و بەکارن، سوپای عێراقیش لێی کۆلەوارە... ئەوە دەرفەتی بۆ ڕێککەوتننامەکەی جەزاییر خۆشکرد.))[196].

((سەلاح عومەر ئەلعەلی: سەددام ڕێککەوتننامەکەی جەزاییری لە دڵەوە مۆرنەکرد، ئەو لە و بڕوایە دابوو بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەی وا دەخوازێت. بۆ ئەوەی بوو ئاگربەستێك بە مەبەستی پشوویێك رابگەیەنێت...))[197].

---

ناشەرعییەکانیان دەرگاکانی ئاسمان و زەوییان لەسەر کوردان داخست، تا ئەو کاتە، کورد لەم باوەڕە دانە نەبوو، تاوانێکی هێندە زەبەلاح بە بەرچاوی زەوی و ئاسمانەوە، لەلایەن زلهێزەکان و بە بێ دەنگی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی رووبدات. کە روویدا هیچ چارەیەکی خێرا و بەردەست لەم ساتە تاریك و ترسناکەدا بە دەستەوە نەما.

193 - ئەم هۆکارانەی شۆك بە سەرکردایەتی گەلێك دەکات، هەمان هۆکار ناخی گەلەکەیش دەهەژێنێت. ئەمەیش یەکیەتی نێوان گەل و سەرکردایەتییەکەی لە خۆشی و ناخۆشیدا دەنوێنێت، کەچی نووسەر بۆ مەبەستی بەزین و ناشیرین کردن دەیانڕێژێت.

194 - لێرەیشدا نووسەر دەریدەخات (بەڵام وەك بینیمان پێشتر پەردەپۆشی دەکرد) کە پێشمەرگە: فڕۆکەکانی ئەوانی خستۆتە خوارەوە و فڕۆکەوان و سەربازانی ئەوانی بەدیل گرتوون و لە چۆمان بەندیکردوون. ماوەیەکی چاکبوو لەوێ بەندکرابوون، کەچی ئەو مەبەستییەتی بڵێ: ((کورد دڕندەن، دیلان دەکوژن!)) . "ئەو کاتە ئێمە لە چۆمان بووین. تا پێشمەرگە ناوچەکەی بەردا تاکە دیلێك نەکوژرابوو. کە لە کاتی بەدیلگرتنیان نەکوژران، ئەم ماوەیە سەختە بەخێوکران، بۆچی لە چرکەساتی کۆتاییدا دەیانکوژن؟ چەندین بەندیمان لە بەردەرگای گرتووخانەکەی رایات، بێ پاسەوان بینی، چاوەڕوان بوون لەشکری عێراق بێت، تاکو رەگەڵی بکەونەوە. ئینجا کوشتنی دیلەکان هەڵبەستەیە!؟ بۆ سۆز جووڵاندنە؟ یانە لەشکری عێراقی کوشتوونی، چونکە خۆیان داوەتە دەست دوژمن؟ یان شتێکی دیکەیە، ئەوا ئەو لە ئێمە باشتری دەزانێت، ئەگەر بییەوێت بیلێت!. بەڕێزیان لەو کاتەدا براوە بووە و وایدەزانی هەتا هەتایە هەر گوتە جۆکەرە جوانەکانی ئەو دەیخوات.

195 - الحمدانی، ص ٥١.

196 - شربل، ل ١٦٠.



گوتمان: کورد ئارین، گریمان لەگەڵ سامییەکاندا، (بنەچەی عارەب و جووەکان) گەلێك لێك و دۆست نین! کوردستان خاکی عەرەبستان نییە، بۆیە دیل و نادیلی دەکوژن و دەیعەرەبێنن! ئەعرابییەکانیش کارەکە بە کارێکی پیرۆز (فراوانکردنی رووبەری عەرەبستان و بەهێزکردنی ئوممەی) دادەنێن و بە هەموو توانایانەوە تێدەکۆشن داپۆشن.

دەزانین حەزیانە کورد چنگی نەبێت خۆی پێبخورێنێت و چنکە نانێکیشی نەبێت منداڵەکانی خۆی پێ بخافڵێنێت، دەزانین ئاواتخوازن کورد رۆیشتنی بێ گەڕانەوە، نەگەڕانەی بێ لێ پێچانەوە، سەربڕینی بێ پەرچدانەوە هەبێت!..

پرسیارێکی کوڵکن لە لاڕا ریش هەڵدەتەکێنێت: بـۆچی میر جابری کوێتتان، بە سەرکۆتی و بە پێی پەتییەوە دەرپەڕاند، بە پڕەپڕیش بە عەگالی سەری و سۆلی عارەبیانیی رانەگەیی؟ مامە ریشن دەپرسێتەوە: بۆ دیلە کوێتییەکانتان سەرلەبەر کوشتن؟ لە کوێ و کەینێ و لە کامە گۆڕی بەکۆمەڵ ناشتنتان؟

بۆچی گۆڕبزرتان کردن؟

خۆ ئەوان، تا لە پڕ کەوتنە بەر هەڵمەتەکەتان، خوێنبرای عارەب و هاوئایین و دراوسێی بەکەلك و پاڵپشت و دەستگری فەرماندەی عێراق بوون؟

ئەم رەوا پۆشین و نهێنی پاراستنە، بۆ کێ و لە پای چی؟

بۆچی ماڵی کوێتیانتان تاڵان کرد و گەلەکەیشتان بەسۆدرە برد؟ بەرامبەر بەمەیش ئەم هەڵبەستە و هەڵبەست کارییەتان لەچی نەتەوەپەروەری سەردەم؟

کەچی لەبری وەڵام، نووسەر وەك هەمیشە کردوویەتییە پیشە، بە زەق و رەق و ناهەقییەوە، پێمان دەڵێت: ئەمریکا و جووی دوژمنمان، پێی فەرماندەیان خلیسکاند و پاڵیان پێوەنا کوێت بگرێت؟ لەوانەیشە بفەرمووێت: دیلە کوێتییەکان بە دەستی ئەمـریکا و زایۆنیزم و خۆرئاواوە کوژراون!

هەرگیز ناتوانێت راستی بابەتەکە بدرکێنێت و بڵێت: مەبەست لە گرتنی کوێت:

داپۆشینی دۆڕاندنی جەنگی عێراق- ئێران بوو.

بۆ پڕکردنەوەی قەرزوقۆڵەی زۆری سەر عێراق بوو.

لەخۆبایبوونی فەرماندە و حەزی شێتانەی بوونی بە سەرکردەی مێژوویی ئوممە هاندەر و پاڵنەر بوون.

---

197 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

کوشتنی دیل پیشەی دێرینی خۆتانە، مەبەست لە سەربڕین و کوشتنی کەسانی بەردەستتان نواندنی پاڵەوانی و تۆقاندنی ژێردەستانتانە. کێ سەری ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی و فاتیمەی کچی پێغەمبەری لە کەربەلای عێراقدا بڕی و بە دیاریی بردییەوە دیمەشق؟ خۆن دیەمە کە شیعەی ئێرانی دەچنە سەر گۆڕی تەرمەکەی ئیمام لە کەربەلا و سەردانی مەزاری سەرەکەیشی لە دیمەشق دەکەن.

بۆچی لە سەرەتای گرتنی کوێتەوە بانگەشەی ئەوەتان کرد: عێراق لەسەر داوای گەلی کوێتی برا، بەهانایانەوە چووە، بۆ ئەوەی شاجابری ستەمکار لابدەن و حکوومەتێکی نیشتمانی دڵسۆز دابمەزرێنن؟

کە شوانە کوێتییەکانی بە رەسەن عێراقیش بەم گوتانەتان هەڵنەخەڵەتان و دەستیان بۆدەستی رژێمی عێراق درێژ نەکرد، دەستیان لە بنی هەنبانی گۆرینەوە دەرچوو و راستی دەرکەوت. لە هەنگاوی دووەمدا، بڕیارتاندا کوێت ببێتە پارێزگەی نۆزدەمینی عێراق و عەلی حەسەن مەجیدیش پارێزگار، بە هیچ ئامانێکی خوداش دەستتان لە سەری هەڵنەگرت؟

کە سەرتان بەر بەردی ئەلجەد کەوت، ئەوکاتە راچڵەکین و زانیتان چی روویداوە. پەنجەیش بۆ ئەمریکا (ئیمپریالیزم) جوو (زایۆنیزم) درێژ دەکەن؟

((بە پێی تۆمارگەکانی ئێمە لە ناوچەی چۆماندا (١٤٠٠٠) چەکداری کورد سوودیان لە لێبووردنە گشتییەکە وەرگرت و خۆیان دایە دەست هێزەکەمان[198].

لە **٣٠|٣|١٩٧٥**دا جەنگ بڕایەوە، یاخیبوون لە باکوور کۆتایی هات[199]، ئاشتی وڵاتە جوانەکەمانی خەملاند[200]. دەمڕوانییە شوێنەواری جەنگ و زیانی هەردوو لایەن، چونکە یەك زیانە و گشتیان عێراقین...

---

198 - بە هۆی گەورەیی پیلانە نێودەوڵەتییەکە و لە ناچاریدا، چواردە هەزار پێشمەرگە لە کەرتی چۆمان خۆی دابێتە دەستەوە! چەندین ئەمەندەیش دەربەدەری ئێران و هەندەران ئاوارەبوون، وێڕای زۆری ژمارەی پێشمەرگە، لە ناوچەکانی دیکە لە خانەقین و گەرمیان و هەڵەبجەوە، تا دەگاتە زاخۆ و شەنگار و قووڵایی کوردستانەوە... حەمدانی ئەمەی لە پل دەرچووە و نەیزانیوە کەمانای گشتگری شۆڕشی کورد دەنوێنێت. چونکە ویستوویەتی بڵێت: کورد لە باری دۆڕاندا دیلی ئێمەیان کوشت و ئێمەیش لە لووتکەی سەرکەوتنەوە، بەوپەڕی بەخشندەییەوە باوەشمان بۆ چەکدارە یاخییەکانییان کردەوە.

199 - نووسەر لێرەدا نەختێك لەگەڵماندا دڵ نەرم بووە، چونکە ئەوکاتە دەیانگوت هەتا هەتایە کۆتایی هات و جارێکی دیکە ناتوانن سەر هەڵبێننەوە، نەك بگەڕێنەوە ناو ریزەکانی گەلی عێراق!



تاوانی قوربانیانی ئەم جەنگە چی بوو؟

تاوانی ئەم هاووڵاتییانەی لە بارودۆخی وێرانکاری جەنگدا، برسی بوون، لەیەکدابڕان، کوژران[201].!؟

بێگومان هەر دوو لایەن تێیدا بەشداربوون... جەنگ بۆ گەلی کوردمان هات و نەهاتێکی مسۆگەربوو... پاساوی بڕوا پێکراوی نەبوو[202].

زیانی هێزەکانی سەربازیمان لەم ساڵەدا (٦٣٠٠٠) قوربانی بوو، بە تەواویش زیانەکانی هێزی بەرامبەر نازانین))[203].

((لە ئەنجامی جەنگی (٧٤-١٩٧٥)دا بە کورد و بە عەرەبەوە سەدهەزار کەس لەناوچوو))[204].

هەرچۆنێك بێ پیاوانی سوپای دلێرمان داستانێکی دیکەیان لە پێناوی یەکیەتی نیشتمان و گەلدا تۆمارکرد[205]))[206].

---

200 - ئەم خەملاندنەمان لە شوێنێکی دیکەدا لە راڤەکردنی وشەی ((خەملێبوو)) روونکردۆتەوە، دووبارە کردنەوەی کات کوشتنە. بەڵام واچاکە بزانین کە خەملاندنەکەی ئێرە، بەکردار پتر مانای خاپوور کردن و خاپیندان (تەفرەدان) خەپراندن (چینەکردنی مریشك) دەگەیەنێت. نەك ئاوەدانکرنەوە.

201 - هێندە بەسۆز شینمان بۆ دەگێڕێت و سەردوولکەمان بۆ دەبێژێت. خەریکە منیش بڕوای پێبکەم.

202 - حکومەوتی بەغدا و سەرکردایەتی کورد، وەك یەك دەکاتە هاوبەشی تاوانەکە، دواتر پاشگەز دەبێتەوە و وای دەبینێت کە سەرکردایەتی کورد هیچ پاساوێکی لەگوینی نەبوو، کە جەنگی هەڵگیرساند و دواڕۆژی کوردی خستە مەترسی هات و نەهاتەوە!.

203 - الحمداني، ص ٥١-٥٢.

204 - عقیدة، ص ٢١.

205 - هەر لە ناو سەردوولکەکانیدا هەڵدەگەڕێتەوە و شانازی بە ئازایەتی ئەو لەشکرەوە دەکات و پێیدا هەڵدەڵێت کە خەڵکی بێ تاوانی کوشتووە، پەڕاگەندە و دەربەدەری کردوون. هەرچۆنێك بێ منیش ئەوەی لێ بەداوەوە ناکەم، چونکە لە سەرەتادا فەرموویەتی: ((نووسینەوەی یادەوەرییەکان: تا رادەیەك رەوشت بەرزی و بێ لایەنی راستگۆیی دەوێت. هەرچەندەیش ناتوانین پاکانە بۆ خۆ ویستی و لایەنگری خۆمان بکەین، بەڵام من ویستوومە بە ویژدان و میانڕەو بم)) ئەگەر لەبیریشت چۆتەوە دیسان هەر چونێك بێ هەر هیچ ناڵێم، بەڵام دەبوو بە لایەنی کەم، گوتە و گوتەت تێك بکەنەوە، چونکە دەزانین کردار و گوفتارتان هەردوو جەمسەری گۆی زەوین! هێڵی یەکسانبوون و کەمەرەی زەوییان لە نێواندایە.

که حەمدانی باسی سەرکەوتن و بردنەوە دەکات، دەیشارێتەوە کە لەو کاتەدا، تەواوی بلۆکی ڕۆژهەلاَت، دەست و ئەژنۆ و بەر و پشتی بەغدا بوون، کەچی دوای سالێك کوشتوبڕ، نەیتوانی ئەنجامێك بە دەست بهێنێت، ناچار لە ترسی ئابڕوو چوون و دۆڕان و رووخان، بۆ خۆدەربازکردن، خۆی خستەوە باوەشی ڕۆژئاوا و ئێران، باجی ئاشتبوونەوەی (بەناو سەرکەوتن و بە ناوەرۆك ژێرکەوتنەکەی): دۆڕاندنی نیوەی یەکاوی عارەبان و خەفەکردنی شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیەکی رەسەن و بێ پشتیوان بوو...

هەر ئەم سەرکەوتنە دۆڕاندنەی ئەو دەیلێت: کە سەرکردەی داناو پڕ توانا، حوشترێکی بە مشککەروێشکێك گۆڕییەوەو. کێشەیەکی بە کێشەیەکی گەورەتر و بە شێوەیەکی کاتی لە ملی خۆی دارنی. بە زۆرزانی لە نەزانیدا، دواتر خۆی رووبەڕووی جەنگێکی تەڕ و وشك سووتێنی ئێران و عێراق و ناوچەکە کردەوە.

لە پاش هەشت سالْ کوشتن و وێرانکردن، (زاروماڕانێ) لە کوێ دەستی پێکردبوو، پاشەوپاش، گەڕایەوە هەمان چوارگۆشە و ناویشی دەنێن سەرکەوتن!

ئاخۆ بۆ سەرپۆش خراوەتە سەر ئەم حەمکە نسکۆ و کارەسات و سەراوسەر نغرۆبوونە؟ دەکرێت بلێیت: وانییە!؟ دەشێی بلێیت: ئاگادار نیم؟! بۆچی بێ وەلاَم دۆشدادەمێنیت؟ تاکەی چاوەڕوانی وەلاَمی بێ وەلاَمت بین؟

بڕواتان هەبێت، چاك چاك دەزانم، منگەیەك، ورتەیەکیشی لێ نابیستین، بەلْکو دەیەوێت لە بری وەلاَم، بە ناسازی دەروونییەوە، بۆ وەلاَمێکی ساز، تەڕەسازی نەگەیومان دەرخوارد بدات. بەرەو لایەکی دیکە، بۆ ناو هەلْەت و پەلْەتان، هەلْتەمان بکات.

ئەوە من و ئەوە ئێوە و ئەوەیش ئەو، ئەگەر وادەرنەچوو سمێلاَنم بتراشن!

برا هەموو بەدکارییەکی ئەم پەرێز پاکانە، گۆنگەلْی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەخوازانە! بە ناڕەوا دەیخەنەوە ئەستۆی ئەم پیاوچاك و بڕوادار و نیاز سپییانەوە!

ئەگەر نووسەر هێندە بەزەقی خەلْك بە نابینا و حۆل و گەلْحۆ نەزانیت!؟ ڕەوا و راستی بە راشکاوی و بە زەقەزەقی چاوان نەشاریتەوە؟ شانازی بە سەرکەوتنی خەیالْی سوپای نەتەوە و سەرکردەی مێژوویی نەکات؟ هەر بەخۆی لە پشتەوە خەنجەر نەوەشێنیت، لە رووبەڕووکاریشدا برینەکە تیمار و سارێژ نەکاتەوە؟ دلْی چلکن و دەستی چەوری خۆی بە سەری پاکی خەلْك نەسترێتەوە؟ مەمانان ناکارێن بێینە

206 - الحمداني، ص ٥١-٥٢.



دەنگ. گەر خانووتان شووشەی تەنك و چرژاوی کارگەی رەماددییە، بەرد لە پەنجەرەی خەلْك مەگرە! هەموو شوێنێك (بادیة) نییە! چۆن دەبێت دۆڕاوێك وەك براوەیەك بە ویستی خۆی پاپۆڕی خەیالْ لە ناو دەریای لمیندا باژوا و چۆنیشی بوێ ئاوا مێژوو بنەخشێنێت؟

## نموونەی تۆمارکردنی بیرەوەی:

لێرەدا بە چاکی دەبینم چەند پەڕەگرافێك، نموونەی یادەوەرییەکانی ئەوکاتەی خۆمتان بخەمە بەرچاو:

((وادەزانم نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٥ بوو، چوومە بارەگای بارزانی نەمر لە نەغەدە. کاك مەسعوود و خوالێخۆشبووی سامی عەبدولڕەحمان لە چادرێکدا، سەرقالْی کار و وەلاَمدانەوەی خەلْك بوون. دوکتۆر مەحموود عوسمان لە دەرەوە وەستابوو، لێی چوومە پێش، خۆم پێناساند و پرسیم: دوکتۆر! چارەنووسی ئێمە وەك شۆڕش و وەك تاك چییە؟ بەلاَم توخوا! راست و رەوان و بە کورتی ئەو شتانەی مسۆگەرن ئەوم پێ بلْێ ؟

گوتی: براکەم! ئەمڕۆ هیچ شتێکی مسۆگەر لە ئاسۆیەکی نزیکدا بۆ کورد دیار نییە. بەلێنی مسۆگەرمان هەبوو کە ئەمریکا و ئێران، ئاوا نەمان فرۆشن، کەچی بەبەر چاوی جیهانەوە کردیان. بەلاَم ئەوەی لەم ساتەدا بەرچاوە ئەوییە کە:

ئێران بەلێنی داوە، ئەوانەی ناگەڕێنەوە عێراق، لە ئۆردووگاکاندا وەك پەنابەر رەفتاریان لەگەلْدا بکات، کەسیش بەزۆری رەوانەی عێراق نەکرێتەوە.

ئەوانەی گەنجن و شیاون و دەیانەوێت لە زانکۆدا بخوێنن، ئەوا ئێران لە زانکۆی تاران وەریان دەگرێت.

ئەوانەیش کە دەیانەوێت بچنە هەندەران، چەند ولاَتێکی ئەوروپایی هەرێیانداوە، بەلاَم بەکردار دەرنەکەوتووە. بۆ دوارۆژی شۆڕشیش چاوەڕوانی دەرفەت و رووداوەکانی ناوچەکە دەکەین، وادەزانین ئەم تاوان و گۆڕانکارییانە هێندە بە ئاسانی تێناپەڕن.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە هەمان شارۆچکەدا سەردانی مالْی سەید کاکەم کرد[٢٠٧]، عەلی هەژاری بەهەشتیشی میوان بوو، خوشکە ژنەکەی رۆستەم حەمەدەمین قوربانی میرزاغەیی لە

207 - پێشتر لە گوندی میرزاغەی ناوچەی قوشتەپە، هاوسێی یەکدی بووین، منیش بە مندالْی قوتۆش و قسەگەورە و زیتەلْە بووم، بۆیە هەرچەندە سەید لە من زۆر بە تەمەنتر بوو، بەلاَم خۆی و مام سەید سمایلی باوکی و مام ئەحمەدەڕەش، عومەر فات و محەممەد خوازێی گەڕەکمان، مندالْیان نەبوو، منیان زۆر خۆش گەرەك بوو.

هەولێرەوە هاتبوو، بەدوای برایدا دەگەڕا بیباتەوە، دەنگوباسی ئەوەیش داینێ کە ڕۆستەم حەمەدەمین و جەوهەری قەهار (گەلاڵی) کەردزی گەڕاونەتەوە عێراق و وا لە ماڵی خۆیاندا دانیشتوون.

ئێوارە من و مام سەید و کاك هەژار لە دڵ تەنگیان چوینە دەرەوە. بە پێ، نەختێك بە بێ سەری گەڕاین، دواتر لە قاوەخانەیەکی نزیك ماڵیان دانیشتین. باس باسی کوژانەوە و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، دوارۆژی مانەوە لە ئێران یا گەڕانەوە بۆ عێراق بوو...

کاك هەژار لەگەڵ گەڕانەوە دابوو. دیدی سەید کاکەیش وابوو: چونکە شۆڕشی کورد لە پشتەوەڕا لێدراوە و بە هێز سەرکوتکراوە و سەرکردایەتییەکەشی لەناو نەچووە و ماوە، بۆیە بەعس لە ترسی گەشبوونەوەی شۆڕش، لە گرتن و کوشتنی سەرکردەکانی هێلی دووەم و سێیەمی شۆڕشەکە و کوردانی کوردستان درێغی ناکات.

بۆچوونی منیش وابوو: لە سەرەتادا لێمان دەبوورێت، بەڵام دواتر، کە کەوتینەوە ژێر دەستی، ئەوا وەك کابراکەی: شێخ و سەید و مەلایەکە، یەك یەکە، بەنۆرە هەرجارەی یەکێکمان دارکاری دەکات. ئەگەر ئێمەیش بڕۆینەوە عێراق، ئەوا دەبێت هێندە و بۆ ئەوەیش بژین کە ئەو دەیەوێت، کوشتنی تاك تاك و لەناوبردنی بەکۆمەڵی هەموو کوردێکی مەبەستە!

کاك هەژار لە گوتەکەی من هەڵچوو، گوتی: وادیارە تۆ بیرمەندێکی گەورە و گەلێك هۆشیار و دیاری، یا سەرکردەیەکی پایە بەرز و زۆر بڵندی، بۆیە هێندە لە خۆت دەترسیت؟ مام سەیدیش لایەنگری کردم.

من کە لە عێراقدا سەربازی راکردوو بووم، سزای سەربازی راکردوویش لە سزای کوردایەتییەکە کەمتر نەبوو، لە ئێرانیشدا وێڕای ژیان لە ژێر چادری پەنابەران و رووبەڕووی وێنەی هەڵواسراوی حەمە رەزا شا، دوژمنی نەوەو بابەگەورەمان، کە لە پشتەوە بڕبڕەی پشتی شکاندین جەرگ و دڵی بڕین و بە زیندوویی چاوان خوێنی مشتین، ئاوات و نەوەکانی دوارۆژی کوشتین، من لە ئێرانیدا بڕیاری گرتنیشم بۆ دەرچووبوو[208]، لەو هەلومەرجەدا چوونەدەرەوەی بە قاچاغیش بۆ گەنجە کوردێکی

208 - شەش مانگ پێشتر بەسەردان چوومە ئێران، لە کتێبفرۆشییەکەی سەید محەمەدی سەیدییان لە مەهاباد (سابلاغ) بۆ کڕینی کتێب چاوم دەگێڕا،کە هاتمە دەرەوە سێ مەلای رێك و پێك لە بەر دەرگابوون، منیش سلاوم کرد و ویستم تێپەڕم و بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران بکەومەڕێ، مامۆستایەکیان بەرەو رووم هات و بە زمانێکی شیرین گوتی: مامۆستا! ئاغای کوردی عێراقی! ئوستاد! حەزدەکەین گەورەمان بکەیت، بە نەختێك لەگەڵدانیشتنت شاددەبین، تۆمان بینی چاوت لە کتێب دەگێڕا، ئێمەیش رۆشنبیر و مامۆستای ئایینی ئەم دەڤەرەین، ئەم نیوەڕۆیە لە ماڵی برا بچووکتان میوانن!.



چاونەکراوەی گیرفان خاڵی ئەوکاتە و تاوانبارکراو بە پەك (شوعی)ی ئێران سەختتربوو. بڕیاردانی من لە سێڕیانەکەدا: هەڵبژاردن لە نێوان مردنێکی پڕ دەردەسەری و ژیانێکی هەمووچرکەیەك مردن، گومبوونێکی بێ سەروشوێن بوو. دوو هەنگاوم بەرەو هەر لایەك دەهاوێشت، ئاوڕێکم دەدایەوە، دەگەڕامەوە و رادەمامەوە...

دواتر زانیمەوە کە دارا تۆفیق: ئەندامی نووسینگەی ناوەندی پارتی و بەرپرسی راگەیاندنی شۆڕش، عەلی هەژار ئەندامی لێژنەی ناوەندی پارتی، کاردۆگەلاڵی (عارەب قەهار کەردزی)، سالح یوسفی ئەندامی نووسینگەی سیاسی و بەرپرسی لقی پارتی بوو لە بەغدا. حەبیب محەممەد کەریم سکرتێری پارتی و فارس باوە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر، سەید کاکە و... گەڕانەوە عێراق.

گوتم: درەنگمە دەڕۆم. گوتی: نیوڕۆژمان خوارد خۆمان لەگەڵت دێین بەڕێت دەکەین. زۆر حەز بە بینینی کوردی عێراقی دەکەین، رۆشنبیر و کوردیزان و وشیارن، ئێوە ئومێد و بینای چاومانن.

ماڵەکەیان، لەپاڵ مزگەوتی شادەروێش (مزگەوتەکەی وەفایی شاعیر) و لە بازاڕەکەیش زۆر دوور نەبوو، هەر بەپێ کەوتینەڕێ، لە رێگەدا شوێنی ماڵی قازی محەمەد و جێگەی دیکە و شوێنەواری مێژووییان پیشاندام. لە نانخواردنەکە کەمێك دواکەوتین، کە هاتینەوە پارك، ترومبێل (تی بی تی)یەکە دەرچووبوو. دەبوو تا رۆژی دواتر چاوەڕوان بم. دانی ئێوارە بەناو سابلاغ و دەوروبەریدا گەڕاین، شەو لە ماڵی مەلای خانەخوێ (مەلا یەحیا دانش)) تا درەنگ باسی کتێب و بایەخدان بە نووسین بەزمانی کوردی و شیعر و شتی دیکە کرا، مەلایەکیان (مەلا قادری مەرگەوەڕی) دەستنووسی تەفسیرێکی قورئانی پیرۆزی بە زمانی کوردی لەبەردەستدابوو، ناونرابوو ((بارانی رەحمەت)). تەفسیرەکە هەر بەناو کوردی بوو، بەڵام لە راستیدا فارسی و عەرەبی بوو، مەگەر وەك خوێی چێشت، وشەی کوردی، بەهەڵە بەکار هاتوو و بە هەڵەیش نووسراوی تێدابێت، منیش بەڵێنم دا: کە گەڕامەوە کوردستانی عێراق، چەند کتێبێکی کوردییان بۆ بنێرم، بۆ ئەوەی لێی کەلکمەند بن. کە گەڕامەوە دەربەندی رایاتێ، لە چۆمانەوە سێ کتێبی پرۆگرامی وانەی خوێندنی کوردی قۆناغی ئامادەیی، (بە ئازادی مەلاعەلی کۆیە)، کە پێشتر لە بەغدا بەیەکەوە خوێندکاربووین بۆ مەلا یەحیا دانشم نارد، تومەز مەلای چەمبەری سەربە سازمان- ئیتلاعاتی ئێران (ئاسایش) بوو، مەلا ناکاتە نامەردی، پوختە، هەرسێ پەرتووکەکە دەداتە دەست دەستەی هەواڵگری، ئەوانیش بڕیاری گرتنی من و ئازاد دەردەکەن و دزگاکانیان لە ئۆردووگا و بازگەکانی سنووردا ئاگادار دەکەنەوە، کە ئەم دووناوە سەرکردەی کۆمۆنیستەکانن و بیانگرن (نەیان ویستبوو تاوانی کوردایەتی و رۆشنبیریمان بخەنە پاڵ، نەوەك هەوڵی ئازادکردنمان بدرێت)، لە خۆشبەختیماندا، مەلاعەلی باوکی ئازاد لە ئۆردووگاکەی خۆیان لە لایەن زانیاری کوردانی عێراقی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەویش ئازاد و ئازادیش منی وریاکردەوە... دوای رووخانی شا و هاتنی ئیمام خومەینی، بە رێکەوت لە رادیۆی کوردی ئێرانم بیست: بڕیاری پێنج ساڵ زیندانی بۆ (مەلا یەحیا دانش) بە تاوانی سیخوڕی بڕاوەتەوە.

سێ کەسەکەی یەکەم شونبزرکران، یوسفی بە نامەی مینرێژکراو شەهیدکرا، سەید کاکە لە باشووری عێراقەوە بە پرەپر بۆی دەرچوو و گەیشتەوە چیا سەرکەشەکانی کوردستان...))[209].

ناکرێت و نابێت بڵێین: رێککەوتننامەکەی جەزایر، ژێربەژێر، لە نێوان بەغدا و تاران و جەزایر و ئەمریکاوە تەواو نەکرابوو، بەڵکو لە ١٩٧٥/٣/٦دا لە جەزایر راگەیەندرا. چ گەمژەیە بڕوا دەکات کە ئەم شێرپەنجە دێرین و گشتگرە، وا بە سووك و ئاسانی بە یەکدی دیتنێکی سەرپێی بنەبڕکرا! وەك نەکرا!

براوە لە رێککەوتننامەکەدا ئێران بوو: بە ساچمە ژەنێك، کۆمەڵێك چرگ و کەو و کەودەری لە خوێنی خۆیان و لە خرتۆرێ وەردا.

دوژمنێکی سەرسەخت و سەر سنووری خۆی بە چۆك داهێنا.

لایەکی یەکاوی عارەبانی لەسەر ئێران تاپۆکرد.

کێشە کۆنیینە سنوورییەکانی نێوانیانی بە ویستی خۆی کێشا.

بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی خەفەکرد، چونکە هەمیشە ئەو راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ویستوویەتی شۆڕشەکانی کورد بکوژێنێتەوە و نەهێڵێت کورد لە دەست دەربچن، نموونە کۆنینەکانیشی: لێدانی شۆڕشەکانی شێخی نەهری سمکۆ و بارزان و مهابادو...

دەستکەوتی ئەمریکایش: هاوێرکردنی عێراق لە گەلەی رۆژهەڵاتەوە، گێڕانەوەی بوو بۆ ناو کۆزی خاوەرزەمین بوو.

چاندنی چەشنی[210] بۆمبێکی ئەتۆمی وێرانکار لە سنووری نێوان ئێران و عێراقدا، کە هەر کاتێك بیەوێت بیتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی عێراق و ئێران و ناوچەکەیش هەمیشە لەسەر لێواری هەڵدێران بێننەوە و نەتوانن لە سنووری خۆیان دەربچن. هەوبوو لە دوای هاتنی ئیمام خومەینی چەشنەکە ئاگردرایەوە...

ئەلحەمدانیش لێرە و لەوێ پاساو بۆ سەرکردەی سەرنەکەوتە، بۆ هۆکارەکانی جەنگەکە دادەنێت!

بەشی رژێمی بەغدا و شۆڕشەکەی کورد لە داونانەوەکەی ئەلجەزاییردا: دۆڕان بوو. تاکە جیاوازی لە نێوانیاندا: نسکۆکەی کورد ئاشکرا و بەرچاو بوو، بەڵام تەڵەی تێکەوتنی عێراق و راوکردنی فەرماندە، نەختۆکەك داپۆشراو بوو.

209 - بیرەوەرییەکانی نووسەر.

210 - کەپسوولی تەقاندن و ئاگردانی رۆکێت و بۆمب و تەقەمەنی دیکە. هەڵگیرساندنەوەی جەنگ لە ئەنجامی رێککەوتننامە نارێکەکەوە.



باشتر وایە بگوترێت سەرکەوتنێکی رووکەش و دۆڕاندنێکی نەقۆڵابوو، چونکە جەنگێکی سەخت و وێرانکارییەکی پتری بەدوا داهات.

ویژدانی ئەلحەمدانی نەیهێشتووە زمانەکەی بڵێت:

لە راپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١)دا دوو تیپگەل سەرباز، بەڵێ دوو تیپگەل سوپای عێراق (دەیان هەزار سەرباز)! سەرەڕای هێزەکانی تایبەت و ئاسایش و دەزگاکانی سیخوڕی عێراقی، کە خۆیان دایەدەست کورد، تاکێکیشیان کەپووی دانەڕسا[211]!

بە راستی جێگەی سەرسامی و نیگەرانییە کە مرۆڤێکی ئەکادیمی و بەرپرسێکی سوپای عروبە و پیاوێکی موسڵمان و ئەزمووندار و بەتەمەن، مێژوو هێندە بەنیاز پاکی و بە راستگۆیی بۆ مێژوو تۆمار بکات!.

ئەلحەمدانی دەیەوێت بە خوێنەر بڵێ هەڵبوون و کوژانەوەی بزاڤی کوردان بە دەستی شای ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا بوو، هەروەك پێشتر لە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی کورد- عێراقدا ئاماژەی بۆ کردووە، لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر راستی بۆچوونە هەڵبەستراوەکەی خۆی دەکاتەوە... بەڵام دووبارە لە یادی نەماوە کە دەڵێین: براوە مێژوو دەنووسنەوە.

هێشتا هەستی نەکردووە کە ئەو لە پیلان و رێککەوتننامەکەی جەزاییردا نەك نەیبردۆتەوە، بەڵکو خاك و ئاو و ئابڕوو و سەر و سەروەری خۆیشی لەسەر داناوە، بەم دۆڕاندنەیشی ژیانی شۆڕشی کورد و گەلانی عێراق و ناوچەکەی کڕییەوە.

هێشتایش وەك بە رووخسار سەرکەوتن، بە ناوەرۆك کەوتن و ناوککەونی سەرکردەی نەتەوە، چۆنی بوێ ئاوها مێژوو دەژەنێ! وادیارە نائاگا و نەگۆڕاوە، هەنووکەیش بە بۆقی ئەودەمە: راست، چەپ، بۆ دواوە وەرگەڕێ، بڕوانە لای راست، دەکەن... سەرکردەو سەرۆکی ئومە لە رێککەوتننامەکەی جەزاییر و جەنگی عێراق -ئێران و داگیرکردنی کوێت و کارە تیرۆرستییەکانیاندا عێراقی نغرۆی خوێن کرد... کەچی هەر براوە و باڵا و سەرکەتوو دەخرێتە بەرچاو.

لە رووی ئابووریشەوە:

((لە ئەنجامی جەنگی کوێتدا، بەهای دیناری عێراقی کە دینارێك بەرامبەری سێ دۆلار بوو، دابەزی و گەیشتە (٣٠٠٠) دینار بەرامبەر دۆلارێك.))[212]

211 - لووتی بە خوێن نەهات.

((سوپاس بۆ یەزدان کە سوپای عێراق لە جەنگەکەدا[213] براوە دەرچوو، سەربڵندبوو، تێر بڕوا و پڕ توانا بوو...))[214].

نووسەری (قبل ان يغادرنا التاريخ) و هاوبڕوایانی نەك هەر دەیانەوێت چاویان لە ئاست ڕاستییەکاندا بنووقێنن و گوێیان کەڕکەن و بە زانایی داپۆشن، کە بۆیان داناپۆشرێێت، بەڵکو بەرەواژیشی دەکەنەوە و هەمیشە دەیانەوێت کەلکمەندی ئەم پەندەی باپیرانیان بن ((ضربني و بكى، سبقني واشتكى!)) بۆیە هەرشتێکی بۆ بگوترێت بە هیچی هیچیش نایکڕێت، هەر گوتەکەی خۆی دەفرۆشێت، کەچی مەمانان گەرەکمانە گوێزی بۆ بژمێرین.

ئەگەر بۆ تێڕامان بگەڕێینەوە سەر پەڕەگرافەکانی نووسەر و وردتر ناواخنی نێوان دێڕەکان بخوێنینەوە، ئەوا لە چەندین شوێندا دەبینین: لابەلا و نائاگا، ئاماژە بۆ ڕاستییە تاڵەکان دەکات، یا مەبەستی بووە بە گوتنی چەند ڕاستییەکی بچووك، هۆشی خوێنەر بخاتە بەر ڕکێفی خۆیەوە، تاکو گوێی بۆ بکاتەوە و ناڕاستییە زۆر و زەبەلاحەکانی لەگەڵ ڕاستییە کەم و پووتەکاندا بئاخنێتە مێشکەوە، وەك ویستی سەرکردەکەی (بە پیچە قوربانییەك دەستکەوتێکی زۆر و زەوەند بچنێتەوە، بەڵام بەشیان هەر لێنەکەوتن تێکەوتن بووە)، بۆیە هەر زوو پاشەکشە دەکات و دەکەوێتەوە کاواندنەوەی ناڕاستییە نەقۆڵایەکانی، جارێك هەڵگیرساندنەوەی جەنگی(٩٧٤) دەخاتە ملی کورد و ئەمریکا و جوولەکە و ئێرانەوە، دواتر دەگەڕێتەوە زۆرینەی بارەکە دەخاتەوە ئەستۆی کورد و سووکە ئۆبالێکش بۆ بەغدا دەهێڵێتەوە. لە هەڵبەستە و تێپەستەی زۆری زۆر ناڕەوادا، هەرگیز دریغی نەکردووە. لە ڕووخساردا خۆی خاوەن پرسەیە و ئازیز مردە لە گەرمەشیندا بۆ کوژراوانی جەنگی ناوەخۆ، سەری لە قوڕدەگرێت، لە ناکاوڕا، بە مەبەستی تۆقاندنمان خێوانی قاقا پێدەکەنێت! بە ئازایەتی جەنگاوەرانی عێراق و ئومەکەی هەڵدەڵێتەوە.

ئەگەر بڵێین ئازایەتی گەلێکی هەژاری چەوساوەی بێ پشتیوان و بێ دەوڵەت، بە دوژمن گەمارۆدراو، لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین زلهێز و سوپای حوجانیدا، بە ئاشکرا گەلەکۆیی لێکراوە، بەڵام هێشتایش لە شەڕگەدا بەرامبەر زەبەلاحترین هێز نەدۆڕاوە. کەچی سەرکردەی

212 – عثمان، محمود احمد ل ١٤٢.

213 – مەبەستی جەنگی عێراق – ئێرانە.

214 – الحمداني، ص ١٨٤.



سروشت گوڵەبەڕۆژە و خڕبردە و بنەبڕکردەی عێراق، بۆ مانەوەی خۆی، بە ناچاری بە پێچەوانەی گوڵەبەڕۆژەیش لە بەرەبەیانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕوو بەرەو ئێوارەی خـۆرئاوا وەردەگێڕێت و دەچەمێتەوە و سازشیش لەسەر خاکی وڵاتەکەی بۆ دوژمنانی دەکات، هەر هێندە شۆڕشی کورد دابمرکێتەوە! بەڵام ژیلە مۆی شۆڕشەکە بە کزەبایەك هەڵگیرسایەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە: کوردی مل باریك و کوردستانی بە ستەمکاران دەورەدراو، لە چوار دەورییەوە خەرمان ئاسا دەخرێتە بەر دەمی جەنجەڕی ستەم و دەکوترێت، شەندەکرێت و کەوشەنەکەی تەسك دەکرێتەوە. زۆردارانی دوژمنیشی هەرچەندە زۆر و بازوو ئەستوور و ملەوەزن، بەڵام ناڕەوان بۆیە ئەژنۆ شلن، زوو دەبەزن، بە پخەیەك پانتۆڵەکانیان گران دەکەن!

## جەنگی ئێراق- ئێران:

### هۆکارەکانی جەنگ:

((یەك گرتنەوەی بەرژەوەندی ئێران و عێراق هەر وەك لە رێککەوتننامەکەی جەزاییر ساڵیّ (١٩٧٥) هاتە کایەوە، ترسی هەژاندنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی وڵاتە زلهێزەکانی[215] لیّ کەوتەوە. لە پێناو ئەم ستراتیژییەدا بە پێویستیان زانی جەنگێکی هەرێمی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵبگیرسێنن، تواناکانیان بپووکێننەوە، ئەوکاتە بە ئاسانی دەچنە ژێرباری وڵاتە مەزنەکان و ئاسایشی بەرژەوەندییان لەم ناوچە بایەخدارە دەپارێزرێت...))[216].

((... چونکە دەستدرێژییەکانی ئێران لە رادە دەرچوون، بۆیە رای گشتی لەگەڵ ئەوەدابوو کە بەرپەرچی ئێران بدرێتەوە، لەولایشەوە گوتەی بەرپرسانی ئێرانی بە راشکاوی هەڵگیرسانی جەنگی دەردەخست... لە ١٩٨٠ /٩/١٨دا، عێراق دەرفەتە لەبارەکەی قۆستەوە... تیپەکانی شەشەمی زرێپۆش و یەکەمی ئامێرکاری زنجیرەیەیەك هێرشی خێرایان کرد.))[217].

پێشتر گەیشتینە ئەم بڕوایەی، کە لە ئەنجامی رێککەوتننامەکەی جەزاییرەوە رووبەڕووبوونەوەیەکی لەناکاو لە نێوان ئێران و عێراقدا، رووداوێکی مسۆگەری کات نادیاربوو. بنووسی یادداشتەکان لەگەڵێك جێگەدا راستەوخۆ تێهەڵنگوتووە، بەڵام ئەوەی بە ئەنقەست، لێرە و لەویّ، پاساوی بۆ دێنێتەوە ئەوەیە کە: هۆکار و تاوانی جەنگەکە دەخاتە ئەستۆی ئەمریکاو... دووبارە و سیّ بارەی دەکاتەوە. ئەمە دەردێکی کوشندەی عروبەیە و دەرفەتی چاکبوونەوە و کۆتایی هاتنی دوور و ئاستەنگە، بۆیە جێگەی تێڕامان و بۆ دامانە! ئەگەر بمانەوێت لێی بکۆڵینەوە، بە دوای رەگ و ریشەی هۆکارە راستەقینەکانیدا بگەڕێین!

---

215 - مەبەستی لە وڵاتانی زلهێز، ئەمریکا و ئینگلیزستانە، چونکە ئەوکاتە سەرکردایەتیی عێراق، بە نەوت و دراوی نەوت و چەك کڕین و بازرگانی، بەرژەوەندییەکانی یەکیەتی سۆفیەتی کۆن و چین و هیند و ژاپۆن و فەڕەنسا و ئەلەمانیا و ئیتاڵیا و بەرازیلی بە زیادەوە دابینکردبوو، گەلێکیش لاگری بوون.

216 - الحمداني، ص ٥٧.

217 - الحمداني، ص ٦١.



نووسەر بە ویست و پەرۆشێکی لە ناخەوە، لە هەموو سەرە باسێك و دووڕیانێکدا گەرەکیەتی تاوان و تێکەوتنەکانی سەرۆکەکەی بخاتەوە ملی ئەمریکاو جوو و...

ئێمەیش بە کورتبڕییەوە دەڵێین: زۆر گوتن قورئان خۆشە! ئەندازیاری رێککەوتننامەکەی جەزاییر و چێنەری جەنگەکەی نێوان عێراق و ئێران، مستەرکیسینگەری چاوشین بوو!! وێڕای هەڵە و پەنەرتییەکانی سەرۆکی لەخۆڕازی و خوا لێی ناڕازی، دەبوو هێندە بیر کول نەبیت، دەبوو تۆش لە یادت نەچووبوایە کە بە قەڵەمە رەنگینەکەی خۆت نووسیوتە "ئەم سازشکردنە[218] دواتر بۆ بە هۆی هەستکردنی سەددام بە تاوان، تا لە ساڵی (١٩٨٠) لە سەرەتای جەنگی ئێران- عێراقدا رێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە."

((جارێك فێڵت لێکردم خوا بتگرێت، دووەم جار هەڵتفریواندم خوا خۆم بگرێت، سێیەم جار هەڵتخەڵەتاندم خوا خۆم و هاریکارانم بکوژێت.))

ئەگەر زمانت هەڵنەخلیسکایە، ئێمەیش وەك خەڵك و خوا نەماندەزانی! ئێستایش دڵنیابە لە دەمان دەرناچێت، نەوەك خوانەخواستە هەڵبەستەکان، سەری گەورەی گەورەنووسەرێك و سەرکردەیەکی پایەبەرزی سەربازی نزم بکەن.

دەڵێن: "مشتێك نموونەی خەروارێکە." ئەگەر ئەمە تۆماری مێژووی پڕشنگداری هاوچەرخی برای بیرەوەرنووس و نەژادپەروەر و نەتەوەکەی بێت! بڕواناکەم پرسیارەکەمان گەلێك تاڵ و تیژ و تونگ بێت، ئەگەر بڵێین: ئاخۆ دیرۆکی دیار و نادیاری دێرینیان چەندی بە چەندییە؟ لە بیرمە لە حەفتاکاندا لە گۆڤاری (**طبیبك**)دا کە دوکتۆر سەبری قەببانی لە بەیروت بە زمانی عارەبی دەریدەکرد، لە گۆشەی پرسیار و وەڵامدا، گەنجێك بۆی نووسیبوو: ئایا دەتەوێت دیرۆکی پڕشانازی ئوممەی مەزنت بۆ بنێرم؟ وەڵامی د. قەببانی: نا براگیان، دەمەوێت: پیچپێك نووچەی ئێستای ئوممە بزانین.

((کە شەش مانگ بەسەر جەنگێکی خوێناوی تێپەڕی[219]، ئاسۆی سەرکەوتنیش دیارنەما، لەشکر شەکەت و بێزار و ورە داتەپیو، جبەخانەکان بەرەو گسکدان دەهاتن، دووبارە سەددام کەوتەوە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی دیکە[220].

---

218 - مەبەست سازشکردنیەتی لەسەر رۆژهەڵاتی یەکاوی عارەبان، کە دایە ئێران.

219 - جەنگی ١٩٧٥.

220 - پێشتر گوتوومانە: لە چەندین شوێندا دەسکاری داڕشتنەوە و بەیەکە و گرێدانی رووداوەکانمان کردووە، یا ناوەرۆکەکە کورتە و پوختەی چەندین لاپەڕەیەکە، بەڵام هەرگیز شتێکمان لە خۆمانەوە نەخستۆتە ناو دەقی

یەکەم کەس کە بۆ مەبەستی راوێژکردن پرسی پێکرد: جۆزێڤ بروس تیتۆ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیای ئەوکاتە، کە پیاوێکی لێزان وخاوەن ئەزموون بوو، ئەویش سەددامی راسپارد هەوڵبدات: هەواری بۆمیدیەن سەرۆك کۆماری جەزاییر تێبگەیەنێت، بۆمیدیەن میانڕەوێکی ناسراوی رۆژهەڵات و خۆرئاوایە، بەهۆی ئەوەوە دەتوانێت بگاتە ئەمریکییەکان و لەگەڵ شای ئێرانیش ئاشتبێتەوە و رێگەی بزووتنەوەی کوردەکانش ببڕێت.

بۆمیدیەن داواکەی سەددامی لە دڵەوە لە لا پەسندبوو، رۆڵی ناوبژیوانی گێڕا، ویستی سەددام لە رەوەی رۆژهەڵاتەوە دەربکا و رەگەڵ گەلەی خۆرئاوای بخاتەوە.

سەددام گوێڕایەڵی راسپاردەکانی بۆمیدیەن بوو، ئامادەیی خۆی دەربڕی کە رووگەکەی بەرەو ئەمریکا وەربگێڕێت و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاواییان دابین بکات، دەستیشی بخاتە نێو دەستی شا و شانیشی ماچ بکات و ویستەکانیشی بێنێتەدی، بەمەرجێك لە گرفتی کوردان دەربازی ببێ و نەڕووخێت. ئەمە رەوشتی سەرکردەی مەزن و بێ هاوتای ئوممە بوو... ئەمڕۆ رێککەوتننامەیەکی واژۆ دەکرد، بەیانی پــــاشگەزدەبۆوە، هەروەك هیچ رووی نەدابێت لەلای وابوو.

سەرۆك (بۆمیدیەن)، (عەبدولعەزیز بوتەفلیقە)ی وەزیری دەرەوەی جەزاییری ئەوکاتەو سەرۆك کۆماری ئێستای تێگەیاند، ببێتە پێناو، ئەویش بە نهێنی کەوتەکار و بە چاکی کۆشا، هەردوو لایەنی دەبینی و لەژوانگەدا لەگەڵیان دادەنیشت، پێبەپێ دڵبەری و دڵداری خستە نێوانیانەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی توانی عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەروەی ئێران و تاریق عەزیزی عێراقی بەیەکەوە لە ژوانێك کۆبکاتەوە. ئەمانە و چەندین کاری دیکە لە پەناوە ئەنجامدران، پرۆژەی رێککەوتنەکە ژێربەژێر بە تەواوی تەواوکرا، لەکۆنگرەی سەرانی وڵاتانی (ئۆپێك)دا بە رێنوێنی و چاوساغی گەورەیان هینری کیسینگەر، سەددام و محەممەد رەزا پەهلەوی شای شایانی ئێران، لە ماڵی بۆمیدیەن و بە ئامادبوونی شا فەیسەڵ شای عارەبستانی سعودییە، دەستیان خستە ناو دەستی یەك و ئەوانیش چەپڵەیان بۆ کوتان. دۆژمنەکانی دوێنێ بوونەوە برا، رێککەوتننامەکە لە ٦|٣| ١٩٧٥دا، لە جەزاییر راگەیەندرا[٢٢١] .))[٢٢٢] .

---

ئاخاوتنی کەسێکی دیکەوە، ئەگینا ناکرێت بە ناڕاستی و هەڵبەستان، بەرهەڵستی هەڵبەستکارانی دڵکوێر و چاوتیژ بکەین.

٢٢١ - دزەیی، ص ٢٩٢.



"لە دوایین هەفتەی شوباتی ١٩٧٥دا لە پایتەختێکی عەرەبییەوە کیسینگەر چۆتە بەغدا، لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی کۆبۆوەو بنەماکانی رێککەوتننامەکەی جەزاییری دانا (نیقۆلا تشکۆفسکیش لایەنگری بوو)."[٢٢٣] .

((دواتر لە راپۆرتێکی گۆڤاری (The Village) ی ئەمریکیی بڵاوکرایەوە: کە ئەمریکا و (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هینری کیسینگەر) بەشداری کاریگەرییان لە سازکردنی رێککەوتننامەکەی جەزاییردا هەبووە، لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەیش نووسەرەکەی لە کار دەرکرا، چونکە ئەمریکا کارەکەی لە پەنای پەردەوە کردبوو، مەبەستیشی دابڕاندنی عێراق بوو لە بەرەی رۆژهەڵات و گێڕانەوەی بوو بۆ پەچە و نێو کۆزی رۆژئاوا))[٢٢٤] .

لە دیمانەیەکدا لە کیسینگەریان پرسی: بۆچی ئەم تاوانەت دەربارەی کوردی عێراق کرد؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەوکاتە سیاسەتی جیهانی ئەوەی دەخواست!

"کیسینگەر: ئێمە بۆیە دەست لە کوردەکان بەردەدەین، تاکو عێراقییەکان رووبکەنە سوورییەکان، چونکە سوورییایی دانوستان لەگەڵ ئیسرایلییەکان رەتدەکەنەوە." [٢٢٥] .

"بە پێی ئەم راپۆرتە: نە شای ئێران، نە نیکسۆن و نە کیسینگەر دەیان ویست کوردان سەربکەون." [٢٢٦] .

"لە راپۆرتێکی کۆنگرێسی ئەمریکی (بابك)دا هاتووە: رەفتاری ئێمە دەربارەی کوردەکان رەوشت نزمی بوو: نەیارمەتیماندان، نە لێیان گەڕاین کێشەکانیان بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا چارەبکەن. پشتگیریمان کردن، دواتر وازمان لێیان هێنا" [٢٢٧]

(( لە چەندین نامەی کیسنگەرەوە کە بۆ بارزانی نەمر ناردوونی، ئێستایش لە ئەرشیفەکەی کاك مەسعووددا ماون، دەردەکەوێت: کیسینگەر بۆ دابڕاندنی عێراق لە سەربازگەی سۆڤیەت، بە گوتەی شیرین کاتی بەکوردان تێپەڕاندووە.))[٢٢٨] .

---

222 - سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٩٢.

223 - بکر احمد یعقوب. ص ٢٢٢.

224 - دزەیی، ص ٢٩٣.

225 - بکر احمد یعقوب. ص ٢٢١.

226- المصدر السابق، ص ٢٢١.

227- المصدر السابق ، ص ٢٢٢.

((ئەمریکییەکان لە جەنگی عێراق ئێراندا چەکیان دەدایە ئێران و عێراق، هەر خۆشیان گلۆپی سەوزیان بۆ داگیرسان تا کوێت داگیر بکات، هەر ئەوانیش چەکی کیمیاییان دابووە سەددام کە ئەویش لە دژی کوردەکانی بەکارهێنا))[229]

کەچی نووسەر وا دەنوێنێت، کە کلۆ شەکرەکانی پێشتری خۆی و ئەم راستییانەی دەخەینەوە بەرچاوی، هیچی نەبیستووە، یا لەبیری کەوتوون. بۆ خوێنەرێکی ساویلکە، بە سادەیی و سووك و سانایی، دەربارەی هۆکار و ئەنجامەکانی جەنگی عێراق- ئێراندا دەفەرمووێت:

((بە پێی لێکدانەوەکانی سەرکردایەتی عێراق، وێڕای کۆششەکانی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، گەلێك هێما و بەڵگەی سیاسی بانگەشەکردن و کاری تێکدەرانە هەن، ئەوە دەگەیەنن کە رژێمی نوێی ئێران، مەترسییەکی راستەقینەیە، بۆ عێراق و هەڵگیرساندنی جەنگێکی مسۆگەر لە دژیدا.

بە بۆچوونێکی گشتی ئەنجامی جەنگەکە ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە لە دوای لادانی پیاوانی ئاییني، گەنجانی ئێرانی جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست[230]. لە ناو سوپای ئێراندا دڵشکان و نیگەرانی و بێزارییەکی زۆر دژی هەڵسوکەوتی پاسداران هەیە.))[231]. دوور لە درێژدادڕی، دوو نووکە تێبینی، وەك دوو نێرە بۆق سەرئاودەکەون و دەقیڕێنن:

یەکەم: بنووس، ویستی خۆی بە شێوازی رۆمان نووسین دەربڕیوە. مەبەستی دڵی بە زمانی کەسێکی دیکە دەدرکێنێت.

لە رۆماننووسیش رەت دەکات کە بەژێرلێوەوە دەڵێت: بە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتی عێراق!

228 - ئەمە ئاوات و ویستی سەرکردەی مەزنی عێراق بوو، دەیەویست دوژمنانی دوژمنی، بە هاریکاری ئەوەوە، دەسەڵاتی ئێران بگرنە دەست، ببنە لایەنگر و برا بچووکی فەرماندە، هەر بۆیەش چەکدارانی موجاهیدینی خەلق و کوردانی بەرهەڵستکاری رژێمی خومەینی، دوژمنانی شۆڕشی ئێران لە عێراقدا داڵدە دابوو، چەکی قورسی وەك دەبابە و رۆکێت شتی دیکەی دەدایە موجاهیدین، تاکو ئێستایش کێشەکەیان لە عێراق نەبڕاوەتەوە.

229 - عبدە، ص ١٠١

230- الحمداني، ص ٥٩.

231 - شربل، ل ٢٢٩.



چونکە سەرکردایەتی تاکە کەسێك نییە، کاتێکی چاکیش بەسەر گوتەکە تێپەڕیوە، ئیدی لێکۆڵینەوە لە راستی و سەرچاوەی گوتەکە زۆر ئەستەنگە. هەر بە هەمان شێوە، پارتی و یەکیەتی بە نۆرە، خوری شۆڕی شوونك کوت دەکات: ((بە زمانی پارتی دەڵێت: یەکیەتی وا و وا، بە پێچەوانەیش)).

دووەم: پێشتر نووسەر درکاندوویەتی، ئێمەیش روونتر دەبێژین: هۆی کەوتنەوەی جەنگەکە، ئەنجامێکی مسۆگەری رێککەوتننامەکەی جەزاییرە. لە و کاتەدا کە خومەینی و گەلانی ئێران شایان دەرپەڕاند و مێزەرداران دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئێرانیان گرتە دەست، دووبەرەکی لە نێوان باڵە سیاسییەکانی ئێراندا، لادان و دوورخستنەوەی فەرماندە سەربازییەکانی لایەنگری حەمەرەزا شای سەر بە ئەمریکا، تالانکردنی بانك وسەرمایەکانی وڵات، پشێوی و نەچەسپاوی یاســا و دەسەڵات، لێدانی راستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئینگلیز و مەترسییەکانی ئێران بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی کەندا و بە عێراقیشەوە... ئەمانە و تیژکردن و دەست لە پتشدانی ئەمریکا و هاندانی شێخانی کەنداو... سەددام بە هەلێکی چاك و دەرفەتێکی زێڕینی زانی، بۆ تۆڵەکردنەوە، تاکو بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەکەی جەزاییری بیقۆزێتەوە. بۆ ئەم کارەیش بە پلانێکی تۆکمە خۆی ئامادەکرد، لە هەمان کاتیشدا بە بیانووی جۆراوجۆر، کەشوهەوای ئاگر داگیرسانەکەی خۆش دەکرد.

لێرەدا بۆ سووکە وچانێکی مێشك، بە باشی دەزانم رووداوێکی فۆلکلۆری راستەقینەتان بۆ بگێڕمەوە، بەڵام بۆ پاراستنی نهێنی پیشەکەمان ناوی کەسەکان دەگۆڕین، ئێوەیش بە رامانەوە دەستە گوڵی خۆتان لێبدەن و گوستیلەکە بدۆزنەوە:

لە جەنگەڵێکی چڕ و پڕ و فراواندا، شێرێك و کەمتیارێك و گورگێك و رێوییەك دەژیان. رێوییەکە شەوانە مریشکێك، مراوییەك، کاریلەیەك، بەرخە ساوایەکی لە گوندەکەی تەك دارستانەکە دەرفاند و دەیخوارد. گوندیانی لە دەستی هەراسان بوون. بڕیاریاندا بە تفەنگەوە بەدوایاندا بگەڕێن، تاکو دەعباکان نەکوژن وازنەهێنن. ماوەیەك لە کار بوون و بەدوایاندا گەڕان، ئەنجامێکی نەبوو. دواتر لە شوێنێکی گونجاودا چوار پەلی بەرخێکی ناسك و دوونگنیان بەست و تەڵەیەکی بەهێزیان دانایەوە، بەرخەکەیان بە شێوەیەك خستە سەری، ئەگەر دڕندەکان بۆ بەرخەکە بچوونایە ئەوا بە تەڵەوە دەبوون. کەمتیارەکە پێشتر نووچەی رۆژانەی دەدایە نەڕە شێر. کە بەرخەکەیشی بینی بەخێرایی شێری ئاگادارکردەوە.

شێر گوتی: چارە.

پیرە کەمتیار: خۆت دەزانی هۆکاری دەردەسەری و هەڵاتن وخۆشاردنەوەمان مام ڕێوییە! واچاکە تەڵەکە بە ئەو بتەقێنیت و پێیەوەببێت و لەناو بچێت، تۆش بەرخەکە بخۆ و منیش بەرماوەکەت.

شێر، بەڵام چۆن ئەم کارە بکەین و لەم ساتەدا ڕێوی لە کوێ بێنین؟

کەمتیار: من دەیدۆزمەوە و دەڵێم پاشامان داوەتمان دەکات. کە هێنام، تۆ بیبە سەر بەرخەکە و پێی بڵێ: من ئەم بەرخەم بۆت داناوە بیخۆیت، بەڵام لە سەرەتادا دەبێت بچیت دەستتبخەیتە سەر بەرخەکە "سوێندم بۆ بخۆیت: "بڵێیت سوێند بەم نمەکە ناسکە دەخۆم، لێرە بەدواوە هەر نێچیرێکم گرت نیوەی بۆ تۆ دێنم". منیش بەڵێن دەدەم لێرە بەدواوە هیچ نێچیرێك بەبێی ئێوە ناخۆم.

کە ڕێوی هات و سەیری بارودۆخ و داوەکەی کرد، تێگەیشت لە تەڵەکە نزیك بکەوێتەوە تێدەچێت، نەشی وێرا ڕاستەوخۆ بڵێت سوێند ناخۆم. بۆیە بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە گوتی: گەورەی گەوران، پاشای دادپەروەر! بەرەبابی ئێمە سوێند خواردنیان لێ ناکەوێت، هەتا ئەگەر بە ڕاستیش سوێند بخۆین نەك بە درۆ، ئەوا سوێندەکە دەمانگرێت و لە پەلوپۆمان دەخات، بەڵام بەرەبابی گورگەبۆر لە سوێند و موێندان ناترسن، لە ڕاست و درۆیانیش ناپرسن. ئێوە بڕۆنەوە بارەگای خۆتان! من و مام کەمتیار هەریەکە و بەلایەکدا دەگەڕێین گورگ دەدۆزینەوە و دەیهێنینە بەردەستی پاشامان.

شێر: باشە، بەڵام بەبێ دواکەوتن.

ڕێوی، کەمتاری بە لاڕێدا هەڵەتە کرد، خۆیشی جێگەی گورگەی دەزانی، بە چەند بازێك خۆی گەیاندە گورگە و گوتی: مام شێر داوەتی کردووین، درەنگە، لەکەیەوە من و کەمتیار بە دواتدا دەگەڕێین، لە وانەیە ئێستا تووڕەیش بووبێت و بڵێت مام گورگ نایەوێت بێتە سەرخوانی من! ڕێوی لە پێشەوە و گورگ بە دوایدا بە هەڵەداوان گەیشتنە لای بەرخەکە و ڕێوی گوتی: فەرموو ئەمە داوەتەکەیە، بەڵام پاشامان فەرمووی: "بەر لەخواردنی بەرخەکە دەبێت سوێند بە نمەکەکە بخۆن کە لێرە بەدواوە ئێمەیش جارجارە لە نێچیرەکانمان بەشی بدەین". خۆشت دەزانی بەرەبابی ئێمە سوێند خواردنی لێ ناکەوێت، بۆیە هاتووم تۆ سوێندەکە بخۆیت، ئینجا تاکو مردەبیت و تەنگە دەکەیت[٢٣٢] گۆشتی ناسك حەنۆش بکە[٢٣٣]،

232 - تەنگەت هەڵدەستێت ، ورگت پڕدەبێت.



منی برا بچووکیشت، بەرماوەکەت دەخۆم. فەرمووی لە گورگە کرد. گورگ چنگی لە بەرگەردنی بەرخە گیرکرد. تەڵە تەقی. کەڵبە و کاڕێژی گورگ شکان. ئەو دەستەی درێژی کردبوو لە ئانیشکییەوە شکا و پچڕا.

ڕێوی بە زانایی بەرخەکەی ڕاکێشا و بەدەم گۆشت خواردنەوە دەیگوتە گورگەبۆرە: "مام گورگ ببوورە! نەمزانی بەرەبابی ئێوەیش سوێند بخۆن سوێندەکە دەتان گرێت، دەبوو خۆت ئەمەت بزانیبوایە" گورگ بەچاوی سوور و دڵی پڕکین و سۆ و سووخواردنەوە، دەیڕوانییە ڕێوی. کە ڕێوی تێر و پڕی خوارد، ڕانە گۆشتێکیشی برد لە نادیاریدا شاردییەوە، ئینجا بەرەو لانی شێرە خشی. لە ڕووی شێردا خۆی شەکەت و شەرمەزار نواند و گوتی: گەورەم، گورگم دۆزییەوە، بەڵام بۆ خواردن و سوێندخواردنەکە زۆر بەپەلەبوو. کە بەرخەکەی بینی خۆی بۆ نەگیرا، لە دوای سوێند خواردن، دوو سێ قەپە گۆشتی خوارد، سوێندەکە لە دەم و لمووزی دا، با بچین بەچاوی خۆت بیبینە، گۆشتەکەیش شایانی تۆیە ئەگەر هەتا دەچین کەمتیار نەیخواردبێت!...

((سەددام بە شەخسی زۆر رکی لە خومەینی بوو))[٢٣٤].

بە پێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی جەزاییر، سەددام، ئیمام خومەینی سەرکردەی شیعە و بەرهەڵستکاری شای ئێرانی لە عێراق دەرکرد. خومەینیش لە ئەنجامی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا حەمە ڕەزا شایان دەرپەڕاند و خومەینی بووە کەتە دەسەڵاتداری ئێران.

((سەددام: وەك شۆڕشی شیعەکان و وەك کۆنە دوژمنێکی خۆی لە خومەینی دەترسا، ئەوەیش بووە هۆی دەرکردنی بڕیارێکی هەڵە و ترسناك، بڕیاری هێرشکردنە سەر خاکی ئێران لە ساڵی (١٩٨٠) دا، بۆ قووڵاییەکی زۆر چووە ناو خاکی ئێرانەوە، بەم جۆرە سەددام حوسێن ڕێککەوتننامەکەی جەزاییری دڕاند))[٢٣٥].

((حازم جەواد: سەددام لە یادی نەچووبوو کە لە جەنگانی لە دژی کورداندا، لە ڕێککەوتننامەی جەزاییر ناچارکرا، بۆ محەممەد ڕەزا پەهلەوی سازش لەسەر یەکاوی عارەب بکات، سەددام نەیدەویست مێژوو لەسەری بنووسێت، کە ئەو سازشی لەسەر بستێك خاکی عێراق کردووە[٢٣٦]))[٢٣٧].

233 - حەپەلووشی بکەیت، هەڵی لووشیت، قووتی بدەیت، بیخۆیت. لێی قەبووڵ بکەیت. لێی ببووریت.

234 - شربل، ل ١٧.

235 - عبدە، ص ٣٣.

236 - ئەدی بەم سەدان هەزار دۆمنە بڵێین چی کە بۆ لایەنگری کردنی لەجەنگەکەکەیدا بەدیاری دایە پاشاکانی ئوردەن وسعودییە و کوێت؟ دەشیفەرموو: نیشتمانی عەرەبی یەکپارچەیە و سنووری نێوان

((حازم جەواد، لە زمانی سەلاح عومەر ئەلعلیییەوە: ((سەددام بەشداری لە کۆنگرەی سەرانی وڵاتانی بێ لایەن، لە ئەیلوولی (**١٩٧٩**)دا، لە هاڤانا کرد، لە شوێنی حەسانەوەی خۆیدا پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئێران (دوکتۆر ئیبراهیم یەزدی) دەکا. سەلاح عومەر هەڤاڵێکی دێرینی سەددام بوو، ئەو کاتە کە سەلاح نوێنەری عێراق بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەشداری دیدەنییەکەیان بوو. لە رووکەشدا یەکدی بینینەکەیان کەڵکمەند بوو. لە دوای دیدەنییەکەوە، سەددام بەرەو باخچە دەڕوات و سەلاحیش بە دوایدا دەچێت، بۆ ئەوەی هانیبدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانی خومەینی باشتر بکات. لە ناکاودا سەددام دەڵێت: "ئەی سەلاح! ئاگاداربە! ئەم هەلە، هەر سەد ساڵ جارێك هەڵدەکەوێت. ئەمڕۆ دەرفەتە سەری ئێرانییەکان دەشکێنین و هەموو بستەکانی خاکی داگیرکراومانی لێ دەستێنینەوە، یەکاوی عارەبانیش دەگێڕینەوە".

سەلاح سەرسام بوو، سەددامیش لەسەر گوتەکانی ڕۆیشت: "ئەو قسەیەی دەربارەی چارەسەری ئاشتی و مرۆڤانە... چارەی گرفتەکان لەگەڵ ئێراندا... نامەوێت جارێکی دیکە بەسەر زمانت دابێتەوە! خۆت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە بکە! گوێبگرە! بزانە چیت پێ دەڵێم: سەری ئێرانییەکان دەشکێنین، هەموو بستە خاکێك لە موحەمەرەوە تا دەگاتە یەکاوی عارەبان دەستێنینەوە".))[238].

وەك هەمان پلانی ئیسرائیل کە لە جەنگی شەش رۆژەی عارەب - ئیسرائیلدا لە ٦/٥/ ١٩٦٧دا روویدابوو، بەغدایش خۆی بۆ لەشکرکێشی و پەلامار سازدابوو و لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/٨/٢٢دا هێرشێکی ئاسمانی بەربڵاوی لە ناکاوی کردە سەر ئێران. کە دەستی خۆی وەشاند، زۆرینەی باڵەفڕخانە و فرۆکەی جەنگی و پرد و وێستگەی کارەبا و ئامانجە ستراتیژییەکان و پڕۆژە زەبەلاحەکانی ئێرانی تێك شکاند و وێرانیکرد، هێزی زەمینیش بە تانك و زرێپۆش و مووشەك و مووشەکهاوێژ و پیادەوە، لە سەر سنوور ئامادەکرابوو بۆ هێرش، ملی نا.

---

وڵاتەکانی بایەخی نییە. ئەدی بۆ کێشەی نێوان کوێت و عێراق، بووە بەیتی بلە و نەبڕایەوە، قەرەبووکردنەکەیشی بوو بە نرخی خوێنی سیاچاوەش و کۆتایی نەهات؟

237 - شربل.

238 - شربل، ل ١٥-١٦. و ( ٨١- ٨٢ راستەوخۆ لە زمانی سەلاح عومەرەوە.



دوای گورز وەشاندنی لەناکاویدا، لەوپەڕی سەرکەوتنی سەربازی کاتییەوە، عێراق داوای "کشانەوەی ئێرانی لە دوورگەکانی تەنبولکوبرا و تەنبول سوغرا و ئەبوموسای عارەبی داگیرکراوی کرد. رزگار کردنی ئەهواز و عارەبستانی ئێرانیشی ویست"...

بەم کارەیشی نەوتی ئەهواز و موحەمەرە و عەبادان و بەندەرە ئاوییە سەرەکییەکانی ئێرانی دەخستە ژێر دەستی خۆیەوە. لە ئەنجامدا، عێراق دەبووە دەسەڵاتدارترین و دوڵەمەندترین وڵاتی ناوچەکە، ئەمەیش هاندەر و زەمینە خۆشکەرێکی زۆر لەباربوو بۆ ئەوەی خەونەکەی سەرکردە بێتەدی، ببێتە کەتە فەرمانڕەوا و گەورەی نەتەوەی عارەب و تاکە دەسەڵاتداری ناوچەکە، دەبوو هەموو میر و پاشا و سەرۆکەکان بە ژێر ڕمی ئەودا تێپەڕن، سەرکردەی کورتبین بیری بۆ ئەوە نەچوو کە تەنیا جەنگەکەی لە دژی خومەینی لە بەرژەوەندی وڵاتانی کەنداو و ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و خۆرهەڵاتە، خەونەکانیشی ڕێك دژی ویستی ئەوانە، بۆیە دەبێت ئامانجی جەنگەکە لە کاولکاری بەملاوە نابێت ئەنجامێکی دیکەی هەبێت.

## جەنگ و ئەنجامی جەنگەکە:

((... لە ٤/١٠/ ١٩٨٠دا عێراق یەك لایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەمەیش دەرفەتێکی زێڕینی دایە لایەنی ئێرانی بۆ ئەوەی بکەونە دانوستان، کار بۆ وەستاندنی خوێنڕشتنی نێوان دوو وڵاتی موسڵمان[239] بکەن.))[240].

((چونکە عێراق دەروازەی نیشتمانی عارەبە، سەرکردایەتیمان لە میانی ڕەوشتی بەرزی عارەبییەوە توانی رۆڵێکی گرنگ بداتە جەنگی ئێران- عێراق، کە بەرگریکردنی ناڕاستەوخۆ

---

239 - سەیرە! لە ٩|١٨ دا ئێران: فورسی مەجووس و زەردەبای رۆژهەڵاتی نیشتمانی عارەب بوو! شایانی ئەوەبوو، لەناکاودا هێرشی بکرێتە سەری و بە قووڵایی٧٠ کم خاکی داگیربکرێت، کەچی لە ٤|١٠دا دەکرێتەوە دراوسێیەکی موسڵمان و دەرفەتی دانوستانی دەدرێتێ و نایانەوێت خوێنی موسڵمانان خۆڕا بڕژێندرێت. چ ئەقڵێك بەم تەرازووەی ئەوان گوتەکانیان دەکرێت: کەویستت لەناکاودا هێرشبکەیت و خاکی وڵاتێك داگیر بکەیت و بەبێ کشانەوەیش داوای خوێن نەڕشتن و ئاگر بەست و دانوستاندنی لێبکەیت!؟ گەمەی منداڵانیش هێندە بە سووك و ئاسانی دەستی پێ ناکرێت و وا بە گەمەیش شار گڕنادرێت.

شارگڕدان: گەمەیەکی منداڵانەیە، چاوشارکێش جۆرێکە لە شارگڕدان.

240 - الحمدانی، ص ٦٦.

بوو لە وڵاتانی کەنداوی عارەبان، بۆیە سعودیە و کوێت و ئیمارات، لەلایەنی ماددییەوە، بە دەستکراوەیی یارمەتی عێراقیان دەدا.))[٢٤١].

((تارق عەزیز گوتییە رۆژنامەوان حەمیدو نەعنەع، لە ماوەی جەنگمان لەگەڵ ئێراندا، پاشکۆی ئەمریکی و چەند وڵاتێکی عارەبان زانیاری هەواڵگری چاکیان دەداینێ))[٢٤٢].

((ئەلخەزرەجی: وەفیق سامەڕایی بەرپرسی هەواڵگری عێراق نووسیبووی: هاریکارییەك لەنێوان هەواڵگری عێراق و ئەمریکادا هەبوو. ئاگاداربووم ئەمریکیی و فەرەنگەکان زانیارییان دەداینێ. ئەوەش دەزانم وێنەکانی لە قووڵایی خاکی ئێرانەوە لە لایەن مانگە دەستکردەکانیانەوە دەگیرا دەخرایە ژێر دەستی ئێمەوە[٢٤٣]))[٢٤٤].

((بە دیدی من هەواڵگریمان لەلایەن هەواڵگرییەکـــــانی ناوچەیی و دەوڵەتییەوە یارمەتی دەدرا))[٢٤٥].

" راپۆرتێکی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا کە لە ساڵی **١٩٩٤**دا بڵاوکراوەتەوە: ئەمریکا لە ساڵی **١٩٨٥**دا چەکی ژیوەری (بایۆلۆژی) داوەتە عێراق، لێزانە ئەمریکییەکانیش مەشقیان دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە ئیسرایيلی و عێراقییەکان کردووە." [٢٤٦].

---

241 - دونیا دەزانێت، شای ئێران سەر بە رۆژئاوا و دەست و دۆستی جووبوو، کە بە دەستی خومەینی و گەلانی ئێران تەپێندرا، لە ترسی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوە و شەپۆڵی بیری شیعەگەری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، لەقکردنی شوێنپێی ئەمەریکا و لەرزاندنی تەخت و تاجی دۆستانی لە دەڤەرەکەدا، دەسەڵاتی بەغدای ئەوکاتە و وڵاتانی کەنداوی هەژاند و دۆخینیان کەوتە چۆکان. لە چەندین لاوە، زیرەکانە بەغدایان ساوی، کسکسیان لێکرد و لە بری خۆیان جەنگەکەیان خستە دەستی، بە چەك و پیلان و دراو و راگەیاندن بۆ مەبەستی خۆیان بوونە پشت و براپشتی سەددام، باجەکەیش بزوتنەوەی کورد و گەلانی عێراق و ئێران دایان، بەرەکەیشی بۆ ئەمریکا و جوو و دۆستانیان بوو.

242 - الحمدانی، ص ٩٦.

243 - دەبێت ئەمریکا هێندە کەمزان بێت ئەم زانیارییە پڕ بایەخ و هەرە نرخدار و دروستانە، خۆڕا بخاتە ژێر دەستی عێراقی نادۆستی؟ ((ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە)) نا کەسیش لە هەزار وشەدا پیتێك وەرناگرێت!.

244 - شربل، ل ٢١٨-٢١٩.

245 - الحمداني، ص ١٠٢.



((بە پەرۆشەوە ئاواتە خوازی دەرفەتێك بووین، بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵیاندا بجەنگین[٢٤٧])) [٢٤٨]. ((هۆی ئەوەی کە ململانێی چەکداری نێوان عێراق و ئێران، هەشت ساڵی خایاند، ئەوەبوو کە رژێمی ئێرانی رژێمێکی ئیسلامی شیعەی ئوسوڵیی، بە بۆچوونی ولایەتی فەقیهـ ئایین دەسیاسێنی، پیاوانی ئایینی کێشەکانی کۆمەڵگە چارە دەکەن، ئەوانیش دەربڕینە علمانییەکان وەلادەنێن. ئەم رژێمە ئایینییە، سنووری سیاسی خۆی لەم کەوشەنەدا رادەگرێت کە شیعەی لێ دەبڕێتەوە... بەرامبەر بەمە سیستەمی عێراقی کە سیستەمێکی سیاسی علمانی نەتەوەییە، لە دیدی ئەودا، ئایین بابەتێکی کەسایەتی مرۆڤایەتییە، لە چوارچێوەی نێوان مرۆڤــ، و خواکەیەتی... سەددام حوسێن سەرکردەیەکی گەنج بوو، لە ساڵی **١٩٧٩**دا، بووە بەرپرسی یەکەمی حیزبی بەعس و فەرمانڕەوای عێراق. سەددام خەونی بە ژیاندنەوەی تواناکانی نەتەوی عارەب لە زەریاوە بۆ کەنداوەوە دەبینی.[٢٤٩]))[٢٥٠].

زیانی عێراق وێڕای ئەوەی کە رژێم زیانی کوشتنی نیو ملیۆن کەسی دا، گەڕایەوە سەر خاڵی سفر[٢٥١]، بەڵام چونکە کورسی دەسەڵاتیان لە دەست نەدابوو ئەوا هەر خۆیان بە سەرکەوتوو دادەنا[٢٥٢].

((زیانە ماددییەکانی ئێران لە جەنگی هەشت ساڵەی دا بە **٦٤٤** ملیار و هی عێراقیش **٤٥٣** ملیار دۆلار خەملێندراوە.)) [٢٥٣].

---

246 - بکر احمد یعقوب. ص ٢١٥.

**٢٤٧** - بە زمان موسڵمانە و دژی جەنگ و بەکارهێنانی هێزە!! کەچی بە نیاز شەڕنگێزە و مگێزی لە شەڕ و خەون بە جەنگ و دەستوەشاندنەوە دەبینێت!.

248 - الحمدانی.

249 - نایەوێت بڵێت یا نازانێت: کە وڵاتانی جیهان یارمەتی هەردوولایانیان دەدا، تاکو جەنگەکە درێژە بکێشێت و نابێ هیچ لایەنێکیان بباتەوە و رژێمەکانی عێراق و ئێران ،لە لمووز بەرزی هەڵپە هەڵپ و سەرکێشی خۆیان بکەون. دوای ئەنجامەکەییش هێشتا هەر دمبگە کۆنە دەکووتن

250 - الحمداني، ص ٥٦.

251 - جەزاییری، زوهێر - بەهرام محەمەد، ل١١٨.

252 - الحمدانی ئەمانە بنگۆم و گوم دەکا.

253 - جەزاییری، زوهیر - بەهرام محەمەد، ل ١٢٦.

## تاڵاوی قادسیەی سەددام:

ئێمەیش وەك هەر تاکێك و خێزانێك و کۆمەڵەیەکی کوردستان و عێراقی ئەوکاتە، تاڵاوی (قادسیەی سەددام)[٢٥٤]مان چەشتووە، بە پێویستمان زانی چەند دێرێك بیرەوەری خۆمان وەك نموونەو بۆ هەڵسەنگاندنی گوتەکانی حەمدانی بخەینە بەر دیدی خوێنەران و وەبیر سالار سیلەیشی بێنینەوە:

لە دایکبووی ساڵی ١٩٥١م و لە ٨١/١٢/١٤دا جلی سەربازیی یەدەگی بێگاریمان کردەبەر، دوای شەش رۆژ، ئێمە ٣٤ کەسی هەولێر گواستراینەوە (٢٠ کەسمان بۆ بەتالیۆنی یەك و ١٤ یشمان بۆ بەتالیۆنی دووی هێزی نۆهەد)، هەرچەندە لە پێشدا شوێنەکەمان زۆر ترسناك نەبوو، بەڵام هەندێك بە زووەوە رایان کرد، لەوانە نەوزاد رەفعەتی شاعیر. دوا سەربازی هەولێریش کە رایکرد، میران ناوێك ( خۆی بە توورك دەزانی و هاوسەرەکەیشی عەربێکی بەغداییە) دانیشتووی شوقەکانی ئیسکانی هەولێر بوون.

لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١دا گواستراینەوە کەنار رووباری کەرخە کوور، هێندە لە سوپای ئێرانەوە نزیك بووین، فڕۆکە عێراقییەکان بە هەڵە بۆردوومانیان کردین، دواتر گواسترAینەوە بۆ کەنار دەریاچەی حەوێزە، لە نزیك شارۆچکەی حەوێزە کە ئەو دەمە بە تەواوی خاپوور کرابوو، ناو کەلاوەی خانووەکانیشی پڕ مین بوو. لەوێ، شوێنەکەمان بەپێی بارودۆخی ئەوکاتە، زۆر نالەبار بوو، مەلە و راوە ماسیشمان هەبوو.

لە دوای پەڕینەوەی سوپای ئێران لە رووباری کارۆن، کە جەواد ئەسعەد شێتنە و کۆمەڵێك ئەفسەری پلە بەرز و سەربازێکی زۆری عێراقی، لەسەر پێشنیاری عەدنان خەیروڵا، وەزیری بەرگری و رەزامەندی سەرۆك سەددام گوللەبارانکران، ئێمەیان زۆر بەپەلە گەیاندە بەرەی موحەمەرە (خونین شەهر). هەر ئەو شەوە، لەوێ، لە رێکەوتی ٨٢/٥/٨ لە رۆژهەڵاتی موحەمەرەدا ئێران هێرشێکی بەر بڵاوی کردە سەرمان.

---

254 - هەر لە سەرەتاوە لە دڵ پڕکینەییانەوە، جەنگی ئێران — عێراقیان ناونا: قادسیەی سەددام، لە وشەی قادسییەکەدا گەرەکیان بوو لایەنێکی ئایینی جەنگی نێوان (ئیسلام و نائیسلامان) رووێکی نەتەوایەتی رەگەزپەرستانەیش، جەنگی نێوان (عارەب و فارسان) لە نێوان دوو گەلی موسڵمان و هاوسێ دروستبکەن، کە ناوی سەددامیشیان پێوە لکاند، لە و بڕوایەدابوون سەرکەوتنیان مسۆگەرە و سەددامیش لەم جەنگەدا ناو دەردەکات و دەبێتە پاڵەوانێك، لەو پاڵەوانە مێژووییانەی کە ئەو خەونیان پێوە دەبینێت.



شایانی گوتنە لە دوای تێکشکانە یەك لە دوای یەکەکانی سوپای عێراق لە بەرەکانی جەنگدا، لە شووش و دیزفول و کەنار زێی کارۆن و موحەمەرەدا، بادییەکە پڕبوو و لەسەری رژایەوە، زیانی کوژراوان و بە دیلگیراوان زۆر رۆژ، لە سەدان بگرە لە هەزاران کەس رەتیدەدا.

تێکرای سەربازە کوردەکان ریزی سوپایان جێدەهێشت، شەڕگەیان چۆلکرد، لە (٣٤) سەربازە کوردەکانی ئێمە، تەنیا محەممەد قادر نادر بەهۆی بێکەسی و نەبوونی شوێن و بژێوییەوە، کە ئەوکاتە ماڵی لە خانوێکی بچووك لە بەرامبەر نەخۆشخانەی راوێژکاری تەیراوە، تەك مزگەوتی حاجی عەبدوڵڵا بوو، ژنێك و سێ کوڕی سەر و پێی هەبوو، وادەزانم گەورەکەیان ناوی هەڵۆ بوو ، تاکو فەرمانی کۆتایی هاتن و دەرچوونی لە سەربازیدا هات، لە بەرەی جەنگدا مایەوە ، ئینجا گەڕایەوە سەرکارەکەی خۆی (فەرمانبەری بگۆڕی بیستۆکی نەخۆشخانەی کۆماری- هەولێر بوو). دواتر بە تاوانی هایکاری کردنی پێشمەرگە، گرتیان و لە دوای چەندین مانگ ئازاردان و دەست و پێ شکان و سووتاندن و کارەبا لێدان، خوێنەکەیان لە جەستەی دەرکرد و لە سێدارەیان دا. حاجی سابیر نادر، تاکە پیرە مامی و خەزووریشی بوو، چوو تەرمەکەی لە ئەبوغرێب هێنایەوە. کە پیرە حاجی چاوی بە شکانی قاچ و برینەکانی تەرمەکە کەوت، ئەویش جەڵتە لێیدا و کوشتی.

لە ٩٨٢/٥/١٩ دوو خۆشەویستترین هاوڕێیانی ژیانم (یاسین هەمزەخدر سورچی فەرمانبەری کشتوکاڵ لە هەریر و مامۆستا عەبدوڵڵا عەزیز خاوەنی وێنەگریی (هەنا) لە شەقامی قەڵات رووکاری رۆژهەڵاتەوە لە بەتالیۆنی (٢) هێزی (٩٠) لە ئەنجامی هێرشی ئێران بێ سەروشوێن بوون وتاکو ئێستایش من و خێزان و خزمانیان چاوەڕوانی سەروسۆراخیانین.

لە ٢٥/ ٥/ ١٩٨٢ محەمەرە گیرا.

لە ٨ /١٩٨٢/٦ لە چیای بەمۆوە گەڕاینەوە سەر سنوورەکانی عێراق- ئێران.

لە بەرزاییەکانی نزیك قەسری شیرین و سەرپولیزەهاو، نزیك گوندی زەینەب خانم جێگیربووین.

کە کوردێکی لە رادەبەدەر جەنگی قادسیەی سەددامی جێهێشت، لەوە دەرچوو دامودەزگاکانی بەعس بە گرتن و بە کوشتن دەروەستیان بێت، ژمـارەیەکیش لەوان چوونە شاخ و هێزی پێشمەرگە ئەستوور و بەتواناتربوو، رژێمی بەغدایش بۆ ئەوەی هەڵاتوانی سەربازی، رەگەڵ هێزی شۆڕشی کورد نەکەون، بڕیاری لێبووردنی دەرکرد، لە دەسگاکانی راگەیەندنی ئەو کاتە بڵاوکرایەوە: هەر سەربازە و لە پارێزگاکەی خۆیەوە ببێتە سەرباز، یەکگرتوویەك لەنێوان

سەربازانی هەڵاتوودا پەیدا بووبوو، ئەفسەرەکانی بەعسیش بە ترسەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن، دوای ناو خوێندنەوەی بەیانیان و یەك دوو کاتژمێر راهێنان، سەربازەکان بەبێ فەرمان هەر لە خۆیانەوە دەیانگوت ( یالڵا مالّی... مالێ مالێ) ئیدی تێکڕا سەربازەگەیان جێدەهێشت و بەرەو ماڵ دەبوونەوە، لە هەولێر بەم دیاردەیە دەگوترا: (ماریێ... ماریێ، یالڵا ماریێ) لەو کاتەدا میری ناچار بوو کۆتایی بە ماوەی سەربازییان بێنێت) بەڵام دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق- ئێران، دووبارە کرانەوە سەرباز، بەم سەربازانەیش دەگوترا سەربازی جۆت ساید.

## ریشەکێشکردنی کوردە فەیلییەکان:

((دەستدرێژییەکانی ئێران... ترسناکترینیان ئەوەبوو لە زانکۆی موستەنسیرییەوە روویدا، لە ئەنجامەکەیدا تارق عەزیز، وەزیری دەرەوەی عێراق بریندار بوو، ئەم دەستدرێژییە چەندین عێراقی بە رەسەن فارس[٢٥٥] بە هاندانی هەواڵگری نوێی ئێران ئەنجامدرا، بەم هۆیەوە بڕیارێکی هەڵە (دەرکردنی هەر کەسێکی عێراقی لە بنەچەدا فارس بێ، بنێردرێتەوە ئێران[٢٥٦]) دەرچوو))[٢٥٧].

نووسەری یادەوەری و سەرکردەکەی، لە مەمانان باشتر دەزانن: کوردی فەیلی فارس نین و بەر لە هاتنی ئیسلام و عارەب بۆ ناوچەکە، بەر لە دامەزراندنی عێراقی ئێستا، ئەوان لەسەر

255 - مەبەستی کوردە فەیلییەکانە.

256 - لێرەیشدا نووسەر وەك راوچییەکی زیرەك دەیەوێت بە تەپکەو دەرخۆنەیەکی دارین، بە جارێك سێ سووسکە و هەشت هەوێردان بگرێت: پاساو بۆ جەنگی عێراق- ئێران دروست دەکات، گوایە: ئێرانییەکان دەستدەخەنە کاروباری ناوەکی عێراق و ئاژاوەی بۆ دەنێنەوەو، لە پەناوە شەڕی پێ دەفرۆشن.
بیانوو بۆ دەرکردنی کوردە فەیلییەکان سازدەکات، کوردە فەیلییەکان دەکاتە فارس و خۆفرۆش و دەستی هەواڵگری ئێرانی، کوشتنی گەنجانی فەیلی و زەوتکردنی ماڵ و سامانیان و رەگەزنامەیان دادەپۆشێت.
ئەوەیش دەشارێتەوە کە: فەیلیش وەك ئەندامەکانی دیکەی حیزبی دەعوەی ئیسلامی و ئەنجوومەنی باڵای - شیعەی عێراقی، بەرهەڵستکاری بەعس و سەددام بوون، لەگەڵ رژێمدا بە دەیان و بە سەدان، بگرە بەهەزاران کەسیان لەیەکدی کوشت، کەچی شیعەیەکی عارەب، یا ئەرمەنییەکی لەم ساڵانەی دواییش لە ئێرانەوە هاتبن، نەناردرانەوە ئێران!.

257 - الحمدانی.



ئەم نیشتمانەیاندا ژیاون، بۆیە ناکرێت بڵێین: بە هەڵە یا بە نەزانی ئەم شەکرانەی شکاندووە، بەڵکو بە ئەنقەست و بە مەبەستی ناڕەوا و بۆ راستپۆشی دەفەرمووێت.

نووسەرێکی عارەبی بە ویژدان دەڵێت: ((لەو کاتەی ویلایەتی موسل بە عێراقەوە لکێندراو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە ژێر دەستی وڵاتانی دیکە هێلدرانەوە... دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هیچ پرسێکیان بە فەیلییەکان نەکرد... بەڵکو رێککەوتننامەکەیان بەسەردا سەپاندن... هەرچەندە دەسەڵاتدارە عێراقییەکان بە تەواوەتی دەزانن هەبوونی کوردە فەیلییەکان لەو ناوچانەدا لە بوونی خۆیان (وەك عەرەب) زۆر کۆنترە... عەرەب لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییەوە بوونەتە بەشێك لە دانیشتوانی عێراق، بۆیە مافی ئەوەیان نییە گەلانی ناوچەکە دابڕن و لە سەر خاکی خۆیان بە بیانییان بزانن... لە دوای فتوحاتی ئیسلامییەوە کورد بوونەتە بەشێك لە دەوڵەتی عەباسی کە سنوورەکانی هەموو کوردستانی گرتۆتەوە.))[٢٥٨].

((دوکتۆر زهیر عەبدوڵڵا دەربارەی فەیلییەکان، لە وتارێکیدا، کە لە ماڵپەڕی (العراق للجمیع)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: توێژی فەیلی، کۆنترین دانیشتوانی بەشی رۆژهەڵاتی خوارووی وڵاتی نێوان دوو رووبارانن[٢٥٩]، ئەوان دانیشتووی رەسەنی ئەو گوند و شارۆچکانەن کە لە خانەقین لە باکوورەوە، بەرەو کوت و عەمارە تا دەگاتە بەسرە لە باشووردا، وێڕای شاری بەغدا.

عەباس عەزاوی کە توێژەرێکی عارەبی عێراقییە، دەربارەی مێژووی شاری عەمارە گوتویەتی: "ئەم شارە لە ساڵی (١٨٦٠ ز)دا دروستکراوە، فەیلییەکان تێیدا نیشتەجێبوون.))[٢٦٠].

((کۆمەڵێك کوردی فەیلیی توانییان پایەی گرنگ لە کەرتی بازرگانی ناوخۆیی بازاڕەکانی بەغدا وەربگرن، بەتایبەتیش لە دوای راگواستنی بەزۆری زۆرینەی هاووڵاتییە جوولەکەکان بۆ ئیسراییل...

عەبدولکەریم قاسم یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق، رایگەیاند:

هەر لە کۆنەوە ئەو ناوچانەی کە لە کەنارە رۆژهەڵاتییەکانی رووباری دیجلەوە دەستپێدەکەن، شوێنی کوردە فەیلییەکانە.))[٢٦١].

258 - حەبیب، پ. د. کازم.- و. بەهرام محەمەد ، ل ١٩-٢٠.

259 - بین النهرین، بلاد الرافدین.

260 - عبود، زهیر کاظم. المسؤولیة القانونیة في قضیة الکورد الفیلیین. ص ٢١ و ٢٢. اربیل (٢٠٠٧).

261 - حەبیب، پ. د. کازم.- و. بەهرام محەمەد ل ٢٢-٢٣.

((لە کاتی ڕوودانی کودەتاکەی شوباتی (١٩٦٣)، کوردی فەیلی لە گەڕەکی (حی الاکراد) لە بەغدا بە تەقەڵایەکی چەکداری دژی کودەتاچییەکان بوون، لەبەر ئەو هۆیەش ناوچەکە دووچاری هێرشێکی توند بۆوە، کوردە فەیلییەکانیش ڕووبەڕووی کوشتن و بەندکردن و ئەشکەنجەدان بوونەوە))[٢٦٢].

((بەکارهێنانی چەکی ڕەگەزنامەی عێراقی لە ڕووی سیاسی بە مەبەستی ڕزگاربوون لە ژمارەیەکی زۆر لە و عێراقیانەی (کوردی فەیلی) کە لە بنەڕەتدا بە دژایەتیکردنی ڕژێم لە قەڵەم دران[٢٦٣]، دواتر حسابی سیخوڕی ئێرانیان لە عێراقدا بۆکرا... کە لە دوای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و زەوتکردنی مولك وسامانیان، ناچارکران بڕۆنە ئێران.))[٢٦٤].

((ژمارەی کوردانی فەیلی دانیشتووی بەغدا، بەر لە کوشتن و دەرکردنیان بە ملیۆنێك کورد مەزندە دەکرا[٢٦٥]))[٢٦٦].

(( کوردە فەیلییەکان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە لەسەر خاکی باوك و باپیرانیانەوە دەژیان، چونکە کورد بوون بۆیە ماڵ و سامانیان تاڵانکردن، ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندنەوە، گەنجەکانیان کوشتن، ژن و منداڵەکانیشیان بە شەوی تاریك، لەسەر سنووران، بەناو کێڵگەی میندا بەرەو ئێران ڕەوانە کردن. ((لە ساڵەکانی ١٩٦٨- ١٩٨٢، نزیکەی (٢٢٠) هەزار کوردی فەیلی لە عێراق دەرکران))[٢٦٧].

لە کاتێکدا هەر میسرییەك یا عارەبێکی دیکە و هاوولاتیانی ولاتانی عارەبی لەو کاتەدا بیویستبوایە ڕەگەزنامەی عێراقی بدرێتێ، ئەگەر بیست و چوار کاتژمێر لە خاکی عێراقدا بمابوایەوە، ئەوا ڕەگەزنامەی عێراقی دەخستە باخەڵی و کار و بژێوی

262 - حەبیب، پ. د. کازم.- و. بەهرام محەمەد، ل ٢٤.

263 - لە حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان و ئایینییە جەعفەرییەکان و کوردپەروەرەکاندا ڕۆڵی خۆیان وەك عێراقی ڕەسەن هەبوو، وێڕای ئەوەی کە ڕۆڵەکانیا دوکتۆر و ئەفسەر و پلەداری عێراقی بوون.

264 - حەبیب، پ. د. کازم.- و. بەهرام محەمەد. ل ٢٦.

265 - چونکە لە هیچ سەرژمێرییەکی فەرمی عێراقیدا، ژمارەی کوردانی فەیلی دیار نەکرابوو، بۆیە ئەمەیش داپۆشینێکی چاك بوو بۆ تێدا بزرکردنی ژمارەی کوژراوان و دەرکراوانی کوردی فەیلی.

266 - حەبیب، پ. د. کازم.- و. بەهرام محەمەد، ل ٤٨.

267 - ڕەسووڵ، ل ٢٧.



ژیانیشی بۆ دابین دەکرا، خۆ ئەگەر خێزانیشی بهێنابوایە، ئەوا خانوو و ناوماڵ و زەوی کشتوکاڵیشی وەردەگرت[٢٦٨].

## مەبەستی بەعس لە زەوتکردنی سامان و ڕەگەزنامە و کوشتن و پەرِاگەندەکردنی فەیلییان:

- فەیلییەکان کورد بوون، چەوساندنەوەی فەیلییەکانیش لەلایەن بەعسەوە، بەشێك بوو لە چەوساندنەوەی[٢٦٩] نەتەوەی کورد.
- کوردانی فەیلی لە بازرگانی کردن لە بەغدادا پێگەیەکی بەرز و کاریگەرییان هەبوو، بە زەوتکردنی ماڵ و سامان و بەڵگەنامەی عێراقیی بوونیان و... بۆ وێرانکردنی بنەمای ئابووری فەیلییان، بەشێك بوو لە پلانی ڕژێم بۆ ڕووخاندنی ژێرخانی ئابووری کورد و کوردستان. وێڕای پڕکردنی گەنجینەیان بە سامانی ئەوان.
- بەشێك بوو لە پلانی خۆ ئامادەکردنی ڕژێمی بەعس، بۆ جەنگ لە دژی ئێراندا، لەوکاتەی دا کە ئاژاوە و ناسەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرقاڵی کردبوو و خەریکی هەنگاو هەڵێنانی گۆڕان و چاکسازی بوو، ویستی بەم کردارەی باری ئابووری ئێران بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگ بشێوێنێت و باری گرانتر بکات، هەروەك هەمان ڕەفتاری بەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنەوەی جەنگی (١٩٧٤)دا. بەرامبەر شۆڕشی کوردی عێراق کردی. بۆ ئەوەی گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشیان بۆ بنێتەوە، بە هەزاران، کوردی ناچارکرد بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ڕەوبکەن))[٢٧٠].

-٢٦٨ لە ساڵی ١٩٧٨دا بە چاوی خۆم چەندین خێزانی میسریم، لە گوندی خالیصەی هاوچەرخ- عەزیزیە — کوت، لە نزیك ڕێگەی بەغدا- بەسرەدا بینی، کە ئەمەیان بۆکرابوو، بە شانازیشەوە بە تاقیکردنەوەیەکی یەکیەتی نەوە و نەتەوەی عارەبیان دادەنا.

269 - (باشترە بڵێین پاکتاوی ڕەگەزی، لە ناوبردن و بنەبڕ کردنی کوردان و سڕینەوەی شوێنەواریان وەك بە ڕاشکاوی لە نیاز و کردەوەکانیان دەرکەوت)

270 - عبود، زهير كاظم، قضية الكورد الفيليين، ص ٥٢.

فەیلییەکان شیعەبوون، بەرهەڵستکاری ڕژێمی تاکڕەوی نەتەوە پەرستی بەغدایش بوون، مرۆی دووربین و کارا و زیرەك و دەوڵەمەند و بە توانا بوون، ڕژێم لێیان دەترسا.

((ڕژێمی سەرکردەی لە گۆڕنراو، دوژمنی نەتەوەی کورد، ناحەز و مێملّی ئایینزای شیعە (جەعفەری) و بکوژی نەیار و بەرهەڵستکارانی رامیاری بوو.

فەیلی: کورد و شیعە و بەرهەڵستکاری بەعسیش بوون! بۆیە سزای هەرسێ لایەنی بەسەردا سەپێندرا.))[271]. وێڕای ئەوەی کە دەوڵەمەندی ناوداربوون، گەرەکی بوو دەست بەسەر ماڵ و سامانیان دابگرێت. هەروەك دواتر ئەوی دەربارەی بازرگانە ناودارەکانی دیکەی بەغدایشی کرد.

((ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠دا بڕیاری ژمارە ١٨٠ی دەرکرد، کۆمەڵێك مەسەلەی ترسناکی گرتەخۆ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردە فەیلییەکانەوە هەبوو:

٣- بەخشینی مافی دان و نەدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بە وەزیری ناوخۆ، بەر لە فەرمانگەی ڕەگەزنامە و دادگای عێراقی، ئەمەش پێدرێژییەکی دیکەیە بۆ سەر یاسای نێودەوڵەتی.

٤- دەسەڵاتی ئەوەش درابووە وەزیری ناوخۆ، کە رازی بێ لەسەر بەخشین و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بەو ئافرەتە فەیلییانەی شوویان بە عێراقییان کردووە[272]، بۆ وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەکانیان دەبوو ڕەگەزنامەی مێردەکانیان وەربگرن، ئەگەرنا دەبێت عێراق جێبهێڵن!

هەر بۆیەش سەدان هەزاران کەس لە کوردە فەیلییەکان دووچاری ڕاگواستنی بە زۆر بوونەوە بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیان. ئەمڕۆ لە ئێران و ئەورووپا و ئەمریکا و ئوستراليا و... بڵاوبوونەتەوە، دوای ئەوەی لە وڵاتەکەیاندا دووچاری لەدەستدانی هەموو مافێك بوونەوە، ژمارەیەکی زۆری کەسوکاریشیان لە دەستدا...))[273].

((ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش))[274]، بڕیاری ژمارە (٤٧٤) لە ١٥/٤/١٩٨١دا دەرکرد، بە پێی ئەم بڕیارە:

271 - المصدر السابق، ص١١٣-١١٤.

272 - وەك ئافرەتی بیانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت.

273 - حەبیب، کازم- بەهرام محەمەد ، ل ٣٢.

274 - بەناو ئەنجوومەن بوو، لە ڕاستیدا هەر سەرۆك سەددام و سەددامی فەرماندار و سەددامی بنیاتنەری عێراق و سەددامی سوارچاکی ئوممە و سەددامی سەددام بوو.



(٤٠٠٠) دینار واتە (١٢٠٠٠)ی دۆلاری دەدایە هەر پیاوێکی سوپایی ئەگەر ژنەکەی فەیلی بێت و تەڵاقی بدات، بۆ ئەوەی ڕەوانەی ئێران بکرێتەوە، (١٥٠٠) دیناریشی دەدایە هەر پیاوێکی شاریی ئەگەر هاوسەرەکەی فەیلی بوایە، دەبوو بەرەڵای بکردایە.))[275].

((لە بروسکەی ژمارە (٢٨٨٤) لە ١٠/٤/١٩٨٠دا کە لە وەزارەتی ناوەخۆدا بۆ فەرمانگەکانی ئاسایش ناردراوە تێیدا هاتووە: "هەموو ئەو ئێرانییانەی کە ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، ڕەوانەی ئێران دەکرێنەوە، ئەم بڕیارە ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لە خێزانێکدا هەندێکیان ڕەگەزنامەیان هەیە و چەندێکیشیان نییانە، ڕەگەزنامەکان لەوانە بستێننەوە کە هەیانە و ڕەوانیان بکەن، با لەودیوی سنوورەکان یەکدی بگرنەوە.

لاوە ئێرانییەکانی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٨) ساڵانە ڕەوانەی ئێران ناکرێنەوە، لە پارێزگەکاندا بە دەستبەسەرکراوی دەهێڵدرێنەوە.

فەیلییە ئێرانییەکان لە ڕێگەی کونسوڵخانەوە دەنێردرێنەوە ئێران، ئەگەر کونسوڵخانە وەری نەگرتنەوە، ئەوا لە ناوچە سنوورییە ئاسایییەکانەوە دەنێردرێنەوە ئێران. بە جەختکردنەوە ئاگادارتان دەکەینەوە: هەر ڕەوانکراوێك بیەوێت بگەڕێتەوە عێراق تەقەی لێ بکەن. ئەم ڕەوانکردنەوەیە بۆ ئێران ئەرمەنییە ئێرانییەکان و عارەبەکانی عارەبستانی ئێران ناگرێتەوە"[276].

((گەلێك فەیلی ڕەوانەی نوگرەی سەلمان کران، بۆ تاقیکردنەوەی کاریگەری چەکی کیمیایی بەکارهێنران[277]، تەرم و گۆڕەکانیشیان شوێنبزرکرا، تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە))[278].

دەرکردنی فەیلییەکان گەلێك لە دەرکردنی جوو لە ساڵی (١٩٤٨)دا سەختتر بوو، چونکە فێرعەون ڕەفتارارانە (نێرینەکانیان دەکوشتن)، لەویش تێپەڕیوە کاتێك هەندێکیان بەند کردوون و تاکەکانی خێزانەکانیان لە یەکدی دابڕاندن و ژن و منداڵ و کەترەکانییان لەسەر سنووری ئێران، لەناو کێڵگەی مینی نێوان دوو سوپای ملەوەزی بەرامبەر یەك، لە بەرەی شەڕدا بەرەڵا کردوون[279].

275 - عبود، زهير كاظم. قضية الكورد الفيليين. ص ٨١ و٨٢.

276 - المصدر السابق . ل ٧٧-٧٩.

277 - ژمارەیان دەهەزار گەنجێك بوو، تەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٨ ساڵانە، چونکە تەمەنی سەربازانی دوژمن (ئێرانی) لەم تەمەنە دابوون، بۆیە تاقی کردنەوەیان لەسەر ئەم تەمەنە دەکرد.

278 - عبود، زهير كاظم. المسؤولية القانونية في قضية الكورد الفيليين. ص ٧٣. (٢٠٠٧)

279 - بۆ زانیاری پتر. یا بۆ ڕەواندنەوەی گومان لە زانیارییەکان، تکایە بڕوانە:

ئەو تاوانانەی سەرکردەی چاوسووری رووزەرد، مێشك رەشی ویست چڵکن، گوتە سپی بیربۆگەنی، دەربارەی کورد بە گشتی و کوردە فەیلییەکان بە تایبەتی کردوویەتی، گەلێك زۆر لەوە بە پشتەوەترە کە ستەمکارانی سربی: سلۆبۆدان میلۆڤیتك و رادۆڤان کەرازادیك سەرکۆماری سربیی پێشوو، لە هەمبەر موسڵمانەکانی کۆسۆفۆدا کردیان. ئەوان بەهۆی تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکانیانەوە درانە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای، کەچی سەددام و سەرانی رژێمەکەی درانە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا، بەمەیش نەیانویست تاوانەکانی بەرامبەر کوردان کراون بکەونە بەرچاوی جیهانەوە، (تاکو تاوانی پاکتاوکردنی کوردان وەك تاوانێکی جینۆسایدی سەرتاسەری گۆی زەوی بناسرێت). لە هەمان روانگەوە: لە سێدارەدانی سەددام، لەسەر تاوانە کۆمەڵکوژییەکەی دوجەیل، گەلێك لاپەڕەی تاوان وتاریکی مێژوویی لە سنگی سەرکردە و یارانیدا شاردرابوونەوە لەگەڵ لە گۆڕنانی تەرمی ستەمکاران ئەوانیش ژێرگڵکران. لە سێدارەدانی بەخێرایی زۆرداران، یا هەر لەسێدارەدانیان، لە بەرژەوەندی کوردی ستەمدیدە و عێراقییان و مرۆڤایەتی نەبوو، بەڵکو سوودی خۆیان و نەوەکانیانی تێدابوو. دەبوو هەتا بە مەرگی خۆیان سەر دەنێنەوە، لەم دادگاوە بۆ ئەو دادگا، بەبەر چاوی پیرانی جەرگبڕاو و نەوەی بەنارەوا سەربڕاوان و جیهانەوە، بە زەلیلی لە نێو قەفەزی تاوانکاریدا بژین. نەك رەوانەی ئەوجیهان بکرێن (ببنە بەشێك لە گوفەکی مێژووی رابردوو) لەبەرچاوی نەوەی نوێ و هاوکردەوەکانیان گومبکرێن!.

((کوردانی فەیلی بەبەر گوێچکە و دیدی جیهانەوە. بە قێزەوەنترین شێواز تالآنکران، سەر و سامان وخاوخێزان ونیشتمان و رەگەزنامەیان زەوتکرا. ئەم تاوانانەی لە هەمبەر ئەواندا کرا، تاکو ئێستا مێژووی مرۆڤایەتی شتی وەهای بەخۆیەوە نەدیوە، هێشتایش دیمەنە تۆقێنەرەکان، بەهۆی کپی و بێ دەنگییە کوشندەییەکەیانەوە، ئەم وێنانەی لە مانگە دەستکردەکان و تۆڕەکانی راگەیاندندا بوون، بە نرخێکی کەم قەتیسکران و جیهان لە ئاستیاندا کەڕ و کپ.

تاکو ئێستا: رەگەزنامە و ماڵ و سامان لە هیچ گەلێك زەوت نەکراوە.

لاوانیان بۆ تاقی کردنەوەی کاریگەری چەکی کیمیایی بەکار نەهێنراوە.

پیرەژن و پیاوانی کەنەفتی لە بیاباندا بەرەڵانەکراوە. بە زیندوویی نەنێژراوە.

عبود، زهیر کاظم. المسؤولية القانونية في قضية الكورد الفيليين.. (٢٠٠٧)



هەزاران گەنجی، بەبێ دەنگی دەستبەسەر نەکراوە و دواتریش بکوژرێن.

بڕێکیشیان بەرەو هەندەران و گومگە سەری خۆیان، بۆ دەربازکردنی سەریان هەڵنەگرتووە.

هەموو ئەمانە بەبەر دیدی دەزگا و یاسا نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤەوە کراون.

لە و کاتەدا دراوی بروابەری ستەمکاری بەغدا، درێژایە نووسینگەی ئەوانەی لە بواری مافی مرۆڤدا کارابوون، دەچووە گیرفانی کارمەند و یاساوانانی نێودەوڵەتی و دەخرایە جانتای سیاسەتمەدارانەوە.

بەڵێ بەم چەند قرۆشە رەش و بێزراوەی سەرکردە، وەك بەرتیل دەیبەخشی، چاویانی نابینا و گوێیانی کەڕ و زمانیان لاڵ و ویژدانیانی لە ئاست تاوانەکانی سەرکردە کوێرکرد))[280] بەڵێ ئەم کرو کپییە خەستەی ویژدانی جیهانی خەواند، ژیانی کوردانی تاساند.

نووسەری یادەوەریش بەهەمان شێوە خۆی لەم هەموو کەین و بەینە نائاگا دەنوێنێ و بە نهێنی و لا بەلا پاساوی بۆ دێنێتەوە. ئاخۆ فرچکی بەکارەکە گرتووە یا بۆ پوول و دەسەڵاتی لە دەست دەرچووەیەتی!

ئەوانەی لە سێبەری ساباتی بەعس و لە سایەی سەددامەوە لە گاوانییەوە بوونەتە چۆپیکێش، لە هیچی هیچەوە بوونوتە هەمووشتێك، تێروپڕ بوون، زیچیانکرد[281]، هەنگڕان[282]. هەڵبەتە کە ئەوانە لێیان ببڕێت، تا بۆیان بلوێت نابنەوە گاوان و رەوشەکەیش تێك دەدەن. ئەگەر بۆخۆیان نەبێت ئەوا نایانەوێت بۆ کەسانی دیکەیش ببێت. ئاخۆ کەی تێدەگەن کە "ئەوهەوارە و بەڵام ئەو بەهار نییە."

ئەوەی خۆی بە نیشتمانپەروەر و راستبێژ و بڕوادار و مرۆڤدۆست بزانێت و بە ئەنقەستیش راستپۆشی و سەرپۆش بۆ ئەم کارانە بکات، دەبێت چ جۆرە دڕندەیەکی وێنە نەبیندراو بێت

280 - عبود، زهير كاظم. قضية الكورد الفيليين. ص ١١٣-١١٤.

281 - یارییەکەیان بردەوە، لەپڕ دەستکەوتی زۆریان هەڵگرت.

282 - لە ئەندازە بەدەر دەوڵەمەندبوو، لە قەڵەوییان چاویان سووربوو، رسکا.

## گەواهیدەری ئەم ڕووداوەم:

لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٢)دا، ئەرکی بەتالیۆنەکەمان (بەتالیۆنی یەکی هێزی نۆهەد) پاسەوانی و پاراستنی کلکەیەکی چیای بەمۆ بوو، لە ناو خاکی ئێراندا. شەوێك لە کاتژمێر دوازدەدا، پاسەوانی خاڵەکەی سەر دەربەندی تکتکە[٢٨٣] بووم، کاتێك بینیم کاروانێك، نزیکەی (١٢-١٥) ترومبێلی گەورە گەورە، بە لایتە بەهێزەکانیانەوە لە ڕووی عێراقەوە بەرەو تکتکە هاتن، وای بۆچووم ئەمە هێزی سەربازی عێراقییە، دێتە لامان، چونکە ترسی هێرشی ئێران هەبوو... ترومبێلەکان، ترومبێلی گەورەی گواستنەوەی نەفەران (منشەئە) بوون، لە دەرکەی گەلی بە ریز وەستان. هەرچەندە شوێنی دابەزینی نەفەرەکان و سووڕانەوەی ترومبێلەکان، لێمەوە دوور نەبوو، بەڵام ڕاستەوخۆ لێم دیار نەبوو. دەنگی زیرژنی گریانی گەلەی ژن و منداڵم بیست... دوای ماوەیەك تارمایی گەلەکە لە دەربەندەوە ڕووە و ئێران دەرچوو، ڕۆیشت تا لەبەر چاوان دیارنەما، زۆری نەبرد بوو بە تۆپبارانکردنی دوولایەنی عێراق و ئێران، لە ئاسمانی بان تارماییەکەدا، گوولەی ڕۆشنکەرەوە هەڵدران، گوللە تۆپ بەر گوللە تۆپ دەکەوتەوە. بەیانی هێشتا گورگ و سەگ لە یەکدی جیا نەدەکرانەوە، ماتۆڕ سوارێك لە لای ئێرانەوە ڕووە و شوێنی تارماییەکە هات، کەمێك لە نەوراییەکە لە دیوی نەدیودا گیربوو، کە گەڕایەوە هێشتا سێرە نەدەگیرا، بەڵام درایە بەر ڕێژنە و ریزی شەستتیران. دواتر بینیمان ژن و منداڵەکان بەڕیز ڕێگەی ماتۆڕەکەیان گرت و ڕووە و ئێران چوون. لە چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژەدا دابەزیمە گەلییەکە، پرسیم. گوتیان: ئەمانە خاوخێزانی فەیلییە بەغدادییەکان بوون، ڕەوانەی ئێرانیان کردنەوە. چوومە سەر کانییەکە، نایلۆنی بچووك کە شیر و مەمەی منداڵانی تێدابوون، جلك و پێڵاوی ئافرەتانم بینی. توومەز ئەوان لەماڵەوە هەر فریای ئەوەندە کەوتبوون، کە بەم شەوە لەم شوێنە ترسناکەیشدا دایان گرتن، لە ترسانا هیوابڕاو بوون، بەپێی پەتی و منداڵی برسی بەبەرەوە، بەرەو مەرگ هەنگاویان نابوو. وادیارە مەرگکێش بەزەیی پێیاندا هاتبۆوە و دەرفەتی دابوون، بۆیە ئەوانیش بەر لەوەی بگەنە ناو کێڵگەی مینەکانەوە لەنێوان دوو زلهێزان پەلیان شکابوو و لە ڕۆیشتن وەستابوون، بەیانیش ماتۆڕسوارەکە هاتبوو، ڕێگەی ناو مینەکانی بۆ دیاریی کردبوون.

283 - دەربەندێکی تەسکە، چیایەکە لە ئاستی دەربەندەکەدا زۆر بەرز نییە، کانیاوێکی بچکۆڵەی تێدایە، شەقامە ڕێگەیەك لەوێوە ڕووە و کەرمەشان تێدەپەڕێت.



قسە دروستکردن و هۆنینەوە و هەڵبەستن، هونەر و زانستە، بیری تیژ و پێستەی ئەستوور، لێزانی کراس و دەرپێ درووینی دەوێت.

پێویستە ناراستبێژ، بیرمەند و ئاگاداری بەروپشتی بێ. تێك نەکردنەوەی گوتەکان، شێوازی دەربڕینەکەی، سیما و ڕوو و ڕووخساری گوتەگۆ، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هێمان، زۆر شتی شاردراوە دەردەبڕن.

کەسانی قووڵ سەرنج و وردبین و بیریاران، بە هۆشمەندی، بە تێڕامان، لە گفتیار و لە ڕووی نووسیاران: شتی دژبەیەك، شوێنەواری سەرجەمسەری بەیەکەوە بەستن، درزی بەیەکەوە لکان، لە کون و کەلێنی نیمچە دیار و نادیاردا، سەرەداوی گلۆڵەی ئالۆسکاو دەبیننەوە، کولانکەی چوونە ژوورەوە دەکەنەوە و لە ناوەوەڕا دەرگای ژوورەکە دەخەنە سەرپشت.

## بزرکردنی بارزانییان:

((لە بەرەبەیانی ڕۆژی **٣٠ /٧ /١٩٨٣ دا** هێزێکی ئەمن و ئیستخبارات چواردەوری ئۆردووگای بارزانیانی قوشتەپە[٢٨٤] ی نزیك شاری هەولێری گرت، لە ماوەیەکی کەمدا (٥–٨) هەزار بارزانی (نێرینەکانی)[٢٨٥] تەمەن لە نێوان (**١٢-٧٠**) ساڵیدا گرت و برد. گرتن و بێسەروشوێنکردنیان لەبەر هیچ هۆیەك نەبوو، ئەوە نەبێت کە بارزانی بوون... دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات کەوتنە تاقیبکردنی ئەو بارزانییانەی لە دایەرە و دەزگاکانی حکوومەت

284 - دوو ئۆردووگاکەی گردمەلا و گردی قوڵتەپە.

285 - هەر بارزانییەکانی قوشتەپە (کۆمەڵگەکانی گردمەڵا و گردی قوڵتەپە)یان نەبرد، بەڵکو ئەوانەی کۆمەڵگەکانی هەریر و بەحرکەشیان ڕاپێچکرد. کە سەرجەم ژمارەیان بە دە هەزار پیاو دادەندرا. ئەو کاتە من فەرمانبەری کشتوکاڵی قوشتەپە بووم. چەندین بارزانیی لە فەرمانگەکەماندا کرێکاری فەرمی بوون و ڕۆژانە کاریان دەکرد. ڕۆژی پێشتر یەکێکیان زۆر نەخۆشبوو، بە ترومبێل ناردمانە نەخۆشخانە و گەیاندمانەوە ماڵەکەی خۆی لە گرد مەلا، ئەویشیان بە نەخۆشی لوولدابوو.

لە دوای بردنی پیاوەکانیان، ئاو و کارەبایان لەسەر ژن و منداڵەکانیان بڕی، نەیان دەهێشت، منداڵەکان بە پێیان بێنە قوشتەپە و بە دۆلکەیش ئاوی خواردنەوە بۆخۆیان ببەن، قەدەغەیش بوو کەسێك سەردانیان بکات، بە هانایانەوە بچێت، کە پیرەژنێك یا منداڵێکیان دەمرد دەبوو ژن بینێژن. بەڵام خەڵکێکی زۆر ملی لە کێرد دەخشاند و یارمەتییەکی چاکیان دەدان.

کاریان دەکرد و لە شوێنیتر دەژیان، ئەوانیش گیران و راپێچی چارەنووسە نادیارەکانیان کران. تا ئێستا هەزاران خێزانی بارزانیی نازانن کەسوکار و مێرد و کوڕ و باوکیان لە کوێن و چییان لێ هاتووە. سەددام لە یەکێك لە سەردانەکانی بۆ کوردستان، ناوی ئەو بارزانییانەی بە خۆفرۆش و تاوانبار هێنا و وتی: ئەوانە بە سزای خۆیان گەیشتن. دەبێت بووترێت کە حکوومەتی عێراق هیچ جیاوازییەکی نەکرد لە نێوان ئەو بارزانییانەی کە سەر بە دەزگاکانی حیزبی بەعس و حکوومەت بوون، لەگەڵ ئەوانەی کە گومانی هاوکاری و لایەنگری بزاڤی کوردییان لێ دەکردن.))[286].

((لە ۱۹۸۳/۷/۲٦دا، دوژمن[287] هێرشی کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران کەرتی باکوور بە هاوکاری کوردانی بارزانی دەستی بەسەر شوێنەکە داگرت[288]))[289].

لەم دەقە کورتبڕەدا خوێنەری بە وردە، چەند مەبەستێکی دەست دەکەوێت:

یەکەم: پاساو هێنانەوەیە بۆ ئەنفالکردنی بارزانییەکان.

دووەم: لە و گوفتار و رەفتارە شیرینەیدا بیانگە بۆ شکانی لەشکرەکەیان دێنێتەوە، بەوەی کە بارزانی کارامە و شارەزان، هاریکار و چاوساغی هێزی ئێران بووین

سێیەم: بە تیلنیگاوە ئاماژە دەدات کە کوردان دژی عێراقی عارەبین و دەیانەوێت خاکی عارەبان بدەنە دەست دوژمنی نەتەوەی عارەب (فارسی مەجووسی).

286 - رەسووڵ، ل ٤٢- ٤٣.

287 - مەبەستی هێزی ئێرانە.

288 - لێرەیشدا بێچووە پرسیارێك دەمیاوێنێت: کە لە ئەنجامی جەنگەکەدا، لەشکری عێراق شکا و بە پرەپڕ پاشماوەکەی هەڵات!. ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی هێرشکارانی ئێران، بە چ بەڵگەیەك دەریدەخەیت کە بارزانیی هاریکاریان بوون؟ ژمارەیان؟ ناویان؟ رۆڵیان چەند بوو؟ بەبێ دادگایی کردن چۆنتان زانی چ جۆرە پەیوەندییەکیان بە بارزانییەکانی دیکەی دەوروبەری هەولێرەوە هەبوو؟ چۆن چۆنی ئەو گوفتارە دەکرێتە پەڵپگرتن بۆ کوشتنی حەشاماتێکی دیکە؟

دۆستانە لێی دەپرسین: بۆچی ئاگاداریت، کە چەند بارزانییەکی دەرەوەی عێراقی هاریکاری ئێران بوون؟ بۆ لە گرتن و بزرکردنی هەشت هەزار بارزانی دەوروبەری هەولێردا خۆت کرِوکپ دەکەیت، نائاگا و خەواڵوو خۆت دەنوێنیت؟ ئاخۆ مێژوونووسی راستی دەرخەر و تێر ویژدان! چ وەڵامێکی مردارەوەبووی هەیە؟

289 - الحمدانی، ص ٩٤.



لێرەدا یاریکردنێکی دووفاقەیی نەتەوەییە. هەروەك هەمان رەفتار لە دڕاندنی حەوزی پێنجوین لە لایەن سوپاکەیانەوە دووبارە دەکاتەوە و دەفەرمووێت: چەکدارانی یەکیەتی کوردستانی، هاریکاری ئێرانیان دەکرد.

گوتومانە: گریمان نووسەر وەك بەخۆی بە ئاگایەوە لە نائاگایدا پیشانی دەدات، نیشتمانپەروەرێکی عەیار بیستوچوارە و لە بەفری تازەکەوتووی سەری گارا و تۆپکی حەسەن بەگ و قەسرەکانی سەرکردەی ئەوسای سپی و بێگەردترە! بە چاوی خۆیشی کوردستانی وێرانکراوی نەدیوە، هیچیشی دەربارەی نەبیستووە.

کلکە پرسیارێکی سەرسوورێنەر: بۆچی لە هەموو پەرەگرافێکدا زۆر بە ئاگادارییەوە دەرخۆنە دەخاتە سەر کردارەکانی لەناوبردنی فەیلییان و گومکردنی بارزانییان و شاردنەوەی ئەنفال و وێرانکردنی کوردستان و تاوانە نامرۆڤایەتییەکانی سەرانی رژێم؟

خۆ ئەگەر بڵێت: گوێم پڕ قورقووشم و رەشکێنی چاویشم رژابوو! ئەوکاتە دەپرسین بۆچی چرپە چرپی دەنگە نزمەکان و شتە زۆر زۆر وردەکان دەبیستی و گەورە و زەبەلاحەکانیش نابینی؟ ناشتوانیت بڵێ: وایە بەڵام راستنین!

مامەی ئەکادیمی، بەو ئەکادیمییانەی خۆیەوە، لە ژێر و لە ژوورەوە، بیانوویان بۆ دەدۆزێتەوە! چۆن ویژدانی لێیدەبوورێت، بە پێی پەتی بەسەریاندا رابوورێت؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا جمکە تاوانێکە:

**یەکەم:** ئەوە دەگەیەنێت، ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتوون بە دڵییەتی.

**دووەم:** دانەکاسان و نەوەستانی لەم پەردەپۆشییە و راست و رەوا شاردنەوانەی ئەو، بە وەستایی، خۆی لە خۆیدا بەشداریکردنەوەی دووەمە لە کارەساتە نامرۆییەکان.

ناکرێت بڵێین سالار سیلە قەڵەزراوە، ماران گەستەیەوە لە گوریسی رەشبەڵەك ترسیاوە و لە هەژمەتی سەری خۆی پاکانە بۆ ناپاکی دەکات. یانە تاکو ئێستایش بۆ کەوڵنەکردنی خۆی، لەژێر فشاردا، فیشاران دەهۆنێتەوە، بۆیە خۆی لە کاولکارییەکانی کوردستان بواردووە! پاساو بۆ پاکتاوکردنی نەتەوەیەك دێنێتەوە! مەگەر وا گۆشکرابێت کە تەنیا گوێی لە بەندوباڵۆرەی کۆنینەی راگەیاندنە دەزگا سکرِشەکانی سەردەمی جەنگە چەواشەکارەکانیاندا بگرێت، خووی بە ئاوازی ئەوانەوە گرتووە، هەڵبەستە هەڵبەستان لە شیرییەوە بووەتە ئیشی و نایەوێت بە پیریش پیشەکەی بگۆڕێت!؟

لە ئەنجامی هیچ جۆرە رکهەستان و دەمارگیرییەکەوە نا، بەڵکو لەوپەڕی هێمنی و مێشك فێنکییەوە، دەڵێین هەرکەسێك، بۆ هەر مەبەستێك، بە هەر شێوازێك، پەردەپۆشی بۆ هەر

جۆرە ئەنفال و بنەبڕکردنی نەتەوەیەك بکا، ئەوە ئەوکەسە ئەنفالچی باوك ئەنفالچییە، لە ئەنفالکردنەوە بەولاوە شایانی هیچ جۆرە خەڵات و سزایەکی دیکە نییە!

شوانەوێرەی رەوەندانی کورد، پەزەوانی بەدەوییەکانی بادییەی عارەبانیش دەڵێن:"سەگی دڕ بە ژنان ناوەڕێت". ئەدی ئەوەی ژن بە سك و بەمنداڵی باوەشییەوە زیندە بەچاڵ بکات، دەبێت شایانی چ پێدا هەلگوتنێك بێت؟

پرسیارێکی بێ سمێڵی وەڵام ریشدار: ئاخۆ بە درێژایی هەشتا ساڵەی ململانێی نێوان دەسەڵاتی بەغدا و شۆڕشەکانی کورد بە بارزانی و کوردانی دیکەیشەوە لە کامە شەڕگەدا (٨٠) تا بەڵکو (٨) جەنگاوەری کوردیان بە چەك و فیشەکەوە بە زیندوویی گرتووە؟

گەر هەشت هەزار بارزانی لە دەوروبەری هەولێردا پەیوەندییان بە کارەکەوە هەبوایە! چۆن لە ژێر باڵی حکوومەت، بە رۆژ لە فەرمانگەکان و بە شەویش لەناو ماڵەکانی خۆیاندا بە پشتی نەبەستراوەوە قیڕەبڕ دەگیران و بێ سەروشوێن بزردەکران؟ چ کەللە بەتاڵێك ئەم پاساوە ناڕاستەوخۆ و لابەلایانە پەسنددەکات؟

ئەگەر ئەم هەشت هەزار پیاوە بارزانییەی ئەنفالکران بەشداری جەنگیان بکردایە، ئاوا بە خەمساردی لە ناو نوێندا چاوەڕوانی بەسەردادان و خۆ بەدەستەوەدان دەبوون؟

کوتە پرسیاری دووەم: بۆچی سەربازەکانتان لە شەڕگەکاندا بەهێز و بە تیپ و بە تیپگەل خۆیان دەدایە دەست پێشمەرگەکانی کوردستان!؟

ئێمە لێزانی بواری سەربازی نین، بەڵام دەزانین وەڵامی پرسیارەکەمان بە راست و رەوانی نادەیتەوە. چونکە ناتوانیت بڵێیت: بێ باوەڕی سەربازان، ناڕەوایی هێرشە دڕندانەکانیان، نەترسانیان لە دیل کوشتن دەگەیەنێت. ناشتوانی لە بەرەوڕووماندا نکوڵی لە راستی گوتن، یا بێ دەنگی لە وەڵامی پرسیارەکە بکەیت! بۆشت ناکرێت بە ئاسانی دەستخەرۆمان بدەیت!

ئاخۆ دۆستێك، ناحەزێك هەیە خۆزگە بەحاڵتان بخوازێت؟

هەرچۆنێك بێ، لەمیانی شێوازی بیرەوەری نووسیندا کەسایەتی و ناخی نووسەر و پێکهاتە و زاخ و پێزی بە روونی لە ئارداوێژی دەمی و لە گوتك و هەویردا دەردەکەوێت، خوێنەری هۆشیاریش کارنامە و ناسنامەکەی دەخوێنێتەوە.



## بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ:

((لە ماوەی ١٧-٢٢/ ١/ ١٩٨٨دا، دوژمن[٢٩٠] زنجیرەیەك هێرشی بە دوای یەکدا کردە سەر شەڕگە لە بەشی باکووردا. لە ئەنجامدا چیاکانی ئەحمەد رۆمی و (ماوەت)یان داگیرکرد، بە هەزاران سەربازی ئێمەیان بە دیل برد، شەهید و برینداریێکی زۆریشمان دا. هێزەکانمان بە زنجیرەیەك دژە هێرش رووبەرووی دوژمن بوونەوە... بەڵام چونکە زستانەکەی سەخت بوو، بەفر سەرتاپای ناوچەکەی پۆشیبوو، بە ئەستوورایی دوو مەترێك بەفر لەوێ کەوتبوو.))[٢٩١].

((لە شەوی ٨٨/٢/١٥دا دوژمن بە نیازی گرتنی هەڵەبجە و خورماڵ، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکە، داگیری کرد. فەرماندەی تیپی تۆپخانە (تیپی ٣٤) سەردار سیلە عەلی عەگاری و چەندین ئەفسەر و پلەداری دیکەیش دیلکران. ئەمە شۆکی بە ورەی هێزەکانمان کرد. چەندین هێرش بۆ سەندنەوەیان کرا، بەڵام سەرنەکەوتین، ئەمەیش هەر وەك لە ساڵی ١٩٨٦دا لە گرتنی فاو روویدا و فاومان لە دەستدا[٢٩٢].

سالار سیلە کامل ساجد سەرتیپگەل، بە پشتگیری سالاری یەکەمی سیلە نزار الخزرجی سوپا سالاری عێراق، بە مرازی سەرۆك کۆمار، فەرمانی گوللە بارانی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و سەربازانی سەر بە هێزی تایبەت دەرکرد و بڕیارەکەیش لە شەڕگەدا جێبەجێ کرا. لە هێزەکەماندا تەنیا سەرهەنگ سیلەیەك و چەند ئەفسەر و دوازدە سەرباز دەرباز بوون.))[٢٩٣].

((هێزی ئێران توانی بچێتە ناو شاری هەڵەبجە، مەبەستی بوو دەست بەسەر بەرزاییەکانی شەمیران دابگرێت و بەرەو سلێمانی مل بنێت. لە تەنگەبەرەکەی سەید سادقەوە تێپەڕی[٢٩٤].

حوسێن کامل کە سەرپەرشتیاری هێزی پاسەوانی کۆماری، بوو بە فەرماندار[٢٩٥]ی شەڕەکە، بە هاوکاری لەگەڵ گەورە ئەفسەرانی تایبەتمەند وەك فەرمانداری تۆپخانە

290 - مەبەستی ئێرانە.

291 - الحمداني، ص ١٤٤.

292 - پێشەکییەو دەسپێك و سەرپیکی پاساو هێنانەوەیە. مافی تیرەبارانکردتی سەربازەکانی خۆیان و بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەدا بە ڕەوا دەنوێنێت.

293 - الحمداني، ص ١٤٥-١٤٦.

294 - بە راشکاوی دەبینین نووسەر پێ بە پێ ، ناچار بوونیان بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خۆشدەکات.

295 - کورسییە بەرزەکانی دەسەڵات، لە نێوان کەسوکاری سەرۆکدا بە پێی پێویست دەگۆڕدرا.

(سەرهەنگ س.) و بەرپرسی هۆبەی کیمیایی (سەرهەنگ سیلە ح.) لە هێزی کۆماریدا، کە شەش کەرتی تۆپکاری و کەرتێك ڕۆکێت هاوێژ، کە کلاوەی کیمیایی جۆری (هەلۆ-١٨) یان هەڵدەگرت، سەرکردەکەیشی (پێشکار: ر.م.) بوو.

بە هەزاران گوللە مەترەلۆزیان[٢٩٦] لە لەشکری ئێران دا، وێڕای (٧٢٠) ڕۆکێت. دوژمن زیانی زۆر قورسی بەرکەوت، ناچاربوو ناوچەکە جێبێلێت و بکشێتەوە ناو خاکی ئێران. بەڵام بە داخەوە پتر لە (١٥٠) کوردیش، لە وانەی لە ناو هەڵەبجە دەرنەچووبوون، لابەلا بەرکەوتن و بوونە قوربانی، لە کاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی هەڵەبجە لە سەرەتای هێرشەکەوە دەرکەوتبوون. هەندێك سەرکردەی کورد تەئکیدیان کردەوە، وێڕای ڕۆکێتەکانی ئێمە، ئێرانیش لە هەمان کاتدا، هەمان جۆرە چەکی بەکار هێناوە...))

الحمدانی لەم دەقەدا ویستوویەتی بڵێت: ئەگەر کیمیاییان بەکار نەهێنابوایە، ئەوا ئێران عێراقی داگیر دەکرد. هەروەها لە ناچاریدا بۆ هەنجەت دۆزینەوە پێی لە تاوانەکە ناوە، بەڵام ژمارەی کوژراوانی هەڵەبجەیی بە پێی ویستی خۆی زۆر کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا بە خێرایی گەڕاوەتەوە و تاوانەکە دەخاتە ملی کوژراوەکان و ئەستۆی ئێرانەوە:

((دەبوو ناوچەکەیان چۆلبکردایە، ئێرانیش لە هەمانکاتدا هەمان چەکی بەکار هێنا[٢٩٧]))

((وەزیری بەرگری و جێگری فەرماندەی گشتی سوپای عێراق، عەدنانی خەیروڵا، کۆنگرەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و پەیامنێران بەست، باری بەرەی جەنگی روونکردەوە...))[٢٩٨].

((نزار ئەلخەزرەجی: عێراق لە ساڵی (١٩٨٤)دا چەکی کیمیایی بەکار هێنا، وادەزانم عێراق یەکەمین بوو لە بەکارهێنانی ئەم چەکەدا))[٢٩٩].

((نزار ئەلخەزرەجی: ناکرێت بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لە هزری سەددامدا دابڕێت، چونکە تاکە گوتەی کۆتایی لای ئەو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان بەکارهێنانی هێزە. خۆیشی

---

296 - ڕۆژی هێرشکردن و کاتی بەکارهێنانی کیمیایی ((گازی خەردەل)) دیار ناکات، هەروەك ناوی بەرپرسەکانیش دەشارێتەوە.

297 - نووسەر بۆ خۆدەربازکردن و پاساو هێنانەوە بۆ بەکارهێنانی کیمیایی، بەبێ بەڵگە ناڕاستەوخۆ بە زمانی کوردان ئێران تاوانبار دەکات، کە ئەویش هەمان چەکی بەکار هێناوە، کەچی هیچ سەرچاوەیەکی بێ لایەن یا نێودەوڵەتی پشتگیری قسە رووتەکەی ئەوی نەکردووە.

298 - الحمدانی، ص ١٤٦.

299 - شربل، ل ١٧٨.



بە سەرکردەیەکی زۆر دیار و فەرماندەی عێراقیێکی بە توانا دادەنا، کە دەبێت ڕۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا ببینێت))[٣٠٠]

((ئەلخەزرەجی: چەکی کیمیایی لە ژێر ناوی (لێدانی تایبەت) بەکار دەهێندرا، فەرمانی بەکارهێنانیشی لە لایەن (سەددام)ەوە بوو، چەکەکەیش بە فڕۆکە و بە ڕۆکێتی تایبەت لەلایەن هێزی پاسەوانی کۆماری تایبەتمەند بەکار دەهات))[٣٠١].

((ئەلخەزرەجی: سەیرەکە لەوە دابوو، عێراق لە کاتێکدا بە فڕۆکە هەڵەبجەی کیمیابارانکرد، کە هێشتا هێزی ئێرانی نەگەیشتبووە هەڵەبجە... بەڵکو سوپای عێراقیشی تێدا مابوو. لە ناو تەرمی بە گاز کوژراوەکاندا تەرمی سەربازانی عێراقیش هەبوو.. سالار کامل ساجد پەیوەندی بە منەوە کرد، ئەو ئاگای لە کارەکە نەبوو، سەددام لە ساڵی (١٩٩٨)دا ناوبراوی گوللەباران کرد.))[٣٠٢]

((ئۆباڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئەستۆی سەددام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید و حوسێن کامل دایە))[٣٠٣]. (بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە (٨) لە بەشی پاشکۆکەدا)

((هێشتا جەنگی عێراق- ئێران کۆتایی نەهاتبوو کە سەددام چەکی کیمیایی لە ١٩٨٨/٣/١٦دا لە هێرشێکی بۆ کوشتارگەکەی هەڵەبجە بەکارهێنا، لە ڕۆژی یەکەمدا پێنج هەزار کەسی کوشت و لە ڕۆژانی دواتریش پازدە هەزار کەس بە هەمان هۆوە گیانیان سپارد))[٣٠٤].

((کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لە ڕۆژی ١٦\٣\ ١٩٨٨ دا، کە بووە هۆی کوژرانی نزیکەی پێنج هەزار کەس و بریندار بوونی هەزارانیتر، ئەنجامی بەکارهێنانی گەورەترین توانای هێزی ئاسمانی حکوومەتی عێراقی سەردەمێکیتر بوو.))[٣٠٥].

کە چوارەمین هێزی سەربازی جیهانی و بە هێزترین لەشکری ناوچەکە، لە هێرش و پەلاماردانی بۆ سەر کوردان و گوندنشینانی کوردستانی وڵاتی خۆی ، دوای بەکار هێنانی

---

300 - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

301 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

302 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠.

303 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

304 - عبدە، ص ٢٥.

305 - ڕەسووڵ، ل ١٧٩.

هەموو جۆرە چەکێکی کۆن و نوێی تاك و کۆکوژی سەربازی سەردەم **(بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژ: ١و٢)**، بە ناچاری پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێونەتەوەیی، لە دژی ژن و منداڵی لادێیی و هاونیشتمانیانی، ئەوە ئەمە دەگەیەنێت، کە لەشکرەکە لە هێرشە ئاساییەکانیدا شکستی خواردووە و ئامانجی نەپێکاوە.

فەرمانڕەوا و سەرکردەکانی حکوومەت و حیزبی و سەربازیش، هێندە شێتگیر و موکڕ و بە پەلەبوون، سڵیان لە ئەنجامی تاوانەکە نەدەکردەوە.

وەشاندنی ئەم چەکە کوشندە و ترسناك و قەدەغەکراوە، جیاوازی لە نێوان ژن و منداڵ و کەنەفت و کەسانی دروست و نەخۆش و چەکدار و بێ چەك، دۆست و دوژمن و ئاژەڵ و سروشتی زیندوو و مردوو ناکات. لە و کاتەشدا کە بەکارهێنانەکەی نوێ و لەناکاو بوو، نەك هەر لادێیی و خەڵکی شاران، بەڵکو پێشمەرگە و بگرە لەشکری ئێرانیش، لەسەرەتادا دژەچەك و چارەیەکی چاکی خۆ پاراستنیان لەم چەکە تۆقێنەرە نەبوو.

((بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی کە لێکۆڵەرەوەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، دیراسەیان کردووە، هێزی ئاسمانی عێراق بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی **١٥/ ٤/ ١٩٨٧دا** لە دژی کورد، کیمیابارانی سەرگەڵوو و بەرگەڵوویان لە نزیك شارۆچکەی دوکان کردووە.

لە ڕۆژی **١٦/٤/ ١٩٨٧ دا** هێزی ئاسمانیی عێراق، کیمیابارانی هەردوو گوندی (بالیسان و شێخ وەسان)یان کردووە...ئەو دوو پەلامارانە بوونە هۆی کوژرانی **(٣٢٠)** کەس لە گوندی شێخ وەسان و بالیسان و بریندار بوونی سەدانی تر))[٣٠٦].

((ئاکامی نسکۆی شێخ وەسان: (زۆرینەی دانیشتوانی شێخ وەسان ئافرەت و منداڵ بوون) کە لە ئاکامی بوردومانەکە بە تەواوی شەهید و بریندار بوون، زیاتر لە (١٥٠) کەس شەهید و **(٢٥٠)** بریندار بوون. (٠٠٠)[٣٠٧] کەسیش بە برینداری کەوتنە بەر دەستی ڕژێم و بێ سەروشوێنکراون، کە تا ئێستا هیچ سەروسۆراغێکیان نییە. ئەمەی خوارەوەش ناوەکانیانە:))[٣٠٨]. بەر لەوەی نووسەری ((بەرلەوەی مێژوو جێمان بێلێت))،جێمان بێلێت، واچاکە بیخەینەوە بەر هەر پێنج هەستییەوە کە:

306 - ڕەسووڵ ، ل ٧٥.

307- ژمارەکە کەوتووە و سەرچاوەکەشم لەلا نەمابوو.

308 - ئیسماعیل، بڵند، گۆڤاری K 21 ، ژمارە ٣- ٤ ، ل ٩٧- ١١٣، هەولێر (٢٠٠٩).



((خەڵکی ناوچەکە زۆرینەی بریندارانی چەکی کیمیاییان گەیاندنە نەخۆشخانەی سنگ لە هەولێر، کەمینەیەکیشیان گەیاندنە نەخۆشخانەی سلێمانی... پیاوانی ڕژێم بۆ پەردەپۆشی تاوانەکە[٣٠٩] بریندارەکانیان ناچار کرد، مۆربکەن و بڵێن: فڕۆکەی ئێرانی لێیداوین. ئینجایش بریندارەکانیان بردە بەندیخانەکەی سەر ڕێگەی موسڵ، هەر لەوێ نزیکەی سەدێکیان گیانیان سپارد، ئەوانی دیکەیشیان شوونبزرکردن))[٣١٠].

((لە ساڵی (١٩٨٨)دا لەشکری عێراق بووبوو بە یەکێك لە گەورەترین و پڕچەکترین لەشکری دونیا. عێراق خاوەنی نۆ تیپگەل ( کۆتیپ) سەرباز بوو[٣١١]. هێزی ئاسمانی لەشکری عێراقی بریتی بوو لە (٦٠٠) فڕۆکەی جەنگی و (١٥٠٠) هەلیکۆپتەری بارهەڵگر و شەڕکەر، سەرچاوە سەربازییەکان ژمارەی تۆپ و کاتیۆشای عێراقیان بە زیاتر لە (٢٢٠٠) دانابوو)).

هێزی پێشمەرگە ڕووتەی تەنیاش، سەرەڕای ئەوەی فڕۆکە و هەلیکۆپتەر و تانك و زرێپۆش و کاتیوشا و چەکی گران و نیمچە گران هیچ، پشتگرێکی کارگێڕی و مەعنەوی دەسگرێکی ماددیشی هەر نەبوو! بە ژمارەیش بە قەد زەکاتی پێکهاتەی لەشکری بەغدا نەدەبوو، کەچی هێشتا ڕژێم پەنای دەبردە بەر کوشتنی ژن و منداڵ و ڕاگوێزانی گوندییان و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێونەتەوەیی، بە چەکی کیمیاییشەوە. ئایا بە چ پێوەرێك ئەمە دلێری و پڕتوانایی و دڵسۆزی سوپای عێراق و فەرماندە و سەرکردەکانی دەنوێنێت و مایەی پێدا هەڵگوتن و شانازین؟

ئەگەر ڕەچاوی هەر پێوەرێکی سەربازی و ناسەربازی بکرێت، ئەوە خنۆکی[٣١٢] و منۆخی دەنوێنێت. دلێر و ڕەواپەروەر و بڕوا پتەوان، کەسانێکی بەلەنگاز و لانەوازی بێ کەس بوون، بە تفەنگ و نارنجۆك و پێنە و مشتەکۆڵە، ڕووبەڕووی تانك و فڕۆکە و گازی کیمیایی لەشکری دڕندان دەبوونەوە و بە برینداریش سەنگەری بەرگریکردنیان بەرنەدەدا. ئەم کێشە و هاوکێشەیە، نەك هەر نابەرانبەر و مشت و درێشە نین، بەڵکو ناکرێت لەگەڵ یەکدیش بەراورد بکرێن.

309 - وەك ڕاستپۆشییەکانی ئێستا بەزەقە زەق دەیانبینین.

310 - ڕەسووڵ ، ل ٧٥.

311 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

312 - سست، شل و شەکەت، لە ئەنجامی ماندووبووندا فل ببێت، لێبکەوێت.بوەستێت.

## ئەنفال کردنی کوردان لە سەدەی بیستەمدا:

((ئەنفال: وشەیەکی عەرەبییە و بە مانای (تالآن) دێت، حکوومەتی عێراق ئەو ناوەی لە سوڕەتی هەشتەمی قورئانەوە وەرگرتووە. هەڵبژاردنی ئەم ناوە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە چەند مانایەکی هەیە:

١- ویستی گەلی کورد بە کافرە غەیرە دینەکان بچوێنێت.

٢- بۆ ئەوەی کە کوشتنی خەڵکی گوندەکان حەڵاڵ بکات و بە غەزا دابندرێت.

٣- بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی ئەو کوردانەی کە بەر شاڵاوی عەسکەری دەکەون، لەلایەن سوپای عێراق و جاشەکانەوە بە تاڵان ببرێ.

٤- بۆ ئەوەی وای نیشان بدات کە ئەمان میراتگر و شوێنگری ئاییتی پیرۆزی ئیسلامن.

کردەوەکانی ئەنفال کە لە ماوەی نێوان ٢/٢٣- ٩/٦ /١٩٨٨دا لەسەر شێوەی چەند کردەوەیەکی سەربازی لەلایەن چەند هێزێکی سەربازی هەڵبژاردە لە پاسەوانی کۆماری[٣١٣] و هێزە تایبەتییەکان و مەغاویر و ئاسایش و... لە کردارە سەربازییەکاندا چەکی جیاجیا بەکارهات. لەوانەش چەکی کیمیایی کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەکراوە. لە ئەنجامی ئەم شاڵاوانەشدا (١٨٢) هەزار کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە چوار هەزار گوند وێران بوون.

ئەنفال تاوانێکی زۆر گەورە بوو، کە حکوومەتی عێراق بەرانبەر بە گەلی کورد کردی. هەندێك پێیان وایە، کە ئەنفال ڕووداوێکی نوێ بوو، بەڵام ئەوەی وردتر تەماشای تێکڕای بارودۆخەکە بکات، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە ئەنفال ڕووداوێکی ئاشکراتری سیاسەتی هەمیشەیی حکوومەتی عێراق بووە بەرانبەر بە گەلی کورد.

ئەنفال، پیادەکردنی سیاسەتی قۆناغ بە قۆناغی لەناوبردنی گەلی کورد بوو، بەڵام بە بەکارهێنانی توندوتیژییەکی خوێناویتر لە جاران.))[٣١٤].

313 - کەچی سالار سیلە، فەرماندەی کۆتیپی پاسدارانی کۆماری، مێژوونووسی ڕاستبێژ! لە بە ئاگاییەوە خۆی بێ ئاگا دەنوێنێت، چاو لە کوشتنی سەد و هەشتا و دوو هەزار کەسی بێ تاوان دەنووقێنێت، نایەوێت بەتاکە ڕستەیەکیش باسی ئەم تاوانە بێ وێنەیە بکات، دەبێت کردارەکە هێندە کەم نرخ بێت کە شایانی ئەوە نەبێت کاتی بەنرخی خۆی و خوێنەرانی پێ بکوژێت؟

خۆی زۆر چاك دەزانێت: فیرعەون منداڵە نێرینەکانی گەلەکەی خۆی دەکوشت، ئەوان بۆ بنەبڕکردنی کوردان: نێر و مێ، گەورە و بچووکیان قیرەبڕکرد و بە زیندوویی ناشتنیان!.

314 - ڕەسووڵ، ل ٥٢.



(( شاڵاوەکانی ئەنفال ماوەیەك بەر لە جێبەجێکردنیان، پلانی بۆ داڕێژرابوو... ئامانجی شاڵاوی ئەنفال، تەنها ئەوە نەبوو کە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی کورد لەناو بەرێت، بەڵکو چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان و دەربەدەرکردنی دانیشتوانیشیان، لە هەمان کاتیشدا کارکردن لە پێناوی تواندنەوەی گەلی کورد لە بۆتەکەی گەلی عەرەبی عێراق، دواتریش نەهێشتنی بوونی کورد بە گشتی.))[٣١٥].

((مایکل تریبل، شارەزا لە بواری پزیشکی دادوەری، لە ڕاپۆرتەکەیدا، بۆ پشتگیری گوتەکانی، دەربارەی بەڵگەی تاوانەکانی ئەنفال، لە ئەنجامی پشکنینی ئێسکوپرووسکی ژن و منداڵ و پیاوان، کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لە باکوور و باشووری عێراقدا دۆزیبوونییەوە، بە وێنەوە پیشانیدان، ئاماژەیشی کرد کە ٦٧٪ کوژراوەکان بە تفەنگ کوژراون، ژمارەیەکیان منداڵن، ئەوانی دیکەیش بە لێدانی بە ئاسن و بە قۆنداغی تفەنگ کوژراون. وێنەی چەندین کەللە سەریشی پیشاندا کە بە چاوبەستراوییەوە گوللەباران کرابوون، چەندێکیشیان هەریەکەی هەژدە گوللەی بەرکەوتبوو، کوژراوەکان دەستیان لە پشتەوە بەسترابۆوە، جلوبەرگ و ناسنامەکانیانی پیشاندا، منداڵی تازە لەدایکبووی و ژنی دووگیانیشیان تێدابوو، بە کردارێکی ڕێکوپێك گوللەباران کرابوون، گۆڕی بەکۆمەڵیان بە شۆفەڵ بۆ هەڵکەندرابوو، ئاماژەیشی کرد: کە بە هەزاران کورد لە گرتووخانەکانی نووگرە و بیابانەکانی سەر سنووری سعوودییە لە گۆڕنراون، تەنیا لە گۆڕێکدا ئێسکوپرووسکی (١١٤) کەسی دیتۆتەوە))[٣١٦].

((نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەکان بە هەڕەشەکردنە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دادەنێت و بە یەکدییان دەبەستێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاری ٦٨٨ لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەرچوو، ئەو بڕیارە داوای لە عێراق کرد، بە پەلە هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی سەرکوتکردنەوەی گەلەکەی خۆی ڕابگرێت.))[٣١٧].

((لێژنەی مافەکانی مرۆڤ،- سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، زیاتر لە جارێك ئەو پێشێلکارییانەی سەرکۆنە کردووە کە حکوومەتی عێراق دژی مافەکانی مرۆڤـ، و یاسای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی فراوان و یەکجار مەترسیدار پیادەی کردن و بوونە هۆی

315 - ئیسماعیل، د. خەلیل محەمە- بەهرام، کورد عەرەب شۆفینیزم، ل ٤٥.

316 - عبود، زهیر کاظم، محکمة الأنفال، ل ٨٠-٨١ و ٨٦. دار آراس، اربیل. (٢٠٠٨).

317 - کتن، جۆرج - بەهرام محەمە، کورد عەرەب شۆفینزم، ل ١٥.

بلاوبوونەوەی چەندین شێوەی داپڵۆسین و چەوساندنەوە. هۆی ئەم پێشێلکارییانەش فراوانبوونی بازنەی جیاوازی کردنە لە نێوان رەگەزێك و رەگەزێکی دیکە و زۆربوونی ترس و تۆقاندن و کردەوەکانی[318] گوللەبارانکردنی دەرەوەی دادگاکان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە سەپاندنی سزای تیژو نامرۆڤانە... ئەو تاوانانەی عێراق لە دژی گەلی کورد، لە کردەوەکانی ئەنفالدا ئەنجامیداوە، بەڵگەی روون و ئاشکران لە پێشێلکارییەکانی عێراق بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو سەربەستییە بنەڕەتییانەی پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەستەبەریان کردووە..))[319].

((لە پەروەندەی تاوانەکانی بە ئەنفال ناونراون، کە لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەنجامدراوە، نزیکەی سەد و هەشتا هەزار کورد کە زۆرینەی هەرەزۆریان شاری و دێنشین بوون، لەکاتی گرتنی شارۆچکە و گوندەکانیان لە ئەنجامی بەکارهێنانی گازی ژەهراویدا بوونە قوربانی، وێڕای کاولکردنی سێ هەزار گوند و راگوێزانی بەهەزارانی دانیشتوانەکانیان. سەددام و شەش یاریدەدەر و هاریکارانی، سزای تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی پاکتاوی نەژادییان بەسەردا سەپێندرا))[320]. **(بڕوانە کۆمەلە وێنەی ژمارە (٩) لە پاشکۆکەدا)**

ئاخۆ بەڕێزیان لە ماوەی گەڵاڵەکردنی پیلان و پیادەکردنی ئەنفال لە سەرتاسەری کوردستاندا، لە دوور و نزیکەوە ئاگاداری گوفتار و رەفتار و پلانەکانی سەرکردەکانی بەغدا-دەزگاکانی راگەیاندنی عێراق نەبووە، کە رۆژانە بە سەدان جار ناوی ئەنفال دەهات؟ ئاگاتان لە گوتە و فەرمان و کردەکانی سەددام و عەدنان خەیروڵا و عەلی کیمیایی و هەمزە زوبەیدی و محەممەد هەمزە و تاریق عەزیز و عیزەت و سابیر دووری و سوڵتان هاشم و... بەرپرسەکانی هێزی ئاسمانی و زرێپۆش و تۆپخانە و هەواڵگری و هێرشەکانی ئەنفال نەبووە؟

لە دیوەخانەکانیاندا بەو پەڕی خۆشییەوە شەترەنج و کلاوکلاوانێ و مجێبسیان نەکردووە؟ بە بۆنەی بەرەو پێشچوونی پرۆژەی کورد تاواندنەوە، بە یەکەوە پێکی سەرکەوتنیان هەڵنەداوە؟

318 - ئەم دەنگ هەڵبڕین و سەرکۆنە و سەرزەنشت و شەرمەزارکردنانەی جیهان بوو، نووسەر ناوی دەنێت "گۆڕانی ئاوازی راگەیاندنی ئەمریکا... دەرژایە نێو بەرژەوەندی ئیسرائیلەوە."

319 - عەلی ، د. حوسێن عەبد - بەهرام محەممەد کورد عەرەب شۆفینیزم، ل ٤٩، (٢٠٠٩).

320 - عبدە، ص ٩٧.



کاکەبرا! وەك بە شانازییەوە دەڵێیت، دەستی راستە و کارگێڕی کارا و بڕواپێکراوێکی لووتکە و لە پێشبووی. ئاخۆ بەڕاشکاویش لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و دەزگا راگەیاندنە نهێنی و ئاشکراکانی ئەو سەردەمەت نەبینیوە و نەشت بیستووە؟.

ئەوکاتە شانازیتان بە سەرکردەی بێ هاوتا و سوپای عروبە نەکردووە؟ پێیانتاندا هەڵنەگووتوە؟ کەچی لەبەر قێزەونی و رقەونییەوە، لە کتێبێکی مەزنی سەردەمی گەرماوگەرمیدا، نەتتوانیوە تەنها دوو وشەی ساردوسڕ دەربارەی بابەتەکان بنووسیت، یا لە پەڕاوێزێکدا بە شێوەی تێبینییەکی چکۆڵە، هەر بۆ خاتری خاترداران بە بچووکی لە پەنایەکدا داینێیت؟ یا کردەکان هێندە ورد و کەم بایەخن شایانی باسکردن نین؟ کەچی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو هەڵبەستە و هەڵوێستانەیت:

کە چەند بارزانییەك لە گردمەندیل لەگەڵ لەشکری ئێران دژتان بوون.

چرکە بە چرکە ئاگاداریت کە دوو فەیلی سەر بە حیزبێکی شیعەی عێراقی لە بەغدا لە زانکۆی موستەنسیریە بە تەقینەویەك تاریق عەزیز زامدار دەکەن؟

هەرچەندە کردەوەی دوو فەیلییەکەی بەغدا و بوونی بارزانییان لەگەڵ سوپای ئێراندا جێگەی گومانن (بەڵام ساغکردنەوەی بابەتەکە لێرەدا بە کاری خۆمان نازانین)، وا باوە کە بە مەبەستی زەمینە سازدانی بنەبڕکردنی بارزانیی و فەیلییەکان دروستکراوە. گریمان گوتەکان راستن، ئاخۆ بە پێی کام شەرع و کامە شەریعەتی ئاسمان و یاسا و رێکاری سەر زەوی دەکرێت: کە دوو بارزانی لە زاگەی خۆیان و سەرتاپای عێراق دەربەدەر کرابوون، رەگەڵ ئێران کەوتوون، بنە سۆنگەی زیندە بەچالکردنی هەشت هەزار مرۆڤی بێ ئاگا، کە لە فەرمانگەکانی ئەو حکوومەتە کار دەکەن و لە سێبەری ئەودا لە ماڵی خۆیاندا بە دڵنیاییەوە دانیشتوون؟

ئایا کاری بەدکاری دوو کەسی فەیلی دەکرێت بکرێتە پاساوی ریشە کێشکردنی دەیان و سەدان هەزار فەیلی؟

بەڕێزیشیان تاوانەکان دادەپۆشێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ پاساویان بۆ دێنێتەوە!

بۆ لە و شوێنانەی جاش و چەکدارانی کورد دژی ئێران دەجەنگان و دەکوژران و سەردەکەوتن سەرکەوتنی ئوممەی عارەبییە و ناوی کوردان لە کودوولەی تەڕیشدا نەبوو؟

((عەدنان خەیروڵا[321] ئاماژەی بەوە کردووە: کە ٢٥٠٠٠٠ کوردی چەکدار، شانبەشانی سوپای عێراق لە جەنگەکە[322] کاریان دەکرد))[323].

321 - کوڕە خەزوور و کوڕە خاڵی سەددام و وەزیری بەرگری و... ئەو کاتەی تاکە فەرماندەبوو.

بۆ لە و شوێنانەی کە نەشکاون و زەبری چاکتان وەشاندووە، سەرکەوتنەکان بە راپەڕین و رابوونەوەی ئوممەی عارەبی رادەگەیەنن؟

بۆ؟ بۆ دەرمانیش جارێك تەرمی شەهیدانی کورد لە قادسیەدا نابینیت؟

کەچی چوار (وەلەك)تان لە یەمەن یان لە میسر و ئوردەنەوە بە دراوێکی خەیاڵی دەهێنا و دەتان ناردنە هێلی دواوەی شەڕگە. لە دەزگاکانی راگەیاندن وێنەتان دەگرتن و بە هەلیکە سەماوە چەپڵەتان بۆ دەکوتان، تۆیش لێرەدا[٣٢٤] لە بیرەوەرییەکانتاندا بە زەقی پیشانیان دەدەیتەوە، جەنگەکە بە جەنگێکی نەتەوەیی دژ بە مەجووس و ئاگرپەرستان و زەردە (با)ی خۆرهەڵاتی نیشتمانی گەورەی عارەب دەردەخەیت؟

بەڕێزیان و هاوبیرانی چاك چاك دەزانن: کە پاڵەوانی بێ ڕەزا، ئاوی عێراق و خاك و شکۆمەندی ئوممەکەی کردە مزەی کوژاندنەوەی کڵپەی شۆڕشی کورد.

ئێستایش ئەوانە هەرتەریفەی بیراوی سەرکردەی بەزیوی مەزنن، هەر چاوەڕێی زێڕ و هەمیشك و دەسەڵاتی رەهای ئەودەمەن.

هەر رایەڵ و تێەوەرێخ و گرێچن و شەبەقە نەخشی ئەودەمە لەدارە، تەونەکە نەبڕاوە و نە دەشیبڕنەوە.

کاکیلە و کڕکاکی[٣٢٥] ئەوتۆ هەن پشت لە خوا و لە خەڵك دەکەن و دەیانەوێت بە کڕی ئەم هەموو هێسکوپرووسکانەی لە بیابانی لم و تراویلکەی کاکی بەکاکیدا دۆزراونەتەوە، ئەوان لە دوو توێی پەرتووك و لە ئاپۆرای شار و شەقامە جەنجاڵەکاندا گوم و بنگۆمیان بکەنەوە.

تۆڕی و ترِنانی بازاڕی رەش، سێوەرۆك[٣٢٦] بە سێو ، قالۆنچە بە شاتوو دەفرۆشنە ساویلکان.

ئەوانەی بە ئەنقەست و بە موکڕییەوە پێ لەسەر ناڕاستی دادەگرن، بەناڕەوایی رەوا دەدۆشن، ماف و دادپەروەر دەخەنە ژێر چەکمەیانەوە، هەرگیز بڕوامەکە پێ لە راستی بنێن!

---

322 - جەنگی ئیراق- ئێران.

323 - عەلی، د. حوسێن عەبد، بەهرام، کورد عەرەب شۆفینیزم. ل ١٢٥.

324 - رعد. ص ٧٨ و ٨١.

325 - شقراق الهندی، باڵندەیەکە وەکوو تووتی قسەکانی مرۆڤ دەڵێتەوە.

326 - سێوەرۆك: گیایەکی گەڵاپانی تەمەندارە، لە ئەنجامی تووشبوونی قەدەکەی بە مێروو، گرێی خڕ دەردەکات (بە تایبەتی لە زەوی وەردەدا. بە منداڵی گرێیەکانمان دەخوارد.



ئەو کەسانەی کوێرانە داکۆکی لە بۆچوونی خۆپەرستییانەی خۆیان و ئاوکوفانیان دەکەن، ویست و خواستیان بەکاڵی دەردەبڕن، ناڕواننە دیدی خەڵك، بەدیدی خەڵکیش خۆیان نابێنن، خۆیان پووتە و هیچ و پووچ، بەرهەمەکەشیان کرچ و کاڵ و تەمەن کورتە.

دەڵێن: "سنگیان دەکوتایە کۆمی بێعار[٣٢٧]، ئەویش باکی پێی نەبوو، وەك بڵێی لەگەڵ ئەویشیان نییە. بە هێمنی دەیگوت: ئەوە چ کوتە کوتە لە دواوە! " ، ئینجا وەرە دەرەقەتی وەرە! کە لەگەڵ کەسانێکی وادا بکەوینە چاڵ، هەرگیز ناتوانی تێیان بگەیەنیت... مەگەر خودا پەنات بدات!

پیاوێك، ژنێکی کوێر و خەسوێکی بڵحی هەبوو، هەمیشە دەیگوت: "هاوسەرینی چاوکوێر گەلێك ئاسایی نییە، بەڵام ژیان لەگەڵ دڵکوێردا گەلێك ئەستەمە". یەکێکی دیکەیش هەڵی دەدایە و دەیگوت: "هاوڕێیەتی لەگەڵ نەخۆشدا زۆر خۆش نییە، بەڵام بە رێگەدا رۆیشتن لەگەڵ ویژدان مردوان، گیان مردووی لاشە زیندووە. کە لەگەڵ دڵکوێر و ویژدان نازیندوان بکەویتە چاڵ. لە سەر دونیا دەکەویتە تەپانی بنی دۆزەخەوە".

ئەوەی بە رووخسار ئەم نیوە ئایەتە، ئەم نزا زارەکییە:

**((رَبَّنَا لا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَ و أَخْطَأْنَا))** [٣٢٨].

بخوێنێتەوە، بە کرداریش ئاگای لەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە ببڕێت:

**(( يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ))**[٣٢٩].

**((تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ، سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنْ النَّاسِ مَا وَلاّهُمْ عَنْ قِبْلَتِهِمْ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُلْ لِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ))**[٣٣٠].

ئەوا لە هەردوو دونیادا سزای دووڕوویی و درۆزنی و ناپاکیشی بۆ دەکرێتە سەربار.

خوا بۆیە دوو چاوی مرۆڤی لـە رووی پێشەوەی کەللەسەردا، لە ناو دوو چاڵی نێوان تەوێڵ و روو، لەملا و لەولای لووتەوە داناوە، سەرەکەیشی خستۆتە سەر ملێك، کە سەر لەسەریدا بەملا و ئەولادا،

---

327 - سەربزێوی بەدکردەوە، پەل و هەڵەشەکار و ناڕەسەن.

328 - بەشێکە لە دوایین ئایەتی سوڕەتی بەقەرە، الحمدانی بۆ دەربڕینی نیاز پاکی، لە ل ٣٤٧ پەرتووکەکەی تۆماری کردووە.

329 - ئایەتی (٧١) ، سوڕەتی ئال عمران .

330- ئایەتەکانی (١٤١- ١٤٢) ، سوڕەتی بەقەڕە .

بۆ بەرزی و نزمیش دەجوولێت و دەسووڕێت، بۆ ئەوەیە مرۆ ڕاست و چەپ و پاش و پێش، زەوی و ئاسمانی پێ ببینێت، کەچی هەن کەللە شەقن، دەعبان، درندە و بڕندەن، بڕبڕە و سەر و مل وشك و ڕەقن، لمووز شۆڕ و دوو چاو زەقن، ڕەواپۆش و کار ناحەقن، ڕاستییەك ببێژن پفدانکانی دەتەقن.

وەك دیوتانە لاچاوی جووتە ئەسپی ژێر پەیتوونی پاشا، بۆ ئەوە دەبەستن، تا تەنیا بڕواننە پێش لمووزی خۆیانەوە، ئەگەر ئەملا و ئەولا ببێنن، ئەوا دەڕەونەوە، ملی خۆیان و خاوەنەکەیان دەشکێنن. ئەسپی ئـــاو ڕاکێشانی ناعووریش هەر هێندەی ئاسانە تا دەیخەنە کار و سوورە سوور، کاتێك دەزانی سۆمایی چاوی داهاتووە، پێش لمووزی خۆیشی نادینی، بۆیە لمووزی دەخەنە ناو ئاخوڕەکەیەوە، ئاو دەکەن بە دەمییەوە، کاری ڕۆژانەیشی پێ دەکەن.

((دەوڵەتی عێراق لە نەخشەی ستراتیژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی عێراقدا، کوردی بە یەکێك لە مەترسییە سەرەکییەکان داناوە، بۆ سەر ئاسایشی عێراق و عەرەب. حیزبی بەعس لەوەتەی حوکمی لە عێراقدا گرتۆتە دەست، هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەم مەترسییە نەهێڵێت، بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی بە عەرەبکردن و بەزۆر ڕاگواستن و بەتاك و بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستانی پیادە کردووە)) [٣٣١].

بەڵام کە نەیان توانیوە سیاسەتی بنەبڕکردنی نەتەوەیەکی ڕەسەن لەسەر خاکی خۆیدا بە ڕاشکاوی و بە یەکجار و بە یەك قۆناغ ئەنجام بدەن، ئەوا پلانە گشتگرییەکەیان بۆی داناوە و پاساویان بۆ دروستکردووە، پێ بە پێ، بەپێی دەسەڵات و بارودۆخی لەبار، بە نهێنی و بە ئاشکرا، پیلانەکەی خۆیان جێبەجێ کردووە.

لە ئەنفالکردنی کورداندا هەمان سیناریۆی بەر لە ڕێککەوتننامەکەی جەزایر دووبارە کرایەوە، ئەوکاتە هەموو بلۆکی ڕۆژهەڵات بە چەك و پلانی سەربازی و ڕاگەیاندن و... هتد پشتیوانی عێراق بوو، هەروەك لە ناوبژیکردن و ئاشتکردنەوەی سەددام و شای ئێرانیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و شای سعودیە ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا. ئەوەتە:

((حکوومەتی عێراق لە پێش ئەنفالدا لەلایەن هەموو زلهێزەکان و تێکڕای دونیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە پشتیوانی لێ دەکرا، بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێراندا. لە نێو عەرەبانیشدا جگە لە سووریا و لیبیا، هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان، بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیشەوە، پشتیوانییان لێ دەکرد.)) [٣٣٢].

331 - ڕەسووڵ ، ل ٥٤.

332 - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.



لە هیچ جەنگ و ئاشتییەکی جیهانیدا بەرژەوەندی خۆرهەڵات و خۆرنشیندا ئاوا تێکی نەکردۆتەوە، تەنیا جارێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی هیتلەر، لە جەنگی دووەمی جیهانی و لە جەنگی عێراق - ئێراندا لە دژی خومەینی، دوو کەڕەتیش لە دژی کوردی هەژار و کوردستانی دابەشکراودا، دوایین جاریش لە دژی تاکە سەرکردە و فەرماندەی نەمری عێراق و شاسواری ئومە، پاڵەوان و پشتیوانی ئیسلام و خۆر و ڕۆشنکاری سەرتاپای جیهان نەبێ. کە پێشتر چەپگەران و ڕاستڕەوتانی دەستیات لە پشتی دەدا.

لەوەتی دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسیوە، پیرەدارەکانی ناو فەرمانگەی دادگای هەولێر-تەك قەڵاتی دێرین، زستانان دەبنە لیسی ڕیشۆڵان، ئێواران لە سەر دار و تەلەکاندا زیکەزیکیانە، ئەوانەی لەسەر یەك تەلن (ساردبێت یا گەرم) لەسەر جێگە لە یەکدی دەدەن. بەر لە خۆرئاوابوونێکی باراناوی بەرێکەوت: بلێسە و شریخەیەك هەستا، سەرنجم دا، بینیم دوو ڕیشۆڵە گڕیانگرتووە دەسووتان، ئەوان لەسەر دووتەلی سارد و گەرمی تەك یەك لە یەکیاندا، دەنووکیان گەیشتە یەکدی و کارەبا لێیدان، ئەوانی دیکەیش لە ترسانا بەرەو فڕین. ئەوەی یـــاری بە سارد و گەرمی کارەبا، ئاگری چاوشین بکات، دوو ڕێڕەوی جودا بگرێت، ئەوا درەنگ و زوو سەری خۆی و گەلێکی دیکەیش دەخوتات.

((عەلی حەسەن مەجید لە ڕۆژی ٣ /٦ / ١٩٨٧دا، نامەی ژمارە ٣٦٥٠ی بۆ هەموو دەزگا لێپرسراوەکانی حکوومەت و حیزبی بەعس و کۆتییپەکانی یەك و دوو و پێنجی نارد. لە و نامەیەدا هاتووە کە ناوچەکانی قۆناغی یەکەم بە تەواوەتی ناوچەی قەدەغەکراون، نـاوچەکـانی قۆناغی دووەمیش لە ٦/٢١ /١٩٨٧وە دەبن بە ناوچەی قەدەغەکراوی تەواو. داوا لە یەکەکانی سوپا دەکات کە هەر مرۆڤ و ئاژەڵێکیان لە و ناوچانەدا دیت، بیکوژن. لە نامەکەیدا هاتووە کە نابێ هیچ جۆرە خواردەمەنییەك بگاتە ئەو ناوچانە.)) [٣٣٣].

((لە ڕۆژی ٢٠/ ٦/ ١٩٨٧دا عەلی حەسەن مەجید بڕیاری نەگریسی ژمارە (٤٠٠٨)ی دەرکرد، بە پێی ئەو بڕیارە:

هەموو گوندەکانی کوردستانی عێراق بە ناوچەی قەدەغەکراو لە قەڵەم دەدرێن.

(٤) دەبێت هێزی سوپا بەردەوام - بە ڕۆژ و شەو- بە کیمیایی لەو گوندانە بدەن بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارەی خەڵك.

333 - ڕەسووڵ، ل ٧٣.

(٥) هەر کەسێك لە و ناوچانەدا بێت، دەبێت بگیرێت، ئەوەی تەمەنی لە نێوان (١٥-٧٠) ساڵدا بێ، دوای لێکۆڵینەوە، دەبێت یەکسەر گوللە باران بکرێت.

(٧) هەر چەك و کەلوپەلێکی جاش و سەرۆك جاشەکان لەو ناوچانەدا دەستیان دەکەوێت، حەلاڵی خۆیانە بێجگە لە چەکی قورس.

هەزاران کەس[334]، کە لە دوای ئەو ڕۆژەوە کەوتوونەتە دەستی هێزەکانی عێراق، بڕگەی پێنجی ئەو بڕیارەیان لەسەر جێبەجێ کراوە)) [335].

((بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی شۆڕشی عێراق و دیوانی سەرۆکایەتی: هەر کەسێك لە سەرژمێری مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٧دا ناونووس نەکرابێت ئەوا مافی عێراقیبوونی نامێنێت.)) [336].

ئاخۆ بیرەوەرنووس ئەم بڕیار و ڕاگەیاندنە ئاشکرا و نهێنیانەی نەدیون؟

نەیبیستوون؟ بەشداریشی لە داڕشتن و جێبەجێکردنیان نەکردووە؟

وەك مرۆڤێکی لابەلا دەڵێین: براله ڕۆژانی پاساوهێنانەوە و ڕاستپۆشی تێپەڕین! چیدیکە پاساویان بۆ مەهێنەوە! ڕاستییەکان لە نەوەکانی دوارۆژ ناشێردرێنەوە، بەم کارانەتان خۆتان پتر نابووت و خودا و خەڵکیش تووڕەتر دەکەن و بە گەنیویش دەچنە ناو تابووت، زەوی ناتانگرێتەخۆ و ئاسمانیش لە خۆتان دەورووژێنن. ئێوە بەناوی چاوڕشتنەوە، ڕەشکێنی چاوی ئێستای خۆتان و داهاتووی نەوەکانتان دەڕێژن.

سالار و سەرتیلە و سەر بە تیلاکی سپی تاین! پەکتان براوە، ڕشتی و پڕتاوی کەلکی نەماوە، ئیدی گڕکانی تاوان بە تاوڵی تووکە وشتر داناپۆشرێت! سەردەمی تایەنی شەوارەداران ئاو و ئاوچوو، نهۆ نۆرەگری و خۆ دەبەر مردوان مراندن، مردنی مۆری دمۆرانە. سەرهەڵێنن خوای ببێنن. بە پێچاوپێچی و سەرپێچیکردن، چیدیکە ڕەوا ڕاپێچ ناکرێت، لە ڕۆژگاری لێپێچینەوەیشدا بە گەمژە و هیچ و پووچان ڕاستی لەبەر چاواندا ناپێچرێتەوە. مامە خەمەی خۆمان، ئەگەر گومانی لە ڕاستی قسەی پیاوێك هەبوایە، بەزەردە خەنەیەکی نەرمەوە دەیگوت:"ئەگەر وابێت، وایە".

334 - کورد.

335 - ڕەسووڵ، ل ٧٧.

336- ڕەسووڵ، ل ٧٨ .

مەبەستیان گوندنیشینەکانی کوردستان بوو، لەوە بەدواوە وێڕای بڕیاری ٤٠٠٨ ی بانەوە. کوردەکان لەسەر خاکی خۆیاندا بە بیانی دادەندران.



پێشینان دەیانگوت: مرۆی ڕاست بە زمان و گای چاوسوور و هێستریچەموش بە پەت دەبەسترێنەوە، کەچی لە سەردەمی جیهانگەریدا بە چاوی خۆمان دەبینین، سمێڵ فشی بە فشەفش هەن، بە قەوچ و قەڕاسە و زنجیری پۆڵایینیش داناکاسێن!

((لە دوای کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١دا تەنیا لە شاری هەولێردا وێڕای کوشتنی خەڵکێکی زۆر بە کۆپتەر و تۆپ و دەستڕێژ و گوللە بارانی ڕەشەکوژی، ٢٠٧ کەسی دیکەیان بە دەردی ئەنفالکراوەکان شوێنبزرکرد. ئەمەی خوارەوەیش ناوەکانیانە:))[337]:

ئەنفال کردنی کوردان تاوانێکی هێندە گەورەیە، لە مێژوودا هاوتای نەبینراوە. هێندەش بە ڕاشکاوی ئەنجام دراوە، نابێت هیچ سەربازێك و هیچ عێراقییەکی ئەوکاتە ئاگاداری نەبێ، چ جای سەرکردەیەکی پایەبەرزی عێراقی کە وەك خۆی گوتەنی: ئەو نزیك و جێگەی متمانەی سەرکردەی هەرە مەزن بووە.

((لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٣/ ٢/ ١٩٨٨دا یەکەم بریسکەی تۆپ و ڕاجیمەی شاڵاوی ئەنفال دەستی پێکردووە))[338].

((ئەنفال بە هەشت قۆناغ جێبەجێکراوە، لە ڕێکەوتی ٩/٣ /١٩٨٨دا، دوایین قۆناغی ئەنفال ئەنجام دراوە[339]، لەم ماوەیەدا ( ١٨٠٠٠٠) کورد ئەنفالکراوە. ئەنفال تاوانێکی سامناکی دڕندانەیە و بە ئاشکرا لە سەرتاسەری کوردستاندا کراوە. هەزاران دۆکیۆمێنت و بەڵگەی بەڵگەنەویستی هەیە، کە سەدان کتێبی مێژوو و ڕۆمان و فیلمی لەسەر بنووسرێت هێشتا هەر هیچی بۆ نەکراوە. هیچ ڕووداوێك هێندەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە میدیای کورددا باسی نەکراوە. کۆڕ و کۆنفراس و پێشانگای زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە کراون.))[340].

بە پێی سەرچاوەکان: ژمارەی کوردانی ئەنفالکراو لە نێوان (١٨٠٠٠٠-١٨٢٠٠٠) کورد بوو.

((تاریق عەزیز، وەزیری دەرەوە و جێگری سەددام (سەرۆك وەزیران سەرۆکی گشت پۆستە سەرەکییەکانی عێراق) کە کیسینجەری عێراق بوو دەڵێت: ژمارەکە[341] زۆر کەمترە، نزیکەی سەد هەزارێکە)).

337 - جامباز، تاریق -، گۆڤاری K21 ، ژمارە ٤ ، ل ٢٤٤- ٢٥٢، ساڵی ٢٠٠٩.

338 - ڕەسووڵ، ل ١٨٨.

339 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

340 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

341 - ژمارەی کوردانی ئەنفالکراو.

دەپرسین: چۆن کوشتنی سەد هەزار مرۆڤ (ژن و منداڵ و کەسانی بێ دەسەڵاتی ژێردەستتان) و هاووڵاتیانی خۆتان ئاوا بە ئاسانی بەسەر زمانتان دادێت.؟

بەپێی کام ئامار و کامە بەڵگە ئەو دەزانێت سەد و هەشتا هەزار نین و سەد هەزارێکە؟

بەڵام هێشتا تاریق لە سالار سیلە رەعد راستبێژترە چونکە سالار دەیانکاتە سەدوپەنجا، ئەویش تاوانی خۆیان بووە کە لە شارۆچکەکە دەرنەکەوتوون!

با بڵێین قسەکەی تاریق راستە! ئاخۆ رێکخراوەکانی ژینگە پارێزی و داکۆککارانی مافی ئاژەڵان دەتوانن لە کوشتنی سەد هەزار گورگ و بەرازی کێوی بێ دەنگبن!؟ ئەدی بۆچی هەموو برایانی موسڵمان و رێکخراوەکانی ئاشتیخواز و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و ژینگە پارێزان لە هەمبەر ئەم کارەدا کارێکی ئەوتۆیان نەکرد شایانی ناوەکانیان و شایستەی ناوهێنانیان بێت؟

کە تاوانەکان لە میدیاکانی جیهان باسدەکران، ئەعرابیانی عێراقی وەك پیشەی هەمیشەییان: بە دەهۆڵکوتانی ئیسراییل و ئەمریکا و دوژمنانی عێراق و عروبە دایاندەنا. ئەگینا کەسێك نەبوو دەنگوباسی ئەنفالی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نەبیستبێت و نەیبینیبێت. نەخاسمە لە نێو جەرگەی گەڕاوەکەیشدا سەرکردە بووبێت!

دووبارە دەڵێین: براوە و دەسەڵاتداران مێژوو دەنووسنەوە. کەچی لای سەرکردە لێ کەوتووەکانی بیرەوەرنووس، بەزین بردنەوەیە، بیرەوەر و دیروك نووسانی دۆڕاویش مێژوو بە ویستی خۆیان هەڵدەبەستن!

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لە گەرمەی پاکتاوکردنی کوردان، سەددام لە دیمانەیەکی لەگەڵ پیاوانی ئایینی کورددا گوتی: کوردانی ناپاك ولاتفرۆش، هەڵاتوون و لە دەرەوە دەبنە دەستی ئەو دوژمنانەی دەیانەوێت دەست بخەنە ناو کاروباری شۆڕشی مەزن و گەلی عێراقمانەوە.

مەلایەکی نیشتمانپەروەر و بوێر و بڕوا پتەویش گیانی دەخاتە سەردەستی و لە رووبەڕوویدا دەفەرمووێت: جەناب تۆ باوکی ئەم گەلەیت، ئەگەر بە چاوی سۆز و دڵی میهرەبانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا بکرێت و بکرێنە باوەش و دەست بەسەریان دابێندرێت و متمانەیان بە داهاتووی خۆیان هەبێ، ئەوانیش خۆیان بە رۆڵەی ئەم نیشتمانە دەزانن، لەخۆڕا دەست لە زێدی باوك و باپیرانیان بەرنادەن و بەرەو تاراوگە رەوناکەن، لە هەندەران لە ناچاریدا دوژمنانی عێراق بە دۆست دانانێن، وەك یوسف لە ناو بیردا دەستی بۆ ئەوانە درێژکرد کە ویستیان دەریبێنن، رەگەڵ کاروانی لایدان رۆیشت.



سەیر و سەمەرە لەوە پتر دەبێت چی بێت؟ کاتێك دەیانەوێت نەتەوەیەك بپلیشێننەوە و پاکتاوی بکەن، ئەگەر فزەیەکی کرد، یا لە چرکەساتی خنکاندا لە ناو لافاوی خوێنی خۆیدا دەست بۆ تەڵە پووشێك، چڵە دارێك بەرێت، ئەوا دەکرێتە نیشتمانفرۆش و دۆست و دەستی دوژمنانی دەرەکی بە کلاسیکی و رۆمانسی و ریالیزمییەکانی خۆرهەڵات و خاوەرزەمینەوە

## گڤەی دڤەکان (راستپۆشی و گزنگ سندمکردن):

((لە دوای ١٩٧٤/٣/١١دا... کورد دووبەرەکییان کەوتە ناو. بەشێکیان سەر بە میری بوون و هاریکارییان دەکرد، برێکیش دژی بوون[٣٤٢]، لەم ماوەیەدا، هاوپەیمانی رەوتی مارکسی علمانی، کە حیزبی شوعی[٣٤٣] و کۆمەڵەی جەلال تالەبانی (رۆشنبیرە مارکسییەکان) لەگەڵ باڵی خێڵەکی ئایینپەروەریی، کە بارزانی نوێنەریان بوو، بە هۆی تێککردنەوەی بەرژەوەندی، ئەم لایەنانە دژی حکوومەت بە پاساوی جۆراوجۆر، یەکیان گرت، شان بە شانی بارزانی بەشداری یاخیبوونەکەیان کرد))[٣٤٤].

لەبەر دڵی لاوانی نوێ نەبێت، لە وەڵامدا وەك کابرا دەڵێین "دڤ... دڤ... باوکی باوکم[٣٤٥]" بەڵام دەستی ئەوانم شکاوە بۆیە ناچارین بڵێین: بەڵگە نەویستە کە لە دوای رێککەوتننامەکەی ئاداری (١٩٧٠) دا، باڵی تالەبانی بە بنکە و سەرکردەوە، گەڕایەوە ناو پارتی. تا مۆرکردنی رێککەوتننامەکەی جەزاییریش بە یەکەوە و لە یەك مەتەرێزدا دژی بەعس وەستان... هەڵگیرسانەوەی جەنگی بەعسی بەغدا و کورد لە (١٩٧٤)دا نزیکە، نزیکەی سی و پێنج ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە، زۆربەی بەشداربوانیش ماون و دەزانن کە حیزبی شوعی عێراقی (بەر لە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ) بەپێی بەشداری کردنی لە یەکرێزییەك، بەناوی: ((بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەتووخواز))دا چەکدارانی شوعی عێراقی، لەگەڵ بەعسدا شانبەشان لە جەنگی (١٩٧٤)دا، دژی بزووتنەوەی کورد سەنگەریان گرتبوو... هاوپەیمانیەتی بەغدا و مۆسکۆیش هێندە رێك و پڕپێك بوو، موویان بە نێواندا تێپەڕنەدەبوو، وای بۆدەچوون کە شوعی دەبێتە

342 ئەمە خواست و پلانی رژێم بوو، نەك روویدا. بەڵام ویستەکەیان نەهاتە دی.

343 - ئەمەیشی گومانناوییە و لە شوێنی خۆیدا بە بەلگەوە دەخرێتەوە بەرچاو.

344 - الحمداني، ص ٣٩.

345 - پەندێکی کوردییە، ئاماژە بە درۆی زەبەح و بێ شەرم دەکات.

جێگرەوەی پارتی دیموکرات لە کوردستاندا. هەر ئەم هەڵەیەش کوردێکی زۆری لە حیزبی شوعی عێراقی دابڕی، (هەرچەندە دواتر کە سەددام لە شوعی و لە بەرەی رۆژهەڵات هەڵگەڕایە) بە مەبەستی گێڕانەوەیان بۆ ناو حیزب، حیزبی شوعی کوردستانیان دامەزراند و دروشمی خەباتکردن بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان تێکەڵ بە دروشمە چینایەتییەکانییان کرد) بەڵام هەر نەگەڕایەوە سەر گوڕ و تینی پێشووی[٣٤٦].

346 - شایانی داخە زۆرینەی شۆڕشەکانی کورد و حیزبە گەورەکانی سەرتاپای کوردستانی گەورە، زۆر و کەم، درەنگ و زوو، لە هەمان رەسمدا ساتمەیان کردووە و بـە کەمیش پەند وەردەگرن. کورد لە شەڕی براکوژی و چەندین بەرەکی و دژایەتی یەکترکردندا: گەورەترین زیانی لێ کەوتووە، چەندین جار لە لووتکەوە بەرەو خەرەند هەڵدێراوە، باشترین دەرفەت و دەستکەوتیشی داوەتە دوژمنانی.

لە بابەتەکانی ریشەکێشکردنی فەیلییەکان و بزرکردنی بارزانییان و ئەنفالدا زەقتر دەکەوێتە بەرچاو کە لە ئەنجامی بێزەوەرترین چەوساندنەوەی کورد وەك نەتەوە، پەچە کردارێکی توندی لە لا دروستبووە، هەر حیزبێك و رێکخراوێکی سیاسی، ئینجا چەپگر بێت یا راستڕەوی و ئایینی، ئەگەر لایەنی نەتەوایەتی فەرامۆش بکات، ئەوا ناچێتە ناخی وارویست و کوردپەروەرانەوە.

ئایا ناکرێت بەخۆدابچینەوە، بگۆڕێین و رووەو بەرزایی هەڵزنێین، پێی یەکدیش نەکێشینەوە؟

بۆچی چاو ناکەینەوە تاکو سوود لە ئەزموونە تاڵ و نسکۆکانمان ببێنین؟

بۆ ناکرێت بەرژەوەندی باڵای وڵاتمان ببێتە بنچینەی تەوەری خەباتی درێژخایەنمان؟

ئاخۆ کەی واز لە گەڕفرۆشی گەنکاری و خۆگەڕ و گولکردن دێنین.؟

هەر شەڕە پەڕۆ و جنێوفرۆشیی و کورسی پەرستیی بەرەو شەڕەچەپۆك و شێتی و دەست لەخۆ وەشاندن و ماڵوێرانیمانی نەبردووە؟

ئەوەندەی بۆ دوژمنانمان جێدێلین، سەدیەکێکی ئەوە بۆخۆمان بکەین، ئەوا زوو بەزوو هۆر (گۆڵ)ی خۆمان دەکەین. چیدیکە وەك یاریزانێکی نەزان، بە زانایی بۆ هێسك کرۆژانمان گۆڵ لە خۆمان ناکەینەوە.

بیرڕوونێك گوتی: ئەوانەی هەر خەریکی جنێودان و هەڵبەستە و خەوشی خوێش گەورەکردنن، رك و کینە بەرچاوی تاریك کردوون، رووناکی و چاکەکاری نابینن، بەرژەوەندی خۆیان لە بەرژەوەندی باڵای وڵات باڵاتر دەبێنن، ئەوانە نارووناکبیر و کەمزانی خەرمان سووتێنن، شتێکی ئەوتۆی بە کەلکیان پێ نییە بیبێژن، یانە کلکن، بۆیە هەر ژێرپێی خۆیان گێرەدەکەنەوە.



دوای رێککەوتننامەکەی جەزاییر و کەمبوونەوەی ترسی شۆڕشی کورد، سەددامی سەرکردە کەوتەوە راوەدوونان و گرتن و لە ناو بردنی شوعی عێراقی، ئەوکاتە بەم کارە دەگوترا: راوە شوعی.

((لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٣) و سەرەتای (١٩٧٤)دا دانوستان لە نێوان کوردان و بەغدادا هەبوو. شاندی کوردی: حەبیب محەممەد کەریم و سامی عەبدولڕەحمان و ساڵح یوسفی و من[٣٤٧] بووین، لایەنی بەرامبەریشمان: سەددام حوسێن، غانم عەبدولجەلیل، عەدنان ئەلحەمدانی... لە لایەنی حیزبی شوعیشەوە کە ئەوکاتە لەگەڵ بەعسدا هاوهەڵوێست بوو: کەریم ئەحمەد و موکەڕەم تاڵەبانی بوون[٣٤٨]))[٣٤٩].

((حیزبی بەعس هەمیشە ئەو رێچکە توند و تیژەی بەرنەداوە و بەردەوام هەوڵی داوە تاوانی نوێ ئەنجام بدا و بە هۆی ئەو تاوانەوە تاوانەکەی پێشتر لە بیر بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش شێوازی جۆراوجۆری گرتۆتەبەر و هەوڵی داوە لایەنە بەرهەڵستکارەکانی یەکە یەکە تیبکاتەوە (بەتەنها بیانخاتە ناو بازنەی گفتوگۆکانی... هەروەك لە تشرینی یەکەمی (١٩٧١)دا بەرنامەی کاری نیشتمانی هێنایە گوڕێ، ئەوکاتە خۆی لە شوعییەکان نزیك کردەوە بۆ ئەوەی پەلاماری کوردان بدات))[٣٥٠]. دوای خەفە کردنی بزاڤی کوردیش کەوتەوە راوە شوعی.

کوردی بێکەس، تامەزرۆی رزگاریی، و شەیدای ئاشتیی، بۆ ئاساییکردنەوەی باری نالەبار، هەمیشە ویستی دانوستان و ئاگربەستی بووە. بە پیر هەموو بانگەوازێکی ئاشتییەوە چووە و هەموو جارێکیش لە دڵپاکیان فێڵیان لێی کردووە. کەچی گەردانەی هەڵبەستە دەخەنە گەردنی و هۆکارەکانیش دەخەنەوە ئەستۆی ئەو! نووسەریش دەیەوێت، بە بەڵگە پشتگیری ئەم گوفتار و رەفتار و ملبڕین و بە ملدابڕینە بکات.

رەسم: گابەردی ژێرخاکە، هەمووی یا زۆرینەی لە ژێرخاکدابێت، کەمێکی بەدەرەوە بێت یا هەر دیار نەبێت. لە کاتی جووتکردندا گاسن لێی گیردبێت و دەشکێت.

347 - دزەیی.

348 - دەکرێت بڵێین: نووسەر لەو کاتە و لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بوورابۆوە و ئاگای لەم هەموو کەین و بەینەی نێوان بەعس و شوعی نییە!. بۆیە دەڵێت: شوعی لەگەڵ پارتی و دژی بەغدا بوون...

349 - دزەیی.

350 - الجزاییری، زوهێر- بەهرام محەمەد (٢٠٠٩) کورد عەرەب شۆفینیزم، ل ١٢٣.

((سەددام حوسێن بۆ ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان هاتە بارەگاکەمان، ئەو وەك هەمیشە هێمن و سەر فێنك بوو[351] ))[352] .

((لە شەوی ١٩٨٢/٦/٨دا کشانەوەمان لە ناو خاکی ئێراندا راگەیەندرا، کە لە زۆر جێگەدا (دەیان کیلۆمەتر) لەناو خاکی ئەواندابووین، بە (٤٨) کاتژمێر کشانەوەکەمان تەواو بوو، لە شاییاندا، هێندە شاد و شاگەشکە بووبووین کە بۆمان دەرنەدەبڕا، سەرکەوتین، سوپاس بۆ خودا سەرکەوتنەکە مسۆگەربوو.[353] . گەلی عێراق لە گشت شوێنێکەوە کەوتە خۆشی دەربڕین.

---

351 – مەگەر بە کوشتنی چەند کەسێك و بینینی هەڵچوونی فەوارەی خوێنی گەرم، دەروونی هەڵچووی فێنك بوویێتەوە و دەماری گرژی خاوبێتەوە! ئەگەر ئەم پیاوە هێمن و سەر سارد بێت، دەبێت سەرگەرم و شەڕانگێز لە سەر خڕۆکەی زەویدا نەمابن؟

352 – الحمدانی، ص ١٧٠.

353 – ئەگەر وەك هاووڵاتییەکی عێراقی بپرسین کامە سەرکەوتن!؟ وەڵامەکەت چییە؟

لەناکاو چوویتە ناو خاکی وڵاتێك و لە ژێر فشاری زیاندا پاشەکشەیان پێکردیت، بە ئاگاییەوە، لەلای خەڵکی خەوتوودا ناوی لێدەنێیت سەرکەوتن!؟. ئایا لەم داوا و هۆکارانەی کردنتە هەنجەتی جەنگ هەڵگیرساندن، کامەیانت دەستکەوت؟ بەشەکەی رۆژهەڵاتی کەنداوی عارەبیت وەرگرتەوە؟ ئەهواز و عەرەبستانت ئازاد کرد، دوورگەکانی تونبلکوبراو... لە دەست ئێران دەرکرد؟

ئەم رەفتارەی نووسەر ئەوە دێنێتەوە یادی مەمانان: لە کاتی تەنگانەی رژێمدا، بە سەدان، بگرە بە هەزاران و دەیان هەزار کەسیان بۆ چاوشکاندن، بە رەشبگیری بەبێ دادگا، دەئاخنییە بەندیخانەکانی ئەبوغریب و موسل و نوگرە و کۆشکی کۆتاییەوە، بە دڵی خۆیان ئەوەی دەیانکوشت، ئەوەی بەندی هەتاهەتایی بەسەر دادەچەسپا، هەندێکیش سزای چەندینساڵ زیندانی. ئەمانەی چەند ساڵێك بەناڕەوا یان بڵێین بەخت یاریان بوو و لە گرتووخانەدا مانەوە و نەکوژران .بە بڕیاری لێبووردنێکی گشتی، وەك خەڵاتی سەرکردە و دەستکەوتێکی مەزن بۆ رۆڵەکانی عێراق بەردەدران، دەبوو لە شاییانیان سەما بکەن و بە بەخشندەیی سەرۆك هەڵبڵێن، کەسیش بۆی نەبوو بڵێ ئەدی هۆکاری بردنیان، تاوانی گرتن و سزادانیان چی بوو و بە فەرمانی کێ بوو؟ کە کۆمەڵ کۆمەڵ دەمانگرن و دەمانکوژن تاوان نییە، باس ناکرێت، کە تاك تاکەمان لە دۆزەخ دەردەچێت دەستکەوتی گەل و خەڵاتی سەرکردەیە و دەبێت پێیوە هەڵپەڕین!؟

تاکە دەستکەوتێکی جەنگەکە: مانەوەیەکی کاتی و نەکەوتنی تاکە بتەکەی بەغدا بووە. مەگەر خەڵك بە بۆنەی گەنج قڕکردن و ژن بێوەژنکردن و منداڵ هەتیوبوون، بۆ سووتاندنی جەرگی دایك و باوکانی بێ نێرینەکراو، شایی و سەمایان کردبێت.! قوربانیانی عێراق کوژراوانی ئێران... زیانی ماددی...؟

بەڵێ تاکە سەرکەوتنێك هیوای وەستانی جەنگ و راگرتنی ئاشی گەنج لە ئاشکردن و گەل هاڕینە، هیچیتر نا!. ئەویش هەر خۆتان خستبووتانە گەڕ.



سەددام حوسێنیش بە ترومبێلەکەی خۆی، بەبێ پاسەوان، بە ناو ئاپۆڕایەکەدا تێدەپەڕی[354] ))[355] .

---

354 – پیاوێك، بەهەزاران، بگرە بە دەیان و سەدان هەزار کەس بکوژێت، یا بۆ مانەوەی خۆی بە کوشتیان بدات و لەگەڵ برا و ئامۆزا و زاوا و کوڕەکانی و ژنەکانی خۆیشی ناحەزبێت، دەیان هەوڵی کوشتنی درابێت! ئاخۆ کەسێك هەیە بڕوا بکات ئەو پیاوە بەبێ پاسەوان و چەك بچێتە ئاودەست یا گەرماوێك بکات ؟

بۆ سپی کردنەوەی گوتە رەشەکان بە بەڵگەوە دەڵێین: بڕوانە وێنەی ژمارە ٥ لە پاشکۆکەدا.

لە ماوەی رژێمی سەددامدا دانیشتوانی عێراق بە گشتی لە گرتووخانەیەکی گەورەدابوون، لە جیهانی دەرەوە دابڕاو و بێ ئاگا، پەیوەندی کردن بە دەرەوە: بە تەلەفۆن، برووسکە، چوونە هەندەران، بینینی کەناڵە ئاسمانییەکان، هێنان و خوێندنەوەی پەرتووك رۆژنامە و کردنەوەی ئەنتەرنێت و... جگە لە پێدا هەڵگوتنی سەددام و بەعس، هەمووشتێکی دیکە قەدەغەبوو، رۆژانە بەندییەکان بە بەرچاوی یەکدییەوە بڕ بڕ دەکوژران و بەکوشت دەدران. ئەوکاتە زۆرینەی منداڵانی کوردان لە بەندیخانەدا لەدایك دەبوون و زۆرینەشیان هەر لەوێ دەمردن. ئەو رژێمەی رێککەوتننامەی پاراستنی مافی منداڵی نێودەوڵەتی مۆر کردوبوو، منداڵی شیرەخۆرە و ساوا و هەراشی بە زیندوویی بە دایك و باوکیانەوە بە کۆمەڵ دەناشت.

((لە ٢٠٠٣/٤/٩دا، خەڵك لە بەغدا، لەمپەری ترسیان رووخاند و کەوتنە سەرشەقام و لە دژی رژێم هاواریانکرد و هوتافیان لێ دا، بە هەزاران لە گۆڕەپانی فیردۆس کۆبوونەوە، کەوتنە ئاهەنگ گێڕان، پەیکەرە مەزن و بە سامەکەی سەددام خرایە خوارەوە، بە ملیۆنان کەس لە جیهاندا ئەم پەیکەر خستنە خوارەوەیان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بینی، خستنی پەیکەری سەددام لە خستنی گرتووخانەکەی پاستیل و رووخاندنی دیواری بەرلین دەچوو)). عوسمان، محمود احمد ل ١٢٧.

پیرەپیاوێك، جگەرسووتاوێکی داخ لە دڵی (وەك باوکی راشید کە دواتر لەم نووسینەدا دەکەوێتە بەرچاوان) بە نەعلان کەوتە لێدانی سەروسەکوتی پەیکەرە زەبەلاحەکەی سەددام و دەیگوت:

"کوڕێنە! ئەم تاوانکارە گەنجی لە عێراقدا بڕی، هەموویانی کوشت و بە کوشتنی دان." هەموومان دەیان جار، دیمەنەکەمان لە شاشەشەی کەناڵەئاسمانەکاندا بینیوە".

(( لە ٢٠٠٣/٤/١٠دا خەڵك کەوتنە دزین و تاڵانکردنی ماڵە بەرپرسان و ماڵی خەڵکی دیکە، وێڕای تاڵان و وێرانکردنی دامودەزگاکانی میری، بە مۆزەخانە و پەرتووکخانەی نیشتمانیشەوە... ، (دووبارە کردنەوەی سیناریۆیەکەی سەددام لە کوێت کردبووی) لە بەغدش دووبارە کرایەوە.

لە ٤/١٣دا خەڵك کەوتنە گرتنی تاوانبارانی سەر بە دامودەزگاکانی رژێم و کۆکردنەوەی شتە دزراوەکانی خەڵك لە ماڵاندا، لە مزگەوت و حوسێنییەکاندا دایاندەکرد و بانگی خاوەنەکانیان دەکرا بێن کەلوپەلەکانیان ببەنەوە)) بڕوانە: عثمان، محمود احمد ل ١٢٩.

355 – الحمدانی، ص ١٨٧.

((سوپاس بۆ یەزدان کە سوپای عێراق لە جەنگەکە براوە دەرچوو، سەربڵندبوو، تێر بڕوا و پڕ توانا بوو... بووە گەورەترین سوپای ناوچەکە لە مێژوودا. گەلی عێراق یەکگرتووتر و لەگەڵ سەرکردایەتییەکەشی یەکتربوو. ئەم سەرکەوتنە مەزنە[356]، نەتەوەی عارەبی بە ئاگا هێنایەوە: بینی عێراق بووەتە پێشەنگی نەتەوەی عارەب و بەرەو بەدیهێنانی خەونەکەی، رزگارکردنی فەلەستین لە ژێر دەستی ئیسرائیل[357]))[358].

((لە نیسانی (١٩٨٩)دا، راسپێردرام ببمە ئەندامێکی کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکانی هەواڵگری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی لەشکری ئیسرائیل، بە درێژایی ٦٠٠ کم لە سنوورەکانی سووریا — ئیسرائیل، ئوردەن- ئیسرائیل...

قسەیەکی خۆشی جووتیارێکی ئافرەتی ئوردەنیم بیرکەوتەوە، کە گوتی "ئایا تۆ ئەفسەرێکی عێراقی نیت؟". "گوتم بەڵێ.". گوتی "چی تۆی هێناوەتە ئێرە ؟"

گوتم: "ئایا لە ماڵی خانەخوێدا لە هۆی هاتنی میوان دەپرسن یا رێزی دەگرن"؟ گوتی "بەخودا ئێوە و سەددام حوسێن دەخەینە بان سەرمان، ئێوە ئابڕووی ئێمەن، بەڵام وای بۆدەچم: کە ئێوە بۆ جەنگ هاتوون. خودا بێ وەیتان بکات".

کە لە کارەکەماندا لە سنوور نزیك کەوتینەوە، لە ناکاو بینیم سەربازانی دوژمن بە ڤیدیۆ و فۆتۆ وێنەمان دەگرن، ئێمەیش جلی سەربازی عێراقیمان پۆشیبوو))[359]

ئەگەر کەوانەیەکی بچووکمان پێ رەوا ببینن ئەوا زۆر بەپەلە دەپرسین:

چۆن دەبێت نووسەر خۆی هێندە کەمزان و کاڵ ئەقڵ بنوێنێت؟ کە تەمەنێك خوێندن و ئەزموونی لە بواری سەربازی و هەواڵگریدا هەیە و بە راشکاوییەوە شانازییان پێوە دەکات! چۆن هێندە بە ئاشکرا و بە جلی سەربازی عێراقییەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری دەچێتە سەر سنووری دەوڵەتێکی وەك ئیسرائیل؟ کە پیرەژنێکی جووتیاریش دووربەدووری

356 - الحمداني، ص ١٨٤.

357 - هێشتا کاکە برا مەدهۆشە و بەری نەداوە، دەیەوێت بە خۆشی سەرکەوتنە مەزنە خەیاڵییەکانییەوە، مەزە و وێسکی کۆنینە دەرخواردی خوێنەر بدات و بەرەو بەدمەستیی و خەیاڵی دیکەیان ببات. ئەگەر مرۆڤ سەرگەرم و کەم هۆش نەبێت، ئاوها هوڕێنەی بێ سەروپێ ناکات، هێندەش بە خەیاڵ، خەڵك خەیاڵاوی نابینێت!.

-٣٥٨ بازرگانی کردن بە کێشەی فەڵەستین، بۆ سۆز راکێشانی عارەبی نائاگا، بۆ سەرکردە و حیزبەکەی.

-٣٥٩ الحمداني، ص ١٨٧.



بزانێت ئەمە ئەفسەرێکی عێراقییە و چاوەدێری سنووری جوو دەکا؟ هێندەیش بە کەمتەرخەمی و نائاگاییەوە لە سنوور نزیك بکەوێتەوە کە سەربازانی دوژمن، لە ناکاو، راستەوخۆ لە نزیکەوە وێنەی بگرن؟. وادیارە خودا بە هانایەوە چووە دەربازی کردووە!.

ئاخۆ هەرکەسێك مانگێك سەربازی کردبێت، حەفتەیەك لە شەڕگەدا ژیابێت، رۆژێك لە هەواڵگری کاریکردبێت... دووربەدووریش نووچەی جەنگەکانی ئیسرائیل - عارەبانی بیستبێ، دەیان نیشانەی سەرسووڕمان و پرسیار، دەربارەی ئەم رۆماننووسەی لەلا گەڵاڵە نابێت؟ لە کاتێکدا هەر بەخۆی دەفەرمووێت: ((بەر لە گرتنی کوێت بە شێوەی یاریدەدەری لێخوڕی ترێڵە ( بۆ تێدا بزرکردن و نەناسینی) بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی چوومە ناو کوێتەوە!))[360].

ئایا سوپا و دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل لە هی کوێت کەم توانا و خەوتووترە؟، یانە نووسەر لە خەودا قسەدەکات؟ یا خوێنەر بە نووستووی بەر باران دەزانێت؟

((شتێکی سەیر بوو کە سوپاسالار، نەزار خەزرەجی، لە دانانی پلانی گرتنەوەی فاو، بێ ئاگا کرابوو، لە کاتێکدا هاریکارانی: سالار سیلە حوسێن رەشید تکریتی، سابیر ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری و یاریدەدەرەکەی وەفیق ئەلسامەڕایی و چەندین گەورە ئەفسەری دیکەی وەزارەتی بەرگری، بەشدارییان لە دانانی پلانەکە کرد. لەم رەفتارەدا خەزرەجی دڵی لە سەددام یەشا و لایەنگریەتی و دڵسۆزییەکەی بۆ سەددام لەلا کاڵبۆوە...))[361].

سەردار سیلەی خانەنشین، دوکتۆر عەبدولوەهاب ئەلقەصاب، پێشکەشکەری ((قبل ان یغادرنا التاریخ)) دەڵێت: "ئەوکاتە من لە وەزارەتی بەرگری بووم، لە نزیکەوە ئاگاداری خەزرەجی بووم، خەزرەجی لەگەڵ وەزیری بەرگری بەیەکەوە لە بەرەی جەنگی باکووردا بوون، هەر لەوێ بەیەکەوە پلانەکەیان گەڵاڵە کردبوو و لەسەری کۆکبوون، پشتگیری خۆیشی دابووە وەزیری بەرگری و بەیەکەوەش بە تەبایی کاریان کرد"[362].

پێم باشە ئێوەش لەگەڵ مندا، بەیەکەوە سوپاسی القصاب بکەین، چونکە لە پێشکەشکردنەکەیدا دەستی لە سنگی داوە و ئەشهەدووی راستگۆیی بۆ ئەلحەمدانی کردووە و

360 - الحمداني، ص ١٩٧.

361 - الحمداني، ص ١٤٨-١٤٩.

362 - واتە نەك هەر ئاگاداربووە، بەلکو بەشدارییەکی کاریگەریشی لە پلانەکاندا هەبووە.

باگۆی[363] بۆ داوەتەوە. کەچی بۆچوونی ئەلقەساب دەربارەی نزار ئەلخەزرەجی لەگەڵ بۆچوونی ئەلحەمدانی تێك ناکاتەوە. وەك گوتمان ئەو دەڵێ نەزار خەزرەجی (سوپا سالار) بێ ئاگا کرابوو...

لەم دوو دەقەی بانەوەدا، دوو سەرکردەی سەربازی مەزن و لێزانی دێرین و راستگۆ و رەواپەروەر، دەکەونە بەرامبەری یەکدی، نازانین کامەیان راستبێژترە! ئێمەیش شتەکەمان بۆ روون نابێتەوە، هەروەك لە لای خۆیشیان تەماوییە. بۆیە دەڵێین: دەبێ نەبێت بڵێین هەردووکتان بۆ مێژوو دەدوێن هەرتك راستی دەفەرموون!

ئەگەر سەرانی ناوەندگر و ناودەرکردە، لێمان زوێر نەبن، خوێنەریش نەڕەنجێن پتر گوێمان بدەنێ، ئێمەیش لە بری جارێك، دوازدە جار دەڵێین ماڵمان گۆڕە: ئێوە و سەرکردەکەتان راست و رەوا بەرز رادەگرن و دەیگەیەننە ئاسمان، لاری و زۆرداریش نزم دەکەنەوە و دەیخەنە سەر زەوی، بەڵام لە ناو پێ تەرازوودا نەك لەسەر زەوی!

گرنگ ئەوەیە ویژدانیان ئاسودەیە، کە دەبینن دوو تای تەرازووەکە نابەرانبەرن.

## رەگەزپەرستییەکی کوێرانە:

((عەلی حەسەن مەجید لە ماوەیەکی کورت دەستی بەکارکرد، ئەوەبوو لە ١٩٨٧/٤/١٠، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حیزبی و حکومی و ئەمنی بەست، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری نەهێشتنی گوندەکانی پێیان راگەیاند و شوێنەکەیان بکرێن بە ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی... لە سێ مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونی، کۆمەڵێك دەستکەوتی (بەرچاوی) بەدەست هێنا، لە نەهێشتنی ژیان لە قووڵایی عێراقدا، لە دۆڵەکانی[364] هەولێر و قەراج و مەخموور و کەرکوك، تەنانەت گوندەکانی دەوروبەری شاری موسڵ و کەنارەکانی دیجلەیش، کە بە ناوەڕاستی عێراقدا تێپەڕدەبێت گرتەوە. لەناوبردنەکە تەنیا ئەو گوندانەی نەگرتەوە کە پشتگیری شۆڕشی کوردیان دەکرد، بەڵکو ناوچەی عەشیرەتەکانی لایەنگری حکوومەتیشی گرتەوە...))[365]

363 - چاوەورۆخەی بۆ داوەتەوە، کەموکورتیی بۆ دادەپۆشێت، پنەی بۆ دەکا.

364 - (سهول لە کوردستاندا پتر بە واتای دەشتەکان بەکاردێت،(سهل اربیل: دەشتی هەولێر). ( دۆڵ پتر بە مانای وادی - گەڵی. وادی النیل: دۆڵی نیل). وەرگێڕانەکە نەختێك لەنگە و دەستکاری کردنی دەقەکەیش بەبێی بینینی دەقی عەرەبییەکەی ناشیاوە.

365 - جەزاییری، زوهێر ل ٦١.



((عەلی لەسەر داوای سەددام بڕیاری کوشتنی ئەو کوردانەی دەرکرد کە خزم و کەسیان لەگەڵ پێشمەرگە دابێت. بەپێی نامەی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارە ١٠٦٣٠٩ کەوتنە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، دەیان هەزار کورد بە پێی ئەم بڕیارە گوللەبارانکران[366]، هەروەها عەلی حەسەن بڕیاری کوشتنی کوردە بریندارکانیشی دەرکرد))[367].

((لە ١٩٨٩/٨/٤دا کە بەرنامەیەکی چڕوپڕ بۆ چاوەدێری باکوور بە فڕۆکەی سەمتی و بارهەڵگر و ترومبێلی سەربازی، بۆ فەرماندەکانی هێزی پاسەوانی کۆماری دەرکرا، باکووری وڵات لە ئاشتی و سەقامگیرییەکی نەبیندراودا خەملێبوو[368]. چونکە پێشتر و ئێستایش، ناوچەکە جێگەی چاوتێبڕینی چاوچنۆکە تواناداەرەکانی ناوچەیی دەوڵەتەکانی دیکە بوو[369].

366 - بەزۆریش کوشتنەکان، یەکسەر و راستەوخۆ و بێ دادگایی کردن بووە.

367 - جەزاییری، زوهێر ، بەر لە ئەنفال... ل ٩٩-١٠٠.

368 - ئەگەر بکرێت بپرسین:

ئاخۆ لەو کاتەدا تەنیا و تەنیا (٤٥٠٠) گوندی کوردستان چۆل و وێران کووند تێیدا نەیدەخوێند؟

کەروێشکێکی کوردیشی تێدا دەربکەوتایە فڕۆکەی سەمتی و مووشەکی دوورهاوێژ لە ئاسمانەوە و تۆپ و تانك و شەست تیر لە زەوییەوە ئاگر بارانیان نەدەکرد؟ یا عارەبیانە بڵێین: باز و سەگ راویان نەدەکرد.

ئەگەر دڤ، نییە و دەڤەرەکە لە ئاشتی و ئاسایشدا قرقێنەی دەهاتەوە! خولانەوەی سەمتی و سووڕانەوەی تانك و زرێپۆش و گەڕانی هێزی پیادە و سوارە، لە گشت کون و کەلەبەرێکی کوردستانی کاولکراودا، گەشت و سەیرانیان دەکرد؟

ئەگەر ئێمەیش وەك نووسەری یادەوەر هەڵوەستەیەك بکەین و هەڵبەستەیەك لە شوێنی پێویستدا بکەینە هەڵوێست، ئەم چیرۆکە رووخسار راستییەتان بۆ دەنووسین:

((بێوەژنێکی جووتیار، بەدیار تاکە کوڕەکەیەوە دادەنیشێت، بە بێوەژنکۆشی گەورەی دەکات. دەیەوێت بەر لە مردنی ژنی بۆ بێنێت و بە بینینی نەوەی خۆی خەمی دڵی بڕەوێنێتەوە. کیژی ژنە جووتیارێکی زیرەکی ئوردەنی بۆ دەخوازێت، کە کچە بۆ کوڕەکەی دەگوازێتەوە، تا چەند مانگێك کوڕە هەر دەڵێت (( بەستراوم، بەزاوا نابم))، ئەویش بە گومانەوە دەڕوانێتە گوفتار و کرداری کوڕ و بووکەکەی. دەبینێت هاولیسێکی زۆر رێك و پڕپێکن. دادەمێنێت و بۆ سایەدی (چاوەدێری) تێیان رادەمێنێت، کاتێك بێوەژن دەبێنێت بووکەکەی بێزوو بە لیمۆی ترشەوە دەکات و لە تاواندا پەرسیڵە بە خوێ و کوتکە (فەریکە) هەنار دەخوات. لە ناخەوە رادەچڵەکێت!. هەرچۆنێك بێ خۆی دەگرێت، کە ئێوارە کوڕ و بووکی لە پاڵ یەکدی دادەنیشن و قونجرك لە رانی یەکدی دەگرن، بە چاو یەکدی دەلسنەوە، بێوەژن لە ناگزوریاندا بە قوڵپی گریانەوە دەڵێت: کوڕم! ئەگەر شەرم لەخۆتان ناکەن! باکتان بە خەڵك نییە! لە خودایش ناترسن! بەزەییەکتان

لایەنەکان بۆ ئەوەی سەروەری عێراق پێشێل بکەن، ئاگری یاخی بوونیان خۆشدەکرد[370].
بەڵگەنامەکانی هەواڵگری ئەمریکا و ئیسراییل و ئێران ئەمە دەچەسپێنن...
بۆ ئەوە هێزەکانی ئێمە بڵاوکرابوونەوە، تاکو پڕۆژەی گەشەکردنی گەورە دابین بکات، کە سەرکردایەتی سووربوو لەسەر ئەنجامدانی[371]. ڕێگە نوێیەکان جێگەی دڵخۆشی بوون، کە

---

بەمنی خۆشی لەخۆ نەدیو، تەوێڵ ڕەش و سەر بە هەشی داتەپیو دابێتەوە!. دەترسم خەڵك بڕواتان پێبکەن. کە واقەی منداڵ لە ماڵمانەوە بیسترا خەڵك بڵێن: بێوەژنە تەڕوبڕەکە زۆڵی داناوە و بە کوڕ و بووکەکەی دایدەپۆشێت.

369 - ناچارین پێی بڵێین دیسان بەزموڕەزمی سیدیە کۆنەکەیە!. ئاخۆ هیچ لایەنێك هێندەی ڕژێمی نەژادپەرستی عارەبی بەغدا چاوی بڕیوەتە کوردستان؟

ئایا بە درێژایی مێژوو هیچ دەسەڵاتدارێك ویستوویەتی، نەك کردوویەتی گەورە و بچووك، نێرومێی گەلێك لەسەر خاکی خۆی بە چەکی کیمیایی قڕبکات؟، نەتەوەیەك بە تەواوی زیندەبەچاڵ بکات؟ ئەگەر چەنگە قڤەیەکیشی کرد، بیخاتە ئەستۆی ئەمریکا و ئیسراییل و وڵاتانی دەوروبەر!؟ یان بەم شەکرە تاڵانە پاساو بۆ ئەنفال و کیمیابارانی کوردان دێنێتەوە.

بینینی بەڵگەنەویستەکانی کارەکانیان: گۆڕی بەکۆمەڵ، ئێسکوپرووسکی ژن و منداڵی زیندەبەچاڵکراو، درشت و وردی بە گاز خنکێندراوی کوردانە، نەك پسولە و بەڵگەنامەی هەڵبەستراوی نێوان بەرژەوەندی وڵاتان و گرێچنی بیری شەیتانە!

هەرچۆنێك بێ لە کۆنەوە تاکو ئێستایش، هەر هێز خواردوویەتی نەك ڕاست و ڕەوا ویستی، هەرگیزاوهەرگیزیش ڕەوا و ڕاستی هەتا هەتایە بنگۆم نەکراون وناشکرێن.

370 - بەڵگەی دانپێدانانی هەبوونی بەرگرییە لە کوردستانێکی چۆلکراودا، ئەگەر نەڵێین نەکوژانەوە، یا هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی کوردە.

371- دەپرسین: کامە پڕۆژەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە؟ جگە لە ڕاکێشانی ڕێگەی سەربازی بۆ سەر چیا و ناوچە چۆلکراوەکان، ئەویش بۆ مەبەستی خێرا گەیشتن و گەمارۆدان و کوشتن و ڕاوەدوونانی خەڵك و پێشمەرگەکانی کوردستان بوو!.

بیرم کەوتەوە! دەترسم مەبەستی پڕۆژەکانی سەددام بێت، کە لە لووتکە هەرە بەرزەکانی چیای گارا و سەری حەسەن بەگ و...! ڕێگە و کارەبا و ئاوی لە ئاشاوە و ئەسپیندارەوە بۆ سەری گارا سەردەخست، کۆشك و تەلاری جوانیشی لە دامێنی گارا بۆ دەستوپێوەندەکانی هەڵدەنا، کارمەندی عارەبی عێراقی و میسری و بیانی دیکەیان دەهێنا پڕۆژەکان ئەنجام بدەن. کەچی بە بیانووی پاراستنی نهێنی و ئاسایشەوە، کوردی دەرکراوی ناوچەکە و ئەوانی دیکەیش، بگرە جاشە باشەکانی دهۆك و هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و ناوچەکانی دیکەیش، جێگەی متمانە نەبوون. قەدەغەبوو، کاری کرێکاری ئاسایی تێدا بکەن!. یا بەوێدا تێپەڕن!.



ناوچەکانی بەیەکدییەوە دەبەستایەوە[372]، بەڵام ئەنجامدانی هەندێك کار، زیانی بە کوردانی دانیشتووی ناوچەکە گەیاند، وەك چۆڵکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشی بە قووڵی (٣٠) کم[373].

---

لەوکاتەدا تەنیا سوپای بەغدا و سیخوڕەکانی و قەل و کوند، لە سەرتاپای گوند و شارۆچکە دوور و نزیکەکانی کوردستاندا دەیانخوێند، بەراز و گورگ و کەمتیار و توورگ جلیتانێیان تێدا دەکرد!.

371 - دەپرسین: ئەم دوو بەڕێزە خەڵکی کوێن و لە کەیەوە هێندە بوێر بووین، زاخ بکەن بچن لە سەرسەنگ خانوو بکڕن؟ یانە میراتە و لە داپیرەیانەوە بۆیان ماوەتەوە؟

ئایا پێشتر توانیویانە، یانە وێراویانە بۆ پیاسەیش بە کولە شەشاگرێکەوە بگەنە سەرسەنگ؟

ئەم چیرۆکۆکانە بۆ منداڵان داندراون، یانە وەك مرۆڤێکی ڕاسترە و و بڕوا پتەو، رابردوویێکی زیندووی بەرچاو، بۆ گوێدێرك دەگێڕیتەوە؟

- ٣٧٢ بەسەرهاتنووس لە بیرهاتەکانیدا، هێندە بە ڕاشکاوی و بە هاتە هـــات، لە نەهامەتییەکانی هاوئایین و هاونیشتیمانی، ژێردۆش و سەرپۆش نەکات، بە نـــاوی مل شێلانەوە، هێندە هارانە بە هەموو هێز و توانایەوە، شان دەکوتێت و شادەماری مرۆڤـ دەکووشێت، پیاوم دەوێت خۆ بگرێت هەڵنەچێت، شادەماری نەپچڕێت و پڕ بەزاری زیڕە نەکات. گوتەی زبری لە دەمەوە نەڕژێت، بۆیە ئەگەر ئێمەیش لە حەژمەتاندا، بە دەنگی بەرز لە هاوار هاوارکردندا هەڵەیەکمان لە دەست دەرچێت، زوێر مەبن، گلەیی مەکەن، تەنیا کەمۆکەك خۆتان لە جێگەی ئێمە دابنێن، ئەوکاتە بڕیارتان سەر سەر و بان چاو، هەرکاتێکیش بیرەوەرییەکانی خۆمم نووسی، ئەگەرهێمن و دووربین نەبووم، بیدڕن و تووڕی هەڵدەن.

373- ئاخۆ دەبێت یادەوەرنووس، ئەگەر نەڵێم چیرۆك بێژ، لەم بڕوایەدا نەبوویێت کە: کورد و سەرکردایەتییەکەی وەك چەندین کەڕەتی پێشتر، جارێکی دیکەیش کفن دەدڕن و ئەفسوون ئاسا لە گۆڕ دەردەکەونەوە، سواری باڵی دێوی سپی دەبنەوە، پێ بەزەنگار و دەست بە زەرگ و زرێوە، دەگەنەوە کەژەکانی باپیرانیان؟ وەك گەلە خێوی خۆنەویست دەکەونەوە بەرگریکردن، پەلاماری جەرگبڕیش دەدەن، مۆتەکە ئاسا سواری ملی بکوژانیان، داگیرکەرانی هەواری کۆنیان دەبن؟ بەڵێ نەك هەر هەڵەیان کرد و هزریان ئەمەی نەبڕی، بەڵکو لە لووتبەرزی و کوورت بینییاندا، لە خەونی شەوانیشدا ئەمەیان بەبیردا نەدەهات، بەڵام کە زۆرکاری لە ئەندازە دەرچوو، پەتی ستەم لە ئەستووریدا پسا، هەلەکە هات، ئاپۆرای نێژراوی ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکان، حەشاماتی کۆتکراو، ڕاستییە زیندە بەچاڵکراوەکان سەریان هەڵدایەوە، ڕاستبوونەوە، فریشتە ئاسا باڵیان گرت و بە باڵێك، بە مژۆڵ لێك دانێك، گەیشتنەوە ئەم کوردستانەی ئەوان ناویان نابوو ((شیمالینال حەبیب)). نووسەر تاکو ئێستایش هەرخەوتووە و خەونی حوشتر دەبینێت و هەر چاو لەڕێیە دەست و دەسەڵاتی زەبروزەنگ و داپڵۆسین و قڕکردن، بژیەتەوە و کوردستان بە

سەرتیپی تیپی (٣٨) و سەرۆکی سیلەکان خانووەکانی خۆیان لە سەرسنگ[٣٧٤] خستە ژێردەستم، منیش لە ١٩٨٩/٨/٢٣دا، خێزانەکەم بردە ناوی، رۆژگارێك بوو لە یادناکرێت))[٣٧٥].

## نوێشکی کێشەی نێوان عارەب و جوو:

نووسەر لە زۆر شوێندا بۆ دەربڕینی نەتەوە پەروەری خۆی و عارەب و ویستی سەرکردەی مەزنی، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کێشەکانی عێراق و فەلەستین تێك دەئاڵێنێت. بۆ پتر بەرچاو روونی بە باشی دەزانین کورتەیەك دەربارەی بابەتەکە بخەینە یادگەی لاوانەوە:

لە ساڵی (١٩٤٨)دا، تاکو ئەمڕۆیش، شەست ساڵێکە، چەندین جەنگ لە نێوان جوو و لەشکری وڵاتانی عارەبدا ( جەنگەکانی ساڵی (١٩٤٨) حوزەیرانی (١٩٦٧)، جەنگی شەوی جەژنی جوولەکان و گرتنی دیواری بارلیف-(١٩٧٣) روویداوە، هەمیشەیش بەکردەوە دۆڕاو عارەب بووە. لە هەمان کاتدا لە تەواوی دانوستانەکانی ئەم ماوە دوورودرێژەی نێوانیاندا هەر لای ژێری بەشی ئەوان بووە! کەچی لەبری بەخۆداچوونەوە و خۆ راستکردنەوە و یەکلایی کردنەوەی کێشەی فەلەستین، کە بەزار بە چەقی کێشە نەتەوەیی و خەونی سەرکردەکانیان دادەنێن، بەڵام تاکو ئێستایش هەر بازرگانییەتی بە ئاشکرای پێوەدەکەن. بۆ خۆ دەربازکردنیان لە شکست و ماڵوێرانی عارەبان، لێکاولێك بەدوای پاساوی دۆڕاندنەکانیاندا دەگەڕێن! وەڵامی کولاویشیان لە دەمدایە: ((جوولەکە، ئەمریکا و خۆرئاوای لە پشتە[٣٧٦])).

چۆلکراوی ببینێت و ماڵی بباتەوە سەرسەنگ!.. ئاخۆ رۆژگاری ئەوانەی دەرکران، گیران، کوژران ، گومکران، بە زیندوویی چاوان بە بەر چاوی جیهانەوە لە چاڵنران لە بیر دەچێتەوە!.

٣٧٤ - ئەگەر رۆژەکانی ئەو رۆژگارەی تۆ لەخۆشیاندا لە یاد نەکرێت! چۆن رۆژگاری رەشی خەڵکی دەڤەرەکە: کوشتوبڕی و دەربەدەری میلەتێك لە بیردەچێت؟ "سەر هەڵێنە و خوا ببێنە!."

375 - سوپاس بۆ خودا، گەورە و تەواوی، خۆت بە بلیمەت و راوێژکار و زۆرزانی سەربازی دادەنێیت! ئەگەر دەزانی دوژمن گوێ و چاو و هۆشی هەیە! بۆچی ئەتۆش دەتەوێت بە کۆنە سەرەندی دڕاو بەری خۆر بگریت؟ تۆ کە مرۆڤێکی خوداپەرستیت! دەبێت رەچاوی ئەوەیش بکەیت، خودا کەللە و دەست و زمان و چاوی داوەتە خەڵکێکی دیکەیش، ناکرێت لەم راستییەشدا گومانت هەبێت و نکۆڵی بکەیت، چونکە یەزدانی مەزن، بەندەکانی بەخۆی و بۆ خۆی دروست دەکات، هیچ باك و پەیوەندییەکی بە کورد و عارەب و جوو و چینی و ئەرمەنی و ئەمریکایی و ئەفەریقاییانەوە نییە!.

376 - بۆ زانیاری پشتگیریکردنی جوو لە لایەن ئینگلیز و رۆژئاواوە، تکایە بڕوانە کتێبی راپەڕین، نووسینی مەناحیم بێگن.



((ئەوەی رێگری بەرەی رۆژهەڵاتە[٣٧٧] ، یاریکاری جوو و ئەمریکایە، ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبە:

سووریا چەندین تێبینی دەربارەی سیاسەتی شا حوسێنی ئوردەن هەبوو، لە کاتێکدا بەغدایش سکاڵای دژی چالاکییەکانی سوریا دژ بە رژێمی بەغدا هەبوو.))[٣٧٨]

((مارشاڵی رووسی (گریشکۆ) لە ساڵی (١٩٧٣)دا کە بەراوردکردنێکی لە نێوان هێزی لەشکرەکانی میسر و سوریا لە لایەك و سوپای جوولەکە لە لای دووەمەوە کردووەو. لە رووی سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات خوێندوویەتییەوە، دەری دەخات کە: بە ژمارە، تۆپ و تانك و فڕۆکەی سووریا و میسر دوو ئەوەندەی ئیسراییلە))[٣٧٩] .

ئەگەر بوێرین راستی بڵێین، نەترسین لایەنگرانی سەرکردە و سەرسەختانی سەرەڕۆ پێمان بڵێن: لاگری جوولەکەیە و لە دین وەرگەڕاوە! بە پرسیار وەڵامیان بدەینەوە، دەڵێین: بۆچی ئەفغانییەکان[٣٨٠] حەوت ساڵ رووبەڕووی سۆفیەتی جاران و هێزی سەر بە بەرەی رۆژهەڵات جەنگان، تاکو لە وڵاتی خۆیاندا دەریان نەکردن نەوەستان؟ ئەوە حەوت ساڵ پتریشە رووبەڕووی ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و کەنەدا و خۆرهەڵات و خاوەر زەمین دەجەنگن، سەرکردەیەکی گەورەیان بە زیندووەتی دیل نەکراوە، بەرەی جەنگیان بەرنەداوە، ناچن بەدوای پاساودا بگەڕێن!؟

ئاخۆ ژمارەی ئەفغانییان لە ژمارەی عارەبان پترە؟

نیشتمانەکەیان لەزەریاوە تا کەنداوی گرتۆتەوە؟

لە عارەبان دەوڵەمەندترن؟ گاز و نەوت و سامانی سروشتی و زەوی کشتوکاڵی و شوێنی ستراتیژی زۆرتر و دۆست و لایەنگری پتریان هەیە؟

فڕۆکەی زۆر و رۆکێتی زەبەلاح و تانکی پێشکەوتوو و چەکی ئەتۆمیان هەیە؟

کەچی هێشتا ئەفغانیان لایان تاوانە بڵێن: گەلی ئێمە چاکترین گەلی سەر زەوییە.

377 - رۆژهەڵاتی ئیسراییل.

378- مجموعة من الباحثين، المذكرات الشخصية مصدرا لكتابة التأريخ، ص ١٩. بغداد/٢٠٠١.

379 - المصدر السابق، ص٣٧.

380 - مەبەست بەراوردکردنی کێشەی فەلەستین و ئەفغانستان یان رەوایی و نارەواییان نییە، بەڵکو مەبەست بڕوا پتەوی و خۆگری و دڵسۆزی و نەترسی و تین و تاوی تاك و کۆی کۆمەڵگەکانە. هەمان شت رۆڵی گەلانی ڤێتنام و کەمبۆدیا و کوبا و چیچانی دوێنێ هەمان نموونەن.

شەرمیان بە خۆیانە و بە کەمایەتی دەزانن، ئەگەر خۆیان بە ئازاترین مرۆڤی جیهان دابنێن! گەلانی ڤێتنام و کۆریا و کۆبایش لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی زلهێزەکانی خۆر ئاوادا کەمتریان نەکرد، سەریشکەوتن.

عێراقی سەرکردەی مەزن و سوپای عروبەیشمان دیت، نەیتوانی تەنیا مانگێك بەرگری لە خاك و شکۆمەندیی ناوی ناوداری (کە پێیدا هەڵدەگوترا) بکات!

لە دوایین رۆژەکانی دەسەڵاتدارییان و لە سەرەتای نەمانیاندا. لە دوای رووخانی رژێمەکەیان، بڕیاری دەستگیرکردنی (٥٢) سەر و فەرماندە و فەرمانگێڕانی کوشتن و کاولکردنی عێراق درا. **(بروانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ١٢ لە پاشکۆکەدا)**

لەماوەی ساڵێکدا زۆربەی هەرە زۆریان (تاکوتووکیان نەبێت، باشترە بڵێن بێجگە لە عیزەت دووری، کە تاکو ئەمڕۆ نەزانراوە لە کامە کونە مشك لە ترسانا خەوی یەکجاری لێ کەوتووە) بەڵێ هەموویان بە رێنوێنی خزم و هەڤاڵانی حیزبییان (خۆیان گوتەنی بە دەستکێشی ناپاکان و وەك رەفتاری پێشتری خۆیان نامەردانە) کوژران یا بەدیلگیران[381]. بە تاوانی رەشەکوژی و پاکتاوی نەژادی ودوژمنی مرۆڤایەتی لە پایتەختەکەی خۆیاندا بە ئاشکرایی دادگایی کران. ملی خۆیان بە سێدارەوە بینی.

گەر رەواناس و بڕوا بتەوبین، ئەوا هەرگیز نابێت، دوودڵ بین لەوەی کە هەمیشە دەسەڵاتدارانی ستەمکار، بەسەیرییەوە، چۆن گەڵای پاییز دەکەونە ناو رووبار، لە پێڵ و لێکدانێکدا، بەسەر سەردا سەرانگێو[382] و نغرۆ دەبن، دەبنە پەندی رۆژگار.

سالار رەعد، چاك چاك دەزانێت (ئەگەر بۆ داپۆشین، بە وابەستەکردنی نادروستی رووداوەکان، بە فێڵ خۆی تەفرە نەدات، چونکە ئەو بەتەنیا ناتوانێت جیهان چاوبەستە بکات)، هەموو شتەکانی خۆی پێچەوانەن. هێشتایش زانای ساویلکە، هەر راستی دادەپۆشێت، پاساو بۆ دۆڕانیان دەڕێسێ و بیانوو بۆ تاوانەکانیان دەچنێت، لە بری شەرمەزاری و خۆوەشاردن، و پیشاندانی پەشیمانی، سنگ دەردێنێ و شانازیش بە سەرکەوتنی خەیاڵی سەرکردەی رۆژگار و سوپای ئوممەیەوە دەکات!

381 - ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە: نەك گەلی عێراق پشتییان نەبووە و بە ١٠٠٪ دەنگ هەڵنەبژێردراون، بەڵکو کەسوکاری نزیکیشیان هەر غەنیمیان بوون

382 - سەرانگێو، سەرانگرێ، نووچبردن کەوتن بەسەر سەردا. ساتمەکردن ولووت لە زەوی چەقین؟



لە سەردەمی منداڵیدا، تاریکستان و گاورستانمان دەبیست، وا ئێستا دەزانین مەبەستیان چی بوو[383]...

لە عەرەبانیشمان بیستووە کە دەیانگوتە خۆیان " عارەب هەمیشە لەسەر ئەوە رێکن، کە لەگەڵ یەکدیدا ناکۆك بن" [384].

## هووشەی هەڵبەستەکان (پاساوی بە باڕەباڕ):

((بێگومان دوژمن گوێ و چاو و هۆش و هزری هەیە، تۆماردەکات، کۆپی دەکات[385]....ئاوازی راگەیاندنی ئەمریکایی گۆڕا[386] ، بوو بە ئاوازێکی هەراسانکار[387]، لە میانی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی رادیۆیی و دەنگوڕەنگدا، کۆمەڵە گومانێکیان بۆ سەرکردایەتی عێراق و تواناکانی ورووژاند، کە زۆر بەسەروەنانی بە ئەنقەستی تێدا بوو و دەڕژایە ناو بەرژەوەندییەکانی ئیسرابیلەوە[388].))[389].

383 - بۆ بەڵگە و زانیاری پتر، تکایە بڕوانە: (بەراوردێك لە نێوان فەلەستینی و کورداندا)

384 - ((اتفق العرب على ان لايتفقوا))

385 - ئەوە دەگەیەنێت: لە دوای رێککەوتننامەکەی جەزاییرەوە تاکو ئەو چرکە ساتە، ئاوازەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا بووە، بەڵام لێرە بەدواوە گۆڕاوە!. مەگەر سیاسەتمەدار نەیبیستووە: هاوڕێ و دوژمنی هەمیشەیی لە فەرهەنگی سیاسەتدا سڕاونەتەوە؟ مەگەر هۆشی نەبوو بزانێت ئەم مینەی لە میانی رێککەوتنەکەی جەزاییرەوە داندرابۆوە، لە ناکاودا دەتەقێندرێتەوە.

386 - گوتمان راگەیاندنەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان پەخشدەکرێن، کە رۆلی سەرکردە نەما، کەوتنە شەنکردی تاوانەکانی.

387 - بێزارکار.جاڕسکار.

388 - راگەیاندنی خۆر ئاوایی بە ئەمریکایشتەوە لەو کاتەدا کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و خاپوورکردنی کوردستان و بە ئەنفال بردنی کوردی عێراقی دەخستە رووی جیهانەوە، ئەو کاتە ئێوەیش کارەکتەری سیناریۆیەکە و راستەوخۆ لە ناو رووداوەکان بوون. بە ئاشکرا و بەوپەڕی شانازی سەرکەوتنەوە، بە کردار ئەنجامتان دەدا و بە گوتەیش دەتان گوت: درۆ و هەڵبەستەی زایۆنیزم و ئەمریکا و ئینگلیز و خۆرئاواییانە؟ سەیر و سەمەرەکە لەوە دایە: دوای ئەم تەمەن و ئاشکرابوونانەی رۆژانە پیشاندەدرێن، هێشتا لە کەلی شەیتان دانەبەزیوە و دەستی لە چاویلکە رەشەکەی و خەنجەری زمانی دەستخەرۆدان و بۆچوونە دڕندایەتییەکانی ئەو کاتی بەرنابێت!. دوور نییە هێندە راستگۆبیت نەتوانێت گوتەکەی خۆی بگۆڕێت. لەوانەیەیشە پابەندی قسە بەپێزەکەی ((جەحا))کەیان بێت، کەلە تەمەنی بیست ساڵیدا لێیان پرسیوە: تەمەنت چەندە؟ گوتوویەتی: بیست ساڵ. دووەم کەڕەت، دوای چل ساڵ لێیان پرسیوەتەوە، ئەویش دووبارە گوتوویەتی ((بیست ساڵ)). گوتیان چل ساڵ

بەر لەوەی عەدنان خەیروڵڵا بەر نەفرەتی خودا بکەوێت، لە دیمانەیەکی لەگەڵ پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە شاشەی دەنگورەنگی عێراقدا دەیفەرموو:

"لەشکرەکەمان هێندە باڵا و باڵادەستە، پێویستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نییە، وێڕای ئەوەی بەکارهێنانی چەکەکە لە جەنگی ناوچە شاخاوییە سەختەکاندا بەهۆی لە یەکدی نزیکی و سروشتی زەوییەکەوە زۆر ئەستەمە، بەڵکو لە رووی هونەری سەربازییەوە کارێکی کەسنەکردەیە. ئەوەی لە دەزگا دەزگا گومان لێکراوەکانەوە دەیبیستن، ئەوە هەڵبەستەی دوژمنانی شۆڕشەکەمانە، ئەگینا ئەوان چ پەیوەندییەکیان بە کاروباری ناوەخۆی عێراقەوە هەیە."

سالار حەمدانی سەری کۆتیپی پاسەوانی کۆماری، بەوپەڕی توانا و لێزانییەوە دەکۆشێت، سەرانی بەغدا بە وارپەروەر و گەلویست و نەتەوەحەز و مرۆڤیار و ڕزگارکار بنوێنێت.

ناوبرا و لە خرتەکردن و تۆدان و داپۆشیندا گەلێك شەکەت بووە، بەڵام لە درۆینە و خەرمان کوتان و شەنکردن و ڕەوسە بڕکردندا، لە دەربڕین و دابڕیندا لە پەلەپەلیان، نەیزانیوە بەخت لێی نەبان و نەیارە. ئەو کە ویستوویەتی بەجلی جوان بگرە بە خوێن و گۆشتەوەش تا سەر ئێسقان، ڕاستیی ناڕاستییەکان بە لێزانی ئاوەژ و بکاتەوە و ڕاستییەکانی لە ژێردا بنێژێت، نەیزانیوە کە دەعبایەکەی دەخرێتە بەرتیشك، ئێسکبەندی کرۆکی ڕاستی بابەتەکان دەدرەوشێنەوە. بڵێمەتان، بگرە نیمچە وریا کەمێك زیرەکانیش بە وردبوونەوەیان لە گوتەکای ئەوندا، بە خورد کردنەوەی گێڕانەوەکانی، بە رووتکردنەوەی وشە و ڕستە ناڕاستەکانی، قوڕی بنی دەقەکان دەردەکەن و لە دەم و لووتی دەسوونەوە.

---

لەمەوبەر لێمان پرسیت، گوتت بیست، دوای چل ساڵیش هەر دەڵێی بیست!؟ گوتی: پیاو ئەوپیاوەیە لە قسەی خۆی نەیەتە خوارەوە!. مەگەر دەتانەوێت درۆ بکەم و قسەی خۆم بکەمە دووقسە.

کە سالار سیلە ڕەعد مەجید ڕاستبێژ و ڕاگر سیلەی خانە نشین: د. عەبدولوەهاب قەساب و ڕاگر سیلە: تەها شەکرچی (جزار)و سەری گەورە و سەرەکانی دیکەیان دەفەرموون: موسڵمانی لە خوا ترس و بڕوا بتەون، شانازیش بە ئومەکەیانەوە دەکەن: نابێت زویربن و زەرد هەڵبگەڕێن کە بۆ کورتە وەڵامێك، بە کوتە پرسیارێك بڵێین: چۆن ئاوا بە ڕاشکاوی، نەفرەتبازی و فریوکاری و ڕاستپۆشی لەسەر زەوی دەکرێت !؟ ئایا بیری لەوە کراوەتەوە: ئاخۆ ڕۆژی پسلان، چۆن چۆنی خودای ڕەشوڕووتان چاوبەست دەکەن؟

389 - الحمداني، ص ١٩١.



پشکێنەری بیربڕ و چاوتیژی واهەن، کە هەڵۆی هزریان هەڵبدەن، سیخە سیخ، بە سیمرخی پشت هەوری ئاسمان دەخەن، دەیخەن، دەر و ژووری، هەر نۆ کونی دەپشکنن و پەڵخوڕی ورگە زلەکەیشی دەردەکەن.

گەر بە کورتی بڵێین: کە لە وردە درز و کەلێنی بیرەوەرییەکانی فەریقدا ڕادەمێنی و سەرنج لە درشتە سەرنجەکانی ئێمە دەدەیت، دەگەیتە ئەم ئەنجامەی: شاسواری نەتەوە و تاکە فەرماندەی گەل و سەرکردەی یەکەمی حیزب و کەتە پیاوی بەغدا، تابڵێیت: لامل و سەرەڕۆ، نەزان و خۆ بەزۆرزان، تاکڕەو و گوێنەدێر، لووتەی دێوانەی ناو، لۆتی سەرگەرم ، داخدار ڕکن و لە کینەدا خنکاو، دڕندەی تێرنەخۆری گیرفان خرار، هزر کوێری کتك ڕەفتار، چاوبەستی دووفاقەکار، خۆپەرستی بەدرەوشتی بێ بەروپشت و بێ یار، دۆڕاوی خۆ بە براوە نیشاندەر، ڕەوانەویست و ڕاستپۆش و... بووە. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ڕەوشت و کردارەکانی و نەختێك بە بەڵگەوە دەیانخەینەوە بەردیدەتان. **(بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ٣ لە پاشکۆکەدا.)**

ئێوە و خوداتان، پێم مەڵێن: کەڕیلە چەنەدرێژ و زۆربڵێیە، کەڕەواڵەیە و هەر لەخۆیەوە کەڕەنا دەژەنێ. هەڵبەتە بیستووتانە کە گوتوویانە: زمان بەڵای سەرە. زۆر بڵێ چاکیش دەبێژێ و خراپیشی لە دەمەوە دەڕژێت.

مرۆڤێکی زۆر هێمن و پشوودرێژ نەبێت، ناتوانێت بە دوای شوێنپێی کەرەکێوی شاخاردا بڕوات و دەقی دەغەڵ بخوێنێتەوە و گوێ لە مەنولۆج و دایەلۆگی ئەهریمەنان بگرێت، چ جای لەگەڵ ژیاوێکی ڕووداوەکانی سەردەمەکە.

کە ساویلکەیەك لە نەزانی خۆیدا ڕاستپۆشی دەکات. کە تاوانبارێکی بزان، ڕاستی و ڕەوا زیندەبەچاڵ دەکات، گەلێك جێگەی سەرسامی و ئاخ و داخ نییە. بەڵام کە بەرپرسێکی باڵای وڵاتێك، پیشەوەرێکی بە تەمەنی ئەزموودار، مێژوونووسێکی بە گوتەی خۆی ڕاستیار، لە پەنای ئایینێکی پیرۆزی ئاسمانی زۆر دیار، بە ناوی ڕەواپەروەرییەوە، بە دێوانەیی، لە ناخەوە و لە داخدارییانیدا ئەم سەرۆژێر و بەرەواژیکردنە لە بواری لێزانییەکەی خۆیدا واژۆدەکات! دەشفەرمووێت: من ڕاستییەکان بۆ میللەتەکەم و بۆ مێژوو دەبێژم! ئەمەیان شوێنی گومان و جێگەی نامتمانەیی و تێمانە؟

ئاکار و ڕەفتاری دێزەیی دەمڕووت و هەرزان، لە پەرپووت و بۆزان نایەت.

هەرهێندە دەگوترێت: دەککە بەدبێژی ناڕاستگۆ، مووە لەزمانی و کونێر لە کۆمی بێ، ڕووی بە ڕووی قەڵێ بێ! کلکی مەیموون و پەڕی سیخوڕی لێ بڕسکێت! شاخی کەڵەکێویش لە تەوێڵییەوە بڕوێت. هەمیشە ئاخ و داخی بێت و هەرگیزیش  بێ وەی نەبێت، لە ڕۆژی

پسلانیشدا بە وەی وەیەوە، لە تەپانی بنی دۆزەخ و ناوەڕاستی وەیلدا لەتەك نەمرود و نیرۆن و هیتلەر و ستالین و میلۆدیڤیچ و سەرکردەکەیدا خۆی بدۆزێتەوە!

دەزانین گوتەکانمان دووبارەن، بەڵام وەك نووسەر گوتەنی ((بەر لە تێپەڕبوونی مێژوو)) چەند هەڵەیەکی بچووکی هونەری بەئەنقەستکراو، دەخەینەوە بەر چاوی دڵکوێر و ویژدان خەڵوزانی ئێستا و نەمامە شلکەکانی ئایندە. بۆئەوەی بزانن چ جۆرە نفووراتێك هەن و چۆن چۆنی راستییەکان دەشێوێندرێن، تاکو لە گوتەی چندراودا بکەونە گومانەوە بەبێ ساغکردنەوە بڕوا نەکەن و بڕیار نەدەن.

دەبێت لە بیرمان مابێت: ئێمە تا بۆمان بکرێت وەك هەڵسەنگێنەری تۆمارکاری بیرەوەری دەروانیینە بابەتەکە، نەك وەك دادوەر و توێژەرێك، تاکو بە دووروودرێژی و بە کۆمەڵێك بەڵگەی چەسپێنەری روونەوە، هەموو رووداو و گوتەکان روونبکەینەوە: ئاخۆ ئامانج و ئەنجامە دوور و نزیکەکانی سەرکاری سەرکردەکە چین؟

دووبارە وای دادەنێین کە نووسەر راستگۆ و بە ویژدانە! لە پلاندانان و ئەنجامدانی کارەکان بەشدارنەبووە! لە دوای رووخانی رژێمیش (لە ساڵی (٢٠٠٣)یەوە، تاکو ئەمڕویش، ئەو لەسەر خڕۆکەی زەوی نەژیاوە و لە ئەشکەوتێکی هەسارەیەکی نەدۆزراوەیەوە خەوتووە، وێنەی هێسکوپرووسکی ژن و منداڵانی کوردی زیندە بەچاڵکراو و کەرنەڤاڵی هێنانەوەی تەرمی شەهیدانی بارزانیی و گەرمیانیی و بادینانیی و بە گاز کوشتنی هەڵەبجە و بالیسان... بە وێنە و دەنگ و رەنگەوە نەکەوتۆتە بەرچاو، یا بە درۆیان ببینێت.

**(بڕوانە وێنەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە پاشکۆکەدا).**

بەڕێزیان: دادگایی کردنی سەرانی ئەنجامدەری تاوانەکان و دانپێدانیان و دەرکردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا بە ئاشکرا، لە سەر کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراق و عارەبییەکان و جیهانیشی نەدیوە و نەبیستووە. ئاگای لە دەرچوونی بڕیاری بە جینۆسایدی فەیلییان و بێ سەروشوێنکردنی بارزانییان و ئەنفالکردنی گەرمیانییان وخنکاندنی هەڵەبجەییات و بالیسانیانیش نییە، تاکە بەڵگەیەکیش لە و هەزاران هەزار بەڵگەنامانەی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری و سیخوڕی و حیزبی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی رەشی ئەوسای ئەو و سەرۆك کۆمار و وێنە ڤیدیۆییەکانی نەدیون! یا هێشتا وەك و پێشتر بە ئاوازی نشاز و دەنگۆ و هەڵبەستەیان بزانێت، بەمەبەستی نارەوا، بۆ ناوزڕاندنی تاکە فەرماندەی ئوممە و نەتەوە پیرۆزەکەی خۆی دابنێت! بە نەرمی دەپرسین:

ئاخۆ چ یاسایەك؟ کام ئایین؟ کامە ویژدان، ئاوا بە زەقی پاساو هێنانەوە بۆ داپۆشینی تاوان و راستییە روونەکان بەبێ بەڵگەی ماددی چەسپێنەر پەسند دەکات؟



کیهە گوێ سووکی چاو تیژی بیر کراوە، دەیەوێت ئەم هۆنراوە لەنگ و بێ سەروپێ و بێ قافییانە ئەزبەر بکات؟

کامە ویژدان رەش دەیەوێت ملوانکەی خمینی سوور بە خوێنی قوربانییانی بێ تاوانانی دەسەڵات نەبووی، بکاتە ملی و لە شادی و ئاهەنگدا بە شانازییەوە پیشانی خەڵکی بدات؟

چ تەلەسمێکن!؟

ئەوانە هێشتا وەڕس نەبووین و هەر زیندە خەون بە زیندووبوونەوە و گەڕانەوەی دەسەڵاتی مراوی لە گۆڕنراوان دەبینن؟! لە کۆتانە[٣٩٠] کۆنیان دەرناکەون، گاحۆڵانێ گاران بۆڕانێی[٣٩١] باوك نەمای، بەدیار کوانوی سارد و سڕەوە سایەدی چاوڕوونن و لە چاوەڕوانی گۆدۆدا[٣٩٢] گۆد نابن!

ئەوەی وابزانێت هەتا هەتایە ژیان لاگریەتی، ئەوا هزر پێنەگەیشتووە، گەنیش لە رۆژگار گەیشتووە. کامە گێل هێندە کاڵهۆش و مێشك بەتاڵە وابزانێت خۆر هەتاهەتایە لە ناخی رەشماڵی هەوری تاریك و شەوی رەشدا وەك رەشەمار لە ناو بەستەڵەکدا سڕدەبێت؟ کە چاوی لێکنا ئیدی جارێکی دیکە چاومان بە گزنگەکەی ناکەوێتەوە؟ هەرگیزاوهەرگیزیش زریانی ئێسکبڕ لێناکاتەوە؟

گوتوویانە: ((بەفر بتاوێتەوە دەبێتە ئاو، پیاو بتاوێتەوە دەبێتە پێڵاو.[٣٩٣]))

دەڵێن: ئێوارە کە موسڵمان سەردەنێتە سەر سەرین، دەبێت بە نهێنی سەردانی ناخی خۆی بکا و ویژدانی خۆی بەسەر بکاتەوە، چاو بە کردارەکانی ئەو رۆژەیدا بگێڕێتەوە، لە خراپەکانی بگەڕێتەوە، بەیانیش بە چاکەکاری جێگەیان پڕبکاتەوە، کەچی موسڵمانی نارەسەنی رەسەن هەن. نەك ساڵانە و دە ساڵان جارێك، بەڵکو تاکو بەیەکجاری سەرنەنێنەوە و نەخرێنە نێو گۆڕی تەنگ و تارەوە، ناگۆڕێن و چاو بەخۆیاندا ناخشێننەوە!

شاسواری عروبیان بە نمایشکردن وای دەنواند، کە هەر خۆی سەرکردەی مەزنی ئوممەیە، بە ناخی دڵ و بە گشت تابشت و توانایەوە دوژمنی ئێرانی فارسی مەجووس و جوو و ئەمریکای برای پشتی جوو بوو. هەر دەیبڕی و نەیدەشاردەوە.

390 - خانووی پووشینی مەڕداران. زستانە هەواری رەوەندان.

391 - گابۆڕان و گاڕان بۆان: بۆڕاندن و شیوەن گێڕانی رەشەوڵاخان لەکاتی بۆنکردنی خوێنی سەربڕینی یەکێکیان.

392 - شانۆ نامە بەناوبانگەکەی سامۆییێل بنکێت.

393 - دێڕە هەڵبەستێکی لەتیف هەڵمەتە.

لەکاتی جەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا، لە تەك یاسر عەرەفات، سەری دەسەڵاتی فەلەستینی، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەبەرچاوی جیهان، شاسوار شەقشەقەیەکی منداڵانی گرتبووە دەست، بە رووخۆشی و مژدەی سەرکەوتنەوە دەیگوت: بەم بۆمبە دوو سەرەیە، نیوەی ئیسراییل خاپوور دەکەم، کەچی لە ساتەکانی جەنگی کەنداودا دوو مووشەکی شلەخەجێی[394] بۆ سنوورەکانی ئیسراییل هەڵدا، بەڵکو ئیسراییل راستەوخۆ بخاتە ناو جەنگەکە و بۆ وڵاتانی عارەب و موسڵمان و جیهانیش دەرکەوێت کە جەنگەکەی سەرکردەی مەزن دژی گاور و جوولەکەیە.[395].

## نادادپەروەریی و دووفاقەیی:

((سیستەمی دادگا لە عێراقدا بۆ کورد و عارەب یەك نییە، بەپێی نامەی ژمارە (٣٢٢)ی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر، عەلی حەسەن مەجید بڕیاری داوە: کە نابێت شکایەتی خەڵکی گوندەکان[396] بپرسرێتەوە. لە کاتێکدا بە پێی نامەی سەرۆکایەتی ژمارە (٤٠٥٤٥) بڕیاردراوە، شکایەتی میسرییەکان و عارەبە نا عێراقییەکانیتر، وەك هی عێراقییەکان لە دادگادا گوێیان لێ بگیرێ.))[397].

394 - سست و شلوخاوی ناچالاك.

395 - ئەنجامی ئەم هەڵوێستانەی بە پێچەوانە کەوتەوە، یەکەم ئیسراییل کەوتە هاوار هاوار، گوایە: تەفروتوونا دەکرێت، ئەوەیشی بۆ ئەوەبوو، چەك و کەرستەیی نوێ و سەردەم و دژە مووشەکی دوور هاوێژ و کاریگەر و خێرا، بە خۆڕایی دەستەبەر بکات. کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و هاووڵاتیانی خۆی هاندا بە توندی دژی عێراق و عارەبان بوەستن. باجی بەرپەرچ نەدانەوەی عێراقی (بۆ ئەوەی نەیەتە ناوجەنگ و سۆزی عارەب و موسڵمانان نەورووژێنێت، کە جوو لە عێراق دەدات، بە دەیان ملیار دۆلاری سەند. لایەنگرییەکی پتەوتری لە ئەمریکا و خۆرئاوادا دەستەبەرکرد. بەهۆی هەڵەی هەڵوێستی یاسر عەرەفاتیشەوە کە (سەرکردەی عێراق تەفرەی دابوو و کردبوویە لایەنگری خۆی، کەنداوییەکان یارمەتیدانی فەلەستینیان وەستاند و لەوڵاتانانی خۆیاندا بە دەریان نان. زلکوێری سەرکردەی سیاسەتمەدار و راستپۆشی دارودەستەکەی هەر ئەمەی بەکردار لێدەوەشێتەوە! لاگیرانیشی بە گوتار بە بەژن و باڵای سەرکردەی نەتەوە و سەرکەوتنە مەزنەکانی هەڵبڵێن!.

396 - مەبەستی گوندنشینەکانی کوردستانی قەدەغەکراوە، کە بە زۆرەملێ لەسەر زێد و ماڵ و موڵکی خۆیانەوە رایانگواستبوون.

397 - رەسووڵ، ل ٢١.



(( کوردە فەیلییەکان، بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە لەسەر خاکی باوك و باپیرانیانەوە دەژیان، چونکە کورد بوون بۆیە ماڵ و سامانیان تاڵانکردن، رەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندنەوە،))[398].

لە کاتێکدا هەر میسرییەك یا عارەبێکی دیکە و هاووڵاتیانی وڵاتانی عارەبی لە و کاتەدا بیویستایە رەگەزنامەی عێراقی بدرێتێ، ئەگەر بیست و چوار کاتژمێر لە خاکی عێراق بمابوایەتەوە، ئەوا رەگەزنامەی عێراقی دەدرایێ و کار و بژێوی ژیانیشی بۆ دابین دەکرا.

قافی کوتە پرسیاری سێیەم هاتووە کە سێ فاقەییە: ئەگەر هەرکەسێك پەلەبەردێك بگرێتە پیاوانی رژێمی عێراقی عروبی، ئەوا بە قەومو‌قیلەوە ریشەکێش دەکرێت! ئەدی بۆ کە حوسێن کامل مەجید و سەددام کاملی برای، زاوا و ئامۆزایانی سەددام حوسێن مەجید، لە عەمانەوە مووشەکە گوتەیان دەگرتە کۆشکی کۆماری بەغدا و کوڕە گەورەی سەرکردەی مەزن! بۆ بە تەنیا هەر هەردوو کوڕ و پیرە مام کاملی باوکیان بە بەڵێنی درۆی سەری گەورە چەشەخۆرکران، هێنرانەوە و لە ماڵی خۆیاندا بە فێڵ لە پشتەوەڕا کوژران؟

ئەدی ئەوانیش ژن و منداڵ و مام و ئامۆزا و خاڵوان و خەزوورانیان نەبوون؟ ئاخۆ یەکێکیان لە کورسی دەسەڵات هێندرایە خوارەوە؟ لە گوڵ کاڵتریان پێ گوترا؟

ئەمە چ قانوونێکە بەڕۆژ خەڵکی پێدەکوژن و بە شەویش سەمای پێدەکەیت!؟

نموونەی چوارەم لە کۆی سەدان و هەزاران بەڵگەی بەردەست:

لە دوای تیکشکانە خوێناوییەکەی رۆژهەڵاتی محەمەرە[399] لە ٨٢/٥/٨، تاکولۆکی[400] بەتالیۆنەکەمان لە کوشتن و بە دیلبردن دەرباز بوو، بۆ رێکخستنەوە گواسترایینەوە خانەقین- قۆرەتوو- ئۆردووگای ئەلمەجد[401]. لە گوندە بە عەرەبکراوەکانی دەوروبەری خانەقیندا، گەورە و بچووك، سوارە و پیادەی عارەبانمان دەدیت تفەنگ لەشان و وشت و زیتە خۆیان دەنواند، بەڵام ئەگەر فیشەکێکی رزیو، قەوانێك، قاڵکە فیشەکێکی ساچمە ژەنێك، لە نزیك ماڵە

398 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

399 بیرەوەرییەکانی نووسەر.

400 - تاك تاکەی.

401 - گوندێکی کوردانە، لە سەر سنووری عێراق- ئێراندا، ناوی مەجیداوەیە: بۆ بەعەرەبکردن کوردەکانیان دەرکردبوو ناوەکەیشیان گۆڕی بوو. بەڵام جەنگەکە وایکرد عارەب نەوێرن بێنە ناوی.

کوردێك، بدۆزرابوایەوە، ئەوا پیاوانی کوردی دەوروبەرەکە بە یەکسانی و دادپەروەرانە بە تاوانی چەکداری، بەپێی بڕیاری ئەنجومونی سەرکردایەتی شۆڕش، هەریەکە و تاکە بیست ساڵ زیندانی بۆ دەبڕایەوە...

((بە فەرمانی سەددام، لە ۱۹۹۰/۸/۲دا لەشکری عێراق کوێتی داگیرکرد. لە ۲۰۰۳/۱۲/۷دا داوای لە گەلی کوێت کرد کە بیبوورن، داواشی لێکردن لە دژی ئەمریکییەکان بوەستن!)) [402].

## کردەکانی سوپای بەغدا، باڵاترینی سەرکردایەتییەکەیەتی:

الانصاری، محمد جابر[403]، لە دیمانەیەکیدا: ((ستەمکارییەکانی رژێمی پێشووی عێراق دژ بە بەرهەڵستکارانی عەرەب و کورد هیچ جیاوازییەکی لە هەڵسوکەوتەکانی ئیسرائیل لە هەمبەر فەلەستینییەکانەوە نییە... کورد وەك نەتەوەیەکی رەسەن، فەرهەنگ و کەلتووری تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام لە زۆر قۆناغی مێژوویدا لە لایەن حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە، هەوڵی پلیشاندنەوە و سڕینەوەی دراوە... سەرجەم حکوومەتە عەرەبییە عێراقییەکان بە شێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ کورددا نەکردووە.)) [404].

((ئێمەی گەلی کوردستان- عێراق، لە هەستکردنمانەوە بەو دژوارییەی نەوەکانمان چەشتوویانە لە سیاسەتەکانی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکان لە ئەنجامدانی سەرکوتکردن و ستەم و چەوساندنەوەی لە رادەبەدەر، بێبەشکردنمان لەم مافانەی خوا بە ئادەمیزادی بەخشیون لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری، چەندین تاوانی دژەمرۆڤ، و هەڵمەتی جینۆساید و پاکتاوی نەژادییان لە دژمان ئەنجامدراوە، مێژوو بە دەگمەن وێنەی وای بە خۆوە بینیوە، کە خۆیان نواندووە لە خاپوور کردنی سەرلەبەری چوار هەزار و پێنج سەد گوند و گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای بەشێکی فراوان لە کوردستان — عێراق، لە رێگەی بەزۆر کۆچپێکردنی دانیشتوانی، یان ناچارکردنیان بۆ گۆڕینی نەتەوەیان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و چەکە

402 - عبدە، ص ۲۷ و ۳۰.

403 -محمد جابر الانصاری، راگری کۆلێژی خوێندنی باڵا و مامۆستای ژیاری ئیسلامی هزری هاوچەرخ لە زانکۆی (الخلیج العربی) لە وڵاتی بەحرێن.

404 - الانصاری، محمد جابر، ژمارە ۱۳۲ ی گۆڤاری لڤین، ۲۰۱۰/۷/۱۰ ل ۱۸.



قەدەغەکراوەکانیتری نێونەتەوەیی لە دژی شاری هەڵەبجەی شەهید و گوندنشینانی بالیسان و گەرمیان و بادینان و چەندین ناوچەی فراوانتر، بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی لە نێو کێڵگەکانی تاقیکردنەوەی کیمیایی و گۆڕی بە کۆمەڵ و بەرەو مەرگ راپێچکردن، ئەوانەی مانەوەش خێزانەکانیان ناچارکران کۆچبکەن بۆ دەرەوەی عێراق و وڵاتنامەی عێراقییان لێ سەندنەوە[405]، دوا بە دوای ئەوەش چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ قڕکردنیان ئەنجامدا کە پتر لە هەشت هەزار بارزانیی گرتەوە و پرۆسەکانی لەناوبردنی بەدوا داهێن کە بە ئەنفال ناونران و قوربانی پتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار مرۆڤی لێکەوتەوە.)) [406].

لەم ماوەیەی کە نووسەری ((قبل ان یغادرنا التاریخ))، فەرماندەیەکی پایە بەرزی سەربازیی و هەواڵگریی و پلاندانەر و ئەنجامدەری زۆری کارە مەزن و ترسناکەکان بووە، هەرچەندەیش راستەوخۆ و بە هەردووچاوی سەری خۆی، درشت و وردی رووداوەکانی بەسەر کورد و کوردستاندا هاتوون دیوە، بە پێی پێگەکەی بەشدار و ئاگاداری زۆرینەی هەرەزۆری نهێنییەکان بووە، بەڵام لە نووسینەوەیاندا بە پێی ویستی زۆر تەسك و تایبەتی خۆیەوە تۆماریان دەکات، نەك وەك ئەوەی روویداوە و دیتراوە و پێویستە بکرێتە بەڵگەنامەی مێژوویی.

لە دوای رووخانی رژێمی تاکە سەرکردە و بنەماڵەکەی، لە دادگای باڵای تاوانەکاندا لە بەغدا بە دادگایی کردنی سەرانی تاوانکار، بە بەڵگەی چەسپێنەر و دیکۆمێنتە فەرمییەکانی خۆیانەوە، بڕیاری دادگاییان بۆ دەرچوو، چەندێکیشیان بە بەرچاوی جیهانەوە لە سێدارە دران، کەچی هێشتا نووسەر هەر تەقەی سەری دێ و بە ربەکەی تەقتەق دەوردەکاتەوە و ئەنجامدەرانی کارەکان نەك هەر بە تاوانکاری گەورە نازانێت، بەڵکو خۆیانی بۆ رەشپۆش دەکات و بە جەڤەنگی پیرۆزیشیان دادەنێت. خەوش و خورشتی تاوانەکانیان دەشارێتەوە. وەك فریشتەی سپی لە خەودا دێنەوە بەرچاوی. ئەم راستی و راستبێژییەی ئەو دەفەرمووێت،

405 - تاکو ئێستایش بەعسی دەسەڵاتدار دەستی لەم نامرۆڤایەتییە دەرهەق کوردانی سوریا هەڵنەگرتووە، لە ئەنجامی کردەکەدا کوردی هەژار لەناو ماڵ و لە سەر خاکی خۆیدا کراوەتە بیانییەکی ئێسك گران و ناتوانێت کەلاوە خانوویێك، بستە خاکێك بەناوی خۆی تۆماربکات، لە دادگادا ژنی لێ مارە ناکرێت، منداڵەکانی ناونووس ناکرێن، ناتوانن بخوێنن، دەرفەتی کاریان نادرێتێ... ئاخۆ لە سەردەمی بەندایەتی و فەرمانڕەوایی ئەبوجەهلی باپیریشیان شتی وەها بیستراوە؟.

406 - دیباجەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان- عێراق، (۲۰۰۹).

فەرمایشتەکانی وەزیری راگەیاندنی ئەوکاتەی عێراق: (**محەممەد** سەعید الصحاف- علوج) لە نیسانی **٢٠٠٣**دا بە بیردێنێتەوە (کە بۆ دەرمانیش گوتەیەکی نەبوو جێگەی گومان نەبێت)، لە گوتەکانی ئەو بەولاوە، ئاوکوفێکی دیکەیان نەبیندراوە. **محەممەد** دووریشمان دەخاتەوە بەر چاو، کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ سەددامی سەرکردەی هۆڕە هۆڕ دەگریا و کوێرانە داکۆکی لە کردارەکانی دەکرد. الحمدانی و دووری دوو رووی دراوێکی تەنەکەی رزیوی کات بەسەرچوون، کەچی ئەوان بەزێڕی زەمانی دەفرۆشن، رازیش نین کەسێکی دیکە بە بێ رەزامەندییان گوتەکانیان بگوازێتەوە!

یارانی سەرکردەی چاك نەکردە، هەمیشە لە سیاسەتی راستپۆشیدا درۆ و درۆ و درۆ و هەر درۆ بکە هەتا باوەڕت پێدەکەن... راهاتوون.

وادەزانین گەلێك لە تەوەرەی باسەکە و تەوری ئەوان دوورناکەوینەوە، زۆریش زێدەڕەوی و سەرەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین:

ئەو رەگەزپەرستانەی، تاکە رێبازی خۆیان بە دروست و خۆیان بە کەتە مرۆڤی خاوەن ماف و نەتەوەکەیان بە سەرڕاست و پیرۆزترین دەربازکار و گەورەی نەتەوەکانی دیکەی جیهان دەبینن، خەڵکانیش بەکەم، لە ناخەوە ئەنفال و کیمیاباران، پاکتاوی نەژاد و نەتەوەی دیکە بە راست و رەوا دەزانن. هێشتا نکۆڵی لە کارەساتەکانی هەڵەبجە و گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکەن و بە هیچ هەستێکیان نابینن. دەبێت ئەمانە، چ پەروەردەیەکی سەیر و چ ئایینێکی رەوایان هەبێت؟

نووسەر لە یادداشتەکانیدا، بەمەبەست، بەزەقی و بە زەوقی خۆی هەندێك رووداو زۆر دەپەندمێنێت و بڕێکیشیان لە رادەبەدەر دەپەستێت و بە بچووککراوەیی دخاتە بەرچاو، یا بە ئەنقەست، بەلێڵی لە تاریکیدا کاڵیان دەکاتەوە، یان سەراوبن و شوێنگۆڕکێ و بەرگی جوانیان بۆ دەکات، بەڵام زۆرینەی سەربردەکان، بۆ هاوتەمەنانی بەڕێزیان و ئێمەومانان کە ماوین و کەم و زۆر پێشمەرگایەتی و سەربازی و چەکدارییەتیمان کردووە، یا لەگەڵ رووداوەکاندا ژیاوین، شتێکمان خوێندۆتەوە، سەیری کەناڵێکی ئاسمانیمان کردووە، روون و راشکاون. زۆرینەی گەنجانی ئێستایش دەیان جار راستەوخۆ لە پیشاندانی دانیشتنەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی بەغدا، دادگایی کردنی تاوانکارانی ئەنفاڵ و کیمیاباران و ریشەکیشکردنی کوردانی فەیلی و پاکتاوکردنی نەژادی کوردان. لە کەناڵی ئاسمانی و دەنگ و رەنگی (العراقیه) و رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ و بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و عێراق و عارەبیی و جیهانییەکاندا، پەخشدەکرا. بە بەڵگەی چەسپێنەر و گەواهیدەرانی ستەملێکراو،



بینینی ئێسکوپرووسك و ناسنامە و بەرگ و بزوڕگی ژنان و منداڵانی ساوا، بە هەزاران و لەناو سەدان گۆڕی بەکۆمەڵدا، بەڵگەنامە فەرمییەکانی بەردەست، کە تاوانکاران بەدەستی خۆیان مۆریان کردوون، بە فیلمی دەنگ و رەنگی تۆمارکراودا، بینیوە، هێندەیش بەڵگەنەویستن کە پێویستیان بە ئاماژەکردنی سەرچاوە و درێژدادڕی و کات رشتن ناکات، بەڵام بۆ جوانتر راستی دەربڕین، پتر گومان بڕینن بۆ ئەوانەی پتر دەیانەوێت راستییەکان بە گوێ و چاو و دەست ببێنن، نەك لەدەمی من و ئەوی ببیستن، تاکو دڵیان بە تەواوی ئاو بخواتەوە، لە شوێنی پێویستدان جارجارە پەنجەمان خستۆتە سەر ئەو سەرچاوانەی کە بە بەڵگەنامەی ئەکادیمیی، رووداوەکانیان تۆمارکردووە، چەندین سەرچاوە و بەرهەمی نووسەرانی عارەبی ویژان زیندوویشمان خستۆتە روو، بۆ ئەوەی نەڵێن بەڵگەی نادروست و هەڵبەستەی دروستکراوی کورد و جوولەکە و ئەمریکا و دوژمنانی نەتەوەی عارەبن.

(بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ١٠ لە پاشکۆکەدا)

بە بەڵگەیشەوە دەیخەینەوە بیری ئەلحەمدانی و هاوبیرانی و بەرچاوی خوێنەرانەوە، چونکە ئەگەر راستییەکان راستەوخۆ لە دەمی مەمانان ببیستی، هەرچەندە بەڵگەی گومانبڕیش بن، گومانمان نییە، ئەوان بۆ دەربازکردنی دەربڕینی تاریك و تەماویان، ئەگەرچی ئاشکرایشە چۆن و بۆ هۆنراونەتەوە. ئەستەمیشە بەخۆیاندابچنەوە. ئەگەر بشفرێت، هەر دەڵێن: مێش نییە، گامێشە.

زوهیر الجزاییری: (•ئەم درندایەتی و زگڕەشیەش لە بەشێك لەو وتارەی سەددام حوسێندا رەنگدەداتەوە: "بە هەموو توانایەکتان دەستی خۆتان لە دوژمن بوەشێنن! بێگومان ئێوە شمشێری خوان لەسەر زەویدا و ئەو مەلانە دەپەڕێنن، کە ملی فارسە مەجووسەکان و پاڵپشتیکارانی خومەینینە"[٤٠٧].))

ئەوەی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەم سەرکردە مرۆڤپەروەر و نەتەوەویست و موسڵمانە تێربڕوا و لێهاتووەی ئەوانەوە، کە لە ئاسمانەوە بۆ رزگارکاری ناردراوە، ئەوەی لە کوردستان و عێراق و ئێران و کوێت نەژیابێت، یاهەر گوێی لە پێداهەڵگوتنی راگەیاندن و هاوسوودانی الحمدانی ئاساییان بووبێت، لەوانەیە وەك نەوەی رەگەزپەروەران، خۆزگە بخوازێت جارێکی دیکەش پاڵەوانێکی وەك ئەم شێرکرۆژە بگاتەوە هانای مافخوراوان.

---

407 - الجزاییری، زوهیر - بەهرام محەمەد کورد عەرەب شۆفینیزم ، ل ٨٣.

الجزاییری نووسەرێکی عارەبە.

ئەگەر ئەوانەی لە و کاتدا بە کردار و بە دەستی خۆیان، گوێ و زمان و دەست و ملی رۆڵەی عێراقییانیان دەبڕی، یا بە چاوی کراوە و گوێی سووکەوە، لە دوور و نزیکەوە سەربردە و تاوانە کەسنەکردەکانی سەرکردەیان بینیوە، بیستووە، بەردبڕێری[٤٠٨] و سەرپۆشیی بە زەقەزەقیشی بۆ بکەن، ئەوا ئەو ماستە نەك هەر مووێك، یا پەتکە گوریسێکی رەشبەڵەك، بگرە چەندین ماری جنجریشی تێدایە!

مەڵێن: شاتکە شێت، شووی لێ هەڵکێشاوە، بە شاتەشات چەپ و راست شوونك کووت دەکات. ئاگای لە خۆی بڕاوە و نازانێت پێشتر چەند جار ئەم نەزیرۆکانەی بۆ گێڕاوینەتەوە. ئێوە و خوداتان! مەڵێن شێتۆ! فسفس پاڵەوانێکی مردوو کوژە. چونکە خۆم چاك دەزانم لە چاوی هەندێك کەساندا جێگەی گومان و تێڕامانیین، بۆیە بۆ گومانبڕین پەنامان بردۆتە بەر کورتە فیلمی زیندووی بە دەنگوڕەنگی سێ رەهەند[٤٠٩] ، ئەوانەی هاوبیر و هاونەتەوە و هاوئایینی خۆیان لە نزیکەوە و بە زیندووەتی وێنەیان گرتوون و بێ رتووش دەریان هێناون. ویستوومانە بە وەستایی و لە کاتی خۆیدا، بەبەر چاوی ئێوەیشەوە دەستی حەمدانی بخوێنینەوە، بە هەپی بەیازێکی ناو لەپمان، دووشەش و سێبارە و دووبێژ، بە بیست و هەشت خاڵی چاوڕەشەوە، لە بیست و هەشتی نیساندا، لە دەستی کەفتیار رەفتارندا بتۆپێنین و چاویان سپی بکەین، بەنیازی ئەوەی هەموو ساڵێك لە سەرما و سۆڵەی ١٢/١٢ی[٤١٠] تەڕوتووشیدا، وازی و پاڵەوانبازی مۆندیاڵیان بێتەوە بەرچاو.

((یاساکانی لە سێدارەدان و ملپەڕاندن لە قاوغە نهێنییەکەی دەرچوو و بە ئاشکرا لە هۆکارەکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە. بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەك نموونە:

بڕیاری (٨٤٠) لە ٩٨٦/١١/١٤: بەندکردنی هەتاهەتایی و هەتا لە سێدارەدانیش، سەبارەت بە و کەسەی سووکایەتی بە سەرۆکی دەوڵەت یا جێگرەکەی یان سەرکردایەتی ئەنجوومەنی شۆڕش یان حیزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی یان ئەنجوومەنی نیشتمانی یان حکوومەت دەکات.

((لە شەوی ٣١/ ١٢/ ٩٨٦ - ١/١/ ١٩٨٧دا (بە بۆنەی جەژنی ساڵی نوێی زایینییەوە (٧٠٠) کەسی لە بەندیخانەکانی سلێمانی و بەغدا و باقوبە لە سێدارە دران کە زۆربەیان لەژێر تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوون.))[٤١١] .

408 - مادەلایی، کوسکێشی، ماستاوچیەتی، کلکەیی، پینەدۆزی.، پێدا هەڵبڵێ و خەوش داپۆشەر.

409 - سێ لا دیار، سێ رەهەند (D٣).

410- رۆژی خۆ بەدەستەودانی سەرکردەکەیان.

411 - جەزاییری، زوهیر. بەر لە ئەنفال، ل ٣٢.



بڕیاری ژمارە (٧٠٠) لە ١٩٨٨/٨/٢٧: ((هەرکەسێك لە خزمەتی سەربازی رابکات یان دوا بکەوێت، و لەسەری ئیسپات بێ، ئەوا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. هەر لێپرسراوێکی ئەمنی و ئەندامێکی تیپی حیزبی بەعس، تاوانی راکردنەکە بشارێتەوە ئەوا هەمان سزای بەسەردا دەسەپێندرێت))[٤١٢] .

((مالیکی: شتێکی بەنرختری لە سەری سەددامی نەبوو، تا بیکاتە جەژنانەی شیعەکان، بۆیە لە شەوی جەژن لەسەریدا))[٤١٣]

گەلۆ! ئەمەیە گەلویستی و هەڵبژاردنەوەی فەرماندەی بەهێزترین سوپا و سەرکردەی نەتەوەیی عارەب و فەرمانڕەوای خۆشەویستی عێراقیان و جیهانی ئیسلامی، کە بە کۆی دەنگی ٩٩,٩٩٪ لە ١٥ /٩٥/١٠ بۆ سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، سەر لەنوێ بە ١٠٠٪ دەنگی گەلی عێراق (زمان کەرتکراوان و گوێ کەلکراوان و بوتل تێبڕاوان، کارەبا لە گەڵدراوان)، سەددامی سەرکردە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لە ٢٠٠٢/١٠/١٥ هەڵبژێردرایەوە[٤١٤]!!

ئەم سەرانەی بە دەرکردن و جێبەجێکردنی دەیان بڕیاری وەها، کورسی خۆیان بە ناوی وڵاتپارێزییەوە دەپاراست و گەلیش، گەلە گەلە لە شەڕگەدا دەکوژرا، لە بەندیخانەکاندا، بە کوڵەمەرگی لە ناودەبرا، یا لە ناو ماڵی خۆیدا، لە هەموو چرکەساتێکدا چاوەڕوانی مەرگی لەناکاو بوو، (چاوەڕوانی مردنیش لە مردن سەختترە). ئیتر پیاوم دەوێت ئازا نەبێت و خەڵك نەکوژێت و خۆی بە کوشت نەدات! یا لە ژێرلێوەوە بڵێت: ئەم بڕیارە سەدا نۆسەد رەوانییە، یا لە خەویشدا بە خەیاڵی دابێت بڵێت: لەناوچوونمان لە پێناوی مانەوەی جەنگخوازان و هێنانەدی ئارەزووە شێتانە و ناحەزەکانیان، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و یەکیەتی نەتەوەی عارەبی و رزگارکاری مرۆڤایەتی نییە! بە هەر ناوێك و هەر پاساوێك بوایە، دەبوو بکوژرێت و کرێی کوشتنەکەیش ٢٥ دینار (ئەوکاتە دەیکردە ٧٥ دۆلار) لە خێزانەکەی دەستێندرا و بە نۆکەر و ترسنۆك و شەرمەزار ناوزەد دەکرا، نەدەبوو بە نهێنیش پرسەی بۆ دابندرێت.

412 - الجزاییری، زوهیر- بەهرام محەمەد، ل ٩٥.

413 - عبده، محمود. صدام حسين رحلة النهاية. ص ٢٢٤.

414 - ئاخۆ هیچ ئاقڵ سووکێك هەیە، فیلە دڤی زەبەلاح و ئێسك گرانی، ئەوهای بە سووك و ئاسانی بەسەردا تێپەڕێت و نەنقێنێت!؟

سەددامیان ئەوکاتە بە شانازییەوە لە دەزگاکانی راگەیاندن دەیانگوت: "ئەوانەی لە دوای ئێمەوە دێن[415]، دەبێت بێنە سەر خاکێکی رووتەنی بێ مرۆڤــ".

((ئەوەی لە هەڵەبجەش روویدا: بریتییە لە نامەیەکی ئاگادار کردنەوە بۆ هەر شارێکی عێراق کە لە دوارۆژدا یاخی دەبێت))[416]

لە لاپەڕەکانی بەرایی، لەچەند شوێنێکدا کردە تاڵەکانی فەرماندەی عێراق و رەفتاری سوپایەکەی بە خێرایی خراونەتە بەرچاوان، (کوشتوبڕ و تاڵان و سووتاندن و زیندە بەچاڵکردنی ژن و منداڵ و ئەتککردنی کەنەفتی پەککەوتە، بەکارهێنانی گازی کیمیایی و وێرانکردنی سروشتی کوردستان، بە کورتی ئاماژەی بۆ کراوە.

چەند نموونەیەکی زیندوو، وەك بەڵگەی کردارە قێزەونەکانیان دووبارە دێنینەوە بەرچاوان، وێڕای ئەوەی پتر هەست بە چێژی شەکرە تاڵەکانی نووسەری یادەوەرییەکان بکەین و بنووسانی یادەوەریش ئاگادار دەبنەوە کە لەم کارە شەرمەزار و رەفتارە نالەبارانەدا هەڵێن.

((بە پێی نامەی ژمارە (٩٧٢٢)ی ئەمنی سلێمانی لە ٧ /١٩٨٠/٧/ دا، سەعات پێنجی ئێوارەی ئەو رۆژە، هەلیکۆپتەرێك بەسەر گوندەکانی ناوچەی باوەنوور تێدەپەڕێت[417]. تاقمی ناو تەیارەکە، چوار پێشمەرگە لە ناو پیکابێکی ئەهلیدا بەدی دەکەن. کۆپتەرەکە تەقەیان لێ دەکا و هەرچواریان و مەدەنییەکە دەکوژێت. دوایی دادەبەزن و سەری هەرپێنجیان لێ دەکەنەوە و لەگەڵ چەکەکانیان دەیانبەن بۆ بارەگای- هێزی نۆهەد لە سەنگاو))[418].

دەڵێن قسە قسە دەکێشێت، کە لە ماوەی جەنگی قادسیەی سەددام (عێراق-ئێران)دا بە زۆری زۆرە ملێیی و بێگاری لە کۆتایی ساڵی (١٩٨١)دا کەوتینە بەر فەرمانی سەربازگری، بەرێککەوت کەوتینە هەمان هێز، لە لقی یەکی بەتالیۆنی یەکی سوپایەکەدا سەربازبووین، سەربازێکی پلە دووی (دووپلیتەیەك) ناو (دهام) کە سیخوڕکاری بەتالیۆنەکەبوو، رووبەڕووی هەموان، بە راشکاوی و بە شانازییەوە باسی پاڵەوانییەتی خۆیانی دەگێڕایەوە: لە ساڵی ١٩٧٧ لە نزیك گوندی درێ- مێرگەسوور، چەندین پێشمەرگەیان لە زەوی و ئاسمانەوە گەمارۆداوە و

415 – مەبەستیان: ئەوانەی لە دوای لادانی ئێمە، دەبنە دەسەڵاتداری وڵاتی عێراق .

416 – الجزاریری، زوهیر – بەهرام محەمەد، ل ١٠٥.

417 – ئەو هێزەی نووسەر پێشتر دەیفەرموو: بۆ ئاوەدانکردنەوەی شیمالیناالحەبیب چاوەدێری ناوچەکەی دەکرد.

418 – رەسووڵ ، ل ٢٢.



زۆرینەیان کوشتوون و دوانیان بە برینداری بە دیل گرتوون، ئەو شەوە تا بەیانی سواریان بووین[419] و بەیانیش گوللە بارانیانکردوون. کەچی نووسەر لە هیچ کون و کەلەبەر و درزێکدا ناهێڵێت کوشتنی دیلێك، جووتیارێك، رێبوارێك، رەشماڵ نشینێك، رانە مەڕێکی کۆچەریان، وڵاخی کاروانچییەك، یان ژن و منداڵی بەکۆمەڵی ناو کەلاوەی دێ، لەلایەن لەشکری ئومە و موسڵمانان و رزگارکەری فەلەستین بە فەرمانی فەرماندەکەیان ببێنین:

## رەفتارە ئاشکراکانی فەرماندە، کە یادەوەرنووس دایاندەپۆشێت:

چەند تایبەتمەندییەکی کردەکانی کەتە سەرکردە، وەك نموونەی خێرا و بەردەست دەخەینەوە بەرچاوی نەوەی نوێ:

((کاتێك سەددام لە بەندیخانە بوو، سەربردەی چەند ناودارێکی جیهانی خوێندبۆوە، کاریگەریی جۆزێف ستالینی لە هەموان پتر بەسەرەوە دیاربوو))[420].

((تاکو بەعس لە ١٩٦٣دا گەیشتە دەسەڵات، ئەحمەد حەسەن بەکر ئەندامێکی نووسینگەی سەربازی حیزبی بەعس و سەرۆکیشی حازم جەواد بوو، هەروها هەمان شت بوو بە گوێرەی حەردان تکریتی و ساڵح مەهدی عەماش و عەلی ساڵح ئەلسەعدی و رەفیق جەواد))[421].

((لە دوای گەیشتنی بەعس بە دەسەڵات، لە ١٩٦٣/٢/٨دا، بە چەند هەفتەیەك سەددام لە قاهیرە گەڕایەوە، جێگەیەکیان لە نووسینگەی جووتیارانی سەر بە بەعس دایە، ئەو کاتە ناودارەکان: عەبدولسەلام عارف- سەرۆك کۆمار، ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك وەزیران، حازم جەواد بەهێزترین پیاوی حیزب، عەلی ساڵح ئەلسەعدی جێگری سەرۆك وەزیران بوو.))[422].

"عەلی ساڵح ئەلسەعدی، رازگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە وڵاتی ئێراقدا و ئەندامێکی دیکەی هەمان سەرکردایەتی، پێیان لێناوە کە کودەتاکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٨ بە رێنمایی ئەمریکا و بە پشتگیری بەریتانیا ئەنجامدراون. دوای ئەنجامدانی کودەتاکان، ئەوان هەر لایەنگری بەعس

419 – لە میللەتەکەی لووت پێغەمبەریان تێپەڕاندووە. کەچی نووسەر پاکانە دەکا و هەرگیزیش نافەرمووێت لەشکرە دلێرەکەیان دیلان دەکوژێت ! ئەمەیە "خۆزگە بە باوکی خەڵات دزی!".

420 – شربل، ل ١٤٧.

421 – هەمان سەرچاوەی بانەوە، ل ٣٥.

422 – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

بوون. فەرەنگەکانیش هەمان شتیان پشتڕاستکردۆتەوە. لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاشکرای کردوون، هەمان شت دەربارەی کودەتای ١٩٦٣بڵاوکراوەتەوە."[٤٢٣].

## کورتەی رەفتارەکانی سەرکردە:

**١- بەر لەوەی سەددام بگاتە کورسی سەرۆکایەتی عێراق:** هەر لە سەرەتادا سەددام دەسەڵاتدارانی بەتوانای حیزبەکەی خۆی دوور دەخستنەوەو دەیخستن، بەبیانووی سەیر سەیر دەیگرتن، بە فێڵ، لە پشتەوەڕا پیاوە بە وەجەکانی پێشە خۆی یەکە یەکەی وەك: ((حەردان تکریتی وەزیری بەرگری، عەبدولکەریم شێخلی وەزیری دەرەوە، عەبدولڕەزاق نایف، وەزیری ناوەخۆ سالح مەهدی عەماش... محەممەد باقر الصدر (بەرهەڵستکار) و خوشکەکەی (بنتل هودا... کوشتن.))[٤٢٤].

جێگە و پێگەی بۆ زەوتکردن و قورخکردنی دەسەڵات لە دەستی خۆیدا خۆشدەکرد. دایکبرا و ئامۆزا و خاڵوان و خەزوران و منداڵەکانی خۆی دەخستە شوێنە گرنگەکانەوە. نەویستانی وەڵا دەنا، دۆست و لایەنگری خۆی پێدەگیاند و دەیخستە شوێنیانەوە. بە رەفتار و کرداری رووبەڕوویش، گەلحەزی و داددۆست و دڵسۆزی عێراق و نەتەوەپەروەر و ئیسلام ویستی دەنواند.

لە ساڵانی دواییدا ئەحمەد حەسەن بەکر بە تەواوی گەمارۆ درابوو، بگرە پاسەوانەکانیشی سەر بە سەیدلنائب[٤٢٥] بوون.

تا لە کۆتاییدا بەکری سەرۆك کۆماری وەلانا، خانەنشینی کرد و لەماڵەوە لە ژێرچاودیرێدا سەری نایەوە. سەددامیش تێکڕا کورسییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و دەوڵەت و حیزب و ئەنجوومەنی یاسادانان و ... لەسەر خۆی و بنە ماڵە و گەورە هاریکارانی تاپۆکرد!

((سەلاح عومەر ئەلعەلی: "لە ساڵی ١٩٧٤دا چوومە لای سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر، کە پەیوەندیمان زۆر بەهێز بوو. گوتم هاتووم دەست لەکار بکێشمەوە!"

بە هەستێکی پڕ ژان و تووڕەییەوە، دەستی خستە سەر کورسییەکەی سەرۆك کۆمار و گوتی: ئەم کورسییە چییە؟ باوکی هەیسەم تۆ چەند حۆلی (مەبەستی لە خۆی بوو) تۆ چۆن

423- بکر احمد یعقوب، ص ٢١٣-٢١٤.

424 - شربل، ل ٥٦.

425 - مەبەستی سەددامە.



ئەم پایەیەت لەگەڵ ئەمانەدا قەبووڵکرد؟ چەند باشتر بوو ئەگەر نەتکردایە! بەکر هەستی بە حەپەسانی من کرد، بە خێرایی گوتی: هاتووی دەست لەکار بکێشیتەوە؟ نەتۆ دەتوانی دەست لەکار بکێشیتەوە نە منیش، ئێمە دیلین...))[٤٢٦]

لە ١٩٧٩/٧/١٦دا، کە سەددام روونیشتە سەر کورسی سەرۆك کۆمار، هەڵۆی برسی ئاسا، راستەوخۆ و بەبێ یاسا، نیشتە سەر گیانی ئەوانەی کە سەددامیان بە دڵ نەبوو ئەوسا. بە پلانێك و تاکە پەلارێك، سەددامی کەلەکەوێت لە سەری ٥٤ سەرکردەی دا، لە ناویاندا: عەدنان ئەلحەمدانی لە شوێنی سەرۆك وەزیران، غانم عەبدولجەلیل بەرپرسی نووسینگەی سەددام، محەممەد مەحجوب وەزیری خوێندنی باڵا، محەممەد عایش وەزیری پیشەسازی، موحی ئەلمەشهەدانی... عەبدولخالق سامەرایییش کە بیرمەندی مەزنی بەعس بوو لە بەندیخانە دەریکرد و رەگەڵ گەلەی دا.))[٤٢٧].

**٢- لەناوبردنی نەیارە ناوەکی و دەرەکییەکانی:** سەددام دەستی خستبووە ناو کاروباری لوبنان و فەلەستین و سووریا و سودان و مۆریتانیاوە. کوردستانی عێراق و ئێران و کوێتی بە سۆدرە برد، ئەگەر بمابوایە ئەوا سێ سەرسەرانێی دیکەی لەگەڵ سوریا و سعودیە و تورکیایش دەکرد.

کە گەیشتە دەسەڵات. بە راوەدونان و گرتن و کوشتن کەوتە گیان پارتی نەتەوەی عەرەب_ ناسری، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلام، دەعوەی ئیسلامی، پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوە ناویش لە دۆستایەتی شوعی هەڵدەگەڕایەوە و قڕەبڕی دەکردن.

بەکوردی و بە کورتی: سەرکردە، جانەوەرێکی جەنەگر، نەحەجماوێکی هار، دڕندەیەکی مێژوویی، سەرێکی سەرەخۆرە بوو. ئەوەی بیویستایە دەیخست، یانە سەری دەخست، بەڵام لە هەردوو باردا هەر سەری دەخوارد، روونترە بگوترێت: ناحەزەکانی خۆی لەناودەبرد، حەزەکانیشی بەدەستی ناحەزەکانییەوە فت دەکران.

**٣- ویستی خۆی دەربارەی کوردان یەکلاکردبۆوە: پلانی قڕکردنی کوردانی بە پێی ستراتیژییەکی نەخشەکێشراو، لە بارودۆخی گونجا و دادەبەزاند. بۆ نموونە:**

لە سەرەتادا، کەسوکاری پێشمەرگەکانی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵدەگرت و رەوانەی ناوشاخانی دەکردن. لە هەنگاوی دووەمدا کەوتە راگوێزانیان بەرەو باشووری عێراق.

426 - شربل.

427 - شربل.

لە گەڕی دواتر ڕەوانەی بەندیخانەکانی باشووری (نوگرەی سەلمان و بیابانی نێوان عێراق و عەرەبستان) کردن.

لە دوا ێین قۆناغیشدا خڕ گوندنشینەکان ئەگەر کەسیان پێشمەرگە بوایە یا دڵسۆز و لایەنگرانی میری، هەموویانی بە یەکسانی رادەپێچا ـ دەیبرد بە زیندوویی لە بیابانەکانی باشوور دەیناشتن. تاوان دوای تاوان گەورە و دڕندانەتر و گشتگرتر دەبوو.

دوا بە دوای دامرکاندنەوەی بڵێسەی شۆڕشی ئەیلوول لە **١٩٧٥**دا، حکوومەتی بەغدا دووبارە کەوتەوە شاڵاوی دەرکردن و ڕاگوێزانی کوردان لەسەر خاکی باپیرانی دێرینیان، عارەبی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە دەهێنایە شوێنەکانیان.

لە **١٩٧٧**دا کەوتە ئاشکراکردنی پلانەکەی بە ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، دەستیکرد بە پڕۆژەی چۆڵکردنی ناوچەکانی کوردنشینی سەر سنوورەکانی نێوان کوردستانی عێراق و مەرزە دەستکردەکانی تورکیا و ئێران و سوریا. بە پانایی(١٠ — ٢٠) کم.

لە سەرەتادا پڕۆژەی بە عارەبکردن بە بیانووی ناوچەی تێکەلاو و سنووریی و کێڵگەی نەوتی و فڕۆکەخانە و سەربازگە و شوێنی ستراتیژی و... هتد، وەك ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و کەرکوك و مەخموور و شەبەکایەتی و دەشتی سمێل و سلێڤانی و شەنگار و زمار ئەنجامدران. دواتر ئەم پڕۆژەیە وردە وردە فراوانکرا، تا سەرتاپای کوردستانی عێراقی گرتەوە، قەدەغەبوو کورد بە ڕێبواریش پێیدا بڕوات.

((رژێمی سەددام، هەر لە سەرەتاوە پلانی لەناوبردنی کوردانی دانابوو، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی عێراق — ئێران، ئەنجامدانەکەی نەختێك دواخست، چونکە ماوەیەك بەڕێوەبردنی جەنگەکە سەرقاڵی کردبوو، هەر بۆیەش لە سەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگەکەوە ئەو دەرفەتی وەرگرت و بە پاساوی جۆراوجۆرەوە کەوتەوە ئەنجامدانی پیلانەکەی))[٤٢٨].

((هەموو ناوچەکانی دەرەوەی جادە سەرەکییەکانی نێوان شارە گەورەکان، بە ناوچەی موحەڕەم دانران، ئابڵۆقەی ئابوورییان لەسەر دانرا. تۆپبارانی گوندەکان و بۆمبارانکردنیان لەلایەن تەیارەی مێك و سۆخۆی و پیلاتۆس و هەلیکۆپتەر، بوون بە ڕووداوی ڕۆژانە.

لە شارەکانیشدا ڕەشبگیری و توندوتیژی گەیشتە پلەیەکی زۆر بەرز. واتە قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنی سیاسەتی حکوومەت لە شار و شاخ بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەستی

428 - عبود، زهير كاظم، محكمة الأنفال قراءة دستورية، ص ١٥. (٢٠٠٨).



پێکرد.))[٤٢٩]، ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی کوردێکی زۆر بۆ دەربازکردنی سەری خۆیان ڕووە و هەندەران هەڵێن، هەواری دێرینیان بۆ عارەبان جێبێڵن، ئەوانەی گەیشتنە وڵاتانی ئەورووپا توانییان ڕۆڵێکی باش لە ئاشکرا کردن و پیشاندانی تاوانەکانی سەرکردەی بەغدا و داروودەستەکەی ببێنن و یارمەتی کەسوکار و هەژارانی برسی و کەنەفتانی نەفەوتاوی کوردستان بدەن.

چەندین کەسایەتی جیهانی و ناوداری ئەورووپاییان لێ هەڵکەوت. وەك نموونە: لە **٢٠١٠/٩/٢٦**دا لە دەنگوڕەنگ و کەناڵی ئاسمانی کوردستانەوە، بە بۆنەی ئەوەی کە شەش کوردی دانیشتووی سوید لە هەڵبژاردندا بوونە ئەندامی پەرلەمانی ئەم وڵاتە. ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە گەلی کورد و کوردانی سوید کرد. چەند ڕۆژێك دواتر، لەئێوارەی **٢٠١٠/١١/١٧** تەلەفزیۆنی کوردساتیش، دیمانەی لەگەڵ کوردێکی دانیشتووی سوید کرد، کە لە نێوان (١٤٠) ئاوازدانەری میوزیکی تایبەت بە فیلمی سینەمایی خەڵاتی یەکەمی وەرگرتبوو.

لە ئێوارەی **٢٠١٠/١١/٢١** تەلەفزیۆنی قەڵات- هەولێر، دیمانەی لەگەڵ یاریکارێکی هەولێر لە بواری لەشجوانیدا کرد کە لە کێشەگرانەکاندا خەڵاتی یەکەمی جیهانی وەرگرتبوو.

لە ئێوارەی **٢٣**ی هەمان هەیڤدا تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لە هەولێر، مژدەی ئەوەی بڵاوکردەوە کە دوکتۆرێکی کورد (ڕاستگۆ حەمەکەریم هەورامی) لە ئەمریکادا بەرزترین خەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە بواری فیزیادا وەرگرتووە. ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە دەرکەوتنی توانا کپکراوەکان و بلیمەتانی کوردان لە سەرتاسەری جیهاندا دەبیسترێت و دەبیندرێت.

بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی کورد خنکێنیدا، بوار نەدەدرا تاکە کوردێك ناوی بە چاکە بێت، بەڵکو هەر بە بکوژ و ڕەگەزپەرست و کرێگرتە و شەڕانگێز دەخرایە بەرچاوان. ئەگەر لە ناکاودا ناوێك دەربکەوتایە، ئەوا بە بێ شەرمی بە عەرەبیان پیشان دەدا. لە یادمە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستدا کچە کوردێك (فرمێسك وریا قانع) لە پێشبڕکێیەکی گەمەی شەترەنجدا لە جەزایر خەڵاتی یەکەمی ستاند، کەچی لە ڕۆژنامەکانی بەغدا نووسرا: فرمێسك کچە عارەبێکی عێراقییە. بڕوا ناکرێت کوردێك هەبێت نەزانێت، فرمێسك کوردەو وریای باوکی وەرگێڕێکی دیارە. قانعی باپیریشی شاعیرێکی کوردی ناودارە!

429 - ڕەسووڵ، ل ٥٧ — ٥٨.

لەوکاتەی کە سیاسەتمەداری ناوداری کورد ( عصمەت کەتانە) نوێنەری عێراق بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان، خەریکبوو بیکەنە رازگری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەغدا بە خێرایی هێنایەوە عێراق و دەرفەتەکەی لەدەستدا.

نازانم کێ بە ویستی خۆی بۆتە کورد یا عەرەب یا فارس و ئەڵەمان و ئینگلیز و ئەفریقیایی؟ کێ دایك و باوکی خۆی، بگرە رەنگ و رووخسار و لەش دروستی و نادروستی... بۆ خۆی هەڵبژاردووە؟

کەواتە ئەوانەی بە توندڕەوییەوە شانازی لە رادەبەدەر بە رەگەز و دایك و باوك و رەگەز و توخم و رەنگ و رووخساری خۆیانەوە دەکەن و هی خەڵکیش بە کەم دادەنێن، دەرد گران و ئەقڵ سووکن.

رەگەزپەرستانی بەرچاو لێڵ، لە ماوەی نۆهەد ســــــاڵی رابردوو لە عێراقدا، هەمیشە بۆ لەناوبردنی کوردان، بە هەموو شێوازێك و بەوپەڕی توانایانەوە کاراون.

**٤- لە کاتەکانی تێکشکانیدا،دڵتەنگی خۆی بە کوشتنی کەسانی دیکە دەڕەواندەوە:**

هەمیشە لە کاتەکانی تێشکاندا، شاسواری عارەب، فەرماندەی گشتی لەشکری عێراق، دڵتەنگی خۆی بە کوشتنی کەسانی دیکە ( هەتا ئەگەر نزیکترین کەس و خۆشەویستی خۆیشی بوایە)، دەڕەواندەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە دەیکردنە پەند بۆ ترساندنی ئەوانی دیکە، نەوەك یەکێك لاری لە گوفتار و کردارەکانی بکات و نەیەوێت لە پێناوی ئەودا سەری خۆی ببەخشێت، نموونە: ((**محەممەد** بیلال بەرپرسی حیزبی تیپێکی سەربازی، بە فەرمانی سەددام لە نۆهەدەکان گوللە بارانکرا.))[٤٣٠].

((سەددام حوسێن لە ٥ و لە ٧/ ٢ /١٩٨١دا، دووجار شەڕگەی بەسەرکردەوە، تیایدا فەرمانی گوللە بارانکردنی پێشکار سیلە **محەممەد** جەواد، فەرماندەی هێزی چوار ئەنجامدرا، **محەممەد** جەواد شایەنی ئەم بڕیارە دژوارە نەبوو...

گوللەبارانکردنی پێشەنگ[٤٣١] سەعید و چەندین سەربازی دیکەی لەشکرەکەی بەدوا داهات. بە بیانووی درێخی کردن، گوللە بارانکردنی شەش ئەفسەری دیکە ئەنجامدرا کە یەکێکیان پێشکار[٤٣٢] سیلە ئەکرەم ئەلمەشهەدانی بوو[٤٣٣]))[٤٣٤].

430 - الحمداني، ص ٦٤.

431 - نەقیب.

432 - مقدم.



((لە ١٨/١٠/١٩٨١دا سەردار سیلە سابت سوڵتان کرایە فەرماندەی تیپی دە. هەرچەندەناوبراو هەڤاڵێکی دێرین و خۆشەویستی سەددام بوو، بەڵام بە هۆی جیاوازی بیروڕایان، دوای خانەنشینکردنی، گوللە بارانی کرد))[٤٣٥].

((لە دوای ٨/٥/ ١٩٨٢دا سەردار سیلە سەلام قازی، سەر تیپگەلی سێیەم و جەواد ئەسعەد شیتنەیی، (لە کوردەکانی دژی بارزانی بوو) سەرتیپی تیپی سێ و **محسن** عبدولجەلیل فەرماندەی هێزی زرێپۆش، دوای ئەوەی بە کەمتەرخەم داندران، گوللە بارانکران، لە کاتێکدا جەواد و **محسن** بەرزترین خەڵات و نیشانەی ئازایەتییان هەبوو، سەلام قازیش لە کودەتایەکەی بەعسدا لە ساڵی ١٩٦٨دا بەشداری گرتنی کۆشکی کۆماری کردبوو.

سەرهەنگ سیلە ماجد عەبدولحەمید فەرماندەی هێزی پازدەیش خۆی کوشت[٤٣٦]))[٤٣٧].

((لە ١٧/١٢/١٩٨٥دا دیمەنی خۆ کوشتنی جێدارێکی ئەندازەی سەربازی تاساندمی))[٤٣٨].

کە الحمدانی لە باسی شەکرچیدا دەفەرمووێت: "پیاوێکی سەرەڕۆ بوو" مەبەستییەتی تاوانە دڕندایەتییەکانی (کە داپۆشیون) لە ئەستۆی سەرکردایەتی حکوومەتی بەغدا داڕنێ و بە تەنها لە ملی تاوانچی شەتەك بدات، بەڵام ئەگەر بەراوردێك لە نێوان کردارەکانی سەرکردەی مەزن و شەکرچییدا بکەین، ئەوا دیسان، "هەزار جار خۆزگەمان بە خەڵات دزی"

433 - ئەمە پیشە و نەریتی سەرکردە بوو، هەڵچوونی دەروونی خۆی بە رەنگی خوێن و بە دەنگی ناڵەی ستەمدیدان هێمن دەکردەوە. کەچی کەچە نووسەریش دەفەرمووێت: هەمیشە هێمن و مێشك فێنك بوو!.

434 - الحمداني، ص ٧٣.

435 - هەمان سەرچاوەی بانەوە، ل ٧٧.

436 - خۆ کوشتنی لەلا باشتر بووە، لەوەی گەورەی ویژدان کوێر بیکوژێت و بە ترسنۆکی دابنێت و بیکاتە پەنگ، ژن و منداڵ و خزم و کەسیشی بە دەستی توولە دەم بەخوێنەکانی ئازار بدرێن. ئەگەر ئەمە باری ژیانی فەرماندە گەورەکانی لەشکری عێراقی مەزن و نەتەوەی نەمربێت، ئاخۆ باری دەربازبوونی سەربازەکان چەندە و چۆن چۆنییە؟ پیاوم دەویست لەو کاتەدا لەناو لەشکری عێراقدا بە گشت توانایەوە نەکوژێت و خۆی بە کوشت نەدات! کەچی سەرکردەی سەربازی ئەو کاتە و نووسەری ئێستامان ناوی دەنێت ئازایەتی و بەخشندەیی! ئێمەیش ناچارین بڵێین: بەخوا بابە خۆشت گۆت!

437 - الحمداني، ص ٦٩ و ٨٣.

438 - المصدر السابق، ص ١١٤.

شەکرچی تەنیا گوێکەرێکی چاکی سەرکردایەتییەکەی بووە، بە ویستی ئەوان، بووەتە بکوژ و تۆقێنەرێکی ناوداری بەدڕەفتار، ئەگینا مرۆڤ یاریزانێکی سەرەڕۆی لە تیپەکەیدا هەبێت دەری دەکات، چ جای سەرکردەیەکی سەربازی! سەرخستنی بە خێرایی پلە لە دوای پلەی ناوبراو لەلایەن سەرکردایەتییەوە راستییەکە دەچەسپێنێت. کەچی نووسەری یادەوەری وەك رۆماننووسێکی کارامە، بە ئاگادارییەوە گەرەکیەتی لە ژێر بەرگی بێ ئاگاییدا ویستەکانی تێبپەڕێنێت!

((دوای هێرشی گرتنی هەڵەبجە، بڕیاری گوللە بارانکردنی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرو سەرباز، بەتایبەتی لە هێزی تایبەت لە شەڕگەدا درا و دەست بەجێ، جێبەجێکرا[٤٣٩]))[٤٤٠].

داگیرکردنی کوێتیش دەرەنجامی دۆڕاندنی جەنگی عێراق- ئێران بوو، بە کوێتی دەرکرد. ئەگەر خوانەخواستە لە کوێت دەرباز ببوایە! کێ دەیزانی نۆرەی کێ دادەهات!؟

لە بیرتان ماوە کە پێشتر گوتوومانە: گریمان نووسەر وەك بەخۆی دەفەرمووێت: نیشتمانپەروەرێکی پاك و پاکمرازە! حەزدەکەین دووبارە ئێوەیش بپرسن: بۆچی لە هەموو سەربەند و دوا بەندێکدا، لە گشت دووریان و سەرە رێگەیەکدا، بە نهێنی و بە ئاشکرا، پاساوی بەجێ و نابەجێ، دەکاتە ناسنامەی تێپەڕاندنی ئەم تاوانە زەبەلاحانە؟ ئایا ئەمانە تاوان نین؟ یانە...؟

**٥- سەروك بەڕۆژ نەبیست و زلکێر، بەشەویش کەڕ و نابینا بوو:** تاکە فەرماندەی دووربین هەر شەو نابینا و رۆژ زلکوێرنەبوو، بەڵکو بەڕاستی لە راستکاریدا دڵکوێر و بیرکول و کەڕ و کووند و ئەقڵ قووندەیش بوو، ئەگینا چۆن هێندە هێندە بە ئاسانی دەکەوتە چاڵانەوە، هێندە جارە بە تەپکان

439 - بە گوللە بارانکردنی ئەفسەر و رووباری خوێنی سەربازەکانی خۆی، خۆی ئازا بنوێنێت و بە شان و بازووی لەشکری نەتەوەکەیشی هەڵبلێت.

440 - الحمدانی، ص ١٤٦.

ئەم گوتارەی بانەوە، نەك هەر ناشێت بچێتە خانەی چەواشەکردنەوە، بەڵکو مرۆڤ پێکەنینی پێی دێت، هەر هێندەی لێ دەوەشێتەوە پێی بڵێیت ((یاخوا هەروا سەرکەوتووبن و خودا بۆ نەتەوەی عارەبی مەزن، تەمەن درێژ و پایەدارتان بکات. بەراستی مێژوویێکی پڕشانازی تۆمار دەکەن! ئەم دیرۆکەی پتر لە وڕێنە و قسەی هەڵبزڕکاو و حەلەق و مەلەقی پیرێکی بەدمەستی تێکچوو دەچێت، نەك چەواشەکردنی بە تەمەنێکی ئەزموونداری لێزان و تایبەتمەندکار!.).



دەگیرا، لە هەمان کۆسپدا ساتمەی دەکرد، دەکەوت و بە خوێنی عێراقییان هەڵدەستایەوە، دووبارە، مامی زۆربارە تێدەکەوتەوە. چۆن هەمیشە کێشەیەکی بەردەستی بە گرفتێکی دووری گەورەتر چارە دەکرد. بەڵێ لە دڵڕەقی و لاملی و گوێنەدێری و خۆ بەزانا زانیدا لە مێژوودا بێ وێنەبوو.

((حازم جەواد لە دەمی حوسێن کامل دەگێڕێتەوە: لە ئەنجامی روانینی بۆ درامای رووداوەکان دەماری گرژبوو و گوتی: سەرۆك هیچ تێبینییەك یا بەخۆ داچوونەوەیەکی ناوێت، لە هیچ قسەکردنێکی بە پێچەوانەیشی نابوورێت))[٤٤١].

((سەلاح عومەر ئەلعەلی لە زاری عەدنان خەیروڵاوە: سەددام کەسێکە پەیوەندی بە سوپا و بە زانستە سوپاییەکانەوە نییە، هیچ شتێکیش دەربارەی جەنگ نازانێ و ناشزانێ بەرێوەی ببات، بڕیارەکانی خستۆتە ژێر دەستی خۆیەوە و سەرکردە سەربازییە لێزان و پسپۆڕەکانی وەلاناون، دەست دەخاتە ناو هەموو گەورە و بچووکێکی پلاندانانەوە، ئەمە لە گشت لایەکەوە بەرەو دۆڕاندن و کارەساتمان داژوات))[٤٤٢].

دونیا دەزانێت بابە سەددام هەفتەیەك سەربازی نەکرد، مانگێك راهێنان و خوێندنی ئەفسەران و لەشکرزانی نەبوو، کەچی یەکسەر خواکردە پلەی پایەدار سیلەی[٤٤٣] بەست "بە تێژ تێژێك" بوو بە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق. خۆی بە جێگری خودا لەسەر زەوی داناو نۆهەد و نۆ ناو و نازناوی جوانیشی بۆ ئامادەکرا. قوسەی سەددام، هەر سەری لە هێلکە دەرکەوت، ئەفسوونکاری لە پایەی سەبازیدا بووە جێگری یەکەمی باوکی.

هاشم سوڵتان، شووی حەلا سەددام بوو بە وەزیری بەرگری...

ئەو ئەفسەرە مەزن و پیشەییانەی لە دڵەوە سەریان بۆ سەددام و قوسەی دانواند و لەقەیان بۆیان لەزەوی کوتا، لە ئاستیاندا بوون بە پەیکەر، لە دوای لە ناوچوونیشیاندا، بە جەڤەنگی نەتەوە و نیشتمان و عێراقپەروەر و بڕوادار و پیشەزان بزانن! بۆ هۆکارەکەی دەبێت هەر لەخۆیان بپرسین! چونکە کەس سەری لەم حندحۆپ و سەراوبنبوونە بێ سەروبنەدا دەرناچێت.

((سەددام لە سیاسەتی دەرەوەدا نەزان بوو))[٤٤٤].

441 - شربل، ل ٨٤.

442 - شربل، ل ١٥٤.

443 -پایەدار سیلە: مهیب رکن، سامدار سیلە، بەرزترین پلەی سەربازییە لە سەرزەوی و لە ئاسماندا.

444 - شربل، ل ٢١٣.

واباشترە بڵێین عێراقی سەردەمی سەددام و بەعس: زەبەلاحێکی سەربازی، حوجێکی ئابووری، کورتە باڵایەکی سیاسی بوو، یانە بڵێین ئەڵەمانیای سەردەمی نازیزم و هیتلەربوو.

سەددام لە بەرەکانی جەنگدا هەمیشە وەك چاودێرێکی سەربازی، بە دووربینی زەبەلاح، لەروانگە و سووسەکاندا دەیڕوانییە هێڵی سوور و کوشتارگە و ناوچەی قەدەغەکراو و لەشکری دوژمنی، بەڵام هەرگیز بە بیری دانەهات سەیرێکی ژێر پێی خۆی و تاوانەکانی خۆی و هاریکارانی و باری هەژاری و هەتیوباری و بێوەژنکاری و پەل بڕاو و مل پەلدراوانی ژێردەستی بکات!

((عەلی حەسەن مەجید (مامی سەددام) سەربازبوو، بوو بە سالاری یەکەم، حوسێن کامل مەجید سەربازێکی نیمچە خویندەوار، کرایە سالار یەکی سیلە))[445].

**٦- کەللە شەقی و لووتبەرزییەکەی وێنەی نەبوو:** دۆنکیشۆت توندڕەوێکی بێ هاوتاو تاکڕەوێکی لەخۆبایی بوو. لە ئەنجامی ئەم خەسڵەتەیدا باکی بە تێکەوتن و ئەگەری ترسناکەکانی دەوروبەری و دەرەوەی دوور و نزیکیدا لە ئەنجامی کردە کورتبینەکانی نەدەکرد، لە باسکردنی رووداوەکاندا ئەم رەفتارەی لە گشت کردارەکانی دیکەی زەقتر دیارە، بۆیە پێویست بە نموونە و بەڵگە ناکاتەوە، هەر ئەوەیش بوو، خۆی و گەلانی عێراقی تووشی گێژاوەکانی جەنگی کوردستان و ئێران و داگیر کردنی کوێت و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا و جیهانی خۆرئاوا کرد.

**٧- بێ بەروپشتی: ((ئەمە رەوشتی سەرکردەی مەزن و بێ هاوتای ئوممە بوو. ئەمڕۆ رێککەوتننامەیەکی واژۆ دەکرد، بەیانی پاشگەزدەبۆوە، هەروەك هیچ رووی نەدابێت لە لای وابوو.))**[446].

((سەلاح عومەر ئەلعەلی: گرفتێکی سەددام ئەوەبوو: لە رووکاردا رێککەوتننامەی مۆردکرد، بەڵام لە راستیشدا هەر بڕوای بە چارەسەرکردنی بەهێز هەبوو.))٤٤٧ .

فەرماندەی سەرکردە برای دایك و باوکیی کوێتی عارەبی و دوژمنە گەورەی فارسی مەجووس بوو، بە خوولەکێك سەد و هەشتا پلە سووڕا، برای کردە دوژمن و دوژمنی کردە برا، ئەگەر تاکو ئێستا، خودا مۆڵەتی بدابوا، ئەوا چوار جاریی دیکەیش بەلای هەرەکەم، لە هەمان شوێن و لەسەر هەمان پێ دەسووڕا و وەردەگەڕا.

---

445 - هەمان سەرچاوەی بانەوە.

446 - دزەیی، ل ٢٩١-٢٩٢.

447 - شربل، ل ١٥٩.



بەناو، بە کردەوەی بەرچاو، سەرکردە برای یاسر عەرەفات و لایەنگری گەلی فەلەستینی بێ پشتیوان بوو، لە هەمان کاتیشدا لایەنگری چەتە[448] فەلەکانی خوارووی لوبنان (بە سەرۆکایەتی عیماد میشێل عۆن) بوو، بۆ ئەوەی لە باشووری لوبناندا خۆگربن و لە دژی سووریا کاربکەن))[449] بە چەك و بە پارە پشتیانی دەگرت.

چەتەکان راستەوخۆ سەر بە ئیسراییل بوون. میشێل عۆن ئەوکاتە داردەستی جوو و دوژمنی سووریا و لوبنان و گەلی فەلەستینی بوو، ئینجا برای پۆشیار! بۆچی و چۆنی دادەپۆشێت؟ وەرە نەڕە قرشێك بگرە و گەڵت تەڕنەبێت!؟

لە دوایین ساڵانی سەرتەختیدا، هیچ گەلحۆیەك بڕوای بە گوفتار و کرداری سەرکردەی بنکەوتە نەمابوو! خودا هەڵناگرێت ئەویش متمانەی بە گەلی و بە کەسوکاریشی نەبوو. نەك گەلەکەی، بەڵکو تاکە سەرکردەیەك کە نێوانی لەگەڵ چاکبێت و لە جەژن و بۆنەکاندا نامە و پیرۆزباییان دەگۆڕییەوە و برا و برادەری یەکبوون: سەرۆك رادۆڤان کەرادیچ سربینیسیا، سەرۆکی بۆسنی- سربستان- کۆسۆڤۆ، بوو، کە ئەویش لە ساڵانی ٩٢- ١٩٩٥دا بە تاوانەکانی لەناوبردنی موسڵمانانی کۆسۆڤۆ، درایە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای. لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەودا ((لە یۆگوسلافیای کۆندا دەستدرێژی کراوەتە سەر ٢٥- ٣٠ هەزار ئافرەت))[450]. کوشتنی دەیان هەزار و زیندەبەچاڵ و ناشتنی دەیان و سەدان گۆڕی بەکۆمەڵیشی لەسەر ئاشکرا بوو. "تەیری گول ئاشق بە داری زەقنەبووتە".

توندڕەو نیم، سیخورمەکانم بۆ بەئاگا هێنانی ئەو پیاوە گرانانەیە، گرانەتایان گرتووە و بە ئەنقەستیش وادەنوێنن خەوتوون، زیندە خەونان دەبینن. لە بە ئاگاییەوە لەبەر خۆیانەوە ورێنە دەکەن، بە هیچ دەرمانێکی کۆن و سەردەمیش گرانی و گرانەتاکەیان سووك نابێت! ناکرێت لەڕووی یاسای مرۆڤایەتییەوە بە پێشێلکاری ماف و زەوتکاری سەربەستی تاك و کۆمەڵ دابندرێین، چونکە لە کارکردندا: نیاز و شێوازی کار و ئەنجامەکان پێویستیی دروستن، نەك هەڵبەستن و گوتن.!

خواکردەیە، ئەوەی ستەمکار بە ناڕەوایی دەیکەن و بە بێدادی دەیخۆن ، رەوا لە ناوگەدەیاند دەیکاتە ئاگر و لە لووتیان دێتەوەدەر.

---

448 - میلیشیا، چەکداری نایاسایی.

449 - شربل، ل ٢٣٤.

450 - کاکە وەیس، حەکیم (٢٠٠٦) نامەکانی مەسعوود محەمەد، ل ٦٦.

((سەددامییەکان بۆ تۆقاندنی عیّراقییان پەنایان دەبردە بەر ناوی (نازم گزار)[451].

ناوی نازم لە بواری هونەری کوشتن و ئازاردانی خەڵکدا بە سام و تۆقێنەربوو، ناوبانگی بە شێوازە قێزەونەکانی ئازاردان و کوشتنی بەرهەڵستکاران دەرچووبوو: وەك بڕینی پەل و جەستەی گیراوان بە مشاری کارەبایی، لێدانی تەزووی کارەبا، هەڵجنینی مرۆڤ، هاڕینی مرۆ بە ئامێری ئاسنین، تواندنەوە لەناو تیزابدا، ژەهر دەرخوارد دان[452]. هەر ناوهێنانی: کۆشکی کۆتایی، بارەگای دەزگاکانی هەواڵگری و سیخوڕی و ئاسایش[453]، هێندە سامدار و ترسێنەربوون موچڕکی بەناخی مرۆدا دەهێنا))[454]. سەددام " هەرکەسێك خیانەت لەم وڵاتە بکات، ئێمە سەری پەلدەدەین... سەری لەبەر چاوی خەڵك دەپەڕێنین" [455]

451 - بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، کە بە دڕندایەتی ناوی دابوو، تا ماوەیەکی زۆر ناوێکی ترسێنەربوو، دواتر گزار ویستی سەددام و ئەحمەد حەسەن بەکریش بکوژێت، بەڵام شکا و گیرا، بەدەستی کۆنەیارانی و دوژمنانی نوێی کوژرا، دوای لەناوچوونیشی تا ماوەیەکی باش گشت تاوان و - زۆرینەی هەرەزۆری رووداوە ناپەسندەکان کارە دڕندایەتییە کۆن و نوێیەکانی بەعسیانییان دەخستە ئەستۆی ئەوەوە. کردیانە (تڕبەسەرەی) ئەوکاتە. تڕبەسەرە: پەندێکی فۆلکلۆرییە ((پیاوێك دەبێتە میوانیماڵێك، ژنێك و منداڵێکی پێوەرۆکە لە ماڵەکەدا دەژین. لەکاتی چێشتخواردندا، ژنە بایەکی لێ بەردەبێت، بۆ شاردنەوەی لەدەست دەرچووەکەدا، شەپێك لە سەری منداڵەکە دەدات و چاوی لێ سووردەکاتەوە، گوایە منداڵەکە تڕەکەی کەندووە، پیاوەیش دەزانێت، بۆیە ئەویش بە ئەنقەست تەقەڵی شلدەکات و دەستی پێدادێنێت و شیڕەی لێوە دێنێت. خێرا چەپۆکێکی زڕباوکانی لە سەری منداڵەکە دەدات، منداڵ دەگریت، ژنەیش روودەکاتە پیاوە و " ئەیەڕۆ...! بەم سەر و سمێڵ و قەڵافەتەوە شەرم ناکەیت!؟ دەتڕیت و لە کوڕەکەیشم دەدەیت؟ ". پیاوە: "بمبوورە وامزانی: تڕبەسەرەیە، هەرکەسێك تڕبکات شەپ لەسەری ئەم منداڵە دەدات".)).

452 - وەك دەگوترا گەلێك لە نازییە دڵڕەقەکانی رەتدابوو. گەلێك شێوازی نوێشی داهێنابوو.

453 - دادگای شۆڕش، تۆقێننەرترین نابوو.

454 - عبود، زهیر کاظم،محکمة الأنفال، ص ١٠.

455 - جەزاییری، بەرلە ئەنفال. ل ١٠٢.



٨- **موسڵمانییەتی سەددام:** نییە نەزانێت ((بیر و بۆچوونی بەعس لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لە هزری نازییەتەوە هەڵقووڵاوە. کاریگەری ستالینیزمیش بە زەقی لە بیری سەددامدا رەنگی دابۆوە))[456].

((هەر بزووتنەوەیەکی رامیاری، مۆرك و شێوە و شێوازی کارکردنی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە میانیانەوە، لە بزووتنەوەکانی دیکەدا جیادەکرێتەوە. ئەوەی حیزبی بەعس لەوانی دیکە هاوێردەکات: ئارەزوومەندیی ئەنجامدانی تاوانی رێکخراوە، بە دەنگۆی: پاراستنی یەکیەتی گەلی عەرەبی و هێنانەدی ئامانجەکانی: ((یەکیەتی سەربەستی سۆشیالستی))، لە ژێر دروشمی (نەتەوەی عەرەب یەکە، پەیامەکەیشی نەمرە))[457].

(بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ٤ لە پاشکۆکەدا).

هەرکەسێك نیاز و پیلانەکانی سەرکردەی مەزنی زانیبێت! ئاگاداری ئەدەبیاتی بەعس و بەرنامەکانی میشێل عەفلەق و شبلی عەیسەمی و ئەلیاس فەرەح بێت، یا لە کوردستان و عێراق و ئێران و کوێتدا رەفتارەکانی دیتبێت، وەك خۆی گوتەنی "شوێنپێ هێمای رۆیشتنە" بە دڵنیایی و بێی دڵ لە دڵدان، دەزانێت کە خوێندنگەکەیان خوێندنگەیەکی علمانی رووت و نەژادپەرستییەکی توندڕەوە. خۆبینێکی بێ ئاوکوفە، رێبازێکی کوشتن و تۆقاندن و سووتاندنی مرۆڤایەتی و کاولکارییەکی بێ هاوتایە. بۆ بەرزبوونەوەیان، گشت ئایین و بەها پیرۆزەکان دەخەنە ژێر پێیانەوە. گوتە درەوشاوە و نواندنە رووکارییەکان لە دەزگاکانی راگەیاندندا دەریدەخەن: هەنگوینێکی ژەهرینە.

لە مێژە گوتوویانە" کار بە دەست و ئیشە نەوەك بە دەم وریش".

مەحموود عەبدەیش لە پەرتووکەکەیدا[458]. وەك حەمدانی زۆر بە خەمخۆرییەوە کۆشاوە، بڕوا بە خوێنەر بێنێت کە سەددام سەرکردەیەکی عارەبی موسڵمان و لە خوا ترسێکی دادپەروەرە. رۆژئاوای هێناوەتە لەرزین، بۆیە بە گەلەکۆیی و بە ناڕەوا لەناویان برد.

456 - عبود، زهیر کاظم، قضیة الکورد الفیلیین، ص ٥٠.

457 - عبود، زهیر کاظم،محکمة الأنفال، ص ٧-٨.

458 - عبده محمود، صدام رحلة النهایة أم الخلود. ص ٣٩-٥١.

دروستکردنی مزگەوت و چاپ و بڵاوکردنەوەی قورئانی پیرۆز بە وڵاتانی ئیسلامدا، قەدەغەکردنی مەی فرۆشی و بادەنۆشی، کوشتنی ژنانی لەشفرۆش و... بەڵگەی بۆچوونەکانی نووسەرە.

گوتوویانە: "ئائاگا زلیش بێت وەك کەندوو بۆشە، دەنگی دەهۆڵێش هەر لە دوور خۆشە. دۆستت نەزانبێت لەبەری هەڵێ، روو رەشی لە دووە ماچی مەنجەڵێ "

**٩- مزگەوت رووخێن و قورئان سووتێنیی:** ئەگەر بەوەی ریسەکەیان دەبێتەوە خوری، گرژنەبن! ئەوا دەپرسین: کە گاورێك لە رۆژئاوادا ویستی دانە قورئانێك بسووتێنێت، سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی هاتە هەژان و ورووژا، بە تاوانێکی کەسنەکردە و بێ هاوتا زاندرا، بە خۆپیشاندان و گەف و سەرکۆنەکردن و داوای جیهادکردن بەرپەچی درایەوە.

دەپرسین: بۆچی کە سەرکردەی مەزن، ریشسپی کردارڕەش و هاوبیرانی، (٤٥٠٠) گوندی کوردی موسڵمانیان بە مزگەوت و کلێسا و بە دەیان هەزار قورئان و ئینجیلەوە، بە ژن و منداڵ و کەنەفتیانەوە، سووتاند، عارەبێکی خاوەن ویژدان، براموسڵمانێکی هاوئایینی کوردان، گوتەیەکی لەدەم دەرنەچوو؟

یان سووتاندنی مزگەوت و قورئان بەدەستی سەرکردەی موسڵمانان تاوان نییە؟ بۆچی تاکو ئێستایش برایانە دەرخۆنە دەخەنە سەر کارەکانی موجاهیدی مەزن!؟ ئایا داپۆشینی رەشەتاوانی موسڵمانان، بەرامبەر قورئانی پیرۆز، بڕواداری و سپیکارییە؟.

کە سەرکردە بۆ داپۆشینی کردەکانی، لێرە و لەوێ مزگەوتێك بە سامانی گەلی عێراق دروستبکات، یا کاتێك لە کوشتنی چەندین بێ دەسەلاتی ژێردەستی دەگەڕێتەوە، بۆ چاوبەستنی موسڵمانانی سادە، بەبەر چاوی کامیرا و دەزگاکانی راگەیاندن دەچێت نوێژدەکات و قورئان دەخوێنێت.

نیشانەی دووڕوان، سێیە... ئەو چوارەمیشی رەگەڵ خستۆتەوە: "ئەگەر دوژمنداری کەسێکی کرد، ئەوا بەدرەوشتی لەگەڵ ئافرەتەکانیان دەکات"[٤٥٩].

ژیران، بەدوای سپیکردنەوەی رابردووی رەش، کات نادۆڕێنن، خۆشیان رەش ناکەن، بەڵکو لە پێناوی ئاییندیەکی پاك وپرشنگداردا دەکۆشن، خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بە سەربەرزی بژین و بە مەزنی بمرن، داهاتووی نەوەکانیان گەش و گەشاوەبکەن.

459 - علامات المنافق ثلاثة: اذا حدث كذب، اذا وعد اخلف، واذا اءتمن خان. و رابعهم: فاذا خاصم فجر.



**١٠- رەوشت رەشی و بەدکرداریی:** ((دەسەڵاتدارانی رژێمی سەددام، زۆر بە نامەردی بەرهەڵستکارانی خۆیانیان لەناودەبرد، تاوانی بەدرەوشتیشیان دەخستنە پاڵ، ئەوەی دەربارەی سەردار سیلەی پەڕەشوتوان (عەبدولکەریم مستەفا نەسەرەت- کە سەرکردەیەکی سوپایی بەعس بوو و لە کودەتاکەی شوباتی ١٩٦٣دا سەرکردەی هێرشبەران بوو بۆ سەر وەزارەتی بەرگری لەبەغدا [٤٦٠]) کەچی رەگەڵ لە سێدارەدانی جوولەکەکانیان خست)، نموونەیەکە، هەروەها چەندین مرۆی نیشتمانپەروەریان لەناودەبرد و تەرمەکانشیان لە شوێنی گوماناویدا، لە نزیك تەرمی ئافرەتانی لەشفرۆش فڕێدەدا))[٤٦١].

کە بە فەرمانی سەرکردەی کەس لە گوین نەبووی، چەند ئافرەتێکی لەشفرۆش، لە مەکۆی لەشفرۆشیدا، بەنیازی دەربڕینی چاکسازی کۆمەڵایەتی چاوترساندن و نەهێلانی بەدڕەفتاری، لە تاریکە شەودا لە ماڵی خۆیاندا کوژران و تەرمەکانییان لە سەرە رێگا و شەقامە سەرەکییەکانی بەغدا و لە کەناری دیجلەدا، لە تەك پایەی پردەکان بۆ بەڵگەی مرازپاکی بەبێ مرازی فڕێدران وخرانە بەرچاوان!

هەر لە و کاتەوە بە راشکاوی دەگوترا: مەبەستی سەرکردە کوشتنی ژنی دامەن تەڕ نەبوو! بەڵکو لەگەڵ ئەواندا چەندین نەیار و نەویستی خۆیشی لەناوبرد و بە مردووەتیش ئابڕووی بردن!

ئەگەر کەسێك لەسەر بەدڕەوشتی و بە تۆبزیگاین شایانی کوشتن بێت، ئەوا سەرکردە و کوڕە گەورەکەیەتی، ئاخۆ عێراقییەکی ئەوکات هەیە نەزانێت چۆن سەرکردەی ئوممە، سەمیرە شابەندەر (ژنێکی شوودارپوو، مێردەکەیشی ئەفسەرێکی پلەبەرزی سەرکردەی مەزن بوو)ی زەوتکرد؟

ئاخۆ هیچ کەسێك لە رۆژهەڵات و خۆرئاوادا هەبووە، هێندەی کوڕەگەورەی سەرۆك ناموسبەر زەوتکار و کچ رفێن؟

ئاخۆ کە لە ناوەندی بەغدا هەولی کوشتنیان دا، کچێکی جوانکیلەی بڕوادار خۆی نەکردە دانەی داو، تەنیا بۆ ئەوەی میری رەوشت گەنیوان لەناوببەن؟

ئاخۆ هەر هەمان تەیرەل ئەبابیلە، چێشتلێنەرەکەی باوکی لە پێناوی دەستدرێژی کردنە سەر کچێك نەکوشت؟

((لە سۆنگەی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدانی ئەنفالدا، تاوانێکی گەورەی دیکە لەناو تاوانەکانی ئەنفالدا دەرکەوت، ئەویش بازرگانی کردن بوو بە کچانی کورد.

460 - شربل.

٤٦١ - عبود، زهير كاظم،محكمة الأنفال ، ص ١٨٦.

له نووسراوێکی فەرمی نهێنی و بەلەزی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری پارێزگای کەرکوك، بە ژمارە ۱۱۰۱ لە ۱۹۸۹/۱۲/۱۰دا دەرچووە و بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری ناردراوە. لە سەرەتای نووسراوەکەدا هاتووە: بە پێی داوای راستەوخۆی سەرکردایەتی رامیاری، پەیوەست بە ناردنی کۆمەڵە کچێك، لە مانەی لە ئەنفالەکانی یەکەم و دووەمدا گیراون، بۆ شوێنەکانی رابواردن و یانەکانی شەوانە لە کۆماری میسردا. دەنێرین.

لیستێکیش بە ناوی کچەکان و تەمەنیان لەگەڵ نووسراوەکەدایە. تەمەنی هەندێکیان لە نێوان ۱۲-۱۵ ساڵان بوو))[٤٦٢].

((لە ساڵانی ۸۷- ۱۹۸۸دا، لە بەغدا بووم، پیاوانی عێراقی بە فەرمانی سەرکردە لە بەرەی کوشتارگەکاندا دەیانکوشت و دەکوژران. یا لە عێراق دەرچووبوون یا لە بەندیخانەدا دەناڵین. جێگەی پیاوە عێراقییەکانیش لە کارەکانی بازاڕ و کارگە و کێڵگە و باخچە و ناو ماڵی عێراقییەکان بە کوڕە گەنجی سەڵتی میسری[٤٦٣] پڕکرابۆوە. بە چاوی سەری خۆم بینیم: ئافرەتی عێراقی بە پێی خۆیان دەهاتن لە دەرگای پیاوە میسرییەکانیان دەدا و دەچوونە ژوورەوە، وادەبوو لە دەرگەی ئێمەشیان دەدا و دەیانگوت، هیچ پێویستییەکتان نییە بۆتانی بکەین؟

((ژمارەی میسرییەکانی ئەو کاتە لە عێراق کاریان دەکرد، لە نێوان: (۱۲۵۰۰۰۰- ۲۰۰۰۰۰۰) کەس بوو))[٤٦٤] سەرەڕای دەیان یان سەدان هەزار سودانی.

دوکتۆرێکی سودانی (عابدین زەینەل عابدین کە لە رێکخراوێکی نێونەتەوەییدا لە ساڵی (۲۰۰۲) لە هەولێر کاری دەکرد) بۆی گێڕامەوە: میسرییەکان بە راشکاوی دەیانگوت: "خودا ئەم خودایەیە! عێراقییەکان دەهاتنە قاهیرە، بە زەبری دراوی نەوت ئافرەتەکانی

462 - المصدر السابق، ص ۸۸ و ۹۲.

463 - پیاوانی عێراقی لە بێ دەسەڵاتییاندا بە (گەدەع، بتاع کوللوه) ناویان دەبردن، بتاع کوللو: واتە شیاوی هەموو جۆرە کارێکە. ئەگەر میسرییەکە کێشەیەکی لەگەڵ عێراقییەکدا هەبوایە ئەوا بە پێی رێساکانی ئەوکات دادگا لایەنی میسرییەکەی دەگرت، چونکە هاونبشتمانی و هاوخوێنی عارەبە و هاتووە هەرێمی عێراق ئاوەدان بکاتەوە.

لە دوای گرتنی کوێت و شاپڕێنکردنی سەرکردەی بەغدا، میسرییەکان بەناچاری گەڕانەوە میسر، بەڵام داوای قەرەبووکردنەوەی لە کاربوونیان لە گەڵی عێراق دەکردەوە...

464 - عەلی، د. حوسێن عەبد، بەهرام، کورد عەرەب شۆڤینیزم، ل ۱۲۵.



ئێمەیان دەستەمۆ دەکرد، کەچی ئێستا ژنەکانیان لەبری پیاوەکانیاندا دێنە قاهیرە، یا لە بەغدای خۆیاندا بە پێی خۆیان دێن و لەدەرگامان دەدەن و پارەیشی لەسەر دەدەن!"

راسپۆتینیش لە دەزگاکانی راگەیاندندا رایدەگەیاند و دەیفەرموو: بە خوێنی پیاوانی عێراقی، لەسەر سنوورەکانی ئێراندا داکۆکی لە شکۆداری ئومە و کەوشەنی رۆژهەڵاتی نیشتمانی گەورەی عەرەب و ئابڕووی ئافرەتانی عێراقی دەکەین!

هەرکەسێك مەبەستی چاندنی تۆی بەرەڵایی و کلۆرکردنی هەناوی کۆمەڵگەکەی نەبێت، ناچێت لەسەر هێچ و بۆ هیچی لە هیچ نەبووی، پیاوەکانی بکوژێت و بە کوشتنی بدات. وڵاتی تووشی بێ پیاوی و قاتی و قڕی و نەهامەتی بکات! هەموان دەزانن کە جەنگ، وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و تەپاندنی مێچی روشت بەرزی مرۆڤایەتی پێوەیە.

زۆری بێوەژن و هەزارەزیلەی منداڵی هەتیو و لەشکری برسییەتی و بێ سەرپەرشتیاری و حەشاماتی مرۆڤی دەست نەمای و قاچ براوە، لە دەستدانی بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی بە دواوەیە. بە چەندین نەوە، کۆمەڵگەکە ناکەوێتەوە سەر پێی خۆی. تاکە شتێك لە جەنگ کاولکارتربێت هەر جەنگە.

رۆژێك لە مانگی گوڵانی ساڵی (۹۸۷)دا، سەیفەدین حەمەد ئاسك دیبەگەیی- دەرچووی کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری- زانکۆی موستەنسیرییە (ماوەیەك کارمەند و بەڕێوەبەری ژمێریاری بوو لە وەزارەتەکانی تەندروستی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم). لە بەغدا گوتییە من: "بۆ ئەم دانی ئێوارەیە نایەی پیاسەیەك بکەین و بچینە کۆڕنیش، هەندێك شوێنی خۆش لە بەغدا هەن تۆ تاکو ئێستا نەت دیون. بەر لە خۆرنشین بە کۆڕنیشی کەنار دیجلەدا دەڕۆیشتین، لە ساکەگۆڕ[٤٦٥] و لە ناوچیمەن و لەژێردار و لە پەنا دەوەنەکاندا کوڕ بە جلی سەربازی و کچ بە بەرگی زانکۆمان بینی: بە سەرگەرمی و مەدهۆشییەوە دەم لەناو دەم و دەست لەنێو سنگ و گەڵی یەکدی. من لەپێشدا باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد، کەچی سەیفەدین گوتی ئەگەر تا دوای خۆرئاوابوون بمێنین، ئەوکاتە: گەمەی سکسکانێ و کیرمەکوونانێ بە رووت و رووتی و گاڕانیش دەبینین.

ناڵێین فرە روویی! جوانترە دیپلۆماتکارانە بە نەرمییەوە بڵێین سەیرەکە لەوەدایە: سەرکردە و یاوەر و یارانی سەرکردە، گۆشتی دەخۆن و گۆشتاوەکەی دەڕێژن! ژنانی لەشفرۆش

465 - ساکەگۆڕ: گۆڕەپاتی راست و بێ پەنا وپەسێو. ساحە جرداو

لەماڵی خۆیاندا دەردێنن و بە ناوی ئایینەوە دەیانکوژن، کەچی ئەوانەی لەسەر شەقام بەیەك وەدەبن، ئازادی و سەربەستییان لێ تێك نادرێت!

درۆی هێندە رەش و بەناوی ئایینیشەوە سپیکردنەوەی ناوێت! هیچ گەمژەیەك نییە بۆنی گەنیوی کەلاکی تۆپیو، بە گولاو بکرێت!

**١١- بەخشندەیی سەرکردە:** فەرماندەی عێراقی عروبی، لەو رۆژیەوە کە بوو بە سەری ئەم وڵاتە، لە بەخشینی خاك و سامانی عێراقییاندا بە سەر خزمانی و هاریکارانی نزیکی و وڵاتانی عارەب درێغی نەکرد. وەك ماڵی دوژمنی بێت، بە راست و چەپ تەخشان و پەخشانی دەکرد

((سەلاح عومەر ئەلعەلی: خەیروڵا تلّفاح (خاڵ و خەزووری سەددام)، رۆژانی هەینی بەبێ ئاگاداری قایمقام، دەچوو دەرگای فەرمانگەکەی دەکردەوە، باخ و زەوی خەڵکی زەوت دەکرد. کە قایمقام[٤٦٦] دەهاتەوە سەرکار، ئەوکاتە شتەکانی دەبینی! جارێکیان ئاگاداری حیزب کرایەوە، ئەوانیش ویستیان بە رێزەوە خاڵە خەیروڵا تێبگەیەنن، بەڵام ئەو گوێی نەگرت و فەرمانی دا قایمقام و فەرمانبەرانی بخرێنە بەندیخانەوە))[٤٦٧].

فەرماندە رووبەرێکی زۆری خاکی عێراقی کردە خەڵاتی مەلیك حوسەینی ئوردەن، هەندێکی بەخشی بە شای عارەبستانی سعودیە و برێکیشی لەسەر میری کوێت تاپۆکرد (ئەگەربڕواناکەن، بڕواننە نەخشە و رووبەری خاکی عێراقی بەر لە هاتن و لە دوای نەمانی سەرکردە).

سەرکردە داهاتی نەوتی گەلی عێراقی بە ناوی عروبەوە بەسەر سووریا و ئوردەن و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی و میسر و سودان و سۆماڵ و خوارووی لوبنان و جیبۆتی ولد دادا، لەخۆڕا و بە خۆڕا هەڵدەڕشت. هەرهێندە پێی بڵێن ((سەرکردەی مەزنی نەتەوەیە))، کەچی بەشی گەلانی عێراقی ژێر چەپۆکیشی  هەر ترس و لەرز و برسییەتی و نەبوونی، بەندەیی و بەندییەتی و کوشت و کوشتاری لەبڕان بوو. کاتێکیش سەرکردەی مەزن لێی قەوما (گەمارۆی نێودەوڵەتی بەسەردا سەپێندرا، گەلانی عێراق تێکڕا لە برسانا لنگیان راکێشا، لە نێو خەم و مەینەت و کارەساتە یەك لە دوای یەکەکانی عروبیان کەوتنە گیانەڵا) ئاخۆ ئەم هەموو پاییزە برایانە، ئەعرابییەکان، کەسێکیان بە نهێنیش لایەك و دەرگایەکیان لێی

466 - نازانین، مەبەستی قایمقامی تکریتە یا سامەڕا یا بەغدا، یا خالص چونکە ئەو زۆربەی رەز و باخ و زەوییەکانی ئەو ناوچانەی لەسەر ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی تاپۆکرد.

467 - شربل، ل ١٢٠.



کردەوە؟ کەچی بێچووە عروبییەکان هێشتایش هەر نەخۆشی خۆویستین، پەتای عروبەچیایەتی وخۆ بەسەرکردەی نەتەوەی عارەبزان بەرۆکی بەرنەداون. بەڵێ دووجاران لەراهی خودا (بەبێ هیچ تێچوونێك) بە قسە ئامۆژگارییان کرد، جارێك بەر لە رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا، حوسنی موبارەك سەرۆکی میسر پێی گوت:

ئەی سەددام ! ئایا تۆ دەزانیت رووبەڕووی کێ دەوەستیتەوە؟ ئەوە ئەمریکایە! سەددام، لەوپەڕی زەبەلاحیی و گەف نواندنەوە، بە سەری لمووزی: بۆچی ئەمریکا کێیە؟ دەبێ بزانن کە من سەددام حوسەینی بڕوادار، سەرۆك کۆماری عێراقم!

لە نووچەی رۆژانەی کەناڵە ئاسمانییەکانی عارەبانیشدا چەند رۆژێك بەر لە هێرشکردنی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر سەددام، میرێکی کەنداوی عارەبی لە کۆبوونەوەیەکدا لە رووی عیزەت دووری بریکاری سەددامدا، بۆ ئەوەی عێراق رووبەڕووی ئەمریکا نەبێتەوە. سەددام و عێراق و ناوچەکەیش لە مەترسی جەنگێکی مسۆگەری ترسناك بپارێزرێت، پێشنیاری کرد: واچاکە سەددام بۆخۆی و خزمانی سەرمایەیەکی چاك هەڵگرێت و دەست  لە کورسی سەرۆکایەتی عێراق بەربدات. کەچی عزەت لەناو کۆبوونەوەکەدا بە هەڵچوون و گەفەوە گوتی:

"هەی نۆکەر! نەفرەتت لێبێت.! تۆ دەم لە چی دەدەیت"

((سەرۆکی سۆڤیەتیش لە ٢٠٠٣/٥/١٥دا بەم بۆنەیەوە مافی پەنابەری بۆ دابینکرد))[٤٦٨]. بەڵام ملهوڕی تڕۆ، پتر هوڕ و تووڕەتر دەبوو، مەیدانی دەخواست، کەلەشێرانی، لە ناوەختدا بانگی دەدا. تاوەکو سەری خۆی و سەری گەلێکی زۆری خوارد.

((لە ٢٠٠٣/٣/١٨دا جۆرج بۆش (سەرۆکی ئەمریکا) سەددامی ئاگادار کردەوە: کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا عێراق جێبهێڵێت))[٤٦٩].

**١٢- خۆبینی و خێڵ ویستی و ناوچەپەرستی:** کەسێك نییە هێندەی ئەم سەرکردەیە خۆی بە لێزان و لێهاتوو بلیمەت دانابێت، ئەگەر بۆ نواندن و بەرچاوی کامیرا و خەڵکی دەرەوە نەبووایە، هەر وەك سەردەمی حوشترەوانی مێرد منداڵیەتی خۆی، لە نێوان عۆجە و حەویجەدا بە تەنیا شوانایەتی هەموو عێراقی دەگرتە ئەستۆ. لە کاتی شێنەیشدا کەسێك نەبوو زاخبکات قسەیەك لە قسەی ئەو بکات.

468 - عبدە،  ص ٣١.

469 - عثمان، محمود احمد، ص ١٢٧.

هەموو دەزگا گرنگەکانی عێراقی لەسەر بنەماڵەی خۆی تاپۆ کردبوو، لە هەرێمی کوردستاندا عەلی حەسەنی ئامۆزای دەسەڵاتی تەواوی سەرۆك کۆماری هەبوو.

لە سەرەتای دوایین جەنگی کەنداودا سەرۆك عێراقی کردبووە چوار هەرێم، قوسەی (کوڕی بچووکی سەرۆك) بەرپرسی سەرکردایەتی ناوچەی بەغدا و تکریت بوو، عەلی حەسەنیش بەرپرسی هەرێمێك))[470].

((قوسەی سەرپەرشتیاری گشت فەرمانگەکانی هەواڵگری و ئاسایش و هێزی پاسەوانی کۆماری و جێگری فەرمانداری گشتی سوپا (سەددامی باوکی) و نووسینگەی سەربازی بەعس و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس بوو...

عودەی سەددام بەرپرسی ڕاگەیاندن و سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق و... بوو))[471]، پیاوم دەویست لە کوشتن و زەوتکردن و کچ ڕفاندندا چاو بکاتە چاوی.

ساجیدەی خەیروڵڵای خێزانی. عەدنانی برای خانم ،خەیروڵڵای خەزووریی.

((دووکچەکەی سەددام (رەغد و رەنا) خێزانی دووبرایانی ئامۆزای سەددام، سەددام و حوسێن کامل بوون، ماوەیەکی زۆر حوسێن کامل نزیکترین کەسی سەرکردە و دەسەڵاتدارترین پیاوی سەرکردەی ئوومە بوو. سوڵتان هاشم، دوایین وەزیری بەرگری ڕژێم، شووی حەلا خان (کچە بچووکەکە)ی سەددام بوو))[472].

بۆ هەر مەبەستێکیش بێت کاکەڕەش تاپۆی چوار ژنانی بەناو بوو: ((ژنەکانی سەددام: ساجیدە خەیروڵڵا، سەمیرە شابەندەر[473]، نیزال ئیبراهیم الحمدانی، ئیمان مەلا حوەیش))[474]. دایك براکانی سەرکردە: بارزان و وەتبان و ڕەزبان و کوڕەکانیان، هەریەکەیان لکێکی دارە گولەکەی ڕژێم بوون.

سەرکردەی مەزن نەك هەرکورسی سەرۆکایەتی و کۆشکی کۆماری، بەڵکو گەل و خاکی عێراقی بەتەواوی بەبێ هاوبەش بۆخۆی دانابوو:

470 - عبدە، ص ٣١.

471 - عبدە ص ٣٧.

472 - المصدر السابق، ص ١٥.

473 - گوایە ئێستا لە لوبنانە و کوڕێکی لە سەددام هەیە و ناوی عەلییە.

474 - عبدە، ص ٣٨.



عێراقی سەددام، قادسیەی سەددام، کۆشك و باخ و پڕۆژە تایبەتیی و گشتییەکانی سەددام، ڕووباری سەددام ، بەنداوی سەددام، بیری سەددام، پەیکەرە زۆر و زەبەلاحەکانی سەددام...

ئەگەر بڕوانینە ناوی سەرگەورە و دەسەڵاتدانی دەورەی سەددام[475]، حەوت بەشیان: عۆجەیی و تکریتیی و سامەڕایی و دووریی و عانەیین. هەشتێکەکەی دیکەیش بۆ داپۆشکاری، لە دڵسۆزو بەعسییە توندڕەوەکانی سەرتاپای عێراقن.

دوای ئەم هەمموو خوێنڕشتن و چارەڕەشییەیش، هێشتا لاگری سەرگەرمی هەن، ئەو بە شێخی نەمری هەردوو دونیای خۆیان و عروبە و ئیسلام دەزانن! باسی بوێری و ورە بەرزی و پاڵەوانییەتی و مرڤایەتی خۆی و لەشکرەکەی، شکان و ڕووخانی جەنگاوەرانی کورد، لەشکرەکانی ئێران، ئەمریکا... دەخەنە سەر ڕووی لاپەڕە زەردەکانیانەوە... ئەقڵ وەستان و سەرسووڕمان و سەر سووڕانێك لە وەوە پەیدا دەبێت، گریان و پێکەنینێك بەیەکەوە هەڵدەکوڵێن، کە هەموو دەروێش و مریدەکانی ئەم ڕاستیانەی گوتران لە من و لە تۆ چاکتری دەزانن و بە چاوی سەری خۆیان دیتوویانە و دەیبینن، کەچی بە ناراستی نازانن و پاساوی بۆ دێننەوە و لەبەر چاویشیان ناکەوێت! ئەمەیان تەلەسمێ چ دێوێکە؟ ژیرییە یان بەنگکێشی و دێوانەیی؟! لەوانەیە بۆ دەسەڵات ناوبانگ و دەستکەوتە زۆرەکانی ئەو کاتی خۆیان حەجمانیان نەمابێت.

مرۆڤ کە هەڵسوکەوتی ئەمانە دەبینێت، ئەو برا تێر باوەڕانەی دێتەوە بەرچاو، کە بە دڵ و دەم و دامێن و دەروون پیسن، سەرخۆش و بەنگ کێشن، بەناوی گەیشتن بە بەهەشت، خۆیان دەکەنە مین و بۆ بەرژەوەندی کەسانی ناکەس، دەچن خۆیان لە ناو ئاپۆرای خەڵکی بێ تاوان، لە مزگەوت و کلێسا و چێشتخانە و کۆڕی پرسە و تیمارگە و یاریگە و شوێنە گشتییەکاندا دەتەقێننەوە. نەناسراوانی نائاگا بە کۆمەڵ دەکوژن. ژن، بێوەژن و گەنج بێ دەست و پێ و منداڵ هەتی و دەکەن، ناویشی لێدەنێن خەبات لەپێناوی لەناوبردنی جوو و دەرکردنی بیرۆکە و هێزی ڕۆژئاوا، بەرزکردنەوەی ئاڵای ئایینی پیرۆز لە وڵاتەکانیاندا.

475 - دووبارەکردنەوەی ناوەکانیان بە درێژدادڕی دەزانین، بۆ دڵنیابوون، بڕوانە لستی ناوی ئەو پەنجا و دوو سەرەی لە دوای ڕووخانی ڕژێم، بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوو. یا ئەوانەی لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا بە تاوانبارکردنی کۆکوژی و لەناوبردنی بەکۆمەڵ و بنەبڕکردن و دژی مرۆڤایەتی دادگایی کران، لە بەشی وێنەکانیشدا سەروسەکوتیان ببینە!.

لە ساڵانی گەمارۆدانی عێراق و لەدوای نەمانی گای بنە، بەڵام هەر لە بەرەنجامی کردەکانی ئەو، جیهانی دوور و نزیك، هەژار و دەوڵەمەند، هەریەکە و بە پێی توانا، یارمەتی گەلانی عێراقی پلیشاوەیان دا. بەڵام عارەبی برا، کە پێشتر خۆیان بە خاوەنی عێراقی خانەخوێ و برای پشتمان دادەنا، سەرکردەی ناڵەبار و خوێنکار پێی دەفەرموون: "مەرحەبا" بەشێکی باشی دەستکەوتی عێراقیان دەخوارد، بەبێ شەرمیش دوو بەشی دیکەیان دەخستە ژێر عەبا، بە گوفتار و بە کردار کارێکیان نەکرد کە بەرژەوەندی برای مەزن و بەخشندەی پێشوو و لێکەوتەی ئێستایانی لێبکەوێتەوە. بەزەییشیان بە نەهامەتی و قاتوقڕی، کوشتوبڕی، برسییەتی عێراقیان دا ناهاتەوە! وێڕای داتەپینی ژێرخانی ئابووری، بە ملیۆنان منداڵی هەتیو و بێوەژن و پیاوی کەمئەندام (خاوەنانی پێداویستی تایبەت) کە دەست و پێ و چاو و هۆشیان لە جەنگدا لەدەستدابوو، هەموویان پێویستیان بە سەرپەرشتی کردن و دەستگرتن و هاریکاری هەبوو. لە ئەنجامی کوشتن و بە کوشتدانی گەنجان، بەهۆی هەڵاتن و پەراگەندەی لاوان بۆ ونگە و هەندەران، هاوکێشە و ڕێژەی نێوان نێر و مێ بە جۆرێك تێکچوو، کە بە سەدان هەزار ئەگەر نەڵێین بە ملیۆنان کچ، بەبێ شوکردن لە ماڵە باوانی هەژار و نەبووی ماونەتەوە.

((لە ئەنجامی جەنگی کەنداو و سەپاندنی گەمارۆی نێودەوڵەتی بە سەرعێراقیاندا، بە جۆرێك گرانی و برسییەتی تەشەنەی کرد، خەڵکی لەنێو بەرمیلی زبڵ و خاشاك و لەسەر گوفەکاندا بە دوای خۆراکدا دەگەڕان، منداڵ بە بەرچاوی دایکییەوە لە برسانا گیانی دەردەچوو، چەندین ئافرەتی موسڵمانی پاك، بۆ پەیداکردنی بژێوی منداڵەکانی لە ناچاریدا نامووسی خۆی فرۆشت))[476].

نموونەیەکی دوور نەچووی: لە چوارشەمە خوێناوییەکەی بەغدا لە ١٩/ ٨/ ٢٠٠٩دا پێنج تەقینەوە، لە یەك کاتدا لە ناوجەرگەی بەغدا ڕوویاندا، نزیکەی سەد کوژراو و شەش سەد بریندار و کاولکردنی سێ وەزارەت و چەند ناوچەیەکی دیکەی لێکەوتەوە، دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری و سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری دەرەوەی، ئۆباڵەکەیان بە بەڵگەوە خستە ئەستۆی وڵاتی سووریای برا. براکانی دیکەی بە خوێن عارەب، بە ئاینی موسڵمان، دەر و دراوسێیانی نزیك و دوورمان، سەرۆك و لایەن و کەسایەتییە عارەبەکان، لێکاوڵێك، دە ڕۆژ و نۆ شەو بەسەر یەکەوە خەویان لێکەوت و نووچەیەکیان نەبیست و نووزەیەکیان لێوە نەهات. کەچی ئێران و تــورکیای دراوسێی (ناعارەب و بەناو دوژمنی عرووبە)، خۆیان خستە ناو کێشەکە و هەردووکیان بە نیازی پێشگری، لە هەڵگیرسانی جەنگی نێوان دوو برای موسڵمان و عارەب و هاوسێ، وەزیرانی دەرەوەی خۆیان بە مەبەستی ناوبژیوانی، ڕەوانەی عێراق و سووریاکرد!

476 - عبده، ص ٤١ و ٤٢.



ئێستا کە دێوخانە ڕماوە، بتی گەورە شکاوە، دیوەخانی مەزن و خواردنی چەور نەماوە، بەڵگە و نهێنیی تەلەسمەکان پەخش و بڵاوە، دەبێژن: ئەهریمەن دەست لە مردوان دەشوات، ئەگەر ئێوەیش بەتەمای هاتنەوەی شێخی مەزن بن لە و دونیاوە! هەڵەن! ئەو ناگەڕێتەوە هەر دەبێت ئێوە بەدوای ئەودابچن، ڕەفتارەکانتان چەندی بڵێی پتر، جێگەی داخ و ڕامان و بێ دامانە. ڕۆژانی تاریکتر و دوارۆژی ڕەشترتان ماوە!

دەڵێن تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێی ویست و ئارەزوویان بێجگە لە ئاین پەروەرانی ڕاستەقینە و زانایانی بلیمەت دەبنە سێ چین:

هەیانە حەزیان لە سامان و خۆشی ژیانە.

هەندێك حەزیان لە دەسەڵاتە.

بڕێکیش شەیدای ناو و ناوبانگە.

پلەی حەزکردنەکەیش: هەیە ئارەزوومەندە. هەیە وێڵیەتی. هەیشە شێتیەتی.

لە بەختی بەدی عێراقییاندا، شاسواری عارەب و سەرەکەی بەغدا: شێت و شێت و شێتی هەرسێکیان و هەرسێکیان و هەرسێکیان بوو!

ئەوەی جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، سەرکردەی مەزن لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا، تێکڕای مێژوو و ئەدەب و هونەری عێراقی تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی بە شان و باڵی ئەودا هەڵبدەن، ئەگینا شایانی بڵاوکردنەوە نەبوو، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، پیشانگە، چیرۆك، دراما، شیعر و ئاواز و دەنگ و ڕەنگ. دەبوو ڕووبەڕووی خۆی بڵێن سەددام و سەددام. گەلی عێراق کرابووە گەلەیەك و دەبوو بە زاکوماکەوە یەکدەنگ هاواربکات: "کە گوتت سەددام ئەوا دەڵێی عێراق، کە گوتت عێراق ئەوا دەڵێی ڕووخاندنی ئیمپریالیزم و لەناوبردنی سەهیۆنیزم، واتە یەککردنەوەی نیشتمانی گەورەی عارەبان، گێڕانەوەی پایەداری و شکۆمەندی نەتەوەی عارەب و ...." بۆیە بە لەناوچوونی ئەو، ئەم دروشمە بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەرانەیش (با) بردنی، شتێك بۆ گەلی عێراق نەمایەوە شانازی پێوە بکات، بەڵکو جەڤەنگی شەرمەزاریش بوون، مەگەر لای پاتەخۆر و هەتیوەکانی سەرکردە بێت کە تاکو ئێستایش ((زێڕە زێڕە سەددام زێڕە))[477] بە سەردەمی زێڕینی عێراق و ئوممە دەزانن...

477 - سروودێکی ڕۆژانەی ئەوکاتە بوو، سەرۆك دانیشتبوو خەندەی دەهاتێ و کچ و کوڕی ڕازاوەیش بە چەپلە کوتان و سەماکردن، وەك بووکانە بووکانە بەسەریاندا هەڵدەگوت، عەرەبییەکەیشی ((غالی غالی رئیسنا غالی، صدامنا غالی... بوو))

## ئازایەتی پێشمەرگەکانی کوردستان:

لە چەندین شوێندا نووسەر ویستوویەتی بە وردی، ئازایەتی لەشکرەکەی خۆی پیشانی خوێنەر بدات، بەڵام درشتبینی نیمچە شارەزایش، دەتوانێت لە نێوان دێرەکاندا، نەبەردی و بوێری و بڕوای پتەوی پڵنگەکانی کوردستان، زۆری و زلۆری و زۆری زۆرداری قەڵەزراوی و خنۆکی و منۆخی زلە لەشکری خوو کەمتیار و سەرکردایەتییەکەی تێدا بخوێنێتەوە و تەرمی دڤە چنراوەکانیشی تێدا بدۆزێتەوە! نموونە:

((گرنگترین رووبەڕووبوونەوە و بەرگریکردندا لە ١٩٧٤/٤/٢٢دا لە شیوە سوور[٤٧٨] بوو، لە ئەنجامدا تانکێکمان بەر مین کەوت، یەکێکی دیکەیش کەوتە شیوەکەوە، چەندین جەنگاوەرمان بە گوللەی سەگڤانەکانی خۆیان لە کەنار شێوەکەدا مەڵاس دابوو، بریندابوون، لە نێوانیاندا پاسەوانانی فەرماندەی بەتالیۆتی دوو، پێشکار سیلە ضیاءالدین جمال بوو، کە بە ئاستەنگ توانیم تانکەکەم بخەمە نێوان دوژمن و بریندارەکانمان و بە پڕەپڕ دەربازیان بکەم.))[٤٧٩].

((لە ١٩٧٤/٦/١٧دا، کۆکردنەوەی هێزەکانمان لە خۆرئاوای شاری سلێمانیدا تەواوکرد. مەبەستمان رزگارکردنی چیای ئەزمڕ بوو[٤٨٠]. پێکهاتەی هێزەکەمان چوارلێکدراوی پیادە و هێزی تایبەت و چەندین یەکەی تانك و زرێپۆش و پشتگیرییەکی چاکی هێزی تۆپخانە بوو، لە کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانی ١٩٧٤/٦/١٩دا بۆ گرتنی رێگەی سلێمانی- چوارتا کەوتینەکار. لە ئەنجامی دۆزینەوەی چەندین مین لەلایەن پەلی ئەندازەیی و هەبوونی چەندین رێبڕی چاڵی هەڵکەندراودا وەستاین. بەڵام کە پەلەکە[٤٨١] زیانی زۆری بەرکەوت لەکار راگیرا[٤٨٢]. لە کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارەدا فەرمانی کشانەوەمان دەرچوو[٤٨٣]. ئێمەیش

478 - بەرەی کەرکوك بەرەو کۆیە، رێگەی دارەمان.

479 - الحمداني، ص ٤٢.

480 - وەك بڵێی چیای ئەزمر پاوان و تاپۆی باوکی و داپیریانە و داگیرکراوە، ئەوان وەری دەگرنەوە، داگیرکردن و زەوت کردن لە فەرهەنگی ئەواندا بەمانای رزگارکردن دێت.

481 - پەلی ئەندازەی سەربازی، گرووی مین هەڵگرتنەوەی پێش دەبابەکان.

482 - بەدەمیدا نایەت بفەرمووێت: لەکار کەوت.

483 - دیسان برای راستگۆ فێڵ لە خۆی دەکاتەوە و بە زەقە زەق دەیشارێتەوە! یانە بەدەمی دانایەت! بڵێت: شکاین و هەڵاتین!؟ خۆی لە گوتنی ژمارەی کوژراو و گیراو و بریندارە جێماوەکان دوور دوور دەگرێت.



دەرفەتەکەمان قۆستەوە بۆ دەربازکردنی زۆرترین ژمارەی شەهید و پێکراوەکانمان بە پشتی تانکەکانمان))[٤٨٤].

لە کاتژمێر هەشت و نیوی ١٩٧٤/٦/١٩دا بەر لەوەی دەست بە هێرشی نوێ بکەینەوە، سەردار سیلە عەبدولڕەحمان سووسە لە بارەگای سەرکردایەتی باکوورەوە گەیشت، زۆر قەڵس و تووڕەبوو، سەرلقی ئێمەی بە تۆمەتی کشانەوەی بێ فەرمان تاوانبار کرد.[٤٨٥]))[٤٨٦].

((... دەرفەتی بۆ چەندین تانکان رەخساند... لە ئاسمانی ناوچەکەدا پۆڵە فڕۆکەی سۆخۆی جەنگیم بینی... بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن داوای هێزی پیادەم کرد. لە ماوەی نیو کاتژمێردا هێزی پیادەم بینی لە زرێپۆشەکانی جۆری (**BTR** 60) بارکرابوون. لە یەکەم گەوەی رێگەکەدا چەندین مین لە ژێر زرێپۆشی یەکەمدا تەقییەوە... لە دوای دوو کاتژمێردا چەندین کۆمەڵە سەربازی هێزی تایبەتی گەیشتن کە خەریك بوو لە تێنواندا دەخنکان، چونکە کۆپتەرەکەی ئاوی بۆ دەبردن کەوتبوو[٤٨٧]، ئاومان دانێ[٤٨٨]))[٤٨٩].

نووسەر بە پەرۆشەوە لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا باسی هەڵگرتنەوەی چەند مینێکی دژەتانك دەکات. لە شروان[٤٩٠] بۆ شەهید و بریندار بوونی کارمەندانی ئەندازەی سەربازیی بەهاوار دەگری و شین دەگێڕێ! کەچی بە چاوی زەقییەوە بەدیار گوند و باخ و رێگە و کێڵگە و

484 - الحمداني، ص٤٤-٤٥.

485 - لێرەدا لە نائاگیدایە و ئاگای لە بەروپشت و دەوروپشتی خۆی نەماوە، بەدەم خەوەوە چەمکێکی پەردەکە (فەرمانی کشانەوەیان) لەسەر (بەزین و دۆڕاندەکەیان لادەدرێت).

486 - الحمداني، ص ٤٥ .

487 - لێرەیشدا، لە بری ئەوەوە دەڵێین: فڕۆکەکە، خرابووە خوارەوە! دواتر ناڕاستەوخۆ لە ئاداری ١٩٧٥ لە چۆماندا لە کوشتنی فڕۆکەوانی دیلکراودا لە نائاگاییەوە راستییەکە دەردەکەوێت. ناچارین یارمەتی برای گەورەمان بدەین و شتە بیر نەماوەکانی بخەینەوە یادگە.

488 - ئاخۆ ئەم پشێوییەی ئەم هەموو هێزە، لە ئەنجام چی هاتۆتە کایەوە؟ دەبێت تەیرەڵ ئەبابیل لە ئاسمانەوە بەردەبارانی لەشکری ئەبڕەهەیان کردبێت؟ یانە گەلە دێو بەسەری داداون؟ هەمووشتێك دەبێت. تەنیا رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە نەبێت ! کە هەر ئەویش بوو ...

489 - الحمداني، ص ٤٦.

490 - لە سوان، لە تاوان، لە حەژمەتان ،لە خەفەتان. لە داخان.

کانی و پاوان و چیاکانی باکووری ولاتەکەی وەستابوو، کە ئەم ئەندازەی سەربازییە، چەندین ملیۆن مینیان، بۆ ژن و منداڵی رەوەندی دەوارنشین و جووتیار و گوندییان، بگرە بۆ ئاژەڵە کێوییەکانی کوردستانیش چاند. ساڵانە و مانگانە و رۆژانە تاکو ئێستایش دەتەقنەوە و خەڵکی هەژار و بێ ئاگا، ئاژەڵی بەستەزمان لە هیکرا دەکوژن، یا بێ پێ و بێ پەلیان دەکەن. کار گەیشتە ئەوەی: رێکخراوێکی خێرخوازی جیهانی لە هەندەرانەوە بێت و کارگەیەکی دروستکردنی دەست و پێی دروستکراو لە سۆران دابنێت. کەچی ئەویش بەدیاریان وەستاوە، هایی یا رای لێ نییە، باسی تاکە مینێکیشیان بکات؟

لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ٢٥/١٠/٢٠١٠دا لە کەناڵی دەنگورەنگی (السومریە)دا نوری مالیکی- سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەولەتی کرد: یارمەتی عێراق بدەن، بۆ ئەوەی لە مین پاکبکرێتەوە، چونکە لە خاکی عێراقدا ٢٧ ملیۆن مینی چێندراو هەیە. هەر لە هەمان دەنگ و رەنگەوە لە کاتژمێر هەشت و نیوی ئێوارەی ٥/١١/٢٠١٠ گوتە بێژێك بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گوتی " سێ ملیۆن و نیو کەمئەندام لە عێراقدا هەن".

وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدرالیش بە بۆنەی رۆژی مافی مرۆڤ و رۆژی مافی کەمئەندامانەوە لە ١٢/٢٠دا رایگەیاند: دوو ملیۆن و نیو کەمئەندام لە عێراقدا هەن، واتە رێژەی ١٢,٥٪ دانیشتوانی عێراق کەمئەندامن.

ئای خودا کە مرۆڤی لامل لارێی گرت، کە دەسەڵاتدار لەگەڵ رەوادا نارەوابوو، ئاو سەرهەوراز داژوات، گەر کەروڵاڵێکیش بڵێ "ئۆۆۆییی" ئەوا بە زیندووەتی کەوڵەکی لەبەر دادەرنن و لەتوپەتی دەکەن.

((...بەهۆی خراپ خەملاندنی بایەخی بەرزاییەکانی (ظهر السمکة)وە!؟ لەلایەن فەرماندەیی تیپی هەشتەوە کە راگر سیلە: تەها شەکرچی، فەرمانداری بوو، ئەم پیاوە بە سەرەرۆیی ناوی دابوو[491]. رەوشی شەرەکەمان لە گەلی عەلی بەگ زۆر نالەباربوو))[492].

491 - ئەگەر سەرەرۆبوو چۆن بوو بە راگر سیلە؟ چۆنیش کرایە سەرتیپ؟ ئەمە خۆ لە خوا کردن و پاساوە بۆ تاوانەکانیان لە کورد کوشتندا. لەبیرماندا ماوە کە ((پێشکار سیلە تەها شەکرچی فەرماندەی یەکە سەربازەییەکە، دووازدە پلەدارای بە رەگەز کوردی لە هێزەکەی خۆی کۆکردەوە، لە ناو چایخانەکەی سەر سێڕیانی بیستانە بەبەر چاوی هێزە سەربازییەکەیەوە گوللە بارانی کردن و چایەخانەکەیشی بەسەردا تەپاندن)) دزەیی، ل ٤١-٤٢.
بۆچی نووسەر خۆی لە ژمارەی هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی لەشکر و زیانە زۆر و کوشندەکانی گەلی عەلی بەگ دەدزێتەوەو، یانە مەبەسی داپۆشینی زیانەکانیان فەرامۆشکردنی نەبەردایەتی پێشمەرگەیە؟



((لە ٢/٨/٧٤دا هێرشمان کردە سەر بەرزاییەکانی دەڕوانە سەر رێگەی عەربەد- دەربەنیخان... فرۆکە پەروانەدارەکەی سەرکردایەتی هەرێمی باکوور، بە یاوەری سەرتیپی تیپی دوو، زۆری نەمابوو بە ئاگری دوژمن[493] بخرێتە خوارەوە... کەچی کەوتنە خوارەوەی[494] دوو فرۆکەی جۆری هۆگرهەنتەر رووداوێکی خۆش نەبوو))[495].

((بە لێکدراوی لەگەڵ هێزی دووەمی ئامێرکاری، بۆ ئەوەی چیای هەندرێن ببڕین و بەرەو گەڵاڵە بچین، خۆیشمان لە رووبەڕووبوونەوەی سەخت دووربخەینەوە، لە ناوچەی پردەکاندا[496]. لە رۆژی ٢٧|٩|٧٤ لە (چوارقورنە)وە رووە و (سەروچاوە) و بەرزاییەکانی (بێتواتە) بچینە پێش، تاکو بیکەینە بنکەی هێرشمان بۆ سەر شوێنێکی زۆر تەسك، لە ناوچەیەکی سەخت و هەڵەت و پەڵەتدا... لە سێ قۆڵەوە هێرشمانکرد، من بە تانکەکەمەوە پێشەنگی قۆڵی ناوەڕاست بووم، هێزە بنەڕەتییەکەیشی (بەتالیۆنی ٢ هێزی ٢) بوو، ئەرکمان گرتنی لووتکەی **(النجمة)**[497] بوو... دوای ئەوەی هەشت کیلۆمەترێك بەرەوپێش رۆیشتین، زەوی لێمان هاتەوە یەك، تانکەکانمان لە نێوان گابەرداندا گیریان خوارد... ئەم ماوەیە سەختترین کاتەکانی جەنگ بوو لە باکووردا، شارەزایی و کارامەییەکی چاکم لە بوارەکانی فەرماندەیی و چۆنیەتی پاراستنی ورەی سەربازانی گەمارۆدراو و خۆگری لە ژێر تۆپباران و خۆ بەدەستەوە نەداندا پەیداکرد...

شەوانە چەکدارانی دوژمن بانگیان دەکرد خۆمان بدەین بە دەستەوە[498]، نیمچە گەمارۆ درابووین، هاوەنبارانکردن زۆر هەراسانی کردبووین، ناچاربووین بۆ ماوەی دوورودرێژ لەناو تانکەکانماندا بمێنینەوە. زۆربەی کاتەکەم بە پەرتووك خوێندنەوە دەبردەسەر... چەندین

492 - الحمدانی، ص٤٧.
493 - سەختی رووبەڕووبوونەوەکە و دەستە و یەخەیی شەڕەکە دەنوێنێت.
494 - دیسان شەرم دەکات بڵێت: خراونەتە خوارەوە!... دووریش نییە بەهۆی بۆردوومان و سووتان و چڕە دووکەڵەوە، چاوی پێکان و گڕگرتن و کەوتنە خوارەوەو سووتانی فرۆکەکەی نەدیتبێت، حەزمەدکرد پاساوێکی باشتری بۆ دروست بکەم، بەڵام بۆم نەکرا. بەڵکو ئێوە باشتر بە هانایەوە بچن! چونکە پیاوەکە: سەرێکی مەزن و شارزایە. لێی قەوماوە بۆیە سەری لێی شێواوە.
495 - الحمدانی، ص ٤٨.
496 - مەبەستی گەلی عەلی بەگە.
497- مەبەستی نووسەر (زینی ئەسێرۆکان)ە، مافی بەعارەب کردنی ناوەکەیشی داوەتە خۆی.
498 - ئەوپەڕی ئازایەتی و مرۆڤ دۆستی پێشمەرگە دەردەخەن.

پەرتووکی نرخدارم لە پەرتووکخانەکەی پێشووی قەڵادزێ گیرکەوتبوو، کە لە کاتێکدا لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی ئێرانەوە لە مانگی رابردوودا خەریك بوو دەسووتان[٤٩٩] بەسەریان راگەیشتم))[٥٠٠].

((لە گەوەیەکی رێگەی گەلیدا رووبەڕووی بەرەنگارییەکی سەخت بوومەوە، زۆرینەی سەربازانی پەلی ئەندازەی سەربازی کە بە پێش تانکەکەی من کەوتبوون لێدران و پێکران، گوللەیەك بەر ملی سەرپەلەکە کەوتبوو، لە و پێکدادانەدا ناچاربووم تفەنگ بەکار بێنم))[٥٠١].

((زیانەکانی لەشکری عێراقی (لە جەنگی یەك ساڵەی کوردان) گەیشتە شەست و سێ هەزار. زیانی لایەنی دیکەیش بە تەواوی نازانین. هەرچۆنێك بێ، پیاوانی سوپای دلێرمان داستانێکی دیکەیان لە پێناو یەك پارچەیی گەل و نیشتماندا تۆمارکرد.))[٥٠٢].

ئاخۆ شەست و سێ هەزار پیاوی چەکداری سوپایەکی راهێنراوی پڕ چەکی سەردەم، کە بە فڕۆکە و تانك و تۆپ پشتیوانییان لێ دەکراو ئازووقە و تەقەمەنیشیان لە بڕان بوو، بەدەستی خێوان هاتنە کوشتن؟ یا بە دەستی پێشمەرگەی بەژمارە کەم و بە چەك هەژار و بە بڕوا پۆڵا؟ (بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ١ و ٢، لە پاشکۆکەدا)

لەشکری عێراقی لە جەنگەکەی سەرکردەی مەزن لەگەڵ ئەمریکادا، بەو ژمارە زۆرە و بەو هەموو فڕۆکە و تانك و تۆپ و کیمیایی و چەکی دیکەی تاك و کۆکوژییەوە، بەم هەموو توانا و هاریکارییانەیەوە، توانی تەنیا سێ هەفتە لەسەر خاکی خۆیدا کنگە شەڕ لە لاڕا و لە پەناوە لەگەڵ لەشکری ئەمریکادا بکات. بەڵێ ئەو لەشکرەی ئەم ئوممەیەی تۆ، بیست و یەك شەو لە هەڵاتن

---

499 - پێویستە هەڵوێستی نووسەری مێژوو، زۆر بەرز بنرخێندریت، چونکە بەرێزیان بۆردوومانکردنەکەی بەهاری هەمان ساڵی لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، کە لە فڕۆکەخانەکانی عێراق- کەرکوك و موسڵەوە دەفڕین، شارۆچکەی قەڵادزە و پەرتووکخانەکەی و مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کە لەژێر دەستی بەغدا دەرچووبوون و لەپشدەر گیرسابوونەوە، وەبیر هێنناینەوە. نووسەریش بەم بۆردوومانکردنە خەست و دووکەڵاوییە، هەموو ژیری و بیرتیژییەکەی لە بیرچۆتەوە و دەشیەوێت لەبیر ئێمەیشی بباتەوە!.

500 - الحمداني، ص ٤٩-٥٠.

501 - المصدر السابق، ص ٤٥.

502 - المصدر السابق.



بترازێت  توانای رووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، کە نەوێرۆکێکی درۆزانی پێیدا هەڵبڵێ. لەم ماوەیەدا، هەر بە دووربەدووریش، نەیتوانی زیانی مشتە کۆڵەیەکی قەڵەزراوانەیشمان پیشان بدات. لەوە دڵنیاین ئەگەر شەست و سێ ساڵ لە لەشکری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بدابایە، ئەوا هێشتا زیانی شەست و سێ هەزار سەربازی  نەدەگەیاند، کە پیاو لە دیوەخانێکی ئەکادیمیی خێڵەکییەوە شانازی پێوە بکات، کەچی سالار سیلە، مامۆستای هونەرزان و ئەکادیمیی سەربازی، پاساوی نابەرامبەری هێزەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە! بەڵام نایەوێت بڵێت: سوپای بەغدا وێڕای هێزی زۆر و چەکی نوێی لە بڕان، فڕۆکە و تانك و زرێپۆش و ئاوو ئازووقەو...هتد هەبوو.

کوردە رووتەیش بەژمارە گەلێك گەلێك کەمتر و بە چەکی کۆن و فیشەکی داگیراوی ناو فیشەکدانەکەی پشتی و توێشووە نانی مەزرەقەی کۆڵی و ئاوی مەتارەکەی قەدی و بڕوای پۆڵاییینی ناخی بەمەلاوە شتێکی دیکەی نەبوو، ئینجا وەرە و بەراوردیان بکە!

ئاخۆ نابەرانبەری نێوان ژمارە و توانای لەشکری عێراق و بوێری پێشمەرگەیش هەزار هێندە لەنگتر نەبوو؟ ئینجایش چەکی کیمیاییتان بە فڕۆکە بە سەریاندا داباراند!

لەو شوێنانەی کە لەشکری ئوممە دەشکێت، بیانووی بۆ دەدۆزێتەوە، وەك:

هێزی دوژمن بە ژمارە و بە چەکی سەردەم لەگەڵ هێزی ئێمەدا نابەرامبەر بوو.

هێرشێکی لەناکاوی چاوەڕوان نەکراوبوو. زستانێکی سەخت بوو، بەفر ٢م هاتبوو... دەستی جوولەکە و ئەمریکا و ئێرانیان لە پشتبوو. کوردان هاریکاریی دوژمنیانکرد...

کە سوپای عێراقی دیلان دەکوژێت، ئەو دەیشارێتەوە، بەڵام ئەگەر سەربازێك لە شەڕگەدا کوژرابێت یان دیلێکی بریندار لە لای کوردان مردبێت، یاهەر کوژراو و مردووشیان نەبووبێت، ئەوا ئەو بۆ جوولاندنی هەست و سۆزی لایەنگرانیان، بە بڵند گۆ: "نامرۆڤانە دیلە عێراقییەکانیان کوشت".

کە ئەلحەمدانی سەرکردەیەکی مەزنی هێرشی مەیدانی سوپای عێراق بوو لە گرتنی کوێتدا، ناکرێت راستەوخۆ ئاگاداری کوشتنی دیلی کوێتی عارەب و موسڵمان، تاڵانکردنی ماڵ و سامان و بازاڕ و دەزگاکانی میری و سووتاندنی تەڕ و وشکی کوێت نەبووبێتت بەڵام ئەو بە ئەنقەست ژێرگڵیان دەکات.

((حازم جەواد لە زمانی حوسێن کاملەوە: دیلە کوێتییەکان لە شەڕگەدا کوژران، ئەوانەی دیکەیش هەر زوو لە ناو عێراقدا کوژران. گەڕان بە دوایاندا بێ هودەیە...))[٥٠٣].

---

503 - شربل، ل ٨٦.

ئەمەی خوارەوەیش نموونەی  داستانێکی سەرەتاییە لە داستانە پاڵەوانییەتییەکانی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی لەشکری رژێمی بەغدا، لە ناوچەی زاخۆدا تۆمارکراوە، وەك بەخۆیشیان دەڵێن بەر لەپەیوەندی کردنی کورد بە جوولەکە بوو، هێشتاش هێزی پێشمەرگە بە ژمارە و بە چەك هێندە پەرەی نەستاندبوو، کەچی چەك و تواناکانی سوپا و پاتەخۆرەکان بە ئەژمار نەدەهات:

"هێرشی هێزی سوپا و چلکاوخۆران دوو مانگی خایاند، سەرەنجام بە سەرکەوتنێکی پشتشکێنی سوپا و بۆ سوودی پێشمەرگە تەواوبوو، ئەمەش لە ئەنجامی هێرشێکی لە پڕەوە بوو کە پێشمەرگە لە رۆژانی ٧و٨ ئابی ١٩٦٢دا بردیانە سەر دوژمن، لەم هێرشەدا بەتالیۆنێکی تەواوی هێزەکە تێکشکێنراو فەرماندەرەکەی کە ناوی مەجید سەمیع بوو کوژرا. باڵەفڕەیەکی جەنگی لە جوری فیووربیش خرایە خوارەوە کە لە گوندی ئاڤگەنیدا کەوت. هەشتا بارهەڵگری سەربازی و چوار زرێپۆش سووتێنران و (٤) ئەفسەر و (١٧٣) سەربازیش بە دیل گیران، ئەم دەستکەوتانەی خوارەوە دەست پێشمەرگە کەوتن:

(٢٥٠) تفەنگی سووك، (٦) رەشاشی برێن، (١٠) هاوەنی (٢ و ٣) گرێ (عقدە)، چوار دەزگای بێتەل، پتر لە (٨٠) هەزار فیشەکی چەکی سووك و (٣٠٠) گوللەی هاوەن. زیانی پێشمەرگە لەم شەڕانەدا لە (١٠) شەهید و (١٨) بریندار تێنەپەڕی[٥٠٤].

ئەمڕۆ ( ١١\٥\١٩٦٦)  لە دەوروبەری سەعات دە شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی دوژمن بە رادەیەك دەستی پێ کـرد کە هەر وەسف ناکرێت... شەڕی ئەڵمان لە کوێ و شەڕی کۆریا لە کوێ؟..

سەدان کوژراو لە لووتکەی زۆزك کەوتوون. دوژمن بە سەر کەڵەکە لاشەدا شکا و بەزی..." [٥٠٥].

504 - بارزانی، مەسعوود. بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ٩٢.

505 - هەمان سەرچاوەی بانەوە،



**داگیرکردنی کوێت:**

((رامیارکارانی سەهیۆنی دڵنیابوون، زلهێزان و وڵاتانی دەوروبەر، لە دەرئەنجامی سروشت و هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی عێراق و رەوتی سیستەمە سیاسییەکەی، بینیان ئەوی لە ئاسمانی خۆرهەڵاتی نیشتمانی عارەبدا هەڵدەچێت و دەدرەوشێتەوە، زەنگی گەشەکردنێکی ترسناکە، گۆڕانێکی مەترسیدارە بۆ هاوکێشەی هێزەکان، پێویستی بە چاوەدێرییەکی توند هەیە))[٥٠٦].

(( بە روونی توانا و کارامەیی عێراقییەکان، بردنەوەی جەنگی درێژخایەنمان لەگەڵ ئێران بە پشتیوانی خودا دەرکەوت.[٥٠٧]))[٥٠٨].

((نهێنییەك نادرکێنم گەر بڵێم سەرەتای بەکار هێنانی ئەم هێزە[٥٠٩]، کە خۆی لە پڕۆژەیەکی مەزنی نەتەوەیی نواند، ئەویش پڕۆژەی ئازادکردنی فەلەستین بوو: سەددام حوسێن دایڕشتبوو. لەگەڵ قەوارەی خەیاڵ و ویستەکانی ئەو دەگونجا. تەوەری سەرەکی و چەقی ویستی حیزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستیشە... دوای ئەو دیدەنییە بە تەواوی بۆم دەرکەوت، کە سەرکردایەتی عێراق بە مکوڕییەوە بیر لە پڕۆژەی نەتەوەیی— رزگارکردنی فەلەستین دەکاتەوە، چونکە ئەمە تەوەری سەرەکی بەعسە و بە راشکاوی رایگەیاندووە، وێڕای ئەوەی کە ویستی گەورەی سەددام حوسێنیشە، ناهێڵێت ئەم دەرفەتە زێڕینیە لە دەست دەربچێت.))[٥١٠].

(( لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ...  بۆ مانەوەی سوپا بە و شێوە زۆرەی[٥١١] و پڕچەکییەوە و بەبێ چالاکی نواندن، دوو بۆچوون هەبوو، یەکەم: دەبێتە هۆی لەکارخستنی بەشێك لە هێز و

506- الحمداني، ص ١٨٤.

507 - دیسان بەزمورەزمی گۆرینە! کۆنە قەوانە سواو و گڕەگڕی دەنگ گەڕەکەیە! ئەگەر ئەمە بردنەوەبێت؟ ئاخۆ دەبێت دۆڕان چۆن چۆنی بێ!؟ ئەی خودا!... ئەی خەڵکینە!...

508 - الحمداني، ص ١٨٤.

509 - مەبەستی گەل و سەرکردایەتی عێراقە.

510 - الحمداني، ص ١٨٥.

511 - جەنگی ئیراق- ئێران. هێندەی جەنگ کردووە، روون نەکرێتەوە لەوانەیە هەندێك خوێنەری گەنج سەریان لێی دەرنەچێت.

توانای گەل...[512] پێویستە ئەرکێکی مەیدانی و چالاکییەك بۆ ئەم سوپایە بدۆزرێتەوە، ئەگینا دەبێتە سەرچاوەیەکی نیگەرانی و نائارامی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

دووەم: عێراق کە خاوەنی ئەم لەشکرە بێت، ئەوا هەر بە راگەیاندن و گەف و چاوزەقکردنەوە و تۆقاندن، بەبێ پەنا بردنە بەر هێز، دەتوانێت چەندین دەستکەوتی سیاسی بەدەست بێنێت.))[513].

((ئەلخەزرەجی: سەددام ٣٥٠ بلیۆن دۆلار لە جەنگی ئێراندا وامداربوو، کە چل بلیۆنی هی وڵاتانی عەرەب بوو. لەم ماوەیەشدا کوێت و ئیمارات نرخی نەوتیان هەرزانکرد، سەرکردەی عێراق کوێتی بەوە تاوانبارکرد: نەوتی عێراق لە خاکی کوێتەوە دەردەکات و دەیفرۆشێت! لە کاتێکدا فەرماندەی هەڵخەڵەتاو وای دەزانی خۆی و عێراقی کردۆتە لەمپەر و پاسەوانی وڵاتانی کەنداو، چاوی ئەوەی هەبوو لەوامەکانیان خۆشبن))[514].

((پلانی گرتنی کوێت لە نێوان سێ کەسدا شاردرابۆوە: سەددام حوسێن، حوسێن کامل، عەلی حەسەن ئەلمەجید))[515]. تەنها جزراویش کەسی چوارەم بوو مانگێك بەر لەئەنجامدانی پیلانەکە ئاگادربوو.

((نزار ئەلخەزرەجی لە کاتی جەنگی عێراق- ئێراندا، سوپا سالاری لەشکری عێراق بوو، لە کاتی داگیر کردنی کوێتیش هەمان پایەی مابوو (( بەڵام لەوکاتەی هێزی پاسەوانی کۆماری هێرشی کردە سەر کوێت و داگیری کرد، ئەو هایی لە (کا) ماشیش نەبوو))[516].

ئەلخەزرەجی: ((سەرسامییەکە لەوە دابوو! چوار مانگ بەر لە داگیرکردنی کوێتەوە، سەددام بەرزترین خەڵات و نیشانەی ئازایەتی عێراقی کردە ملی میر شێخ جابری ئەمیری کوێتەوە))[517]. لە ساڵی(١٩٩٠)دا سوپای دلێری ئەمە، بە فەرمانی سەرکردەی نەتەوە، وڵاتی کوێتی عارەبی برای بە پێنج کاتژمێر داگیرکرد.

فەرماندارى عێراق لە دوای گرتنی کوێتەوە، یەکسەر برووسکەیەکی بۆ سەرۆکی ئێرانی برا (فارسی مەجووس و زەردەبای باکووری دوێنێ) نارد و لەدەزگاکانی راگەیاندنی ئاشکرا

512 - لە لایەك پیاوانی عێراقی سەربازبوون و بە کاری دیکە رانەدەگەیشتن، لە لای دووەمیشەوە نان و بەرگ و بەخێوکردنیان و چەك و پێداویستی سەربازی و ... بوودجەیەکی ئەستووری دەویست..

513 - عەلی، د. حوسێن عەبد، بەهرام، کورد عەرەب شۆفینیزم. ل ١٢٦.

514 - شربل، ل ٢٠٢-٢٠٣.

515 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤- ٨٦.

516 - هەمان سەرچاوەی پێشتر، ل ١٧٦.

517 - هەمان سەرچاوەی پێشتر ل ٢٠٦.



بڵاوکرایەوە و بە راشکاوی و بێ پەنا و پێچ گوتی: "ئەوەی ئێوە داواتان کردبوو، ئێمە لارییەکمان نییە و جێبەجێی دەکەین" نەزار ئەلخەزرەجی: ((تالانکارانی سەرەکی کە ئاویان لە کوێتەوە وەرکرد، بە پلانێکی رێکوپێك، سەرلەبەر وڵاتێکیان تالانکرد: کوڕ و زاوا و وەزیر و دەستوپێیەکانی سەددام بوون، سوپاکەیش چاوی لەوانکرد))[518].

(فەرهودکردن[519]) پیشەی کۆنینەی خۆیانە: "گەورە ئاوێ دەرژێنێت و گچکەیش پێی لێدەخشێنێت" ئەوەیش بۆیان نەدزرا، ئاگریان تێبەردا، گڕیان بەردایە بیرە نەوتەکانی کوێت، گوایە دژی بەرژەوەندی رۆژئاوایە، وێڕای تەپاندنی ژێرخانی ئابووری، کاولکردنی ناوچەکە و تێکدانی ژینگەکەی بە دووکەڵی سووتان و پەترۆڵ و تەقەمەنی و تیشك و گازی کیمیایی، بە فیڕۆدانی سامانی سروشتی، نیشانەی گەمژەیی و شێتگیری بوو. دواتر هەموو زیانەکانیان دۆلار بە دۆلار، بە عێراق بژاردەوە. ئەمە دەردەکەیە، هەرجارێك بۆ ریش چووبێت سمێڵی لەسەردناوە. ئەوانیش هەمیشە بە بەژن و باڵای شاسواردا هەڵدەڵێن.

ئەلحەمدانی کە لە سەرەتای پلاندانان و گرتنی کوێتەوە، تاکو تالانکردن و وێرانکردنی، وەك سەرکردەیەکی بە توانا و دەسەڵاتدار و خاوەن بڕیار، لەناو جەرگەی رووداوەکان بوو، کەچی دەیەوێت وا پیشان بدات کە سەرکردەی عێراق و سوپای عروبە فەرهودکار و تالانچی نین، بەڵکو ئەو رەوەند و کرێکارە بیانییانەی لە هەندەرانەوە هاتبوونە کوێت کاربکەن، ئەوان ماڵی کوێتییانیان بە تالانبرد... لە کاتێکدا کوێتییەکان بە پەلەپڕوزە سەری خۆیان دەربرد و ماڵ و سامانیان لە ترسی تۆپ و فڕۆکەی عروبە جێ هێشت. لە و کاتەدا هیچ دەرچوون و هاتنە ژوورەوەیەك بۆ کوێت نەبوو، جگە لە و رێگەیەی دێتەوە عێراق!

((ئەنجام و ئاماجەکانی جەنگەکەی کوێت، هەرچەندە تاڵ و خوێناوی و کارەساتی مرۆیی لێکەوتەوە، بەڵام پتر نەهامەتی عروبەچیان و خێری گەلانی عێراق، بەتایبەتیش شیعە و کوردی چەوساوەی لێکەوتەوە))[520].

518 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

519 - تالانکردن.

520 - رەسووڵ، ل ١٣٣.

ستاندنەوەی مافی بەزۆر زەوتکراو، بە ڕێگەی ڕاست و ڕەوا، ئەرکێکی پیرۆز و لەبارە، بەڵام تۆڵە و تۆڵەکردنەوەی بەناڕەوا، دزێوکارین، نەوتی ستەمە، دەکرێتە سەر ئاگری تاوانکاری خوێنداریییەوە و بە ئاسانی ناکوژێتەوە.

((ڕووخانی حوکمی سەددام حوسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩دا تەنها ڕووخانی ڕژێمی فەرمانڕەوایی نەبوو، بەڵکو ڕووخاندنی حوکمی تاکە تیرەیەك و هۆزێك و ڕەگەزێك بوو، ڕووخاندنی بیروباوەڕێکی تاکڕەوی سیاسی بوو. ئەوەی بڵێت: بەغدا لە سەر دەستی هێرشە سەربازییەکانی ڕۆژئاوادا ڕووخاوە، ئەوە درۆدەکات و لێی شێواوە، چونکە بەغدا لە پێش هێرشەکە و لە دوای هێرشەکەش نەڕووخاوە، بەڵکو ئەوەی ڕووخاوە، فەرمانڕەوایی حیزبی بەعس و سەردەمی سەددام حوسێن بوو))[٥٢١].

کوێت گرتن، هەر بۆ گەلانی کوێت و عێراق و وڵاتانی کەنداو و هەرێمەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوین کارەسات نەبوو، بەڵکو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێیەوەگلاو بە گەلە کۆیی لێیاندا. سەرکردەی بلیمەت و دووربینیش نەك هەر دەسەڵاتەکەی، بگرە سەری خۆی و سەرانی بنەماڵەی و لایەنگرە دڵسۆزەکانی خۆیشی لەسەر دانا.

((سالار سیلە حوسێن ڕەشید ئەلتکریتی، لە وەسفی دوایین جەنگی کەنداودا دەڵێت: وەك ئەوە وابووین کە لەناو گێژەنێکی گەورەی دەریا دابووبین. هێندە بەرەو قووڵایی چووین تاکو پێمان بە بنی دەریا کەوت، بەڵام بەخت بە هانامانەوە هات، کاتێك خۆمان بە نیوە خنکاوییەوە بینی، خۆمان دەخیلی دەپە داران کردووە))[٥٢٢].

521 – ئەلنابلسی ،شاکر – بەهرام محەمەد . عەرەب کورد شۆفینیزم، ل ٢٢١٠-٢١١.

522 – الحمداني، ص ٢٤٤.



## دەستگیرکردنی سەرکردەی پاڵەوان:

((ئەحمەد چەلەبی: ئەمریکییەکان بە دەستکێشی عێراقییان لە ٢٠٠٣/١٢/١٢دا، سەددامیان لە نێو چاڵێکدا بەبێ بەرگریکردن گرت، کە باوەشێنێك (پانکەیەك)ی کارەبایی و چەندین ڕەشاش و حەوت سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی لە لابوو، بەبێ تەقە خۆی دایە دەست ئەمریکییەکانەوە. کە هاتە دەرەوە گوتی: "من سەددام حوسێنم، من سەرۆکی کۆماری عێراقم"

لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٣دا من و عەدنان پاچەچی و عادل عەبدولمەهدی و موەفەق ڕووبەیعی[٥٢٣] چووینە لای سەددام، لە خانوێکی یەك نهۆمی دابوو، پاسەوانەکانی ئەمریکی بوون. لە پێشدا من لێی چوومە ژوورەوە، ئەو لێی خەوتبوو، ئاگام کردەوە))[٥٢٤]. ((لە ڕێکەوتی ١٢/١٤ دەسگیرکردنی سەددام ڕاگەیەندرا.))[٥٢٥].



523 – سەرانی بەرهەڵستکارانی ڕژێمی بەغدا بوون.

524 – شربل، ل ٢٧٠.

525 – عبده، ص ٣٢.



ئەوەی بە عێراقییان (کورد و شیعە بەگشتی و بڕێکیش عارەبی سوننەی نەیاری) و دەر و دراوسێیانی کردبوو، بەخۆی و مـــــاڵ و منداڵی خزمانی کرایەوە، ئەوەبوو لە ئاکامدا لـــە **٢٠٠٣/٤/٩** لە بەغدا بەزی و لە کورسییەکەی دابەزی و بە دڵی پڕ ترس و لەرزی، بە پڕەپڕ بۆی دەرچوو و سامانی هەردوو دونیای لە نێو دەستدا رزی. ژن و کچەکانی کەوتنە ئەملا و ئەولا و کاریگزی.

مەرگی دوو کوڕەکەی خۆی: ((عودەی و قوسەی و نەوەکەی مستەفا لە ٢٠٠٣/٧/٢٢دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە موسڵ کوژران ))[526]. بیست بە سەرکزی، خۆیشی بە سەروسەکوتی خۆڵاوی و قژی درێژ و شێواوی نیمچە کەزی، بە ریشی بۆزی نیوگەزی، بەبێ دەست هەڵێنانێکی ئەعرابییانەی ترساویش لە کونە رێوییەکدا خۆی رادەستی دوژمنانی کرد. **(بروانە کۆمەڵەوێنەی ژمارە ١١)**

((هێزە ئەمریکییەکان دواتر دەربارەی دەستگیرکردنی سەددام رایانگەیاند: ئەو زانیارییانییەی رێنمایی کردین کە سەددام دەستگیربکەین، لە خزمێکی خودی سەددامەوە گیرمانکەوت...

سانشیز، لە روونکردنەوەیەکدا گوتی: لە دەسگیرکردنی سەددامدا رووبەڕووی هیچ بەرگرییەك نەبووینەوە، کە ئەومان لە نێو کونە (رێوییە) کەیدا دەرکرد، گەنجێك نشتە سەر سەریەوە (کە لەوێنەکانەوە دەرەکەوێت) ئەو گەنجە ئەمریکایی نییە، بەڵکو عێراقییە و

526 – محمد عبده، ص ٣٢.



ناویشی سەمیرە. سەمیر گوتی: کە پێشتر سەددامم لە تەلەفزیۆندا دەدیت، پاڵەوانێکی تۆقێنەربوو، هەرگیز لەم بڕوایەدا نەبووم ئەو لە چاڵێکی وادا بژیەت!))[527].

پێشتر سەرکردەی شکۆدار بە زار دەیفەرموو: جام بشکێت نەك بزرنگێتەوە، کەچی لە کاتی لێقەومانی خۆیدا گوتی جام بزرنگێتەوە بۆ ئەوەی نەشکێت، نەیزانی زرنگانەوەیش شکانەکەی لە کۆڵ ناکاتەوە، بۆیە دەبوو خۆی بداتە کوشت یا بەلای کەم رایبکردایە، بەڵام هەرگیز نەدەبوو رەشیدی کۆلەوار،خۆی بداتە دەست دوژمنی سەرسەخت و ستەمکار.!

ئەوانەی شاییان بۆ خۆیان و شینیان بۆ خەڵك گەرەکبوو. شین گێڕانیان بوو بە شایی گەڕانی خەڵك.

وەك پوورە خوازێ گوتی: خوداکەی ئێمە و ئێوە کردی، ئەوەی ئەوان بە ناڕەوایی کردیان و بە بێدادی خواردیان، بە تالان بردییان، رەوا کردییە ئاگر و لە تفنکانیان هاتەوە.

## دادگایی کردنی سەرۆك و دەربارەکەی:

((بێگومان دادگایی کردنی سەددامی تاکڕەو و هاوکارە تاوانکارەکانی، لە سەر کوشتن و تۆقاندنی گەلی عێراقدا، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بایەخەکەی لە دەرخستنی تاوانەکان دایە، کە لە رۆژی دەسەڵاتگرتنە دەستیانەوە لە ١٩٦٨/٧/١٧ەوە تاکو رۆژی دەستگیرکردنی سەرکردەکەیان لە نێو کونە رێوییە ناودارەکەی))[528].

سەددام و یاوەرە نزیکەکانی بەچەندین تاوانی کۆکوژی و دژی مرۆڤایەتی، درانە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا، لەناویاندا: تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دوجەیل، ریشەکێشکردنی کوردە فەیلییەکان، بزرکردنی بارزانییان، ئەنفالکردنی کوردان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، دەرکردن و راگوێزانی بەزۆری کوردان. سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی کوردان لە ئادار و نیسانی (١٩٩١)، سەرکوتکردنی راپەرینی شەعبانی شیعەکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا، وشککردنی زۆنگاوەکانی باشوور و ناوەڕاست، کوشتنی بە کۆمەڵی بازرگانەکانی بەغدا، دژایەتی کردن و کوشتنی ئایینداران... وێڕای چاوەڕوانکردنی هاتنە سەری کێشەکانی ئێران و کوێت و...

527 – عبود، زوهیر کاظم. قضیة الدجیل، ص ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٤.

528 – عبود، زهیر کاظم، محکمة الأنفال، ص ١٨٥.

تیمێکی پارێزەران بەناوی تیمی داکۆکی کردن لە سەددام دامەزرا و لە دانیشتنەکانی دادگایی کردندا داکۆکیان لە سەددام دەکرد لە نێوانیاندا: پارێزەری عێراقی خەلیل ئەلدلەیمی،سەرۆکی تیمەکە، محەممەد مونیب، بوشرا خەلیل- لوبنانی، رامز کلارك کۆنە وەزیری دادی ئەمریکیی، پارێزەرانی فەڕەنگی))[٥٢٩].

((داواکاری گشتی لە دادگایی کردنی ئەنفالچییەکاندا گوتی "کاسێتی دەنگورەنگ و چەندین بەڵگەی دیکەی چەسپێنەرم لایە، بە روونی دەیچەسپێنن کە خودی سەددام لە هەشتاکاندا فەرمانی داوە بە چەکی کیمیایی لە کوردە عێراقییەکان بدرێت".))[٥٣٠] .
(بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ١٤ لە پاشکۆکەدا).

لە دادگایی کردنیان لەسەر هەر تاوانێکدا بڕیاری لە سێدارەدانی چەندینیان و بەندکردنی هەتاهەتایی و... بە جینۆساید ناساندنی زۆرینەی تاوانەکان دەرچووە، هەر یەکە و پەرتووکی سەربەخۆی لەسەر نووسراوە و لە ماڵپەڕی تۆڕی ئەنتەرنێتیشدا بلاو کراونەتەوە. ئێمە لەم دەرفەتە تەنگەدا تەنیا نموونەی چەند دەقێك و چەند تێبینییەکی خێرا دەخەینە بەرچاوان و وەبیر نووسەریشی دێنینەوە، نەوەك لە یادگەیدا ژەنگن بووبن یا سووتێندرابن.

((سەددام لە دادگاییکردنەکەیدا، ئاماژەی بەوەکرد کە دوور خستنەوەی خێزانە عێراقییەکان و دەستبەسەرکردنیان لە بیابانی سەلماندا، بۆ مەبەستی کۆکردنەوە و یەککردنیان بوو، لە بەرژەوەندی ئەواندابووە[٥٣١]))[٥٣٢] .

529 - عبدە، ص ٩٩ و ١٢٨- ١٣٢.

530 - عبود، زهیر کاظم، محکمة الأنفال ، ص ٧٩ و ٨٤.

531 - ناچارین بڵێین سەرکردەی گەل و هاریکانی، لە بەرژەوندی دابوونیاندا راست دەفەرموون، مەبەستیان دادپەروەری لەستەمدابوو، نیازیشیان وابووە، نێر و مێ گەورە و بچووکی بەرهەڵستکارانیان، یەك چارەنووسیان هەبێت. ئەدی ئەوە نییە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا بەیەکەوە کۆکراونەتەوە و یەکیان گرتووە!. سەرکردە پیاوێکی رەسەنی ئوممەیەکی نەمرە، لە چیرۆکە دڵدارییە فۆلکلۆرییەکانی گەلەکەیدا بیستوویەتی کە دڵدارێك و دڵبەرێك لە ژوانگەدا بە تاسەوە سوێند بۆ یەکدی دەخۆن و دەڵێن: ((سوێند بە خودا و بە ئەشقی پیرۆز دەخۆم: یا بۆ تۆم یا بۆ گڵم)) بەڵێ ئەوانە ئاشقی خاك و گڵی خۆیان بوون، بۆیە سەرکردەی مەزن و گەلویست، یارمەتی دان، تا بە دڵبەرەکەیان بگەن. پێویستە ئەم هەڵوێستە مەردانە و کەسنەکردەیەی بکرێتە نموونەیەکی زیندوو، بۆ مێژووی رابردوو و داهاتوو..

532 - عبود، زوهیر کاظم. قضیة الدجیل، ص ٣٩.



((لە میانی گەواهیدانەکەی تاریق عەزیزدا، کە لە سەردەمی ستەمکاریدا سیاسەتمەدار و بڕبڕەی پشت و جێگر و وەزیری دەرەوە و راوێژکاری یەکەم بوو، سووك و چرووك کردنیانی بە سازشکردنی بێ بەرامبەر بۆ ئەمریکا و داننان بە ئیسراییل و عێراق لەسەر خوانێکی زێڕین دەرخواردی کۆمپانیا و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدات[٥٣٣]،

ئاشکرایکرد، بەڵام کاتەکە درەنگە و سەرۆك سەددام ئێکسپایەر بووە و رۆڵی هەتا هەتایە بە کۆتا هاتووە))[٥٣٤].

کە لە رووکاردا، شوانی گەلەی ئەوکاتی و بێ باوکانی ئەم کاتەی، دروشمی نەتەوە پەروەری و رزگارکردنی فەلەستینیان لەسنگداوە و لەسەرناوە، لە دڵیشدا دەیانفرۆشت و دەستبەرداری رەشویستی و خەونە تاریکەکانیان نەدەبوون.

کاتێك دەفری ستەم لەسەری رژایەوە، شای بەغدا لێی گۆڕا، پێی لەبەرخۆی چوو، تەنیا خۆی بەنێر زانی، بویە فریشتەی یاری هەیپێی لێکرد، رۆژگاری تووش دایڕسایە، شەوگاری دێزە نێرەکەرتۆڕی کرد، کەمتیار و گورگانی دەوروبەر لێی گڕبوونەوە، کاتێکی زانی شاپترێنکرا، قەیسەری لێ بووە کونە مشك، لە نێو کونە رێوی دەریان هێنا، ئینجا زانی خواردن ریتنی دەوێت، خواردنی بەناڕەوا رشانەوەی هەیە، ئەوەی بە ستەمی لەرادەبەدەر هەڵلووشێت، ئەوا لە کونە لووتی دێتەوە.

((سەرۆك سەددام و بارزانی زڕبرای و عەواد حەمەد ئەلبەندەر، تەها یاسین رەمەزان بە تاوانی کوشتنی (١٤٨) کەسی دوجەیلی لە دوای (٤١) دانیشتنی دادگایی[٥٣٥] ، بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، لە بەرەبەیانی٢٠٠٧/١٢/٣٠ یەکەم رۆژی جەژنی قوربان لە سێدارەدرا.

رێکەوت و هەڵکەوتە سەرسوڕهێنەرەکە لەوەدابوو، کە سەددام پێشتر لە هەمان شوێندا، سەدان بگرە هەزاران عێراقی بێ تاوانی لێ لە سێدارە دابوو. هەر لەوێوە بکوژەکەیان لە

533 - ویستی بەر لە دۆڕان و رمانیدا هەمان گەمەی رێککەوتننامەکەی جەزاییر (کەناری هەڵدێران) دووبارە بکاتەوە، لایەنگرانیشی چەپڵە بۆ سەرکەوتنە مەزنەکەی بکوتن، بەڵام بە درەنگەوە زانی دەردی حەمەرەزا شای ئێرانی گرتووە، دونیای لێ بۆتە چەرمی چۆلەکە و هێچ شوێنێك لەســـەر گۆی زەمین نایگرێتە خۆ.

534 - عبود، زوهیر کاظم. قضیة الدجیل . ص ١٤٨.

535 - بەڕاشکاوی لە تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکاندا بلاودەکرایەوە.

سێداره درایەوە. هەرگیز بە بیری دانەدەهات ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەویش لە و شوێنەی کە جێگەی کاری ڕۆژانەی خۆی بوو کۆتایی دێت))[536] .

تێککردنەوەی دوو ڕێکەوتی دیکەی سەیر ئەوەبوو: لەوکاتەی شاسوار دانیشتە سەر کورسیی سەرکۆمار (ئەو کورسییەی لە ئەحمەد حەسەن بەکری سەند).

یەکەم بڕیاری: گرتن و کوشتنی ٥٤ سەری هاوڕێی و هاریکارانی خۆی بوو.

کە بەزی و لە کورسییەکەی دابەزی، بڕیاری، گرتن و دادگایی کردن و لە سێدارەدانی ٥٢ سەرکردەی هاریکاری دەرچوو.

ئەم دوو ژمارەیەش لە ڕووی شیکردنەوەی ئاماردا یەك ئەنجامە، جیاوازییان لە نێواندا نییە.

ڕێکەوتەی هەڵکەوتنی سێیەمیش ئەوەبوو، چی بەسەر عێراق، بەتایبەتی بە سەر گەلی کورد هێنابوو، هەمان شت بەسەرخۆی بنەماڵەی و هاریکارانی هاتەوە.

جیاوازی لە نێوان وێکچوونی ئەم دوو لەناوچوونەدا ئەوەبوو:

ئەوان لە ئەنجامی ناڕەواییدا بە ڕەوایی لەناوبران، کەچی بە ناڕەوایی کردن بەرامبەر کوردان، کورد بە ڕەوایی مایەوە. لە دوای دادگایی کردنێکی ئاشکرا[537]

دووەم: سەرۆك زۆر حەزی بوو بە بۆنەی سەرە ساڵانی زایینیدا خەڵك بکوژێت، ئەویش لە ٣٠/ ١٢ لە سێدارە درایەوە.

((سەددام لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە دوای (٤١) دانیشتنی دادگایی کردن، کە یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنەکەی بە تۆمەتی کوشتنی ١٦٨ کەسی دانیشتووی دوجەیل بوو))[538] .

بڕیاری لە سێدارەدانی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١١/٥دا دەرچوو، لە ١١/٢٥دا دادگای پێداچوونەوە، بڕیارەکەی پەسندکرد. لە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/٣٠ لە بەغدا لە سێدارە درا))[539] .

536 - عبود، زوهير كاظم. قضية الدجيل، ص ١٠٥ و ١١٨ و ١٨٦.

537 - ئەو بۆخۆی بۆ کوشتنی خەڵك پێویستی بە دادگا و مادگا و پەت و سێدارە نەبوو، جێبەجێ بڕیاری دەدا و زۆرجاریش بۆ دامرکاندنەوەی دەروونی گڕگرتووی، دەست بەجێ و هەر بە دەستی خۆی دەیکوشتن، یا دەبوو لەبەر چاویەوە بکوژرێن.

538 - عبود، زهير كاظم،محكمة الأنفال، ص ٧٩ و ٨٤.



کندری قنارە خرایە ملی، بە دەم گیاندانەوە هەڵدەلەرزی، تاکو دڵی نە وەستا و جەستەی نە تەزی، گەلی عێراق و دەوروبەری دوور و نزیکی ترسی ئەم دەعبایەیان لە دڵ دەرنەچوو. چونکە سات لە دوای ساتدا پتر شەیدای سامان و دەسەڵات و ناوبانگ و حەزە شێتەکانی دەبوو و پتریش سواری ئەسپی بێ لغاوی ڕك و کینە و سەرکەشی...

((لە دانیشتنەکانی دادگایی کردندا[540] عەلی حەسەن مەجید بە ڕوونی دانی نا بە بەرپرسیارەتی خۆی بەرامبە بە ئەنفالکردنی کوردان))[541]. عەلی کیمیایی دوای ئەوەی ئیزرایل خۆی بە عەلی پیشاندا، ئەوکاتە چاوی هەڵێنا و داوای لێبووردنی لە گەلی عێراق کرد، وەتبان ئیبراهیمیش لە گەلی عێراق!

نازانم دوای ئەوەی کەڵبە و چڕنووکیان نەما، ئەوکاتە داوای لێبووردنیان لە کوژراوەکان کرد، یانە نەوە کلۆڵەکانیان ئەم مافە بە ڕەوای خۆیان دەزانن؟ یا...؟

لە ئەنجامی دادگایی کردنیان لەسەر ئاریشەی ئەنفالدا بڕیاری: سزای لە سێدارەدان بۆ: عەلی حەسەن کیمیایی و سوڵتان هاشم ئەحمەد و ڕەشید حوسێن محەممەد ئەلتکریتی. بەندکردنی هەتا هەتاییش بۆ: فەرحان موتلەگ ساڵح ئەلجبووری و سابیر عەبدول عەزیز ئەلدووری دەرچوو. تایەر تۆفیق یوسف ئەلعانیش بێ تاوان دەرکەوت.

ئاخۆ تاوانی کوشتنی (١٨٢) هەزار کوردی بێ تاوان بەبێ دادگایی کردن، بە دادگایی کردنی شەش یا شەست سەرکردەی ئەنجامدەر، یا بە داواکردنی دادگایی کردنی (٤٢٣) سەری دیکە (کە ناوی وەفیق ئەلسامەڕایی لە ڕیزبەندییەکەدا ژمارە یەکە، ناوی ئەلخەزرەجیشی تێدایە) چارە دەکرێت؟

چ شتێك جێگەی گیانی ئەم پەپوولە کوژراوانە دەگرێتەوە؟

خزم و دۆست و ویژدان زیندوان چۆن دەڕواننە جیهانی کپ و سەرانی ئێستا؟

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی کردووە تا ئەم دڕندایەتییەی لە یاسای دارستانیش دەرچووە، بنەبڕبکرێت، جارێکی دیکە و لە سەردەمی جیهانگەریدا ڕوو لە کورد و هاوکوفانی نەکاتەوە؟

ئاخۆ ئەوانیش وەك ئەلحەمدانی دیزە بە دەرخۆنەی دەکەن؟

539 - عبده، ص٧ و ٨ و ٣٤.

540 - دادگایی کردنیان لەسەر تاوانی ئەنفال.

541 - عبود، زهير كاظم، محكمة الأنفال، ص ١١٢.

بە گوتەی پێنج باتمانی و خۆپچڕینەوەی بەدرۆ، بازرگانی پێوە دەکەن؟

بیر لە چارەیەکی دادپەوەرانە و گونجاوی هەمیشەیی و کاری بۆ دەکەن؟

کوشتن و کوشتنەوە، لێدان و تۆڵەکردنەوە هەرگیز چارەی تاوانی رابردوو ناکات، بەڵام دەکرێت ببێتە پەند بۆ پێشگری.

کە مرۆڤ لەدایك دەبێت پاك و بێگەردە. نازانێت تاوانکاری و گزی و سکڕەشی چییە، هەموو دونیا بە دایکی خۆی دەزانێت، بۆیە بۆ هەمووولایەك دەمی دەگێڕیت. دەوروبەر، تاڵی و شیرینی و پەروەردەکردن، مێشکی مرۆ دەنەخشێنن، دەکرێت لە سەردەمی خێرایی و بچووك بوونەوەی جیهاندا، هەموان: دەسەڵاتدار و زانا و هۆشیارانی جیهانی و ناوچەیی و ناوەخۆ و کۆمەڵگە و خێزان، لە پێناوی پێگەیاندنی نەوەیەکی نەرم و خاوێن، خەڵك و خۆ ویست و بەرهەمهێن، بەیەکەوە خەبات بکەن. بەر لە رەشەکوژی و رەشکاری و بازاڕی رەش و هۆشڕەشی بگرن. نەك لە دوای روودانیدا، پەکوو پەکووی بە قسەی بێ کردار بۆ بگرین.

## ئەو سەربردانەی لە بیرناکرێن:

ئەگەر برایانی گرۆی: بکوژن و ببەن، بخۆن و وەخۆنەوە و وەشێرنەوە، بتی کڕنۆشبەری بەر پێی بت نەبن، ئەوا دوو سێ رووداوی ئاوا لە ویژدانیان دەیناڵاند، لە خۆ ویستی و بە خۆ نەویستییەوە، وەك فەریق رەعد دەڵێت: ئەو بیرەوەرییانەی لە بیرناچنەوە، لە گوفتار و رەفتاریاندا، جار جارە بە تیژتێپەڕی دەنگ و رەنگێکیان دەردەکەوت. نموونەی چەند رووداوێکی ئاسایی ئەو کاتە، لە کاتی شێنەیی و لە جەرگەی شارە گەورەکاندا، نەك لە کوشتارگەی بەرەی جەنگ و لە چرکەساتی پەلامار و بۆردوومان و مەرگباراندا، ئەوانەی وەك کارەساتی هۆشبەر و کەسنەدی و دەبیندرێن:

**١- سەرکردەی گشت بردە:** بە بۆنەی شەهیدبوونی کوڕی شەشەمی ئەبو راشید ئەلبەغدادی، بەسەریان دەکاتەوە. کە ئەبو راشید دەبینێت بە لەز [542] رادەبێت و بەپیرییەوە دەچێت و شان و پیلی رادەمووسێت، وەك خەنیبووێك هەڵدەپەڕی و هاوار دەکات: "بژی سەرکردەی مەزن، بژی مەزنی ئومە، خودا هێمای سەربەرزی و شکۆداریمان بپارێزێ..." بە

542 - بەخێرایی، بەپەلە. زوو.



نواندنی رووێکی گەشەوە: "گەورەی گەورانم! حەزم دەکەم خۆیشم ببم بە قوربانت". دواتر ژن و بووك و کچ و خزمانی نزیکی سەرزەنشتی باوکی راشید دەکەن: چۆن توانیوتە بەڕووی بکوژی کوڕەکانت پێبکەنێت؟

بۆچی داوات لێنەکردووە کە ئەم جەنگە جەرگبڕە رابگرێت؟ بۆ شتێکت بۆ خۆت و نەوە هەتیوەکانت داوا نەکرد؟ بۆ نەتگوت جەنگەکە بەناوی تۆوە (جەنگی ئەبو راشید، جەنگی باوکی شەش شەهیدان) ناوبندرێت؟

ئاخۆ بە بنەماڵەی سەرکردە و خزم و کەسانی و ناودیارانی رژێم، سەرجەم شەش گەنجیان لەم جەنگەدا رۆیشتووە؟

ئەبو راشید بە فرمێسك رشتن و کوڵان و کولانەوە، ئاخی سارد هەڵدەکێشێت: "بە مۆنی و گرژی و تووڕەیی و گریان و پاڕانەوە: شەش کوڕی لە ختوخۆڕایی لە من چووی، جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە، ئەم کابرایەش تێنووی خوێنە، ئاشەوانێکە، مەگەر بمرێت، ئەگینا هەرگیز ئاشی مەرگی گەنجان راناگرێت، ماڵ و ناویش کەڵکی من نادەن، من کە بە روویدا پێکەنیم و شایم کرد، لە ناخیشدا شینم دەگێڕا، بۆ پاراستنی عەلوانی کوڕم و مەروانی نەوەم دەگریام، بۆ ئەوەم بوو، ئەم دووەیش نەنێرێتە لای شەش جوانەمەرگەکەی دیکەم. کە بوومە خاوەنی هەشت کوڕی شەهید جارێکی دی بیبێنمەوە. ئەگەر پیاو دۆست و دوژمنی خۆی نەناسێت و نەتوانێت بە رووی دوژمنی پێبکەنێت، بەدوای دەرفەتیشدا نەگەڕێت، ئەوەی ماوەیەتی ئەویشی لەسەر دادەنێت.

گەر کات درەنگ و دڵتان تەنگ نەبێت، ئەوا یەك دوو رووداوی ناو هەولێر و بەغداتان، وەك چیرۆکی بەر ئاگردانی مێژوویی ئەو کاتەتان بۆ دەگێڕمەوە، کە خۆم دیتوومن، بەڵام بەوە راناگەم باسی سەربردەکانی بەرەی جەنگەکانی کوردستان، قادسیەی سەددام ، کوێت، ئەمریکاتان بۆ وەگێڕمەوە:

**٢-خەماڵوو:** (ئەحمەد کەریم عەبدوڵڵا)ی ئامۆزا و شووی (حەبیبە ئیسماعیل عەبدوڵا)ی پوورزام: لە شاخ بوو، عەبدوڵای برایشی دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایان، بە تەکسییەکەیەوە ئاسایشی هەولێر گرتبووی و بێ سەروشوێن بوو. (لە دوای کەوتنی رژێمی بەعس، چوون ئێسکوپرووسکی عەبدوڵای جوانەمەرگکراویان لە ئەبوغرێب هێنایەوە گۆڕستانی گردەڕەشە)، قاسمی برا بچووکیشی راکردووی سەربازی، لە شاخ بریندار بوو. پوورە عیسمەتی دایکی و خوشکە پاشباوکەکەی (جەمیلە)، خانووی خۆیان جێهێشتبوو، لێرە و لەوێ لە ترسی گرتن و

بردن خۆیان دەشاردەوە. حەبیبە بە تەنیا و بێ هاریکار، بەخێوکردنی چوار منداڵی سەر و پێی لە ملدابوو. (راستی) کوڕی گەورەی لە پۆلی دووەمی سەرەتاییەوە لە ترسی ئاشکرابوون، دەستی لە خوێندن هەڵگرت و بۆ بژێو پەیداکردن بە سەرماو سۆڵەی بەیانیانی زستانان، شامی نۆکی دەفرۆشت، لە گەرمای هاوینانیشدا چلوورە.

حەبیبە تووشی خەمۆکی بووبوو. لە هەر شوێنێك بایە، گەر ترسی گرتنی نەبوایە، فرمێسکی سێ ریز دادەباراند و بە ئاهی ساردەوە دەیگوت: من دەگیرێم. خەمی خۆمم نییە دەکوژرێم، خەمی منداڵە بێ کەسەکانمە، بێ سەرپەرشتیار دەمێننەوە و لە برسان دەمرن[543].

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦دا، بۆ چارەسەری منداڵێکی نەخۆشم دەچوومە بەغدا، حەبیبەیش لەگەڵ مندا بۆ چارەسەری هات. **(بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ژمارە ١٥ لە پاشکۆکەدا)**

لە بەغدا چووینە لای دوکتۆر محەمەد تاجەددین، ئەوکاتە نۆڕینگەکەی لە کۆتایی شەقامی رەشید، بەرامبەر گۆڕەپانی تەحریر (ئازادکرن) بوو. لە سەرەتای شەقامی سەعدوونیش، لە بەتاوین چووینە لای دوکتۆر ئیبراهیم کازم ئەلعەزماوی، ناوبراو بەرپرسی نەخۆشخانەی ئیبنولڕوشدی دەروونی بوو. بۆ بەیانی بۆ هەندێك پشکنین چووینە نەخۆشخانەکە، لەوێ نۆرەی مێردمنداڵێکی تێکچووی[544] لە پێش ئێمەبوو، لەبەر خۆیەوە جنێوی زۆر سەیری بە (زەهرە) ناوێك دەدا. لێژنەیەکی سێ دوکتۆری کە یەکێکیان ئەلعەزماوی بوو، پشکنینی حەفتانەیان بۆ دەکرد، عەزماوی بە پسەپس گوتی "ئەو منداڵە ناوی عەلاوی جەواد کازم عەلییە، دانیشتووی گەڕەکی ئەلسەورەیە[545]، بەرێکەوت تەرمی شەهیدێکی قادسیە دێتەوە حوسەینییە[546] کەی بەرامبەر ماڵیان. ماڵی خاوەن شەهیدەکە ناناسن، دەگەڕێن و دەپرسن، نایدۆزنەوە،

543 - زۆرینەی کارەکتەرەکانی ناو شەخەڵی دار بەڕوو ئەوانەیش لەم پەرتووکەدا ناویان هاتووە، خەڵکی راستەقینەی ئەم هەرێمەن، کەسایەتییەکانی حەمەدەمین حاجی محەمەد مەمیخەلی، حەبیبە ئیسماعیل عەبدولا ،عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان مەلا ئەحمەد. هەرسێکیان لە ژیاندا ماون و ئێستا لە هەولێر دادەنیشن.

544 - مێشك تێکچووی، هۆش نەمای، ئەقڵ شێوای.

545 - پێشی دەگوترا: شاری ئەلسەورە، ئێستا ناوەکەی کراوەتە: شاری ئەلسەدر.

546 - مزگەوتی شیعان.



بۆیە بە بڵندگۆ لە حوسەینییەکەوە بانگ رادێرن: عەلاوی جەواد کازم عەلی، لە بەرەی بەسرەدا شەهید بووە، ماڵی کەسوکاری نازانن. تکایە هەر کەسێك دەزانێت، ئێمە، یا ئەوان ئاگادار بکاتەوە!

دەبێتە چبوو چبوو و چوورە چووری گریان و غەڵبە غەڵبی راکردن و وەیش وەیش و هاوار و رۆڕۆ. عەلاویش کە هەمان ناوی هەیە و بەتەنیا لە ماڵەوەدەبێ، بە ترسەوە دادەمێنێت، کاتێك لە هۆڕژنی گریانێ دەدا و دەرگا دەکاتەوە و دەردەپەڕێت و هاوار دەکا: خەڵکینە من کوژرام و کەسیشمان لە ماڵ نییە، خەڵکینە بڵێنە دایك و باوکم من کوژراوم... لەوکاتەوە عەلاوی تێکدەچێ. ئێستا چاکترە، بەڵام هێشتایش ماویەتی. بە زەهرە ناوێك کە کچێکی هاوتەمەن و هاوسێانە گرتوویەتی".

عەزماوی: مامە عەلاوی! تۆ کە کوڕێکی ژیر و ژیکەلەی! بۆ جنێو بە زەهرە دەدەیت؟ خۆ زەهرەخان تۆی خۆشدەوێت.

عەلاوی: ئەم هێستر کچی هێسترە! دەڵێت سەیدلڕەئیس... سەید موحسین ئەلحەکیم...

هەر لە باخچەی ناوەوەی نەخۆشخانەکەدا، گەنجێکی باڵابەرزی تابلێی شەنگ و رێکپۆشمان دیت، کوڕە تاسابوو، دوو پەرستیاری ناسکۆڵەیش بە دەوریدا دەسووڕانەوە و دەیان ویست بیهێننە گۆ. سێویان بۆ قاشکردبوو دەیان ویست بیخوا، بەڵام کوڕە بایەخی بە هیچ شتێك نەدەدا، وەك پەیکەرێك رادەما... دەرفەتێك هەڵکەوت لە نزیکەوە بە سەرسامییەوە پرسیم: ئەوە چیەتی؟ یەکێکیان: ئەوە لە قۆناغی چواری کۆلێژی ئەندازەیە، کوڕی شێخێکی بە ناوە، تووشی نەخۆشی بێباکی و بایەخ نەدان بووە... بە گێلانی، پرسیم: بۆچی؟ هۆیەکەی چییە؟ بەمنگەیەکی بەترسەوە: تۆ کێیندەریت؟ لە کوێ دەژیت؟ لەم رۆژەدا بۆچی خەڵك...

٣- **خەون:** عەبدولکەریم مەلا عەبدولڕەحمان مەلا ئەحمەد مەنتك، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥، لە ١٩٨٢/١/٨دا ماڵی لە خانووەکانی کێڵگەی پەلەوەری باکوور- هەولێر و کارمەندی کێڵگەکەیش بوو، خۆی و هاوسەرەکەی (حەسیبە مەلا سەدیق و کۆرپە کوڕێك (بێستوون لە دایکبووی ٩٨٢/٤/٥)ی لە ماڵۆحاڵێکی خنجیلانەدا دەژیان. وەك لاوە لاوییەتی سووتاوەکانی ئەو سەردەمە تاریکە، لە ١٩٨٢/٩/٢دا ناوی بۆ بێگاری سەربازگیری بانگ کرا، کرایە سەرباز و ناردرایە جەنگی قادسیەی قەقنەس. لە بەرەی جەنگدا چاوی بە کوشت و کوشتار و سەربڕخانەی مرۆڤان دەکەوێت. بۆ

دەربازکردنی گیانی لە سەربازی لە ڕێکەوتی ٨٣/٣/٢٤ رادەکات، دێتەوە هەولێر، شوێنی نشتەنییەکەی دەگۆڕێت و دەچێت لە گەڕەکی رووناکی خۆی دەشارێتەوە. ئەوکاتە مردن سێبەری سەربازی راکردوو و رانەکردووبوو.

کەریم دەستەوئەژنۆ بە گیرفانی برسی و دڵی پڕ ترسی لە ماڵەوە بە دیار بێستوونی نەخۆشی کەس لێ نەپرسی، کە تووشی ئیفلیجی بووبوو و حەسیبەی دووگیانیش لە نەخۆشییاندا لە گیانەڵا دابوو. شەو و ڕۆژ خۆی دەخواردەوە.

کەریمی بەختنەیار وێڕای باری گرانی هەژاری و نەبوونی و زۆربوونی پەژارە و ترسی لە سەردانی، لە ڕێکەوتی ٨٧/٣/٩ لە دەرگاکەیان دێتەدەرەوە، یەکسەر دەستەیەکی پیاوگرانی رژێم، وەك هەڵۆی برسی بەسەری هەڵدەبن، قیڕەبڕی دەکەن، لەگەڵ چەندین بەدبەختی دیکەدا، بەناوی لەشکری میللی و خۆبەخشین بۆ بەرگریکردن لە ئابڕووی گەلی عێراق و سنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عارەبان و شکۆداری ئوممە، بەرەو سەربڕخانەی قادسیەی سەددام ڕەوانیان دەکەن. بە ڕێکەوت شەو لە کەرکوك لە نێو سەربازگەکەی تۆبزاوەی چواردەور بە شوورا و تەڵدڕ و کارەبا گیراودا دایان دەکەن.

کەریم سەربازی راکردووە، ئەو کاتەیش هەر سەربازێك رایبکردایە، ئەوا سزای خۆی و ئەوەی داڵدەیشی دابوو لە مەرگ کەمتر نەبوو. بۆیە دەیەوێت بەر لەوەی بزانن سەربازێکی هەڵاتووە، دووبارە دەست بە چاویەوە وەدەنێت بۆی دەردەچێتەوە! هەرچۆنێك بێت لە تاریکە شەودا لە سەربازگەکە دەردەکەوێت و دوور دەکەوێتەوەو، بە پیکەبێك دەگاتەوە ناو کەرکوك، خۆی لە پەنایەك مات دەکات. دووبارە دەستەی پیاوگران دەگەنەوە سەری، دەیگرنەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەرەو فەرمانگەی ئاسایشی کەرکوك رایدەپێچن. پوختە و جوان چوار مێخەی دەبەستن، مێخکبەندێکی بۆ دەهۆننەوە و دەیخەنە ملی و دەڵێن: ئەوە یاخییە، کوردێکی ناودار و کارامە و بەدکارە. هاتووە لوولەی نەوتی باکوور هەڵبتەکێنێت، دڵسۆزانی میری بڕفێنێت، ئاژاوە بنێتەوە، ئاسایشی شارەکە بشێوێنێت...

ئیدی بگرە و بکوتە: پێمان بڵێ کێ تۆی ناردووە؟ چۆن گەیشتوویتە ناو کەرکوك؟ کێ داڵدەی داوی و ڕێنوێنی کردووی؟ چەند کەس بەیەکەوە هاتوون؟ چەکەکانتان لە کوێ شاردۆتەوە؟ ئامانجتان کوشتنی کێ و کاوڵکردنی کـــامە شوێنە؟ سەر بە چ گرووپێکی ناوەخۆ و کرێگرتەی کامە دوژمنی دەرەکیمانن ؟



هێندەی دەکوتن و دەیکوتنەوە... چەندین هونەری ئازاردانی کۆن و سەردەم هەیە، لەگەڵیدا بەکاردێنن. گەواهی دەری بەدرۆ لە پەنا پەردەوە لە دژیدا ئاگر هەڵدەڕێژێت... دواتر رادەستی پۆلیسی کەرکوك و ئەوانیش دەیدەنەوە دەستی پۆلیسی هەولێر، لەوێشەوە دەینێرنە ئاسایشی هەولێر. لە ژێر زەبروزەنگدا پرس و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن و دەکەنەوە، کە لێی وەڕس دەبن دەینێرنەوە ژوورەکانی سزادان... لەم کەین و بەینەدا کەریمی چەمبەری ڕۆژ و شەو، مانگ و وەرزی ساڵی لەلا گومدەبێت. لە رابردوویدا دادەبڕێت، بەڵام کەریم، کەریم و قایمە و ئەجەلیشی ماوە... کاتێك لە ١٧/تەمووزی/١٩٨٧ بە بەر لێبووردن دەکەوێت و بەردەبێت. بیری دەگێڕێت و بە دوای رابردووی خۆیدا هەنگاو دەنێت، خەون و خەیاڵ و راستەقینەی لە لا ئاوێتە بووە...

کاتێك دەگاتەوە ماڵەوە چاودەکاتەوە، دەزانێت حەسیبەی ژنی لە ئەنجامی نەشتەرگەری بەسەر منداڵەوە چووە، بێستوونیش شێرپەنجە و شەپڕە، شەپڕێوی کردووە و هەر ئەوەتە گیانی لەبەردا ماوە، ماڵ و خانووشی هەر نەبوون. وا دەزانێت لە خەودا رابووە، ئەوەی هەیبووە خەون بووە، تاکە شتێك دەیهێنایەوە هۆش و بڕوای پێدەهێنا کە سەربردەکەی راستە و خەون نییە، ئەویش هاوار و ناڵە و دایکە و باوکەی بێستوون بوو... زۆری نەبرد بێستوونیش گەیشتە لای دایکی.

کەریم بە تەنیا و تەنیا مایەوە.

ئەوەی دەیەوێت کەریمێك لە جیاتی هەزاران کەریمی هەولێر و کوردستان ببینێت، با دانە ئێوارەیەك، سەردانێکی هەولێر- شەقامی پزیشکان- دەرمانخانەی ((سوسن)) بکات، ئەوکاتە لە راست و درۆی کەریم و چیرۆکە خەیاڵییە راستەقینەکەی بپرسێ.

ئەمانە و هەزاران هێندەی دیکە، هەر کردەیەك و سەربردەیەکیان کەرستەی رۆمانێکن، بۆیە سەرکردەی مەزنی عێراق لەگەڵ برانەوەی جەنگی قادسیەدا بە هەڕەشەوە دەیگوت: هەرکەسێك چیرۆکێکی لە قادسیەدا نەبێت، شایستەی ئەوە نییە لە سەر خاکی عێراقدا بژیەت...

ئەم کورتە فیلمانەی بینیتان بەسەرهاتی رۆژانەی ئاسایی دانیشتوانی شارێکی هێمن بوو. خۆزگەی خۆزیداران: توانا و کاتمان دەبوو وێنەی تۆقێنەری ئەو کاتانەی بەرەکانی جەنگمان بۆتان دەنووسی، ئەو کاتە بازاڕی رۆمانەکانی ((جەنگ و ئاشتی تۆلستۆی، دوونی هێمنی شولۆخۆف، ماڵئاوایی لە چەك، بۆ کێ زەنگ لێدەدرێی هەمنگوای...))مان دەشکاند، بەڵام

چی بکەین شەکەت و نەخۆش و یەك دەستین، هیوا زۆر و پڕکار و کات کەم، لە خۆیشمان پەستین...

**٤- حەمدانی گوتەنی:** منیش وەك حەمدانی گوتەنی " بە درەنگەوە هەڵوێستێکی خۆشم بیرکەوتەوە"

لە ئاداری ساڵی (١٩٧٨)دا لە فەرمانگەی کشتوکاڵی چۆمان لەگەڵ نەریمان تۆفیق تایەر چەلەبی و بەکرەسوورو... کارمەندبووم، یاریدەدەرێکی نوژداری عروبیش لە نەخۆشخانەکەی تەکمان فەرمانبەربوو، ئەوکاتە چۆمان شارەدێیەکی بچووك و کەم خزمەتگوزار و لەبیرکراو بوو. لە ناچاریدا کارمەندانی فەرمانگەکان، بەیەکەوە لە تاکە چایخانەکە، تاکە خواردنگەکە، تاکە شەقامەکە رووبەڕوو دەگەیشتینە یەکدی، یان لە شوێنێکی دیکە بەیەکەوە دادەنیشتین، زۆر جاریش بۆ خۆپارێزی بە دەمی عروبییەکان دەگرژینەوە گەر نەڵێین گرِدەبووینەوە، کەچی ئەوان بەمۆنییەوە بە پەلار دەیانکوتاین و بە خەنجەری زمانیان دەیان هەنجنین. رۆژێك برادەری عروبی، نەیهێنا و نەیبرد گوتی: "بۆچی کورد ئەم ئاژاوەو گێلەوێژانە دەنێتەوە؟

بۆچی خۆی بە فەتارەت دەدا و ئێمەیش ماندوو دەکات؟ بۆ ئەقڵ بەکار ناهێنن؟

هەمووتان دەزانن بنەچەی کوردان عارەبن، ئەوەیش بڕوا بە رەسەنی خۆی و رسەنایەتی عارەبان ناکات، با بچێت پەرتووکی (( نقطة البداية -خاڵی سەرەتا))ی ئوستادی گەورە و بیرمەندی مەزن (مێشێل عەفلەق)ی دامەزرێنەری بەعس بخوێنێتەوە، بەبەڵگەی بێ گومان روونی کردۆتەوە کە کورد تیرەیەکی عەرەبانن. ئاژەڵەکانیشیان لە رەسەنە ئاژەڵی عارەبانە".

لەوکاتەدا نەدەکرا راستەوخۆ بێیتە وەڵام، چونکە ئەوان بیانوویەکیان گەرەك بوو، بۆ ئەوەی پەڵپت پێبگرن و پەلت بدەن، بەڵام ئێمە بۆ کلك بڕین و ریسواکردنی خۆی و نووسەری پەرتووکەکە، بە کلکە پرسیارێکی گێل لە لمووزیمان دا و کەڵکمان بڕی کە گوتمان:

خۆتان زانان، کورد رەوەند و نەخوێندەوار و مێژوو نادیارە، دەشزانن کورد لە عێراق و سووریا و تورکیا و ئێران وسۆفیەتدا هەن. ئێوە دەڵێن کورد عارەبن. تورکیا دەڵێت کرمانج (کورد) تورکی شاخاوین، ئێرانی فارسیش دەفەرمووێت کورد ئارییایی و ئێرانیی رەسەنن. بۆچی ئێوە لە نێوان خۆتاندا بەبێ پرس و ویستی کوردان، رێکناکەون، پێمان بڵێن کورد کامەتانە؟ کە کورد بنەچەی خۆی ناسی، ئەوکاتە گێلەوێژەکەی کوردان دەبڕێتەوە و شەکەتییەکەی ئێوەیش کۆتایی دێت.



**٥- دوایین سەربردە:** لێرەدا بە گێڕانەوەی دوایین سەربردە، دەست لە بابەتەکە دەشۆم، لەوانەیە لە جغزی بابەتە خەمگینەکان دەربچین، کەمێك دڵتەنگی برەوێنینەوە. مەبەستیشمانە پەیوەندییە ئاوێتەبووەکانی نێوان تاك و کۆمەڵگە و بابەتە مێژووییە بایەخدار و بوارەکانی ژیانی سەختی ئەو سەردەمە بە لێکدراوی هەڵڕێژین:

گوتمان پیاوی فرەگۆ یان فیشۆ، دەبێت، ئاگای هەبێت لە بەر و پشتی خۆ. ئەگینا زوو تێدەکەوێت و بەدوایدا دەبارێنێت مام سابرێنی درۆ:

پێشتر ئاماژەمان کردووە کە لە سەربازی رامانکردووبوو. راکردنەکەمان لە دوای دەرچوونی بڕیاری لێبووردن لە سەربازانی راکردووبوو. ناوەرۆکی بڕیارەکەیش ئەوەبوو: هەرکوردێکی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوومانگ لە بەرەی شەڕدا بمێنێتەوە، یانە شەش مانگ لە پارێزگەکەی خۆیدا سەربازی بکات، ئەوا لە سەربازیی بەردەدرێت. ئێمەیش لەم کاتەدا جێگەکەمان زۆر ترسناك بوو، هەموو سەرە خولەکێك مەرگ سەرەدیقانێی لەگەڵدا دەکردین. چوومەلای سەرلقەکەمان، جێداری یەکەم: **محەممەد** جاسم (تورکێکی تەلەعفەری و ئەفسەری رێنوێنی ئاراستەکردن بوو) داوای رازی بوونیم بە گواستنەوم بۆ سەربازگەی هەولێر کرد، بۆی نەکردم، منیش بەبێ ئاوڕدانەوە هەیپیێم لێکرد. ماوەیەك خۆم لە ماڵەوە مەڵاسدا، رۆژێك رەسوول ساداق دۆڵەزەیی (ژمێریاری کارگەی جگەرە (پێشتر لە سەربازیدا بەیەکەوە بووین، ئەو بەر لەمن رایکردبوو، لە نووسینگەی سەربازگەی هەولێر کارمەندبوو) هاتەلام، ناوی بردم و لە نووسینگەکەدا رەگەڵ ناوی هەزار بەهەزاری سەربازانی هەڵاتوویدا. ئاگاداریشی کردمەوە: تەنها رۆژانی سێشەمە بچمە سەربازگەکە، کە ئەفسەرە بەعسییەکە بەخۆی ناوی ئامادەبوان دەخوێنێتەوە، خۆم پیشانبدەم، رۆژەکانی دیکە خۆیان بۆمی پێکدێنن.

شەش مانگەکە تەواوبوو، رەسووڵ و زۆرینەی هەرەزۆری سەربازە هەڵاتووەکان لە سەربازیی دەربازبوون، بەڵام بەگوێرەی منەوە، ئەوکاتە کلکی گورگەکە پسا و جیهانم لێ رەشداگەڕا و بێن و بینینم نەما. نەوێرام بچمە پێش، چونکە هەڵاتنەکەم بە بەر لێبووردنەکە نەدەکەوت، سزای دووەمیشی ئەوەبوو کە فێڵم لە بڕیار و یاساکانی میری کردووە. دەبوو سەری ئەوکەسانەیش بنێمە قوڕ کە کارەکەیان بۆ کردووم، ئینجا بە کوڵە مەرگی بکۆژرێم! رەسووڵم نەماوە لەپاناوە بمشارێتەوە. جیهان لێم بوو بە چەرمی چۆلەکە.

رەسوولّم ئاگار کردەوە. گوتم: بەلّکو کارێك بکەین تاکو لایەك بە لایەك دەبێت و خوا دەرگەیەکمان لیٚ دەکاتەوە. ئەویش هەر بە هەمان شەو لەگەلّم هاتە مالّی برادەر و هاوکارێکی کە لە نووسینگەی سەربازگەکەدا جێگری ئەفسەری نووسەربوو. تێی گەیاند. مالّی لەگەلّ ئێوەش ئاوەدان، هەر هەبووە و بیٚ وەی بێت، مەردانە بە هانامەوەهات. ناوە ناوەیش پسوولەی ماوەدانیان بۆ دەناردم. دوای ماوەیەك بڕیارێکی دیکە دەرچوو (ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی بەرگری ژمارە (٨٣٨) لە ٩٨٣/١/٢٠) : " سەربازانی یەدەگ، کە کوردی ناوچەی ئۆتۆنۆمین و تەمەنیان سی سالّ یا پترە، لە سەربازی بەردەدرێن". ئەوکاتە هەناسەیەکم هاتەوەبەر، بڕیارمدا بچمەپێش. چووم داوای دەرچوونم کرد. نووسراویان بۆ ئەو بەتالیۆن و لقەی کە تێیدا رامکردبوو نووسی. گەڕامەوە لای عەریف حومەید و جێگری ئەفسەر چحەیل چخێور و محەممەد جاسم تەلەعفەری سەرلقمان، چوومە نووسینگەی لق، لە تۆمارگەکەیاندا لاپەڕەی منیان کردەوە. دوو یەدەگی کلاشینکۆف و شەست فیشەك و چوار بەتانیە و...  تۆمارکرابوو کە من وەرمگرتوون و نەمداونەتەوە، دەبێت بچم بیانهێنمەوە، یا لەسەرم دەنووسن. منیش بەبیٚ ترسیی و بە دەنگی بەرزەوە گوتم: من چەکی دژە تانك (ئاڕ بی گی سێڤن)م هەبوو! کە کلاشینکۆفم نەبووبێت چۆن شانەو و فیشەکیم لەسەر دەنووسن؟ وادیارە  ئەم شتانەتان لە جبەخانەدا دزیوە و لەسەر سەربازە هەلاّتووەکانتان نووسیووە. لەترسانا، بەلاّم لە رووخساری پیاوەتیدا شتەکانیان سڕییەوە و پشتگیری پاکانەیان بۆ نووسیم کە لە بەتانییەك بەملاوە هیچی دیکەم لەسەر نییە...

گەڕامەوە هەولێر، بەر لەوەی پەڕاوی راژەی سەربازیم بۆ لە **٨٣/٢/١٣** پڕبکەنەوە و دەستم لە دەستیان بەربێت، داوای دەستەبەریان لێکردم، ئەگەر هەر کەموکورتییەکم هەبێت یا لەکاتی داواکردنەوەمدا ئەو بمداتەوە دەست ئەوان، ئەگینا دەستەبەرەکە لە بری من دەگیرێت و سزادەدرێت. عومەر فەقیٚ عەلی ئەحمەد رابەری کشتوکالّ لە فەرمانگەی کشتوکالّی هەولێر، کوڕە خالّم بوو، بووە دەستەبەرم...

چوار مانگێك لە دوای دەرچوونم لە سەربازیدا، نووسراوێکی بەپەلە و نهێنی بۆ عومەر هات: دەبێت لە ماوەی سیٚ رۆژدا من بداتە دەست پۆلیس بۆ ئەوەی بمبەنە دادگای سەربازی لە کەرکوك، ئەگینا عومەر بە گیراوی دەبەن، مامۆستا عومەر ئاگاداری کردمەوە...



بیرم گیڕا، چوونە دادگای سەربازی کەرکوك تابلّێی تۆقێنەرە، کوشتن یا بەندکردنی هەتا هەتایی بە تەوێلّەوەیە- ئەگەر نەچم و بۆی دەرچم، ئەوا عومەر و ژن و مندالّ و دایك و باوکم دەگرن. کەوتمە قرت و فرت و دلّەڕاوکیٚ. راکردنە نایاساییەکەم ئاشکرابووە، ئێستایش کار بە بڕیاری لێبووردنەکە ناکرێت. بکەومەوە ژێر دەستیان بە کولّەمەرگی دەمکوژن. ئێمەی کورد زۆر گیان سەختین، هەموو رۆژێك چەند جار دەکوژرێین کەچی گیانیش نادەین. سیٚ شەو و دوو رۆژ بیٚ سەر، بیٚ خەو و خۆراك بە هزر کوژاوەیی، بەبیر و بە پرسیار بە دوا چارەیەکدا گەڕام، هەر رێگەیەکم دەگرتەبەر، بنبەست دەردەچوو. بەیانی رۆژی سێیەم، بە گەرووی وشك و رەنگی پەڕیوەوە، روومکردە هاوڕێیەکم (زراری خدر خوچیٚ) و گرفتەکەی خۆم بۆ روونکردەوە. بە هێمنی گوتی: کوڕە میمکێکم دوکانەکەی لە نزیك دادگاکەیە، کارمەندانی دادگاکە هاتوچۆی دەکەن، قەرزوقۆلّی لەگەلّیاندا هەیە، تەلەفۆنی بۆ دەکەم، لەگەلّت بێت بزانی کێشەکەت چییە، ئەوکاتە بەپێی ترسناکی بابەتەکە بڕیاری خۆتی لەسەر بدە. مەترسە ئەو پێشتر بە کەلك چەندین کەسی دیکە هاتووە.

گوتم: پێشتر کە هاتوچۆی بەغدام دەکرد، لە بازگەکاندا هێندە چاویان لێم سوورکردۆتەوە و هەنجەتیان پێم گرتووە، هەر لە خۆمەوە زراوم لە کەرکوك چووە. پیاوی چاك بە! هەر ئێستا تەلەفۆنی بۆ بکە و بە هێما و جەڤەنگ تێی بگەیەنە و بەیەکەوەش دەچین، دەترسم بمگرن و بیٚ سەروشوێنم بکەن، تۆ ئاگاداری مالّەوەمان دەکەیتەوە. دوای تەلەفۆنەکە، چوین کارتۆنێك مریشکی بەرازیلی و سەبەتەیەك ترێی نایابمان کڕی، کەرکوك خۆتبگرە وا هاتین! دیارییەکانمان لە دوکانی ناسیاوێکی زرار سپارد. دووبارە تەلەفۆنی کردەوە. ئەو لە پێش و من لە دواوە بەرەو دادگاکە هەنگاومان نا. چەند لە دادگاکە نزیکتر دەکەوتینەوە من هەناسەم توند و هەنگاوم شلتر دەبوو، لەدەرگەی کۆنە قشلّەیەکی گەورەو فراوان چووینە ژوورەوە، وەك بلێی قوللە و قەلاّبێت بۆ بەسەردادان و بەرگریکردن و جەنگ دروستکرابێت، وادەزانم هی سەردەمی عوسمانییەکانە، دوو دەرگەی سەرەکی گەورەی هەبوو، ئەگەر دوو دەرگایەکەی دابخرایە، ئەوا پشیلەیش چوونە دەر و هاتنە ژووری بۆ نەدەکرا. دادگای سەربازی لە نهۆمی دووەم و لە لای خۆرئاوای قشلّەکە بوو. بەپەیژەیەکی بەردینی بەریندا سەرکەوتین. بە بیرم داهات بگەڕێمەوە و لە دەرەوە چاوەڕوانی وەلاّم بم،

چونکە ئەگەر بیانەوێت بمگرن یا بمکوژن ئەوا بە هیچ شێوەیەك لەم قشڵە داخراوە بەرز و پانوپۆڕەدا دەربازنابم. خەڵك دەگیرێت لە گرتووخانەدا رادەکات، منێکی ترسنۆك بە پێی خۆم دەچمە بەردەست و ژێر کێردیان.

ترپە ترپی دڵ و مشوهۆڕی هەناسەم دەبیسترا. کە زرار ئاوڕی دایەوە. من وەستابووم، نیازی گەڕانەوە و هەڵاتنم رەچاوکردبوو. هەستی کرد، دابەزییەوە و گوتی: لە خۆتەوە خۆت دەفەوتێنیت؟ ئێستا هەرکەسێك بتبینێت، یەکسەر بڕیاردەدات تۆ گەورەترین تاوانکاریت. بە گەرووی وشك و هەناسەی سوار، بە نووزانەوە گوتم: ئەم دێوخانەیە دەرفەتی هەڵاتن و پەشیمانبوونەوەیشی تێدا نییە، چ شێتێك بە پێی خۆی دێتە دادگای سەربازی و بەردەستی بکوژانی؟

گوتی: خۆت مەشێوێنە! سەرکەوە! پسوولەی داواکردنەکەت لە لای منە، تۆ گەلێك مەیە پێش! وا دەنوێنین پەیوەندیمان بە یەکەوە نییە و یەکدیش ناناسین، لە دوکانەکەدا ناوی جێگری ئەفسەری نووسەر (عادل) و ژمارەی ژوورەکەیم وەرگرتووە، ئەوپیاوە دووڕەی تورك و عەرەبە، کارەکەیش راستەوخۆ لەژێر دەستی ئەو دایە، تۆ هەر لە دوورەوە ناڕاستە و خۆ چاوەدێریمان بکە! ئەگەر زانیم ترسناکە یانە نیازی پاك نییە، ئەوا تەنشتم لەتۆ دەکەم و هەردوو دەستم بەیەکەوە دەگرم بەرەو لای دەرگەی بەرامبەرم درێژ دەکەم، تۆش بە هێمنی بۆی دەرچە، منیش دەڵێم عومەری دەستەبەر منی ناردووە و گوتی داواکراو لە بەغدایە، کە گەڕایەوە لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم.

زرار بە هێمنی بەرەو ژووری دیاریکراو چوو... زۆری پێنەچوو، لەگەڵ جێگرەکە هەتنە دەرەوە. بەیەکەوە دەدوان. جێگر چۆوە ژوورەکەی خۆی. ماوەی جگەرە کێشانێکی خایاند, ئەم ماوەیە لەلای من لە سێ ساڵ پتر بوو، زراریش ناوە ناوە ئاماژەی هێمنی و دان بەخۆداگرتنی دەدامێ. کە جێگر بە رووگەشی هاتە دەر و دوو سێ قسەیان لەگەڵیەکدی کرد، هەنگاویان بەرەو لای من نا. لە دڵدا گوتم بە خوا ئەم روو گەشییە تەفرەدانە! ویستم خۆم نائاگا بنوێنم و بە پەلە بۆی دەرچم... زرار بە دەنگی بەرز بە عارەبی گوتی باشە ئەمرۆ دەچمەوە و بەیانی لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم.

سەنگرامەوە. گەیشتنە ئاستی من و بەیەکدی ناساندین. جێگر گوتی: گرفتەکەت زۆر بچووکە پێویستی بە هاتن نەدەکرد، بەڵام دەزانیت ئەوە یاسای سەربازییە. زرار گوتی با بچینە دەرەوە. دوکانەکە ببێنە لە رێگەشدا قسەمان بۆ بکە!



بەدەم رۆیشتنەوە گوتی: تۆ کە سەرباز بوویت چەکی دژەتانکت هەبووە، وادیارە پیمێکی پەلاپیتکەکەی لە لای تۆ شکاوە، بەڵام ئەوان نووسیویانە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە یا بە ئەنقەست شکاوە، سزایەکەی دەجار هێندەی نرخی خۆیەتی، زۆر نییە، وادەزانم بیست سی دینارێکە. وێڕای چوار مانگ بەندکردن، بەڵام مەترسە دادوەر ئەم چوار مانگ بەندییەشت بۆ دەکاتە شەست دینار سزا... بەیانی زوو وەرەوە پارەکەیش بێنە، ئێستا کات درەنگە بۆیە ئەگەر بتنێرمە لای دادوەر، ئەوا تابەیانی لە گرتووخانەدا دەسبەسەردەبیت. گوتم: ئەگەر لە دەستی تۆ دەرچوو و بەندییەکەی بەسەردا سەپاندم و شتی دیکەشیان بۆ درووستکردم.

گوتی: دڵنیابە. چۆنی دەڵێم ئەوە یاسایە، شتێکی دیکەیشت پێ دەڵێم: من چاوم لە بەرتیل و خەڵك رووتاندنەوە نییە، راستە مریشکی بەرازیلیمان دەستناکەوێت، بەڵام حەزدەکەم دیارییەکەتان ببەنەوە، کاتێك خۆم هاتمە هەولێر سەردانت دەکەم سەروپێی بەرخێکی ناسکمان بۆ بسەنە! چیدیکەیش نا.

هێشتا هەر سڵ بووم، کوردییەکەی لە زمانی دایك دەچوو وام هەستکرد عادل کوردەو بۆ بەرژەوەندی خۆی، خۆی لە کورد نابان کردووە، نەختێك ترسم شکاو زمانم بۆوە و گوتم : کە تۆ سەروپێیت منت دەربازکرد، وات کرد بگەڕێمەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆم، بەخوا گوێرەکەیەکی بە سەروپێیت بۆ دێنم و هێشتایش هیچم بۆت نەکردووە... گوتی: لەوەی گوتوومە پتر بکەیت. خێرەکەم دەسووتێنی. منیش دەست لە کارەکەت هەڵدەگرم...

بۆ بەیانی سەردانی جێگرمان کردەوە. پەڕوەندەکەی بردە ژووری دادوەر و دوای ماوەیەك وەك نەناسێك سەیری کردم. دادوەر بانگی دەرگاوانەکەی کرد. دەرگاوان هاواری کرد: فلان کوڕی فلان کوڕی فیسار! بچۆ ژوورەوە. لەگەڵ هاوارکردنەکە، دووبارە ناوکم کەوتەوە، لە دڵدا گوتم: دەمزانی جێگری قسەخۆش چەشەخۆرەی کردم و بەتەڵەم وەدەکات... تازە خۆ گنخاندنی ناوێت، ئەوەی نووسراوە دەگاتە جێ. چوومە ژوورەوە، تەنیا یەك دادوەر دانیشتبوو، بڕیارەکەیش وەك جێگر گوتی کتومت وادەرچوو...

دووجار بانگی دادگای شۆڕشی ئەوکاتەی بەغداکراوم، چەندین جاریش رووبەرووی لێژنەی تۆقێنەر و دەسەڵاتدار و لێکۆڵینەوەی سەخت بوومەتەوە، بەڵام هەرگیز هێندەی تاوانی شکانی پیمەکە قەڵەزراو و ئەژنۆ شکاو نەبوویم، بۆچی؟ خۆشم نازانم!

## وەبیرخستنەوەیەك بەر لە پایدۆزکردن:

گاندی: ((ئەوەی کەسێك نێوبانگی پێ دەردەکا، ژیانە، کە سەرەتا بەخۆی بە کردەوە دەیکا و ئینجا بە خەڵکی تر دەڵێت...

نامەوێت سەربردەی خۆم بنووسمەوە، دەمەوێت بە شێوەیەکی زۆر سادە، پەیتا پەیتا چیرۆکەکانی تاقیکردنەوەی ژیانی خۆم، لە بارەی حەقیقەتەوە بگێڕمەوە))[٥٤٧].

سەربردە نووسی رێزدار! یادەوەرنووسی ناوکردە، خۆناسی مرۆڤیارە! پوخت هەڵبژێر و دووربینی کورتبڕە، قسەلووس و زمانزان کارامە و دپلۆماتکارە، رەوانبێژی نوقڵ لەزارە، بیرتیژ و گوێ سووك و بەرچاو روون و وشیارە! میانڕەوی نیان دەربڕی بە دەمارە، ئازا و ئازاد و رەوا رەفتارە، لە گشت هەنگاوێکیدا، بە چاوی رەخنەوە دەڕوانێتە بەر و پشت، سەر و بن، راست و چەپ، دەر و ژوور، درز و کون و کەلەبەری دوور و نزیکی، وشە و رستە و پەڕەگرافەکانی کە بە ناوی بیرەوەرییەکانی تۆماریان دەکات!. ئەگینا زوو تێدەکەویت و خێرا لێدەکەویت بەرهەمەکەشی (لەبری گندۆرە، دەبێتە کاڵەکەمارانە[٥٤٨])، وەك و کورد بەش و بەرکەوتی سەپانی پووشی بۆ دەمێنێتەوە!

547 - گاندی خەڵکی هەموو برای یەکن، وەرگێڕانی: سلێمان دڵسۆز. دەزگای موکریان. هەولێر(٢٠٠٩).

548 -گوژاڵك، زەرەند. کاڵەکەمارانە.

# دوا گوتە

((ئەگەر نووسەر بمرێ دەمرێ، ئەگەر لە نووسین کەوت دەمرێ، ئەگەر خۆی سووك کرد دەمرێ، ئەگەر رای خۆی بفرۆشێ دەمرێ، ئەگەر دووڕوویی کرد دەمرێ، ئەگەر جنێوفرۆش بێ دەمری. خۆ ئەگەر لە یەکێ لە مانەدا، جگە لە حاڵەتی یەکەم، نەمرد، دەبێ خوێنەران بیمرێنن، دەنا بەخۆیان دەمرن))[٥٤٩].

دەڵێن: یادەوەر نووسان ئاوێنەن، وێنەی شتی هەبووی دەردەخەن، بەڵام وێنەی شتی نەبووی لە خۆیانەوە درووست ناکەن.

549 – حەکیم، کاکە وەیس نامەکانی مەسعوود محەمەد- هەولێر(٢٠٠٦).

# پاشكۆ

له پاشكۆدا، بەڵگەنامە (دۆكیمێنت)ی دەق و وێنەی چاپكراوی نوسراوی یەكەم و وەرگێڕدراوەكەی گەر هەبێت، بە پێی ڕیزبەندی و ڕێكەوتی ڕووداوەكان دادەندرێت، لەناو دەقی نووسراوەكەشدا ئاماژە بە ژمارەی بەڵگەنامە و لاپەڕەی چاپكردنەكەی دەكرێت.

بەڵام ئێمە لێرەدا دەرفەتمان نییە، بۆیە بۆ بینینی نموونەكان دەكرێ بڕواندرێتە سەرچاوەكانی ئاماژەمان بۆ كردوون، بۆ نموونە بڕوانە:

**- بارزانی، مەسعوود، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی ٣، بەشی ١ و ٢، هەولێر.**

**- ڕەسووڵ، شۆڕشی حاجی، ئەنفال (كورد و دەوڵەتی عێراق) چ٢، و. ڕۆشنبیری، سلێمانی ،(٢٠٠٣).**

- دزه يي، محسن، أحداث عاصرتها،مج٢. دار ئاراس للطباعة والنشر- اربيل(٢٠٠١).

هەروەها لەم بەشەدا وێنەی تایبەتمەند، وەك: بەڵگە بۆ چەسپاندن و پشتەستوور كردنی ناوەڕۆكی بابەتەكە دەخرێتە بەرچاو، ئێمەیش چەند دانەیەكمان لە ئەنتەرنێتەوە هەڵبژاردووە:







کۆمەڵە وێنەی ژمارە (١): سەرکردەی ئومەه،بە دەمانچە، بە کلاشینکۆفی زێڕین، بەسوپای ملەوەز، بە مین، بە کۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی، بە گازی کیمیایی بە  نوێترین تانك و تۆپ،  ژن و منداڵ و پیر و گەنجانی هاوولاتی و ژێردەستەی خۆی بنەبڕبکات، ئەم سوپایەش کە بەوپەڕی دڕندایەتی ئەم چەکانەی بۆ کوشتنی بێ دەسەڵاتان بەکار دەهێنا ناویان دەنا سوپای دلێری ئوومەی نەبەز!











کۆمەڵە وێنەی ژمارە (٢): ئەم چەکانە بە دەست زلهێزێکی نەژادپەرستی نەوت فرۆشەوەیە، بەڵام لە جەنگی سێیەمی جیهانی نا، بەڵکو لە رەشەکوژی کورداندا، بە یارمەتی و بە بەرچاوی هەرسێ جیهانەوە بەکار دەهاتن.
















کۆمەڵە وێنەی ژمارە (٣) بیرکردنەوە لە پلانێکی دڕندانەترا!.



وێنەی ژمارە (٤): ئەگەر دڵت نەختۆکەك لە بەرد نەرمتربایە، نیازیشت گەلێك لە ئەهریمەن ناپاکتر نەبوایە، ئەوا بە کوشتنی خەڵکی ژێردەستت پێنەدەکەنی و خۆت هەڵنەدەکێشا. لەبری ئەم بزە و خۆشبەختی نواندنە، بۆ دوارۆژی تاریکی خۆت شیوەنت دەکرد.




وێنەی ژمارە (٥): ئەو کەتە پیاوە ئازایەی هەر خۆی دەبینی و خودای نەدەناسی، جارجارەیش کوڕەکەی (عودەی) و (ستالین)ی مامۆستای خۆی دەکەوتنە بەرچاو! بەڵام لەکاتی وێنەگرتنیشدا بۆ تەنیا چرکە ساتێك دەستبەرداری چەکەکەی ( هاوڕێی یەکەم و کۆتایی تەمەنی) نابێت!.





کۆمەڵە وینەی ژمارە (٦): کاتێك پەیکەری سەرکردە لە گۆڕەپانی فیردۆس خرایە خوارەوە، خەڵك بە سۆلان لە روو و رووخساریان دەدا و دەیانگوت: کوڕینە ئەم دەعبایە گەنجی لە عێراقدا نەهێشت. کەچی هێشتایش سەرکردە و دەستوپێیەکانی خەون بە گەڕانەوەی دەبینن و دەفەرموون گەلی عێراق، فەرماندەی مەزنی خۆی، بەرێژەی ١٠٠%دەنگەکانی هەڵیبژاردووە... دەپرسین بۆچی ناکرێت ببێتە ٩٥%!؟ ئاخۆ ژمارەی ١٠٠% وەك گوتەکانی سەرۆکی خاوەن ٩٩ نا و وشەیەکی پیرۆزە و ناکرێت بگۆڕێت ...!





وێنەی ژمارە (٧) ئەوەی هەرگیز بە بیریدا نەدەهات، ئەم دوارۆژە مسۆگەرەی بوو. پەتی ستەم لە ئەستووریدا دەپسێت.





کۆمەڵە وێنەی ژمارە (٨): بەڵگەنامەی زیندوون دەدوێن: دزێوترین تاوان کە تەویڵی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمدا رەشکردووە، داستانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالە. دیمەنەکەی عومەری خاوەر و رۆڵەکەی، ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، وێنەکەیشی لە پێشبڕکێیەکی نێونەتەوەییدا خەڵاتی یەکەمی سەند، بەڵام لە دوای چی؟ ئاخۆ ئەم مۆنۆمێنتەیش، بۆ قوربانییان و دێرۆکە، یان بۆ بازرگانانی جیهانی سەردەمە، یا بۆ پیشاندانی رووی راستەقینەی سەرانی ئەعرابیانە؟ ئاخۆ خنکاندنی عەلی کیمیایی و هاوەڵەکانی مەرهەمی زامن، یا بڵێسەی گڕی تۆڵەسەندنەوە؟









کۆمەڵە وێنەی ژمارە (٩): شاڵاوەکانی ئەنفالکردنی کوردان، پاکتاوکردنی گەلێکە، تاوانی دێوێکە بە درێژایی مێژوو پەنجە دەنێتە نێو چاوی قوچاوی مرۆڤایەتییەوە بەرامبەر ئەو کڕوکپییەی بەرامبەر زیندووە بەچاڵی سەد و هەشتا هەزار کوردی رەشورووتی بێ تاوان کرا.




١٩٨٨/٤/١٤







کۆمەڵە وێنەی ژمارە (١٠) : دۆزینەوەی  گۆڕی بەکۆمەڵی کوردان و دەرهێنان و هێنانەوەی ئێسکوپرووسکی زیندە بەچاڵکراوان، لە باشووری عێراقەوە بۆ کوردستان. بە فیلم وێنە و دۆکیمێنتەوە خراونەتە بەرچاو، کەچی دەروێشانی نەژادپەرستیی، هێشتا نایانەوێت  بڕوا بە دیتن و بیستن و هەستەکانی دیکەی خۆیان بکەن. گۆڕ و ئێسکوپروسك و جلی  منداڵ و ئافرەتان و ناسنامەی گیرفانیان و پشکنینی (دی، ئێن، ئەی — ترشە ناوك) بە بەڵگە نازانن، بەڵکو داوای بەڵگەی چەسپێنەری پتردەکەن، یانە دەکۆشن تا کردەکانیان داپپۆشن. ئاخۆ نەوەکانی داهاتوویان چۆنیان دەبێنن؟















له دەم و قوڕگییەوە دەڕواننە ورگیەوە، بزانن چەند سەروماڵی عێراقیانی لووشکردووە!.

کۆمەڵە وێنەی ژمارە (١١): ئەو فەرماندە پاڵەوانەی بە سەربڕین و خوێنڕشتنی بێ دەسەڵاتانی ژێر دەستی زۆر ئازایە و لە هیچ داب و نەریتێك سڵ ناکاتەوە!. ئەوا بەهیچ جۆرێك دەستی ناچێتە خۆی. بوێرانی ژێر، خۆ فەوتاندنیان گەلێك لەلا مەزنترە، لەوەی خۆیان بدەنە دەست دوژمن و سواری ملیان بن و بە ریسوایی بیانکوژن. مردنی ڕەشیدان بە درێژایی تەمەنیان تەنیا یەکجارە!.















کۆمەڵە وێنەی ژمارە (١٢): وێنەی (٥٢) فەرماندە و فەرمانگێڕانی کوشتن و کاولکردنی عێراق، لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتدارییان و لـە سـەرەتای نەمانیانـدا. لـە دوای ڕووخـانی ڕژێمەکەیان، بڕیاری دەستگیرکردنیان درا. لەماوەی ساڵێکدا زۆربەی هەرە زۆریان بە ڕێنوێنی و دەستکێشی خزمی خۆیان و هەڤاڵانی حیزبیان، بەدیلگیران، کوژران. دواتر گیراوەکانیان بە تاوانی ڕەشەکوژی و دوژمنی مرۆڤایەتی بنەبڕکردنی کوردان لە بەغدا بە ئاشکرایی بـە بـەر چاوی زەوی و ئاسمانەوە درانە دادگا و کرانە پەند.





کۆمەڵە وێنەی ژمارا (١٣): بلۆکە زێڕەکانی سەرکردە و تفەنگە زێڕینییەکانی عودەی کوڕی، کە لە ڕۆژانی قاتی و قڕی و لەبرسا مردنی ژن و منداڵانی عێراقدا، لە گەرمـەی کارەسـاتەکانی ئابلوقەی ئابووری و سزا نێودەوڵەتییەکاندا بەسەر گەلی لە جیهان دابڕاوی عێراقدا، لە ئـەنجامی وازی جەنگبازی و شەڕانگێزی سەرکردەکەی بەسەریدا سەپێندرا، لەم مەرگەساتەدا تۆپ و کلیلە و خەزینە زێڕینییەکانی قاڕوون، بە فەرمانی هاڕوون دروستکران، داکران و شاردرانەوە، کە فەرماندە گەیشتنە سەر لێواری گۆڕ، بە لۆری باڵهەڵگر، بۆخۆی و ژن و منـداڵی و داروودەسـتەکەی بـەرەو سووریا و هەندەرانی دەڕفاندن، بڕێکی گیرا، ئەوەیش ئاوایانکرد، دادی نەدان، بەڵام دووبـارە بـۆ کوشتنی عێراقییان و کاولکردنەوەی عێراق بەکاریان هێنانەوە.














کۆمەڵە وێنەی ژمارە (١٤): ئەو پاڵەوانانەی بەبێ دادگایی کردن، بەبڕیاری تاکڕەوی، هەر بەسەرپێیانەوە، بەپەلە و بێی هەڵوەستەکردن، بەکۆمەڵ کوردیان دەکوشت، کەچی لێرەدا بەبەر چاوی جیهان و بەراشکاوی ئەوان دادگایی دەکرێن، دان بە کردارە کەسنەکردووەکانیان دادەنێن. ئەلحەمدانی و کۆنە یار و یاوەرانیان دەیانەوێت نکۆڵی لە تاوانەکانیان بکەن، مافی مرۆڤیش لەسەریان هاتۆتەدەنگ و داوا دەکات نەکوژێن.

ئەوەی نەڕوانێتە پشت و پێشەی خۆی، ئاوا لە هەردوو دونیادا بە پەند دەچێت. ئەگەر دەستت هەبوو،

نابێت دەسەڵاتی رۆژگار فەرامۆش بکەیت. ئەگینا وەك سەددام بە پەند دەچیت!



کۆمەڵە وێنەی ژمارە (١٥): وێنەی ئەو کەس و رووداوانەی لەگەڵیاتدا ژیاوم، ئەم بیرەوەرە ژەهراوییانەی لە یادگەدا چەسپیون و بە مردنیش ناسرێنەوە. لە بانەوە بۆ خوارەوە، لە راستەوە بۆ چەپ: ١- نووسەر+ عەبدوالکەریم عەبدولڕەحمان، ئەوەی هێشتا لە خەودا دژییەت. ٢٠١٠.






٢-راستی ئەحمەد کەریم، ئەحمەد کەریم عەبدوڵڵا، حەبیبە ئیسماعیل عەبدوڵڵا، عیسمەت ئەبوبەکر ئەحمەد.



٣- حەبیبە ئیسماعیل قوڵتەپەیی، ئەحمەد کەریم هەمزە کوڕی+ نووسەر. ٢٠١٠.

وێنەی ژمارە (١٧): وێنەی حەمەدەمین مەمیخەلی+ نووسەر، کە هێندەی بەردەبووك و وەلاّس و گردوگۆ دڵگەشە، هێندەی هەڵگورد بەرز و سەرکەشە، هێندەی قەلاّتی هەولێر و مزگەوتە تەمەن درێژەکان، شەپۆڵەکانی ئاو خۆراگر و بڕوا پتەوە. دەکرێت وەك نموونەی کوردێکی تالاّنکراوی تالاّو چەشتووی سەردەمی رۆژگاری عروبییانی بەغدا، دەیان رۆمان و شاکاری ئەدەبی و پەرتووکی مێژوویی، لە بارەیەوە بنووسرێت. من لە ساڵی ١٩٨٨دا کردوومەتە قاپانی رۆمانی ( شەخەڵی داربەڕوو- ستەم و ئازار)! ئەوەیش گوتەکانم بە بەسەروەنان دەخوێنێتەوە، تکای لێ دەکەم: بڕوانێتە بەسەرهاتە خەیاڵییە راستەقینەکانی بۆرە رۆمانەکە (شەخەڵی داربەڕوو) و لە مینە جەرگبڕاوەکانیش بپرسێتەوە. ٢٠١٠.









وێنەی مامۆستایان : حاجی مەلا سەعید و شوکروڵلای هاوڕێی، ٢٠١٠ هەولێر

## فەرهەنگۆك

**زاراوەی کوردی لە بواری سەربازیدا وێڕای ئەوەی کە زۆر نین، رێککەوتنێکیش لە سەر بەکارهێنانیاندا نییە، بەڵام شتێك بنووسرێت لە هیچ باشترە):**

| عربی | کوردی |
|---|---|
| الرتب العسكرية | پلەکانی سەربازی |
| جندي | سەرباز |
| نائب عريف | سەربازی پلە٢ |
| نائب ظابط. | جێگری ئەفسەر |
| ظابط. | ئەفسەر، رێکخەر |
| ملا زم اول | جێداری پلە یەك |
| نقيب | پێشەنگ (سەروان) |
| رائد | پیشڕۆ |
| مقدم | پێشکار |
| عقيد | سەرهەنگ |
| عميد | راگر |



| عربی | کوردی |
|---|---|
| لواء | هێزدار ( سەردار) |
| فريق اول | سالاری یەکەم |
| رئيس اركان | سوپاسالار |
| مهيب | پایەدار |
| ركن | سیلە (ستوون، سنووردار) |
| رهط | ریز |
| حضيرة | دەستە |
| فصيل | پەل |
| سرية | لق |
| فوج | بەتالیۆن |
| لواء | هێز(سوپا) |
| فرقة. | تیپ |
| فيلق | کۆتیپ (تیپگەل) |
| قاطع، كتيبة الدبابات | کەرت، کەرتی تانکەکان |
| القوة المدفعية | هێزی تۆپخانە |
| جيش | لەشکر، سوپا |
| جحفل (جحافل) | سوپای لێکدراو، سوپای تێکەڵاو |
| اسماء رتب المسؤولية | ناوی پلەکانی بەرپرسیارەتی |
| آمر الحضيرة | سەردەستە |
| آمر الفصيل (عريف) | سەرپەل |
| آمر السرية. | سەرلق |
| آمر الفوج. | فەرماندای بەتالیۆن |
| آمر اللواء | فەرماندای هێز |
| قائد فرقة | سەرتیپ |
| قائد الفيلق | فەرماندەی تیپگەل، سەر تیپکۆ |

| عربی | کوردی |
| --- | --- |
| رئيس اركان الجيش | سوپاسالار |
| القائد العام  للقوات المسلحة. | فەرماندەی  گشتی هێزە چەکدارەکان |
| تجنيد | سەربازگری، کردنە سەربازی بە بێگاری |
| مشجب | جبەخانە |
| آليات الجيش | ئامێرسازی (ئامێرکاری) لەشکری |
| قناص | سەگڤان |
| حرب | جەنگ |
| معركة | شەڕ |

# سەرچاوەکان


١- الانصاری، محەمەد جابر، ژمارە ١٣٢ ی گۆڤاری لڤین، ل ١٨. هەولێر ١٠\٧\٢٠١٠.

٢- الجزاییری، زوهیر - لەندەن.- بەهرام محەمەد، کورد عەرەب شۆفینیزم. هەولێر (٢٠٠٩).

٣- ئەلنابلسی، شاکر - بەهرام محەمەد، کورد عەرەب شۆفینیزم. هەولێر (٢٠٠٩) .

٤- ئیسماعیل، بڵند، کارەساتی شێخ وەسان، گۆڤاری K 21، ژمارە ٤، هەولێر (٢٠٠٩).

٥- بارزانی، مەسعوود. بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی ٣، بەشی ١ و ٢ هەولێر.

٦- پەرلەمانی کوردستان—عێراق، دیباجەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەولێر (٢٠٠٩)

٧- جامباز، تاریق، گۆڤاری K 21 ، ژمارە ٤، هەولێر (٢٠٠٩).

٨- جەزاییری، زوهێر، بەر لە ئەنفال دوای لە یادچوون، و.جومعە جەباری. ئاراس، هەولێر (٢٠٠٨)

٩- دیباجەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان- عێراق (٢٠٠٩).

١٠- شێخانی، د. حوسێن عومەر. زاراوەی سەربازی. هەولێر (٢٠٠٨).

١١- کازم،پ. د. حەبیب- بەهرام محەمەد، کورد عەرەب شۆفینیزم، هەولێر(٢٠٠٩).

١٢- کاکە وەیس، حەکیم . نامەکانی مەسعوود محەمەد- هەولێر (٢٠٠٦) .

١٣- کتن، جۆرج - بەهرام محەمەد، کورد عەرەب شۆفینیزم، هەولێر (٢٠٠٩).

١٤- گاندی، مەهاتما، خەڵکی هەموو برای یەکن، و.سلێمان دڵسۆز. دەزگای موکریان (٢٠٠٩).

١٥- محەمەد، پ.د. خەلیل ئیسماعیل ، کورد عەرەب شۆفینیزم، هەولێر(٢٠٠٩).

١٦- عەریف، سولێمان، لە دەنکەوە بۆ گولەگەنمەکان، ب ١ چ ٣، هەولێر (٢٠٠٩).

١٧- عەلی، د. حوسێن عەبد - بەهرام محەمەد، کورد عەرەب شۆفینیزم، هەولێر (٢٠٠٩).

١٨- عوسمان، د. مەحموود. گۆڤاری K 21 ، ژمارە ٣- ٤، هەولێر( ٢٠٠٩).

١٩- رەسووڵ، شۆڕشی حاجی، ئەنفال (کورد و دەوڵەتی عێراق) چ٢، و. رۆشنبیری، سلێمانی (٢٠٠٣).





٢٠- البراك، د. فاضل مصطفى البارزاني الاسطورة والحقيقة، بغداد (١٩٨٩).

٢١- الحمداني، فريق الركن رعد مجيد، قبل ان يغادرنا التاريخ، الدار العربية للعلوم، بيروت (٢٠٠٧).

٢٢- الجليبي،أحمد- شربل، غسان، العراق من حرب الى حرب، صدام مرَ من هنا. بيروت (٢٠١٠).

٢٣- الخزرجي، نزار_شربل، غسان، العراق من حرب الى حرب، صدام مرً من هنا. بيروت (٢٠١٠).

٢٤- العلي، صلاح عمر_شربل، غسان، العراق من حرب الى حرب، صدام مرُ من هنا. بيروت (٢٠١٠).

٢٥- بكر احمد يعقوب (٢٠٠٨) ظهور امريكا كقوة عظمى، مطبعة شهاب. اربيل.

٢٦- جواد، حازم _شربل، غسان، العراق من حرب الى حرب، صدام مرُ من هنا. بيروت (٢٠١٠)

٢٧- دزه يي، محسن، أحداث عاصرتها،مج٢. دار آراس للطباعة والنشر- اربيل (٢٠٠١).

٢٨- عبده، محمود. صدام حسين رحلة النهاية او الخلود، دار الكتاب العربي،دمشق (٢٠٠٧).

٢٩- عبود، زهير كاظم، المسوؤلية القانونية فى قضية الكورد الفيليين، اربيل (٢٠٠٧).

٣٠- عبود، زهير كاظم، قضية الدجيل و نهاية صدام ، دار آراس، اربيل (٢٠٠٧).

٣١- عبود، زهير كاظم، محكمة الأنفال قراءة قانونية، دار آراس، اربيل (٢٠٠٨).

٣٢- عثمان، محمود احمد، مصابيح وظلمات، اربيل (٢٠١٠).

٣٣- مجموعة من الباحثين،المذكرات الشخصية مصدرا لكتابة التأريخ، بغداد (٢٠٠١).

٣٤- التآخي، الجريدة اليومية لحيزب الديمقراطي الكردستاني، بغداد (١٩٧٤).

٣٥- الثورة، الجريدة اليومية لحيزب البعث العربي الإشتراكي، بغداد (١٩٧٤).

٣٦- الراصد، جريدة موالية لحيزب البعث،بغداد (١٩٧٤).

٣٧- طريق الشعب، الجريدة اليومية لحيزب اشيوعي العراقي، بغداد (١٩٧٤).

٣٨- أنترنيت: ياهو، فن كتابة المذكرات.

٣٩- حاجی مەلا سەعید رواندزی، بەشداربووی شەڕی هەندرێن: گەواهیدەر.

٤٠- حەمەدەمین حاجی محەمەد مەمیخەلی، ستەمدیدە.

٤١- عەبدولکەریم عەبدولرەحمان مەلا ئەحمەد مەنتك، ستەمدیدە.